# شیکار

گۆڤارێکی وەرزیی هزرییە
پەیمانگەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان دەریدەکات
ساڵی حەوتەم – ژمارە (٢٥)

**خاوەنی ئیمتیاز**
**یەکێتی ئافرەتانی کوردستان**

**سەرنووسەر**
**مەهاباد قەرەداغی**
mahabad07@gmail.com
07504451932

**دیزایینی بەرگ و ناوەوە**
**هێمن خدر**
07504073710

پێگەی ئەلیکترۆنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
www.afrat.org

# پێرست


سەروتار.......................................... سەرنووسەر..............٥
سێکوچکەی «هێز، زانیاریم دیسپلین»......................................هاوکار جبار سنجاوی.............٩
سزا سەرسەرهێنەرەکانی گێچەڵپێکردنی سێکسی لە وڵاتانی دونیادا............ خالید عەبدولکەریم..............١٧
دۆناڵد ترەمپ بازرگانێکی بوێر و ڕاشکاو لە بەرگی سەرۆکی زلهێزترین وڵاتی جیهان........ کارۆخ خۆشناو....... ٢٣
جەنگی ئابووری.......................................................................هێرش شکاک................ ٣١
وانەیەک دەربارەی بەختەوەری لای ئالان بادیۆ..............و.لە فارسیەوە د. شەونم یەحیا و عەلی هادی....... ٤٥
کۆدەکانی زمانی جەستە ................................................د. فازڵ جاف...................٥٧
پەروەردەکردنی منداڵان بە ئازایەتی ئەدەبی......................................ڕەزا شوان......................٧٥
ڕۆژی جیهانی مامۆستایان..........................................................ڕەزا شوان...................... ٨٥
شازادە و شاعیر.......................................................................... حەمەسەعید حەسەن............ ٩٣
ساڵێک لە دۆزەخ و باشترین کتێب..................................................ستار جەباری................... ١٠٧
گرێکانی دەروونی پیاو و ژن................................................... مەهاباد قەرەداغی................. ١١٥
دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ ملکۆ ئەحمەد.........................................چ. سەباح عەلی جاف........... ١٢٧
بەدواداچونێکی زانستی سەبارەت بە مێژوو و بەڵگەنامەو هرێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوو... پ.ی. ئەحمەد باوەڕ.. ١٣٩
رامان لە وێنانەکراو رووە تیۆرییەکانی لێکۆڵینەو لە جینۆساید.................و. مەهاباد قەرەداغی............ ١٥٥
راپۆرتێک سەبارەت بە هەشتەمین کۆنگرەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان.... مەهاباد قەرەداغی.............. ١٩٩
کۆنگرەی هەشتەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان......................... د. ڤیان سلێمان................ ٢٠٧
پرۆگرام و پەیرەوی ناخۆی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان........................................................ ٢١٧
کارنامەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان........................................................................ ٢٣٣

سەرنووسەر

سێ بۆنەی تایبەت و گرنگ بوونەتە ڕێکەوتی ژمارەی وەرزی زستانی گۆڤاری شیکار، کە دەکاتەژمارەی (٢٥) کە هاوکات یەکەمین ژمارەیەتی کە پێی ناوەتە حەوتەمین ساڵییەوە.

بۆنەی یەکەم؛ لە سەرەتای مانگی سێپتەمبەردا بوو، کە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە هەولێر هەشتەمین کۆنگرەی خۆی بەست و، دەستەیەکی نوێ بوون بە ستافی ڕێکخراوەکە. سەبارەت بە کۆنگرەی ئافرەتان لەم ژمارەیەدا بابەت و ڕاپۆرت هەیە و هەروەها پەیڕەو و پرۆگرامی نوێی ڕێکخراوەکەمان بڵاو کردووەتەوە.

بۆنەی دووەم؛ ٢٥ی نۆڤەمبەرە، کە ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژییە بەرامبەر بە ئافرەتان و لە کوردستانیشدا لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە وەکو نەریتێک ساڵانە هەڵمەتی نیشتیمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ڕادەگەیەندرێت. بۆ ئەو مەبەستەش بەیاننامە و کارنامەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ ئەو هەڵمەتە نیشتیمانییە دەخەینە ڕوو. جگە لە چەند بابەتێک لە سەر فێمینیزم و جەندەر.

بۆنەی سێیەمیش؛ ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانە، کە ساڵانە لە ١١ی دیسەمبەردا بەسەر دەکرێتەوە. چەند بابەتێکی گۆڤارەکەمان بۆ تەرخان کردووە.

جگە لەمانە؛ بابەتی سیاسی، پەروەردەیی و گەشەپێدانی مرۆیی، بابەتی فەلسەفی و مێژوویی و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، بوونەتە پێکهێنەری ناوەڕۆکی ژمارە ٢٥ ی گۆڤاری شیکار.

وەک سەرنووسەری گۆڤاری شیکار؛ شانازی دەکەم بە نووسەرە پایەبەرز و جواننووسەکانی گۆڤارەکە و سوپاسیان دەکەم کە بەو گیانە بەخشندانەوە تەنانەت لە دۆخی قەیرانیشدا بەشدار بوون و هۆکار بوون لە بەردەوامی گۆڤارەکەدا.

نووسەرانی ئەم ژمارەیە بریتین لە بەڕێزان: حەمەسەعید حەسەن، فازڵ جاف، ئەحمەد باوەڕ، هێرش شکاک، شەونم یەحیا، عەلی هادی، ناسک ئەحمەد، ڤیان سلێمان، عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا، کارۆخ خۆشناو،خالید عەبدولکەریم، ڕەزا شوان، هاوکار جەبار سنجاوی، ستار جەباری، مەهاباد قەرەداغی.

بەهیوای خوێندنەوەیەکی بەچێژ و هزرهەژێن، لەگەڵ ڕێز خۆشەویستیمان بۆ خوێنەرانی گۆڤاری شیکار.



# سێکوچکەی
# «هێز، زانیاری، دیسپلین»
# بۆ بەرجەستەکردنی یەکسانی
# جەندەری

هاوکار جبار سنجاوی

لەبواری ئافرەتاندا هەر سێ بابەتی زانیاری – هێز – دسپلین گرنگن بۆ بەدەست هێنانی یەکسانی جەندەری، وەکوو فۆکۆ باس دەکات هێز لە وولاتانی مۆدیرن بۆ داهێنانەکان بەکاردێ، بەڵام لە وڵاتانی دواکەوتوو بۆ خۆسەپاندنی هەندێک بەسەر هەندێکی تر بەکاردێنن. لە ڕاستیدا، خۆسەپاندنی پیاوان بەسەر ژناندا لەو ڕوانگانەوە دروستبووە، لە یەکەم قۆناغی دروستکردنی خێزان و وەرگرتنی بەرپرسیارێتی لەلایەن پیاوانەوە ئەو هێزە دروست دەبێ، وەکوو دەڵێن «بەرپرسیارێتی هێز دروست دەکا»، ئەو هێزە هەر جەستەیی نییە، بەڵکو هزریی و دەروونییشە. ئافرەتان بەزۆری هەوڵی دەستخستنی زانیاری دەدەن، بەس هەبوونی زانیاری، بەڵام زانیاری بەبێ بەرپرسیارێتی و هێزی هەستیی و هزریی ناتوانێ هاوکاری ئافرەتان بکا بۆ یەکسانی جەندەری.

بەهێزکردنی ئافرەتان پێویستە پێداچوونەوە بە دیسپلینەکاندا بکا، بەس دەبێ سەرچاوەی ئەو دسپلینانە ئاشکرا بکرێن، بۆ نمونە دیسپلینی نا یەکسانی لە سعودیە لە رووی یاسایەوە دروست کراوە، لە ئێران لە ڕێگای سانسۆرەوە، لە کوردستان زیاتر تابووی کۆمەڵایەتی بۆتە دسپلینی نایەکسانی جەندەری. بەهێزبوونی ژنان و یەکسانی جەندەری بەیەکەوە گرێدروان کە دواجار دەبنە هۆی تواناداربوونی ئافرەتان، جگە لە دروستبوونی کلتوری بەهێز، باشتربوونی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری. بەهێزکردنی ئافرەتان واتە تواناداركردنیان لە پسپۆری جیاواز و بەشدارییپیکردنیان لەدروستکردنی بریار و دروستکردنی بیرکردنەوەی پۆزەتیڤ بۆ گۆرانکاری.

کێشەکانی نایەکسانی جەندەری لە کوردستان ئاماژەیە بە نایەکسانی لە کەرتەکانی (سیاسی – ئابوری – یاسایی – پەروەردەیی) بە گوێرەی داتاکانی وەزارەتی پلان ئەگەر چالاکیە ئابوریەکان وەربگرین دەبینین کەوا ٦٩٪ چالاکیەکان لەکەرتی گشتی و تایبەتی پیاوانن تەنها ١٢٪ ئافرەتانن لەکاتێکدا کەوا ٨٪ ی ئەو ڕێژەیەی ئافرەتان لە کەرتی حکومی دایە .لەبواری پەروەردەیی لەگەڵ ئەوەی ڕێژەی ئافرەتان لەبەرزبونەوەیە، بەڵام لە شوێنە دوورە دەستەکان ڕێژەیەکی بەرچاوی ئافرەتان نەخوێندەوارن.

لەوڵاتانی پێشکەوتوو لە ڕووی ئابووی نایەکسانی جەندەری گەشەی ئابوری دوا دەخات، لە وڵاتانی تازە پێشکەوتووش هۆکاری هەژاریە و سستی ئابووریە بە بەراورد بە وڵاتانی تر، لە کوردستان نمونەی ئەوە لەو دوو هەزار شەهیدەی کوردستان دەبینم کە لە شەڕی داعش گیان سپارد، دەبینین کەوا زۆربەیان بۆشایی ئابوورییان دروست کردووە، چونکە هێشتا زۆربەی مناڵ و ژنەکانیان پشت بە پیاوان دەبەستن بۆ بژێوی، لەوانە هەندێکیان خێزاندار نەبن، بەڵام هەیانە خاوەنی دوو ژنە، یاخود بە خێوکردنی دایک خوشکیان لەئەستۆدا بووە.

لەلایەکی ترەوە لەبەر ئەوەی دیاردەی کۆچ پەیوەست کراوە بەپیاوان دەبینین ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕێژەی ئافرەتان لە زیادبووندایە بە بەراورد بە پیاوان، کەوا لە دەئەنجام بەرگرانی لەسەر کۆمەڵگا دروست دەکا، ئەو دۆخە دەبێتە بارگرانی لەسەر ژنان، لەبەر ئەوەی ئەوەندە بە هێزنەکراون کە ڕووبەڕووی ئەو ئەستەنگانە ببنەوە.

کێشەیەکی تری بەردەم نا-یەکسانی جەندەری بریتین لە توندوتیژی لەسەر بنەمای جەندەری. توندوتیژی جەندەری پێناسەی جۆراو جۆری بۆ کراوە بۆ نمونە نەتەوەیەکگرتووەکان لەمادەی یەکەم و دووەمدا لە بەیاننامەی سیداو دەڵێن توندوتیژی؛ بریتییە لە هەر کردارێکی توندوتیژی پەیوەست بەجەندەر وەکو هەرەشەکردن، بێزارکردن، زەوتکردنی زۆردارانە، لەشوێنی گشتی بێ یان تایبەت. توندوتیژی جەندەری زۆر پۆلینی بۆ کراوە بەڵام بەشێوەیەکی گشتی پۆلینی سەر سێ بەشی سەرەکی دەبێ:

**١/سێکسی**
**٢/دەروونی/سۆزداری**
**٣/ جەستەیی**

نامەوێ باسی ئەو جۆرانە بکەم، بەڵام دەمەوێ دەرەنجامەکانی توندوتیژی جەندەری لەسەر تاک، خێزان، دەوروبەر، کۆمەڵگا و دەوڵەت دیاری بکەم، بۆ نمونە لەسەر تاک: توندوتیژیی جەندەری دەبێتە هۆی نیگەرانی، خەمۆکی، هەوڵەکانی خۆکوشتن و کێشەی رەفتاری. لەناو خێزاندا؛ دەبێتە هۆی سەرگەردانی، ناجێگیری خێزان و کێشەی نیشتەجێ بوون لەسەر دەوروبەر و کۆمەڵگا، زیاتر بوونی فشار لەسەر نوسینگەکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و خێزانیەکان لەگەڵ دروست بوونی دەیان کێشەی تەندروست و کۆمەڵایەتی و یاسایی.

بەدەست هێنانی یەکسانی جەندەری هەر تەنها لە ڕێگای کەمکبوونەوەی توندوتیژی جەندەری و کاریگەرییەکان نایەت، بۆ سەلماندنی ئەوە بەڵگەی داتا و ئامارەکانی توندوتیژیمان هەیە کە ساڵانە بەڕێوەبەرایەتی گشتی توندوتیژی خێزانی دەریدەکا، بۆیە دەتوانم بڵێم کە ئێمە پێویستمان بە دووبارە نرخاندنەوەی بەهاکان هەیە، بەواتایەکی تر پێناسەکردنەوەی ئەو بەهایانەی کۆمەلگا بۆ ئافرەتان و پیاوان دروستیان دەکا. پێویستمان بە دووبارەکی هەمان کاری نیچە هەیە کە لە دژی بەها ئاینییەکانی کریستیانی لە ئەوروپا ئەنجامی دا. لە کوردستان دارشتنەوەی بەهاکان بریتییە لە دروستکردنەوەی مۆراڵی نوێ کە شوێنگرەوەی مۆراڵە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردەوارییە لەگەڵ ڕێزم بۆ هەندێکیان، جۆرە بەهایەک دروست بێ کە ژنان ڕاستگۆیی و واقیعی بوونی ژیانی خۆیانی تێدا دەستبەر بکەن و هاندەری ژیانێکی باشتر بێ بۆ ئافرەتان لە کۆمەڵگاکەماندا.

زۆربەی ئەوانەی لە بواری ژنان کاردەکەن جەخت لەسەر ژیانەوەی ئافرەتان دەکەن (survivin ) لە جێگای ئەوەدا پێویستە ئافرەتان نیەتی ڕاستگۆیانەی خۆیان بۆ کۆمەڵگا ئاشکرا بکەن، کە ئەوانیش وەکو پیاو دەیانەوێ هێزی دەرونی و معریفی بەدەست بخەن بۆ ئەوەی ژیانێکی شایستە بەخۆیان هەبێت، نەک هەر ژیانەوەیان بەهەند وەربگیرێت.

ژیان لە دەرەوەی توندوتیژی واتە بەهیزکردنی هەمووان، وەکوو هانا ئارنێت لە پەرتووکی (توندوتیژی) باسی دەکا کەوا هاوکێشەیەکی پێچەوانە هەیە لە نێوان هێز و توندوتیژی، لە هەر کاتێک هێز غایب بوو ئەوا توندوتیژی جێگای دەگرێ. ئافرەتان پێویستە هێز پەیدابکەن، بەڵام پەیداکردنی هیز بەمانای زەبرداری نایەت، بەڵکو ئەو هێزەی کەوا دەبێتە پاڵنەری سەرکەوتن و ڕێگری لە توندوتیژی. سارتەر لە جوڤیناڵ دەڵی «پیاو ئەو کاتە هەست بە پیاوبوونی خۆی دەکا کە خۆی دەسەپێنێت»، واتە پیاوبوونی کردۆتە کەرەستە بۆ مەبەستی خۆی. ئەو پیاوانەی تەنها خۆیان سەپاندووە تەنها دەستیان بە زەبر گەیشتووە نەوەک هێز، ئەو کەسانە زیاتر پەنا دەبنە بەر توندوتیژی بۆ چارەسەری کێشەکانیان.

ئەگەر ژن بوون چارەنوس بێت بۆ ئافرەتان، بەڵام بێگومان شێوازی ژیانی نەریتی و دروستکراوە لە ڕێگایی بە ها و، یاسا و تابووە کۆمەڵایەتیەکانەوە بەسەریاندا سەپاوە، دەتوانن بە هێز و دسیپلینی نوێ و زانیاری زانستیانە لە بارەی نێربوون و مێ بوون، بیگۆڕن. مرۆڤ لە ئاژەڵ بەوە جیا دەکرێتەوە کە هەوڵی گۆرینی نەریتیبوونی ژیان دەدات نەک چارەنوسی مرۆڤبوون کە دووسەدو پەنجا ساڵە درێژەیی هەیە، ژنان دەبێ هەوڵی شکاندنی ئەو نەریتانە بدەن بۆ دەستخستنی سەرداریێتی. سەرداری دەبێتە هۆی گۆرینی باڵانسی هێز لە ناو خێزاندا، دەزانین لێرە کێشەی هاوسەنگی هێز دروست دەبێ، چونکە زۆربەی پیاوان پەسەندی سەرداریێتی ئافرەتان ناکەن. لەبەر ئەوە ئافرەتان پێشبینی ئەوە دەکەن ئەوە دەکەنە بیانوو بۆ وازهێنان لەسەرداریەتی، هەروەها شێوازی نەریتییانەی ژیان پەسەند دەکەن، کێشەکانیان پەیوەست دەکەن بە چارەنوسی مێ بوونیانەوە. دەرئەنجام ئافرەتان لۆمەی ژیان دەکەن، ژیانیان لەلا بێ مانا دەبێ. ئەو بێ مانابوونە وایان لێ دەکا لەدەرگای جیا جیا بدەن بۆ ئەوەی ژیانیان بۆ مانادار بکا، یەکێک لە دەرگاکان دەرگای خودا و ئایینە، بۆیە دەبینین ئافرەتان زیاتر لە پیاوان پەیوەستن بە ئایینەوە لە کۆمەڵگاکەمان، ئەگەر ئەوە ڕاست نییە، فەرموو بیسەلمێنن. لەلایەکی تر، لۆمەکردنی ژیان دەبێتە هۆی لاواز بوونیان، بە بەردەوامی لە ترسدا دەژین کە بەهەمان شێوە بۆ نەمانی ئەو ترسە جارێکی تر پەنا بۆ ئایین دەبەن. هەم ترس و هەم بێ مانابوونی ژیان، جۆرە ئافرەتێک بەرهەم دێنن کە سەرداری خۆی نەبێ. خۆی لە خۆیدا، سەردار نەبوون لە بریارەکانی ژیاندا واتە بێ مانابوونی ژیان، بۆیە ئایین لێرەوە خۆی تێهەڵدەقورتێنێ، دەیەوێ پێی بڵێ ( مەبەستم ئافرەتە) کە بەهای تۆ تەنها لای منە، بەس بە پیاو دەڵێ سەرداربوونی تۆ من خاوەنیم.

بۆچی ئەو ڕاستیانەم بەیەکەوە دەبەستمەوە، لەبەر ئەوەی پێم وایە ناتوانین حکوم لەسەر ڕاستیەک بدەین ئەگەر ڕاستیەکانی تریش بەرچاو نەگرین، وەکو نیچە دەڵێت «ڕاستیەکان بەیەکەوە ئاڵاون». لێرەدا دوو ڕێگامان لەبەردەمە؛ یان ئەوەتا ڕوو بکەینە ئەقل، مەنتق بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بارودۆخە، یاخود خۆمان لە بیر بکەین و درۆ لەگەڵ خۆماندا بکەین. نەک هەر لە کوردستان، هەروەها نەک هەر بۆ کێشە جەندەرییەکان بەڵکو لە زۆربەی شوێنی ئەم جیهانە و بارودۆخی تر هەمان دوو بژاردە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، لەوانەیە بژاردەی سێیەم باشبی بۆ بارودۆخی ئێستا، وەکوو هێنانە پێشی هەندێ ڕاستی جەندەری و باسکردنی بە ئەقل و مەنتیق لە ڕێگایی زانیاری تازەوە، هەروەها چاوپۆشی هەندێکیان بۆ قۆناغ و سەردەمی تر، ئەویش بە بیانوی ئەوەی کە بارودۆخەکە هەموو

ڕاستیەکان قبوڵ ناکات. پێویستە ئەو ڕاستییانەی دەردەخرێن دسپلین بکرێن وەکو فۆکو باسیان دەکات، وە سزا بۆ شکاندنی ئەو دسپلینیانە دابنرێ، وەکو چۆن ئەو کارە کرا لە بەزۆر ناردنی منداڵان بۆ خوێندن یان ڕێگری لە خەتەنەکردنی ئافرەتان و کوشتنی بەناوی شەرەف لە کوردستاندا.

جارێکی تر تاکید دەکەمەوە کەوا تێکشکاندنی بەربەستەکانی نایەکسانی جەندەری پێویستی بەتێگەیشتنی زانستیانەیە لە بەرامبەر مێ بوون و نێربوون، بۆ نمونە بەشێک لە ڕاستیەکان پەیوەستە بە زانستی مرۆڤناسی، کە دەریدەخات مێ بوون و نێربوون لە دەرەنجامی هۆرمۆنەکانی جەستەی مرۆ دروست دەبن، پێویستە ئەو ڕاستیانە بە گفتوگۆ و دانیشتن بۆ خەڵک ڕوون بکرێتەوە، جارێکی تر ئەو راستیان دسپلین بکرێن و ئافرەتان هێزدار بکرێنەوە. یاخود ڕاستیەکانی پەیوەست بە پیاوسالاری ئاشکرا بکرێ، بەگەڕانەوە بۆ مێژوو، لەو سەردەمانەی کە ژنان سالار و خودابوون. پرسیار بکرێ کە چۆن ئەو دەسەڵات و هێزە گواسترایەوە بۆ پیاو، چۆن مرۆڤایەتی گەیشت بە قۆناغی پیاوسالاری. ئەگەر ئەوەی سەرەوەی باسمان کرد کە ڕێگای ئاشتییانەی نەهاتە دی، ئەوا پیویستە ئافرەتانی بە هۆشیاری پێشڕەوی راپەرینێک بکەن لەدژی پیاوسالاری و رژێمە کۆمەڵایەتییە چەسپاوەکان لەناو ببەن بۆ ئەوەی ڕێگا خۆش بێ بۆ ریفرۆم و چاکسازی لە پێناو یەکسانی جەندەری چونکە گۆرینی ئەو ڕاستی و زانیاریانە پێویست بە خەباتی زیاتر دەکا.

...

هاوکار جەبار سنجاوی: کۆمیشنەرە لەبەرێوبەرایەتی گشتی توندوتیژی دژی ئافرەتان، هەماهەنگی کاری ئاژانس و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، ماستەری هەیە لە خوێندنی نێودەوڵەتی، شارەزایی هەیە لە بوارەکانی ئاشتی و ئاسایش و یەکسانی جەندەری.
Hawkar.j@outloo.com




# سزا سەر سوڕهینەرەکانی گێچەڵپێکردنی سێکسی لەوڵاتانی دونیادا

خالید عەبدولکەریم

دیاردەی گێچەڵپێکردنی سێکسی لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا بەربڵاوە، لەوانەیە لەچاخەکانی کۆندا بەشێوازی جیاوازتر هەبوبێت بەڵام وەکو سەردەمی ئێستا پێناسەیەکی ڕوون و ڕاشکاوی بەخۆیەوە وەرنەگرتوە یان زۆرجار تەنها وەکو کردەی تاکەکەسی وەسف کراوە، لەگەڵ بڵاو بونەوە و بەرفراوانبونی و سەرهەڵدانی تەنگەژە و دەستدرێژی کردنە سەر کچان و کوڕان، لە شێوەی گێچەڵپێکردندا ئیدی لەدیاردەیەکی نەرێنینەوە بوە بە تاوان، یاسا و ڕیساکانی کۆمەڵگە سزای توندی بۆ دیاری کردوە ئەوەش بەپێی سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتان.

ئەگەرچی وڵاتانی دونیا لە ناوەڕۆکی یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتیەکانیان جیاوازیان هەبێت بۆناساندنی ئەنجامدەران و پێشیلکردنی مافی بەرکەوتوانی ئەو دیاردەیە هەر لەسزادان و ڕێگە لێگرتن و بەدواداچونی لەپێناو گەڕانەوەی مافی تاک و کۆمەڵگەدا، بەڵام لەشێوە گشتیەکەیدا گێچەڵپێکردنی سێکسی وەکو تاوان و کردەیەکی شازی یاسایی و کۆمەڵایەتی سەیر کراوە. لەو ڕوانگەیەوە لەسەر ئاستی یاسا و ڕیسا گشتیەکان وای لێهاتوە بەم شێوەیە گێچەڵپێکردنی سێسکی پێناسە بکرێت:»بەکارهێنانی هەندێ وشەی نالایەق و ناباو، یان ئەنجامدانی کردەیەکی سێکسی کە جەستە یا تایبەتمەندێتی دەروونی کەسەکە لەڕووی هەست و سۆزەوە وای لێ بکات ناسەقامگیر بێت، یان هەست بەهەڕەشە و مەترسی و نەمانی ئاسایشی بکات، یان هەست بەوە بکات بێڕێزی بەرامبەر دەکریت. هەست کردن بە سوکایەتی کردن و تۆقاندن گێچەڵپێکردن دەگرێتەوە، یان زۆرجار تەنها کردەکە جەستە دەگرێتەوە بۆ نمونە دەستبردن بۆ جەستەی ئافرەت، یاخود خۆلکاندن بەزۆر بەئافرەتێکەوە یان بەپێچەوانەوە ئافرەتێک بەپیاوێکەوە، لەشوێنی گشتیدا بێت یان شاراوە، گەر کەسی پەلاماردراو هەستی بە سوکایەتیک بکات، یان بەپێچەوانەوە ئافرەت بۆ پیاو، کەواتە گێچەڵپێکردنی سێکسی دیمەنێکە لە توندوتیژی سێکسی ئەوەش لەڕێگەی ستەم و زۆرلێکردنی سێکسی، لاقەکردن و چەندەها شێوازی دیکەوە کەسێک یان گروپێک لەبەرامبەر یەکتردا بیگرنە بەر، ئیدی ستەملێکراوەکە تەنها

کەسێک بێت یان گروپێک بێت، بەپێچەوانەشەوە گەر هاتو ئەنجامدەرەکەش کەسێک یان گروپێک بێت بەگرتنە بەری ئەو ڕێو شوینانەی ئاماژەمان پێکردن.

لەگەڵ وەرچەرخانی گێچەلپێکردن لەدیاردەوە بەرەو تاوان ئیدی سزاکانیش بەشێوازی جۆراو جۆر لەدژی دیاری کراوە و گۆڕانکاریان بەسەردا هاتوە، ئەمەی لای خوارەوە نمونەی چەند یاسا و ڕێسای هەندێ وڵاتە ڕونی دەکەینەوە کە چۆن و بەچ ڕێگەیەک ڕووبەڕووی تاوانەکە دەبنەوە:

**مەراکیش: سزایەکی توندو شۆکهێنەر**

لەئاکامی ناڕەزایەتی چەند ڕێکخراوەیەکی کۆمەڵگەی مەدەنیەوە لە بەرامبەر زیاتر بونی ڕێژەی گێچەڵپێکردنی سێکسی لەدژی ژنان بەتایبەت لەدوای ساڵی ٢٠١٣ ەوە، کە تاوانی لاقە کردن لە شوێنە گشتی یەکان لەشەواندا یان چوونە سەر ڕێگای ئافرەتان و دەستبۆبردن و خۆلێخشاندن و خۆلکاندنەوەی بەزۆر بەئافرەتانەوە پەڕەی سەند بوو، حکومەتی ئەو وڵاتە ناچار کرا پڕۆژە یاسایەکی نوێ بۆ ڕووبەڕوونەوەی ئەو تاوانە گەڵاڵە بکات، چونکە پێشتر ئەو یاسانانەی دانرابون وەکو پێویست نەیتوانیبوو سنورێک بۆ ئەو تاوانە دیاری بکات بەتایبەت بۆ گەڕانەوەی مافی پێشێڵاکراوی ناکامەکان یان بەتەمەنەکان.

بەپێی پڕۆژە یاسا نوێیەکەی وڵاتی مەراکیش بۆ ڕووبەڕووبونەوەی تاوانی گێچەڵپێکردنی سێکسی چەند سزایەکی سەختی تێدایە بۆنمونە گەر هاتو ڕەگەزی نێر یەکێک لەشێوازەکانی گیچەڵپێکردنی سێکسی ئەنجامدا و بەیاسا سەلمێندرا لەسەری، ئەوکات سزا قورسەکان دەیگرێتەوە لەوانە دەرهێنانی گونەکان، خەساندن، پێدانی دەرمانێک کە هۆرمۆن و حەزو ئارەزوو سێکسیەکان لاواز دەکات و دەیانمرێنێت.

**مەکەدۆنیا: پەکسخستنی توانا سێکسیەکان**

لەمانگی شوباتی ساڵی ٢٠١٤ پەرلەمانی مەکەدۆنیا بڕیاری دا یاسای تایبەت بە سزادانی ئەوانەی گێچەڵپێکردنی سێکسی لەدژی منداڵان ئەنجامدەدەن هەموار بکاتەوە، لەیەکێک لەبەندەکانی یاسا هەموار کراوەکەدا هاتووە: »سزای هەموو ئەو کەسانە دەدرێت گەرهاتوو لەسەری سەلمێندا گێچەڵ و ستەمی سێکسی لەمنداڵان کردوە، ئەوەش بەڕێگەیەکی کیمیایی جەستەیی دا جێبەجێ دەکرێت»

بەپێی یاسا نوێیەکە دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەڵدەستێت بە گرتنە بەری ڕێوشوێنی سزای کیمیایی لەسەر ئەوانەی تاوانبارن بە گێچەڵکردنی سێکسی لەدژی منداڵان، دەرزیەکی کە مادەی کیمیای تێدایە لێیاندەدرێ ئەوەش دەبێتە هۆی پەکخستنی هۆرمۆنی تیسترۆن و بەوەش لاوازی سێکسی لەلای ئەو کەسانە دروست دەبێت. هەر بەپێی یاساکە ئەگەر هاتو کەسێک ئەو سزایەی وەرگرت دواتر سزای بەند کردنی سوکتر دەبێت.
هۆکاری هەموار کردنەوەی یاساکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ڕێژەی گێچەڵپێکردنی سێکسی و ستەمی سێکسی بەرامبەر منداڵان گەیشتە هەزار حاڵەت لەساڵێکدا.

**ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا: بژاردە سەختەکان**
سزای گێچەڵپێکردنی سێکسی لە ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا جیاوازترە، ئەو کەسەی تاوانەکە ئەنجامەدات سزاکەی پەکخستنی سێکسیی و خەساندن و گرتنەبەری کۆمەڵێک ڕیو شوینی تر نییە بەڵکو بەندکردنی هەتاهەتایی و غەرامەکردنێتی بەپارە ئەوەش بەپێی جۆر و ڕێژە و شێوازی تاوانەکە ڕەنگە جاری وا هەیە بگاتە ڕوبعە ملێونیک دۆلار.

سزای تاوانەکە لە ویلاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ئەمەندە سەخت و قورسە و هیچ ئاسانکاری و سوککردنێکی تێدانیە، پێ دەچێ تاوانبارەکە بخاتە بەردەم دو بژاردەی لێکچووەوە، ئەوەش ئەوەیە ئایا لەزیندان دەژیت یان خۆی دەکوژێت. کاتێک ئەم ساڵ سزای بەند کردن بۆماوەی ١٧٥ ساڵ بەسەر پزیشکیکی یارییەکی وەرزشی لەو ولاتەدا سەپێنرا، دادوەرەکە پێیوت: «بەرێز ئیدی  تۆ شایەنی ئەوە نیت لەدەرەوەی زیندان پیاسە بکەیت وەرە لەسەر یاداشتی کردنەکەت واژوو بکە» ئەوسزایەش بەهۆی ئەوەوە بو پزیشکەکە تاوانی کردبو دەرهەق بە دە ئافرەت لەوانە گێچەڵپێکردنی سێکسی و ستەمکردنی سێکسی بەشێکی زۆریان یاریچی چەند تێپێکی وەرزشی جوانکاری بواری جەستەیی بوون.

**چی: لەنێو دڵی ئەوروپاوە بەڵام سزایەکی توند**
جیاواز لە زۆربەی ولاتانی ئەوروپا کۆماری چیک سزای زۆر توند بەرامبەر ئەو کەسانەی گێچەڵپێکردنی سێکسی و تاوانی سێکسی ئەنجامەدەن پیادە دەکات، چیک یەکێکە لەو ولاتە ئەوروپیانەی تاوەکو ئێستاش سزای پەکخستن و لاوازکردن یان نەشتەرگەری کیمیای لەدژی ئەنجامدەرانی گێچەڵپێکردنی سێکسی دەگرێتە بەر. هەرچەندە پەرلەمانی ئەوروپا

و دەستەی مافی مرۆڤی پەرلەمانەکە ئەو سزا توندەی وڵاتی چێکیان ڕەتکردۆتەوە و جەختیان کردۆتەوە کە سزاکە پیانوایە سزاکە ستەم و سوکایەتی و ترسێنەرە و داوایان کردوە خێرا هەڵبوەشێتەوە بەڵام تاوەکو ئێستا چیک ئەو ڕێوشوینی سزایانە دەگرێتە بەر و کاریان پێدەکات.

**ئەندەنوسیا: لێدانی هۆرمۆنانی مێینە بۆ پیاوان**

ساڵی ٢٠١٥ دادوەری گشتی ئەندەنوسیا وتی سەرۆکی وڵات مەرسومێکی واژوو کردوە ڕێگە دەدات بە گرتنبەری ڕێو شوێنی سزای کیمیای لەدژی ئەوانەی کە تاوانی سێکسی لەوانە گێچەڵپێکردنی سێکسی ئەنجامدەدەن، ئەو مەرسومە کۆماریەش دوای ئەوە هات لەو ساڵەدا زنجیرەیەک لە تاوانی سێکسی لەدژی منالاّن لەو وڵاتەدا ئەنجامدرا.هۆکاری دەرکردنی بڕیارە توندەکەش لەسەر زاری دادوەری گشتی ئەو وڵاتەوە بۆ ئەوە گیڕدرایەوە تاوانبار پێش ئەوەی کردەکە ئەنجامبدات هەزارەها جار بیر لەو سزایە بکاتەوە.

دادوەری گشتی ئەندەنوسیا وتیشی حکومەت مەرسومە کۆمارییەکەی پەسەند کردوە و لەمەو دوای جێبەجێی دەکات، بەپێی ئەو مەرسومە کۆماریەش دەرزی هۆرمۆنی مێینە لەو پیاوانە دەدرییێت کە تاوانی گێچەڵپێکردنی سێکسی ئەنجامدەن بەوەش ئارەزووی سکێسیان نامێنی یاخود بەتەواوی لاواز دەبیت.



# « دۆناڵد ترەمپ»
# بازرگانێکی بوێر و ڕاشکاو لە بەرگی سەرۆکی زلهێزترین وڵاتی جیهان!

**کارۆخ خۆشناو**

یەکێک لە خەسڵەتە گرنگەکانی خەڵکی ئەمەریکا بریتیە لە تاقیکردنەوەی شتی تازە و ناوازە. ترەمپ لە سەرەتای هەڵمەتی هەڵبژاردن کارەکتەرێکی تازە بوو لە ناو دنیای سیاسەت کە بەهیچ جۆرێک ئەزمونێکی حوکمڕانی نەبوو، وەک بازرگانێکی سەرکەوتوو بەڵێنەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرنجڕاکێش بوون بۆ خەڵکی ئەمەریکا، توانی قەناعەت بە خەڵک بکات ئەو جیاوازە و دەتوانی باشتر لە هەمو ڕکابەرەکانی تر خزمەت بە ئەمەریکا بکات، ئێستا دوای زیاتر لە ساڵ و نیوێک ئەگەر بەخێرایی چاوێک بخشێنینەوە بە لێدوان و تویت و بەڵێن و ڕەفتارەکانی (دۆناڵد ترەمپ) لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنیەوە تاوەکو گەیشتن بە کورسی سەرۆکایەتی ئەمریکا، هەروەها لە ڕۆژی سوێند خواردنیەوە وەک (٤٥)مین سەرۆکی ئەمریکا تاکو ئەمڕۆ، کەزیاتر لە ساڵ و نیوێکە سەرۆکی زلهێزترین وڵاتی دونیایە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ترەمپ نەک تەنها ڕاشکاوترین سەرۆکی ئەمریکایە، بەڵکو ڕاشکاوترین و ڕاستەوخۆگۆترین سەرۆکی جیهانیشە، چونکە هیچ سەرۆکێکی ئەم دونیایە وەک ترەمپ ڕاستەوخۆ بە تویتەکانی مەبەست و نیازەکانی ئاشکرا ناکات، بەڵکو زۆربەی سەرۆکەکانی تری جیهان ناڕاشکاو و ناڕاستەوخۆ لێدوان دەدەن و هەڵوێستەکانیان لە قاڵبێکی پرۆتۆکۆڵیدا ڕێک دەخەن و هەمیشە بە شێوازێکی فەرمی لەبەردەم ڕاگەیاندنکاندا قسە دەکەن و زۆربەی کات ئامانج و مەبەستەکانیان بە شاراوەیی دەهێڵنەوە، بە پێچەوانەی دۆناڵد ترەمپ کە بەهۆی ڕاشکاویەکەیەوە جیهانی بەخۆی سەرقاڵ و سەرسام کردووە، ئەگەرچی بەهۆی ئەم ڕاشکاویەی هەمیشە ڕوو بە ڕووی ڕەخنە و دژایەتی دیموکراتەکان و بەشێک لە کۆماریەکان و زۆربەی دەزگا ڕاگەیاندکانی ئەمریکا بۆتەوە، بە بیانوی ئەوەی شێوازی ترەمپ شێوازێکی ناوازەیە و لایەق بە سەرۆکی ئەمریکا نییە، بەڵام دەتوانم بڵێم ترەمپ لە گرتنەبەری ئەم شێوازە ناوازەیە سەرکەوتوو بووە، چونکە توانیویەتی لەلایەک وەک گەورەترین کارەکتەری سیاسی و ئابووری جیهان وێنەیەکی ناوازە و سەرنجڕاکێش بۆ

خۆی بکێشێت، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی ئەم ڕاشکاوییەوە توانیویەتی بەشی زۆری ئامانجە سیاسی و ئابووریەکانی بەدی بهێنێت، بە واتایەکی تر دەتوانم بڵێم لەگەڵ ئەو هەموو دژایەتی و ڕەخنانەی ئاڕاستەی ترەمپ دەکرێت، بەڵام ترەمپ تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتوو بووە لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن و هەروەها شێوازێکی ناوازە و تایبەت بە خۆشی داهێناوە بە جۆرێک کە لە هیچ سەرۆکێکی پێش خۆی ناچێت!!!

ئەگەر بە کورتی هەڵسەنگاندێک بۆ ماوەی سەرۆکایەتی ترەمپ بکەین، دەبینین تاکو ئێستا هەندێک بڕیاری دەرکردوە کەوا دەردەکەوێت لە هەوڵی جێبەجێکردنی سەرجەم بەڵێنەکانیدایە بەمەبەستی خۆ ئامادەکردن بۆ خولی دووەمی سەرۆکایەتی ئەمەریکا، چونکە هەنگاوەکانی دیارن کە دووبارە بە نیازی خۆکاندیدکردنەوەیە لە ساڵی ٢٠٢٠. سەرەتا ترەمپ زیاتر گلەیی لە سیستەمی حوکمڕانی ئەمەریکا هەبوو بە تایبەت دەسەڵاتدارنی واشنتن وەک لە وتاری دەستبەکاربونی بینیمان کە گوتی ناهێڵین چیتر دەسەڵاتی ئەمەریکا بەدەست گروپێکی بچوک قۆرخ بکرێت کە بە گرووپی (حەوزی واشنتن) ناسراون، بەڵکو دەسەڵاتی ئەمەریکا دەبێ بگەڕێتەوە بۆ خەڵکی ئەمەریکا و هەروەها لە سیاسەتی دەرەوەش ناڕازییە بەتایبەت لەو ڕێککەوتنانەی کە ئیدارەی ئۆباما مۆری کردوون، چ لە بواری سیاسی و ئابوری و بازرگانی یان سەربازی.

بەشێوەیەکی گشتی تاکو ئێستا ترەمپ سەرۆکێکی بوێر و بێمنەت دیارە بەرامبەر بە جیهان بەگشتی و خۆی دەیەوێ وەک بڕیاردەری یەکەم لە جیهان وێنا بکا، هەر وەکو دروشمی سەرەکیشی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بریتی بوو لە «Make America Great Again» هەروەها «America is First» لەم دروشمانەدا ترەمپ تەئکیدی لە بەهێزکردنەوەی بەرژەوەندی و پێگەی ئەمەریکا دەکردەوە. سەرەتا جیهان ترسی هەبوو لە کارەکتەری ترامپ و بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی، کە هەم کارەکتەرەکەی ترس و قسەی زۆر هەڵدەگرێ، هەم بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی ترس و قسەی زۆر هەڵدەگرێ، بەڵام ئێستا دوای ساڵێک و نیو لە دەسەڵاتی ترەمپ هەندێک لە شێوازی سیاسەتکردن و دۆکترینەکانی (ڕێباز و باوەڕ)ی ترەمپمان بۆ ئاشکرا بوون کە بریتین لە هەڵسەنگاندن و

مامەڵەکردنی زۆربەی کێشەکانی جیهان بە پیودانگی ئابووری، واتە ترەمپ بە چاویکەی ئابووری سەیری کێشەکانی ناوخۆ و دەرەوە دەکات.

دیارە ئەمریکا و ڕۆژئاوا هەمیشە پێشەنگی گۆڕانکاریەکانن بە پێچەوانەی وڵاتانی عەرەبی کە لە بازنەیەکی سنورداردا دەخولێنەوە و چەقیان بەستووە، چونکە جورئەت ناکەن هیچ جۆرە ریفۆرم و چاکسازییەک لە سیاسەت و کلتور و دین و دابونەریتەکاندا بکەن، چەقبەستن لە هەموو بوارەکان لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و وڵاتە عەرەبییەکان بەتایبەتی بەدیدەکرێت، بەڵام بە نیسبەت وڵاتانی رۆژئاوا بەگشتی و ئەمەریکا بەتایبەتی ئەتوانم بڵێم هەمیشە پێشڕەوی گۆڕانکاری بوونە لە ڕوی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و.....هتد.
ئەمەریکا بەردەوام گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە، چونکە بنچینە و بناغەیەکی پتەوی ئازادی لە دەستوردا دارڕشتوە، ئازادییش داینەمۆی گۆڕانکاریە. وەک دەبینین برگەی یەکەمی ئازادی لەدەستوری ئەمەریکادا، وای کردووە کە بەردەوام ئەم وڵاتە لە گۆڕانکاریدا بێت و بەردەوام داهێنان لە هەموو سێکتەرەکانی ژیاندا بکات، بەتایبەت لە ڕوی سیاسیەوە.
لێرەدا دەمەوێ وردتر سەرنج بخەمە سەر ئازادی، بەڵێ ئازادی وای کردوە کە میللەتان دیوی ڕاستی تێگەشتنیان ئاشکرا بێت، لێرەدا ڕاستە ڕەنگدانەوەی سیاسەتی وڵاتان لەسەر تاکی کۆمەڵ دەردەکەوێ، بەڵام ئەوەشمان بیر نەچێ کە هەر نەتەوە «بەتوخمێ لە خو» دەناسرێتەوە لە بنچینەی کرداری تاکەکانیدا، لە سیاسەتدا ئەنجامی کۆتایی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەنگەی کە تاکی رۆژئاوایی دەیخاتە سندوقی هەڵبژاردنەکان، کەواتە گەلی ئەمەریکاش ئەوەی هەڵی بژاردوە دەرئەنجامی کردەوەی خۆیانە، دەبێ ئەنجامەکەشی ببینن ترامپ دیاریدەیەکی زۆر نوێیە، بەجۆرێک ئەم کارەکتەرە وەکو سەرۆک هاوشێوەو پێشینەی نەبووە لە ئەمەریکادا.

من وای دەبینم کە سەرۆک ترەمپ ئەمەریکا و جیهان بەگشتی لەو چەقبەستویە ڕزگار دەکات، ئەو گۆمە مەنگەی جیهانیش بەجۆرێک دەشڵەقێنێت کە لە عەقڵ و پێشبینی هیچ کەس و ناوەندێکی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەدا نەبێت، دەبێ چاوەڕێ بین تاکو کات بڕیار لە سەر ڕاستی و ناڕاستی ئەم بۆچونەمان بدات.

دوای زیاتر لە ساڵ و نیوێک دەتوانم بڵێم دۆناڵد ترەمپ (٨٠٪)ی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی جێ بەجێ کردووە، سەرەڕای دژایەتی کردنی دیموکراتەکان بەڵام دەرزەنێک هەنگاوی چارەنوسسازی ناوە وەک:

١/ گەشەپێدانی ئابووری ئەمریکا بە ڕێژەی ٣٪ زیادی کردووە.

٢/ تۆمارکردنی ژمارەیەکی پێوانەیی بۆ کەمکردنەوەی بێکاری کە لە ساڵی ٢٠٠١ تاکو ئێستا کەمترین ڕێژەی بێکاری تۆمار کراوە.

٣/ گواستنەوەی باڵوێزخانەی ئەمریکی لە تەلئەبیبەوە بۆ ئۆرشەلیم (قودس).

٤/ کشانەوە لە ڕێکەوتنی پاریس بۆ ژینگە یان (مەناخ).

٥/ ڕێگرتن لە پێدانی ڤیزە بۆ هاووڵاتیانی (٦) ووڵاتی ئیسلامی (ئێران-سوریا-یەمەن-لیبیا-سودان-×ومالٚ)

٦/ موشەکبارانکردنی فرۆکەخانەی شوعەیراتی سەربازی لە سوریا.

٧/ دەستکردن بە دروستکردنی دیوارێک لە سەر سنوری نێوان ئەمریکا و مەکسیک بەمەبەستی ڕێگریکردن لە هاتنی کۆچبەرانی نایاسایی.

٨/ - هەوڵدان بۆ هەڵوەشاندنەوەی بەرنامەی بیمەی تەندروستی ئۆباما ناسراو بە (Obamacare)

٩/ ڕێگریکردن لە هەندێک دەزگای ڕاگەیاندنی بەناوبانگ بۆ هاتنە ناو کۆشکی سپی لە نێوانیشیاندا (CNN - The New York Times - The Guardian - BBC)

١٠/ دوورخستنەوەی کۆمەڵێک بەرپرسی ئیدارەکەی لەوانە (ڕیکس تلرسن وەزیری دەرەوە لە شوێنیدا مایک پۆمپۆیۆی دانا، ماک ماستەری ڕاویژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی ئەمریکی، لەشوێنیدا جۆن پۆڵتنی دیاری کرد، بەرێوەبەری FBI، باڵوێزی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتوەکان نیکی هیلی و ئەگەر هەیە ترەمپ کچەکەی ئیڤانکا لە شوێنی دابنێ

١١/ کشانەوەی تاکلایەنەی ترەمپ لە ڕێکەوتنی ئەتۆمی ئێران کە بە ڕێکەوتنی (٥+١) ناسراوە.

١٢/ ئەنجامدانی دیدارێکی مێژوویی لەگەڵ کیم جۆن ئوون سەرۆکی کۆریای باکوور دوای (٦٨) ساڵ لە بەستەڵەکی نێوان ئەمریکا و کۆریای باکوور، ترەمپ توانی ئەم بەستەڵەکە بتوێنێتەوە.

**سەرنجێک سەبارەت بە کورد و ترەمپ:**

کورد وەک هەر گەلێکی تر یان هەر دەوڵەتیکی تر لەو ناوچەیە بە نسبەت ئەمەریکاوە گرنگە، ئاسانتر بدوێم ئەستێرەی کورد گەشایەوە لە دوای پرۆسەی ئازادکردن عێراق بەتایبەت لە شەڕی دژی تیرۆرستانی داعش، کاتێک کورد ڕۆلێکی زۆر گرنگ و یەکلاکەرەوەی بینی لەسەرکەوتنەکانی هاوپەیمانان و خودی ئەمەریکا دا، لەوکاتەوە کورد ژمارەیەکی خوێندراوەیە لەلایەن ئەمەریکا، چەندین جار ترەمپ ستایشی کوردی کردووە و کوردی بە میللەتێکی ئازا و قارەمان لەقەڵەم داوە.

سەبارەت بە خوێندنەوەی ئەمەریکا لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی، ئەمەریکا باش لەوە گەشتوە کە کە بەرەی سونە و شیعە لە دورگەی عەرەبی بەتایبەتی و ناوچەکە بەگشتی وەک یەک بیرناکەنەوە بگرە هەر دەوڵەتە بەدوای بەرژەوەندی خۆی دا دەگەڕێ. کورد ناچێتە ئەم پێوەرەوە زۆرباش دەزانن کە کورد لەسەر سیاسەتی بەرژەوەندی دین هەوڵەکانی چڕناکاتەوە. کێشەکە لێرەدایە بەڕاستی بەر لەوەی بڵێین ئەمەریکا چی پێیە بۆ کورد، ئایە ئێمە چیمان پێیە بۆ خۆمان؟ ئەم پرسیارە زۆر گرنگە، چونکە کورد وەک سیاسەت لەناوخۆ هەڵوەشاوە چ لەنیو حیزبەکان دژی یەک چ حیزبەکان و گەل، چ لەگەڵ دراوسێکان بەتایبەتی عیراق، کاتێ وڵاتێکی وەک ئەمەریکا بیەوێ بێتە گفتوگۆوە لەگەڵ کورد ئایا لەگەڵ کێ گفتوگۆ بکات کە کورد یەک داوای نیە، یەک کەس حکومی گشتی ئەم وڵاتەی بەدەست نییە، ئیدی پێتان وایە خوێندنەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەرامبەر کورد چۆن دەبێ؟ کێشەی ناتەبایی کورد ڕەگ و ریشەی مێژوویی هەیە، ئایا سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لای روون نییە کە کورد بۆ یەکناگرێ لە ناوخۆی کوردستانی باشور؟ ئایە پرسیاری نییە لەوەی دوای ئەم هەمو ئەزمونە چی وادەکات کە هەر ناتەبایی هەبێ؟ لەگەڵ ئەو هەمو کێشەیەی کە ئێستا کورد لە ناوخۆی هەیەتی، کاتی ئەوە هاتوە کورد یەک ئەجیندا دابڕێژێ و یەک دەنگ و یەک هەڵوێست بێت، تاکو سود وەربگیرێ لەو فرسەتە زێڕینەی لە قۆناغی سەرکردایەتی ترەمپدا بۆ کورد دێتە پێشەوە، ئەگەر چی دەبوو کورد زووترماڵی خۆی ڕێک بخستایەتەوە، بەڵام ئێستاش نەچوە بچێت ئەگەر ئیرادەیەکی جدی هەبێت دەکرێت بۆ نەورۆز و سەری ساڵی نوێی کوردی، کوردیش خۆی نوێ بکاتەوەو یەک هەڵوێست بێت، ئەگەر وا نەکات

ئەوە من گەشبین نیم بە هەڵویستی ئەمەریکا بەرامبەر بە کورد، خۆ ئەگەر هەرچی بۆ کوردیش بکات تەنها کورد بەکاردێنی بۆ خواستەکانیو هیچی تر، چونکە کورد داوای نییە لەبەرامبەر هەرچیەک بۆ ئەمەریکای بکات، ئەو داوایانەی هەشن، دەبن بە داواکاری بەشێکی کورد نەک داواکاری کورد بەگشتی.



# جەنگی ئابووری

# «پیشەسازی جەنگ»

## ((پرۆسەیەکی پڕ نهێنی و پلانی دوور مەودا، جەنگی وێران کردنی ژێرخانی ئابووری، برسیکردن و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگا))

هێرش شکاک

جەنگی ئابووری کە «پیشەسازی جەنگ»یشی پێدەگوترێت، بریتییە لە ستراکتەرێکی جیهانیی ئابووری، کەوا لێرەدا جەنگ دەگۆردرێ بۆ بازرگانییەکی قازانج زۆر، کە ئێستا و لەم کاتەدا هەندێک لە دەوڵەتان و باشترین نموونەش ستراتیژیەتی سیاسەتکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە کە بریتییە لە «جەنگی ئابووری» یاخود «پیشەسازی جەنگ»، جەنگی ئابووری... لە کۆنترین جۆرەکانی جەنگە کە مرۆڤ ناسیبێتی، جەنگی ئابووری ئەو جەنگەیە کە بریتییە لە ململانێیەکی دارێژراو لەسەر سامانە سروشتیە ئابوورییەکان کە ئەوەش هۆکارە بنچینەییەکان بوون بۆ هەڵگیرسانی هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهان، بەڵام جەنگی ئابووری لە سەدەکانی رابردوودا زۆر روون نەبوو و لەرێگەی هێزی سەربازی و داگیرکاریەوە ئەنجامدەدرا بە بڵاوەپێکردنی هێزی سەربازی، بەڵام لەپاشان ئەم وێنە گۆرانکاری بەسەرداهێنرا و جۆری داگیرکردنی ئابووری و دەستبەسەرداگرتن و کۆنترۆڵکردنی بازاڕ ئێستا لەرێگەی جوڵەی دراو و داهات و سەرمایەوە ئەنجام دەدرێت، گەورەترین وێنەی ئەم داگیرکارییە ئابووریە کە بریتییە لە جەنگی ئابووری و هەروەها ئامرازەکانی جێبەجێکردنی لەسێبەری «جیهانگیری» و سیستمی تازەی جیهان بە ئەنجام دەگەیەنرا، کەوا ئەوە کاریگەرێتی وێرانکاری و ئەنجامی ترسناکی لەسەر وڵاتانی تازە پێگەیشتوو جێهێشت، کە هەندێک لە ئەنجامە وێرانکاریەکانی بریتیین لە:

١. هێنانەدی بارودۆخی بێکاری و نەمانی هەلی کار بۆ بەشێکی زۆری دانیشتوان.

٢. کۆچ کردن بەرەو هەندەران و گەران بەدوای نان و ئاوو بەرەو داهاتویەکی نادیار.

٣. گۆڕانی ماناکانی رۆشنبیری و بەرزبونەوەی خێرای ژمارەی ئەو کەسانەی کەلەژێر هێڵی هەژاریدا ژیانیان بەسەر دەبەن.

**چەکی بەکارهێنراو لە جەنگی ئابوریدا**

**١. دابڕینی ئابووری... یەکەم چەکە:**

دابڕینی ئابووری لە گرنگترین چەکەکانی جەنگی ئابووریە، ئەوەش لەڕێگەی دابڕینی گشت پێداویستیەکانی دەوڵەتێک و نەهێشتنی هیچ پێداویستیەکی خۆراک بۆ ئەم دەوڵەتە هەناردە بکرێت و بە هەمان شێوە نەهێشتنی هەناردەکردنی هیچ پێداویستی و خۆراکێک لەنێو ئەم دەوڵەتەوە بۆ دەرەوەی، ئەوەش بە بەکارهێنانی بەرهەمە کێبرکێکانی بەرهەمەکانی ئەم دەوڵەتە و قەدەغەکردنی بوارپێدان بە تەرویج کردنی کەلوپەل و هەموو ئەو شتانەی کە لەم دەوڵەتەدا بەبەرهەم دێت. دابڕینی پێداویستیە خۆراکیەکان کاریگەرترینیانە چونکە خێراترین پێداویستیەکانی مرۆڤە بۆ تێکچونیان.

**٢. گەمارۆی ئابووری و سەربازی:**

لەوانەیە دابڕینی ئابووری بچێتە نێو بازنەیەکی فراوان بەشێوەیەک کە گەمارۆی ئابووری و قەدەغەکردنی هەناردە و هاوردەکردنی پێداویستی و کەلوپەل بۆ ئەو شوێنە بگرێتەوە کە کەوتۆتە ناو بازنە گەمارۆدراوەکە، ئەوەش لەڕێگەی سەپاندنی گەمارۆی دەریایی و ئاسمانی و وشکانی هەروەک ئەوەی کە لە دەوڵەتی عێراق و لیبیا و کوبادا رویاندا.

گەمارۆی ئابووری کاریگەرترین چەکی بەکارهێنراوی جەنگی ئابوورییە، کە لەم رێگەیە کەموکورتی لە داوودەرمان و خۆراک و سنوردارکردنی پەیوەندیەکان بە جیهانی دەرەوە دەهێنرێتەدی، کەوا دەبێتە هۆی دەرکەوتنی ئەنجامی ئابووری و کۆمەڵایەتی دوورخایەنی وەک برسێتی و بڵاوبونەوەی نەخۆشی.

**٣. چوونە نێو بازاڕ و مۆنۆپۆڵکردن:**

چوونە نێو بازاڕی ناوخۆ لەلایەن دەوڵەتێکی زلهێزی بێگانەوە، هەڵگیرساندنی جەنگی ئابووری گرنگترین چەکی بەکارهێنراوە لەم جەنگەدا، کە بڕینی بازارو چونە ناویەوە بۆ هەندێک لە بەرهەم و پێداویستیەکانەوە ئەنجام دەدرێت کەوا ئەوەش بۆ لێدانە لە دەزگا بەرهەم هێنەرە ناوخۆییەکان و لاوازکردنیان و بۆ نەهێشتنی توانای لە کێبرکێ و بەرگریکردنیی، ئەوەش بە قۆرخکردنی رێکەوتنە نێو دەوڵەتیەکان کە ئازادی بە بازرگانی نێو دەوڵەتی دەدات.

هەروەها لە گۆشەنیگایەکی ترەوە چوونە نێو بازار ڕوودەدات لەڕێگەی مۆنۆپۆڵکردنەوەو داگیرکردنی هێڵەکانی بەرهەمهێنان و پیشەسازییە زیندووەکان لەو دەوڵەتە یان هەرێمەی

که پلانی بۆ دانراوه لەرووی ئابوورییەوە وێران بکرێت. بەڵگە لەسەر ئەوە، پەیوەندی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە ئەوروپاوە لە کاری بازرگانێتی (×ۆیا) کە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە بازرگانێتی (×ۆیا) قۆرخی جیهانی کردووە، کە ساڵانە ١٠ ملیۆن تۆن بەرهەم دێنێت.

هەروەها ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا زۆر بەئاگایە بۆ ئەم کاری قۆرخکردنە، بەشێوەیەک کە لە داخستنی کارخانەی «Lavera» لە فەرەنسا و (Sardaigne) لە ئیتاڵیا، ئەوەش بۆ قەدەخەکردنی بەرهەمهێنەرە پیشەسازییەکان لە بەکارهێنانی داهێنانی تازەی زانا فەرەنسیەکان کە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی باشترین جێگرەوەی بەرهەمی ئەمریکی.

بەڵام لەوانەیە ئەو شتە گرنگەی کە ئەمریکا هاوردەی دەکات لە جیهاندا بریتییە لە مێشکی مرۆڤـــ، کە کار لەسەر بنیاتنانی ئەم مێشکانە دەکات و پەروەردەیان دەکات و گشت فاکتەرەکانی سەرکەوتنیان بۆ دابین دەکات، کەوا ئەوە کاریگەریەکی زۆری لەسەر دەکات، کەوا ئەوە مەنهەجێکی گرنگی وەبەرهێنانی مێشکەکانە بۆ وەبەرهێنانی ئایدیا پێویست و کاریگەرەکان لەسەر پانتایی بازاری نێو دەوڵەتی و دارشتنی ستراتیژیەتی پێشکەوتنی خێرا لە گشت بوارەکاندا بەتایبەت لە کاری بازرگانیدا.

**٤. دروستکردنی قەیرانی ئابووری:**

وڵاتانی پێشکەوتوو و زلهێزی جیهان خاوەن دامەزراوەی دروستکردنی قەیرانی ئابوریین لە وڵاتانی دیکەدا ئینجا چ قەیرانی دارایی یاخود قەیرانی تایبەت بە بەنکەکان و دارِمانی بورسە بێت. هەروەها ئەو قەیرانانەی کە سیفاتی خولی ئابووری وەردەگرێت وەک هەڵئاوەسان.

ژمارەیەک فاکتەری هاوسەنگی هێزی ئابووری گرنگ و ناسراو دەسەڵاتیان بەسەر مرۆڤدا هەیە، وەک:

١. هەوڵدان بۆ بژێوی ژیان.

٢. داگیرکردنی وڵاتان.

٣. ململانێی ئابووری.

٤. بەرەورِوبوونەوە جیۆئابوورییەکان.

کە بونەتە هۆی جێگیرکردنی ئەم هێزانە وەک کۆمەڵە یاسایەک کە لە پەرتوکە ئەکادیمیەکاندا بوونیان نییە، هۆکاری سەرەکی بۆ دانەنانی لە مەنهەجەکانی فێرکردندا

دەگەڕێتەوە بۆ نییەت لە شاردنەوەی ئامانجەکانی بەرەورووبونەوە ئابوورییەکاندا. ئایا حەقیقەتی ئەم بەرەوڕووبونەوانە چین و ئامانجەکانی چین... ؟ لەسەرەتادا وشەی «جەنگی ئابووری» لە پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان بوو بە ڕاستی و کاریگەرێتی لەسەر ژیانی رۆژانەی مرۆڤ ـ دەرکەوت، هەروەها پەیوەندییە دەرەکیەکان وەک پەیوەندی جیۆسیاسی دەستی پێکرد لەنێوان وڵاتاندا و لە پاشاندا پەرەی سەند بۆئەوەی ببێتە پەیوەندی جیۆئابووری. لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، کە بنچینەی گەڕان بوو بەدوای هێزدا، چەند جەمسەرێک لە مەترسی و بەرەوڕووبونەوەدا لەسەر سەرچاوەکانی وزە دەرکەوتن، بە هەنجەتی ئەوەی لاوازیی پیشەسازی لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، هەروەها وەک حەز و ئارەزوی ئەم وڵاتانە بۆ داگیرکردنی جیهان لەڕووی بازرگانییەوە کەوا ئەوەش وای کرد پەیوەندییە نێو دەوڵەتیەکان ڕوویەکی تازە وەربگرێت لە ململانێی ئابووریدا کە ئەوەش گەشەی کرد بۆ ململانێی سەربازی لە هەندێک حاڵەتدا.

**پرنسیپەکانی دامەزراندنی جەنگی ئابووری:**

**مێژووی مرۆڤایەتی بە دوو قۆناخی بنچینەییدا تێپەڕیووە:**

- قۆناخی یەکەم تا شۆڕشی پیشەسازی درێژبویەوە و گرنگیدا بە «گرنگیدان بە مانەوە لە ژیاندا».
- قۆناخی دووەم کە دوای قۆناخی سەرەوە هاتەدی و ناونیشانی «هەڵبژاردن لەنێوان ژیانی جێگیرو گەرۆکدا»ی هەڵگرت.

لە ئێستادا پرسی سامانەکان پلەی یەکەمی وەرگرتووە لە پەرەسەندنی شارستانییەتەکان. هەروەها لەسەرەتادا ئەگەر پێویست بوون بۆ ئەم سامانانە لەسەرەتایدابووبێت، بەڵام لەگەڵ تێپەربوونی کاتدا پەرەی سەند و بووە هۆی هاتنەدی میکانیزمی بەرەورووبونەوەی ئابوریی ئاڵۆز کە بە «قرصنە» ناسرا کە بووە بەرزکەرەوەیەکی بەتوانای ئابووری.

پارێزگاریکردن لە سامانە سروشتیەکانی کە کەوتونەتە سنووری نێو دەوڵەتێک لە سەدەی حەڤدەدا بۆ هەندێک دەوڵەت بووە پێویستیەکی گرنک و ستراتیژی، کە کرداری داگیرکردن (الاستعمار – colonization) درێژکراوەی ئەم مەبدەئە بوو و کە ئەوەش بووە هۆی دروستبوونی داینامیکیەکی ئاڵۆز بۆ بەرەوڕوو بوونەوەی وڵاتان لە بەرامبەر یەکتردا. هەروەها ئەو قازانج و داهاتەی کە لەو کاری داگیرکردنە (الاستعمار – colonization) دا هاتەدی بووە پاڵنەر بۆ هەندێک لە وڵاتە گەورەکانی جیهان بە هێزی سەربازی بەرەورووی یەکتر ببنەوە   ئیتر قۆناخەکە بەوە گەیشت کە جیهان

ئەوە بەخۆیەوە ببینێت کە پێی دەگوترێت کۆنترۆڵکردن بەرێگەی بازرگانی و پارێزگاری کردن لێی، ئیتر ئایا راستە ئەگەر بڵێین لەلایەن زلهێزی جیهانی وا هەیە کە کارە داگیرکاریەکان بووەتە جۆرێک لە کلتور... ؟

## تێکهەڵکێش بوونی جەنگ و ئابووری

ئەو جەنگەی کە لەنێوان ساڵانی ۱۷۰۰ تا ۱۸۱۵ ی کێشا، بووە هۆی دروستکردنی هاوپەیمانێتی جەمسەری دژ بەیەک ئەوەش بە ئامانجی پارێزگاری کردن لە سامانەکان و وایکرد کە هەندێک لە دەوڵەتانی خاوەن هێزی جیهانی وەک (بریتانیا و فەرەنسا) دەوڵەتانی دیکە کە بێهێز بوون داگیریان بکەن، کە ئامانجی ئەوە رووکردن بوو بەرەو بەدەستهێنانی ئابووری زیاتر و قۆرخکردنی.

مەبدەئی ئەم بەرەورووبونەوە ئابوریانەی زلهێزان گۆردران و بوون بە بەرەورووبونەوەی سەربازی، بەمەش کار گەیشتە ئەوەی جەنگی ئابووری لە نیتاقێکی جیهانیدا بوونی هەبێت، ئەوە لە کاتێکدا کە پێشتر لەسەر ئاستی نێوخۆیی لەنێوان هۆز و بنەماڵەکاندا لەئارادابوو. ئەم تەداخولەی نێوان بەرەوروبوونەوەی ئابووری و سەربازی، یەکەم جار بوو لە مێژوودا ببێتە میکانیزمی سەرهەڵدانی فراوانکردنی بەرەوروبوونەوە ئابوورییەکان بەپێی کات واتا ساتێک جەنگ و کاتێکی تر ئاشتی. بۆ نموونە ناپلیۆن سیستمێکی بەرگری ئابووری بنیاتنا کە بریتیی بوو لە قەدەخەکردنی بەرهەمە بەریتانییەکان لە فەرەنسادا و دەستی کرد بە ئامادەسازی هێزی سەربازی بۆ چاودێری کردنی ئەم قەدەخەکردنە.

کە جەنگ لەنێوان بریتانیا و فەرەنسادا بووە هۆکاری لاوازبوونی ئابووری هەریەک لەم دوو دەوڵەتانە و ئەوە بووە پاڵنەر بۆئەوەی بریتانیا تیمێکی گفتوگۆکردن رەوانەی فەرەنسا بکات بۆ دروستکردنی هەماهەنگیی ئابووری لەنێوان هەردوو دەوڵەتدا و شکاندنی (قەدەخەکردنی بەرهەمەکان لەنێوانیاندا). لەمەبەدواوە ململانێی ئایدیۆلۆژی لەنێوان وڵاتانی زلهێزدا سەری هەڵدا کە بەمەش ئیتر کار بەوە گەیشت لەسەر ئاستی فکریدا بەرەوروبوونەوەکان هاوسەنگی هێزی ئابووری لە نێوان دەوڵەتەکاندا دیاری بکەن.

هەروەها جەنگی دوومی جیهانی بووە لە قاڵبدانی مەبدەئی «بەسەربازیکردنی ئابووری». کە بەڵگە لەسەر ئەوە نامەی بەناوبانکی هاوپێچیی سەربازی ئەمریکیە لە پاریس لە ساتەکانی کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیدا، کە تێیدا باس لەوە دەکات « گرنگێتی بەرپاکردنی جەنگ لە دژی دوژمندا تەنها لەسەر ئاستی سەربازی نییە، بەڵکو لەسەر

ئاستی ئابوریشه ئەوەش لەرێگەی دەست بەسەرداگرتنی سامانە ئابوورییەکەیدا» لێرەبەدواوە ئەوە هاتەکایەوە کە پێی دەگوترێت «داگیرکردنی ئابووری». واتا داگیرکردنی ئابووری کە بریتییە لە جەنگی ئابووری بە چەندین قۆناخی مێژووییدا تێپەربووەو بە پرەنسیپ لەلایەن زلهێزانەوە کاری بۆ کراوە، هەروەها ئەوەی زۆر گرنگە ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە کە ئەم جۆرە داگیرکارییە یاخود جەنگە لە سەرەتادا دەوڵەتانی زلهێز لەنێوان خۆیاندا بەرپایان دەکرد کە قۆناخی مێژوو و تێروانین و ئاستە بیرکردنەوەکە و ئاستە ئایدیۆلۆژیەکە و چەندێتی و جۆرێتی هێزەکانیان لەو ئاستەدا بوو کە لەسەرەتادا بەم شێوەیە بێت، کە زۆربەی جاران ئەو جەنگەی نێوان دەوڵەتەکان هەر لەنێو یەک کیشوەردا بووە، بەڵام پاش بێزاربونیان لەم مەبدەئە و سووتاندنی یەکتر و تێربونیان لە زیانەکان، ئیتر کار بەوە گەیشت ئەو دەوڵەتە زلهێزانەی کە پێشتر بەرەورووی یەکتر دەبوونەوەو یەکتریان دەخواردەوە، واز لە یەکتر بێنن و بەیەکەوە بەرەوڕووی سامانی دەوڵەتانی زۆر دوور ببنەوە کە لەبەرچاوی ئەواندا ئەو دەوڵەتانە بێ خاوەن و بێ هێز بوون. ئیتر کارەکە بووە بازرگانییەکی گەورە و قووڵ و دوور مەودا و شتێک لەنێوان وڵاتانی زلهێزدا پێکهێنرا کە پێی دەگوترێت «هاوپەیمانێتی سیاسی – political alliance». ئەو جۆرە هاوپەیمانییەتییە سەرکەوتوترین هاوپەیمانییەتی بوو کاری دامەزراندن و گرنگپێدانی بۆ سازکرا و تا ئێستاش هەر بەردەوامە و لە هەندێک حاڵەتی سیاسیدا بازنەی هاوپەیمانێتیەکان زۆر فراوان بونە و کاریگەری ئێجگار گەورەی لەسەر یەکلاکردنەوەی هەندێک بابەتی زۆر ئاڵۆزی پارچەیەکی گۆی زەویدا هەبووە.

هەنجەتە جیۆپۆلیتیکەکانی داگیرکردن:

داگیرکردنی ئابووری لە سەدەی نۆزدەوە دەستی پێکرد لەرێگەی دروستکردنی «دەوڵەتانی دەستبەسەر داگیراو - colony countries» بەڵام پێچەوانەی داگیرکردنی سەربازی کە داگیرکردنی ئابووری شوێنگە و گرنگی و هێزی دەوڵەتە داگیرکەرەکە بەرزدەکاتەوە لەرێگەی زیادبوونی کاریگەرێتی دەوڵەتەکە بەسەر دەوڵەتانی دیکەوە، بە دەربرینێکی سادە، لەرێگەی داگیرکردنی ئابووری ئەوە بە ئەنجام دەگات کە ناتوانرێت لە رێگەی داگیرکردنی سەربازی بە ئەنجام بگات ئەوەش لەرێگەی دروستبوونی فەزایەکی سیاسی بۆ دەوڵەتەکە کە بۆ زۆر دوور لە سنورەکەیەوە درێژ دەبێتەوە، کە ئەم تەوەرە لە سەردەمی هیتلەردا بابەتی گفتوگۆ بوو (سودی داگیرکردنی سەربازی بەبەراورد بە داگیرکردنی ئابووری).

**گەشەی جەنگی ئابووری**

لە کۆنەوە و بە تێپەربوون بە قۆناغی شۆرشی پیشەسازی و بۆ سەردەمی ئێستامان باڵادەستبونی ئابووری ئاراستەیەکی جێگیری لە پەیوەندی نێوان دەوڵەتانی گەورەی جیهاندا وەرگرتووە، هەروەها لە دیاریکردنی هاوسەنگی هێزدا لە وتەیەکی بەناوبانگی مامۆستای زانکۆ ئیدوارد ئیرل: ناتوانرێت جیاکاری لەنێوان هێزی ئابووری و هێزی سەربازیدا بکرێت تەنها لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا نەبێت. کە لە سەردەمی ئێستاماندا، شارستانییەتی ئەوروپی فراوان بووە تا بڵاوبونەوەی بەنێو هەموو دەوڵەتانی جیهاندا، کە ئەوە پرسیارێک دێنێتە پێشەوە لەبارەی چارەنوسی باڵادەستی ئابووری و تێکهەڵکێشبونی لەگەڵ باڵادەستی سەربازیدا. بەڵام کاری زەحمەتتر، رێگەی دەرکەوتنی ئەم باڵا دەستیەیە کە هەموو شێوەیەک لەخۆ دەگرێت (کۆمەڵایەتی و........) تەنها باڵادەستی ئابووری نەبێت. کە ئەوەی دوایی بریتییە لە بەردی بناغەی جەنگی ئابووری لەرێگەی هەوڵی زلهێزەکان بۆ بنیاتنانی ناوچەکانی سەودای بازرگانی ئازاد لە دەوروبەریدا بۆ برین و قوتکردنی رێگا لەسەر دوژمنەکانی (حاڵەتی روسیا لەگەڵ دەوڵەتانی کە دەوریان داوە) هەروەها لەو فۆرمانەی کە باڵادەستی ئابووری تێیدا دەردەکەوێت، فاکتەری ئاینی مەزهەبی هەیە کە رێگە بە دەوڵەت دەدات لەژێر دروشمی یەکێتی ئایینی باڵادەستی بخاتەسەر ئابووری دەوڵەتێکی دیکە. (نزیک یاخود دوور).

**گۆرانی هەڵبژاردەی جەنـــــگ:**

سیاسەتی باڵادەستبوونی ئابووری کە وڵاتانی گەورەی جیهان لە رۆژانی داگیرکاریەکاندا دایانرشت، بە گۆرانکاری لەژێر کاریگەرێتی سەرکەوتنی جیۆسیاسی و سەربازی و بازرگانیدا وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە نمونەیەکی تازەی بەسەر جیهاندا سەپاند کە دەڵێ «دەوڵەتی گەورە سەپاندنی باڵادەستی دەوێت، بەدوای چاکترین خۆگونجاندندا دەگەرێ کە لە توانادا بێت، هەروەها پابەندبوون بە یاسای بازار» ئەم رێگەیە لە بەدیهێنانی ئامانج، رێگەی راڤەکردنی ئەو بەرەورووبونەوە ئابوورییە بێدەنگەیە کە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە کاتەکانی ئاشتی و جەنگدا سەپاندویەتی.

بەڵام سەرهەڵدان و پەیدابونی ئابووری زەرد (ئابووری ئاسیا) هەندێک بنچینەی تازەی سەپاند کە لەسەر بنەمای ئاسایشی ئابووری داندراون. ئەوە ئەو سیاسەتانەی سەپاند کە ئەو ئاسایشە ئابوورییە برەخسێنێ، هەروەها رێگە بە ئاستی ئێستای دەدات و لە هەمان کاتدا گەرەنتی کردنی بەردەوام بوون. لە دواییدا چەند بلۆکێک دروستبوون کە

پێکهاتبوون له هاوڕێ کێبرکێکار که لەنێوان خۆیاندا بەشێوەیەکی بەردەوام و چرکە بە چرکە کێبرکێیان بوو. کەوا ئەم کێبرکێیە لەگەڵ کەمبونەوەی سامانە سروشتیەکان و ئەو هەرەشانەی کە جیهان لەم سەدەیەدا بوونی هەیە ڕۆلی گەورەی دەبێت.

**ئێستا چی ڕوودەدات... ؟**

لەوەی رابردووەوە بۆمان دەرکەوت کە گرنگیی بەرەوروبونەوە ئابوورییەکان لەنێوان دەوڵەتاندا کە تا رادەیەکی زۆر روداوەکانی جیهانی ئەمرۆمان بۆ شیدەکاتەوە، لێرەدا ئەوەی کە دەیبینین زەحمەتی دوبارە دارشتنەوەی یاسا تازەکانە لە حاڵەتی هەبوونی یاریکەرە زەبەللاحەکانی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئەوەش مانای ئەوە دەگەیەنێ کە ئێمە بۆ ماوەیەکی درێژ لەژێر کاریگەرێتی ئەم سستەمەی ئێستادا ژیان بەسەر دەبەین. ئەمرۆ کێشە و کێبرکێ ئابوورییەکان ئاراستەیەکی زۆر گرژیان وەرگرتووەو هاوکێشە نێو دەوڵەتیەکان زۆر بە زەحمەت دەخوێندرێنەوەو ئاراستەی کارلێکی زۆربەی هاوکێشە نێو دەوڵەتیەکان لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدایە و ژینگەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بۆ بەریەکەوتن و گرژیە کاریگەرە نێو دەوڵەتیەکان زۆر لەبارە، ئەم حاڵەتە لێرەدا بەردەوام لە تازەبونەوەدایەو ئێرە زۆنی گەرمەو لە کولاندایەو لێرە جەنگ هەیە.

لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا «بازاری گەورەی چەک» ئەنجامە بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

١. دۆخە ئابوورییەکەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، یاخود وردتر بلێین رۆلی کاریگەرانەی (Petroleum).

٢. پێچەوانە ئیدارەدان — واتا پێچەوانە ئیدارەدانی دروست و ئاراستەکردنی وڵات بەرەو پتەوی و جێگیری و ئارامی ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی.

باشتر و راستتر وایە باوەر بەوە بکەین کە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بەردەوام جەنگێکی ئابووری لەئارادایە، کە لە چەندین ساڵی رابردووەوە زەمینەی بۆ خۆش کراوە بەلام بەتایبەت لەماوەی کەمی رابردوودا بەشێوەی پراکتیکی بە ئەنجام گەیشتووە، کە خۆی لە خۆیدا جەنگی ئابووری بریتییە لە جەنگێکی سیاسی ــــ کۆمەلایەتی.

**پلاندارشتنی جـــــەنگی ئابووری**

**شێوەو پلانەکانی جەنگی ئابووری بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**

١. پلاندارشتن بۆ خستنەژێرباری دەوڵەتی دیاریکراو بە قەرز بە مەبەستی رێگەگرتن لە دانەوەی قەرزەکانی سەری و لەکەداربونی سومعەی ئەم دەوڵەتە لە جیهاندا، لەلایەکی ترەوە رێگەگرتن لە سەربەخۆیی کارکردن لە جیهانی دەرەوەدا. کە دوای ئەوەش وەستاندنی بەرنامەی گەشەپێدان کەوا ئەوەش هەرەشەکردن لە دۆخی جێگیری کۆمەڵایەتی.

٢. دروستکردنی قەیران لەنێوان وڵاتانی دراوسێ کە بەمەبەست دەگیرێن بۆ جەنگی ئابووری، لەپێناو وەدەستهێنانی وڵاتانی گەورە لە کاری فرۆشتنی چەک و تەقەمەنی و بەهەدەردانی سامانە سروشتیەکان لەم وڵاتانەدا، هەروەک ئەوەی لەنێوان یەمەن و ئەسیوپیادا ڕویدا، هەروەها لەنێوان سوریا و تورکی، ئان ئەوەی لەنێوان ئیمارات و ئێراندا ڕویدا.

٣. پلاندانان بۆ گەرەنتی کردنی پتشکۆیەتی ئابووری کەوا ئەوەش لەڕێگەی بەستانەوەی ئابووری وڵاتانی بە ئامانج گیراو بە ئابووری وڵاتانی گەورە لەڕێگەی گەیاندنی خۆراک و دەرمان و پێشکەشکردنی هاوکاری، کەوا ئەو کارانەش دەبنە گەرەنتی کردنی بوونی وەلائی وڵاتە بە ئامانج گیراوەکە بۆ وڵاتانی گەورە لە لایەنی ئابووری و سیاسەتەوە، کەوا لەم بارودۆخانەدا ئەم وڵاتە خوارگەشەکردوانە هۆگری ئەم جۆرە یارمەتیانە دەبن و کاردەگاتە ئەوەی کە ئیتر لەتوانیاندا نابێت لەسەر ئەم ڕێرەوەیاندا لابدەن.

٤. پارێزگاری کردنی سەربازی، بەو مانایەی دەوڵەتانی پێشکەتوو گەرەنتی پارێزگاری کردنی سەربازیانەی بەردەوام یان کاتی لە ژمارەیەک لە دەوڵەتانە بکەن کە خاوەن سامانی سروشتین و خاوەن هێزێکی بەرگری ئەوتۆ نین کە بەرگری پێ لەخۆیان بکەن. لەبەرامبەر هەموو ئەوانە وەدەستهێنانی دەستکەوتی مادی ئێجگار زۆر، نموونە بۆ ئەوەی پارێزگاری کردنی هێزە سەربازیەکانی ئەمریکا لە وڵاتانی کەنداوی عەرەبی.

ململانێ ئابوورییەکان لەم سەردەمەی ئێستادا بۆ بەشێکی دانیشتوانی گۆی زەوی بووە بە کابوسێکی زۆر ترسناک کە هەرگیز ئەو ململانێیە گەورەی نێوان هێزە زەبەللاحەکان رەحم بەوان ناکات و ئەوان خراونەتە پەراوێزی ژیانی پر کەرامەتی مرۆڤانە، تاڕادەیەک بێ بەشن لە خواردنەوەی ئاوی پاک، لە هەڵمژینی هەوای پاک، لە کڕینی نانی گەرم، بەشێکی زۆری دانیشتوانی گۆی زەوی بە هیچ شێوەیەک ناتوانن لەگەڵ ئەو تەوژمە تەمومژاوی و زۆر خێرایە ڕێبکەن، سەردەمی ململانێ ئابوورییەکان بۆ بەشێکی زۆری

دانیشتوانی زەوی بواری پێکهێنانی ژیانێکی بەختەوەری زۆر کەم کردۆتەوە، دیسان لەو مەینەتیشدا بەشێکی خەڵکی کورد لە هەر چوار پارچەکەی کوردستاندا پشکی شێری بەرکەوتووە، کە لە زۆر حاڵەتدا ژیانی پر کەرامەتی مرۆڤایەتی بە تەواوی قوربانی ململانێی سیاسەتی ئابووری کراوە.

ئێستا ئابووری بە سیاسی کراوە، کە لە زۆر شوێنی جیهاندا سیاسەت بە تەواوی چووەتە نێو کایەی ئابووری و بۆ زۆر کات ئەوە ڕاستە کە دەڵێم ئابووری سەربەخۆ خنکێنراوە و پرنسیپە سیاسی و عەسکەریەکانن ئاراستەی ئابووری دیاری دەکەن، کە دیسان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جوانترین و ڕاستترین نموونەی ئەم بێ سەری و بەریەیە، بێگومان ئەو ململانێ ئابووری بە سیاسی و عەسکەری کراوە کە سیستمی ژیانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند بەشێکی دیکەی گۆی زەوی بەڕێوە دەبات بۆ داهاتووی ملیۆنان مرۆڤ ـ کاریگەریەکی ئێجگار زۆری خەراپی دەبێ، ژمارەیەکی زۆر لە مرۆڤە نەخوێندەوار و ماندوو و هەست بریندار و شپرزەکان بەرهەم دێنێت. کە دیسان کێشەی گەورەی کلتوری و شارستانییەت و خودناسین و کەم تێگەیشتن لە ماهیەتی ئایین و کۆمەڵایەتی وەک (texture)ی کۆمەڵگایەکی سەرلێشوێندراو بەردەوام دەبێت و تازەتر دەبێتەوەو دیسان ئەو کۆمەڵگایە بەرهەم دێتەوە کە تاکەکان خۆیان لەگەڵ یەکتردا کێشەی زۆریان هەیە و ئەوان دەبنە سوتەمەنی سەردەمی ململانێی ئابووری.

جەنگی ئابووری و ململانێ لەپێناو مانەوەدا:

لەنێو بازنەی جەنگی ئابوریدا ململانێیەکی توند بۆ مانەوە هەیە، ئەوەی هەوڵی بۆ نەدات، لەبەین دەچێت، ئەوە بۆ ئەو سەرمایەدارانەی کە لە دۆخە ناهەموارە ئابوورییەکاندا دوچاری مایەپوچی دەبن، یاخود بۆ ئەو خەڵکانەی کە ناچارکراون زێدی ژیانی خۆیان جێبێڵن و سەرگەردان بن و لە غەریبیدا ژیانیان بەسەرببەن، یاخود بۆ ئەو کەسانەی کە ئازادبووی نێو ئاگری جەنگن و لە بارێکی ئابووری زۆر سەختدا ناچارن لە سەرەتاوە دەست بە ژیان بکەنەوە، زۆر ڕاستە. هەموو ئەو حاڵەتە ناخۆشانە لە ساڵانی ٢٠١٤ تا ٢٠١٧ بەسەر بەشێکی خەڵکی کوردی کوردستانی باشوردا هات، هەموو ئەو کارەساتانە ئەنجامی جەنگی ئابورین، ئەو جەنگە ئابوورییەی سیاسەت و عەسکەرداری کردووەتە واجیهەی جەنگەکە، بەڵام بریتییە لە ململانێیەکی توندی ئابووری و پرۆتۆکۆلی زۆر گەورە و درێژخایەنی لەخۆگرتووە. ئیتر ڕۆژ دوای ڕۆژ ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە دەخزێندرێنە نێو ئەو جەنگە ئابوورییەی کە کۆتایی دیار نییە، زیاتر دەبن.

لە کۆتاییدا با باس لەوەش بکەین کە «جەنگی ئابووری» یاخود «پیشەسازی جەنگ»

لەژێر ستراتیژیەتێکی قووڵ و درێژخایەن پێویستی بە هەبوونی کۆمپانیای سەربازی هەیە بۆ ئەوەی کارەکانی ئەم پرۆسە ئاڵۆزە بەشێوەیەکی ئەکادیمی و پرۆفیشناڵانە بڕوات بەرێوە و قازانجی گەورەی هەبێت، بۆیە بابەتی «جەنگی ئابووری» بابەتێکی فراوان و ستراتیژیە بۆ هەندێک لە زلهێزانی جیهان کە بە چەندین شتی شاراوەی تێدایە و ناتوانرێت بە ئاسانی شیکردنەوەی بۆ بکرێت.

**سەرچـــاوەکان:**


**1. Netherlands Environmental Assessment Agency, The Hague. Link to PBL-website: http://www.pbl.nl/en/publications/2012/roads-from-rio20.**

**2. K.D. Pandey, D. Wheeler, B. Ostro, U. Deichmann, K. Hamilton, K. Bolt (2006). Ambient particulate matter concentrations in residential and pollution hotspot areas of world cities: New estimates based on the global model of ambient particulates (GMAPS), World Bank, Development Research Group and Environment Department, Washington DC.**

**3. C. A. Pope, M. Thun, M. Namboodiri, D. Dockery, J. Evans, F. Speizer, C. Heath (1995). Particulate air pollution as a predictor of mortality in a prospective study of U.S. adults. American Journal Respiratory Critical Care Medicine, 151, pp.669-674.**

**4. M. Ravallion, S. Chen, P. Sangraula (2008). Dollar a day revisited, Policy Research Working Paper Series, World Bank, Washington.**

**5. L. Smith, L. Haddad (2000). Explaining child malnutrition in developing countries: A cross-country analysis, International Food Policy Research Institute (IFPRI), Washington, DC..**

**6. UNDP (1990). Human Development Report 1990, United Nations Development Programme, New York.**

**7. PBL (2009). Beyond 2015: Long-term development and the Millennium Development Goals, PBL Netherlands Environmental**

**8. Assessment Agency, Bilthoven. Link to PBL-website: http://www.pbl.nl/en/publications/2009/Beyond_2015--Long-term-development-and-the-Millennium-Development-Goals.**

**9. PBL (2012). Roads from Rio+20: Pathways to achieve global sustainability goals by 2050, D.P. Van Vuuren, M.T.J. Kok (eds.), PBL**

**ژیاننامەی زانستی و پسپۆری هێرش شکاک:**

١. بکالۆریۆس لە زانستەکانی جیۆلۆجیا.

٢. ماستەر لە بەڕێوەبردنی کار.

٣. سەرۆکی «کۆمەڵەی پاراستنی ئاو» لە ساڵی ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٤.

٤. سکرتێری ڕێکخراوی ئاشتی سەوزی کوردستان لە ٢٠٠٤ تا ٢٠١٤.

٥. ئەندامی ستافی نوسین لە گۆڤاری ژینگە و ژیان.


٦. بڕوانامەی ئەکادیمی لە Treatment technology of solid waste لە کۆریای باشوور لە ٢٠٠٦.

٧. بڕوانامەی ئەکادیمی لە UNISCO institution for water education لە هۆڵەندا ساڵی ٢٠١١.

٨. خاوەن ژمارەیەک لێکۆڵینەوە.

٩. خاوەنی ١٥٠ وتار لە بوارەکانی سیاسەتی ئاو، پەترۆڵ، ژینگە، سامان و گەشەی مرۆیی و نووسەرێکی بەردەوامی گۆڤار هزری شیکار.

ژمارە مۆبایل: ٠٠٩٦٤٧٥٠٤٦٥٧٧٦٤ – +٩٠٥٥٣٧٩٦٦٥٠٥



# وانەیەک دەربارەی بەختەوەری لای ئالان بادیۆ

ئەم چاوپێکەوتنەی ئالان بادیۆ لە لایەن « سیڤرین میلیە»
لە ٢٠١٥/٨/١٤ لە رۆژنامەی لومۆند بە زمانی فەڕەنسی بڵاوکراوەتەوە

و. لە فەرەنسییەوە:
د..شەونم یەحیا و عەلی هادی

**پرسیار: ئەو شتانە چی بوون کە ژیانی تۆیان بەرەو ئاراستەیەکی دیاریکراو برد؟**

**بادیۆ/** بەر لە ئاشنا بوونم بە بواری شانۆ و فەلسەفە، وتەیەکی باوکم هەبو، لە کاتی جەنگی جیهانی دووەم، بێگومان ئەمە یادگارییەکی هەمیشە لەبەرچاووم بوو، ڕێرەوەی ژیانم یان بوونمی دیاری کرد.

لەو سەردەمە تەمەنم شەش ساڵێ بوو، باوکم خەریکی پارتیزانی دژ بە نازییەکان بوو، هەر بۆیەش دوای جەنگ باوکم کرا بە پارێزگاری تولوس. لە ژوورەکەی باوکم نەخشەیەکی جەنگ لەسەر دیوارەکە هەڵواسرابوو بەتایبەتی لەبەرەی رووسیا. هێڵی بەرەی نێوانیان پەتێک بوو جوڵەی بەرەوپێشبردنی هەر لایەنێکیان لەسەر نەخشەکە بە بزماری بچوک جوڵەی پێ دەکرا، بێ ئەوەی هیچ پرسیارێک بکەم.

باوکم پارتیزانێکی نهێنی بوو، لەدەست پرسیاری منداڵەکانی سەبارەت بە هەرشتێک لەبارەی جەنگەوە، خۆی دەشاردەوە. لەبەهاری ١٩٤٤ ڕۆژێک لەکاتی هێرشی سۆڤیەتی لە کریمە، باوکمم بینی بزمارەکانی سەر نەخشەکە هەمووی بەرەو دەستی لای چەپ جوڵاند، بە ئاراستەیەک دیاربوو کە ئەڵمان شکستیان خواردووە و بەرەو ڕۆژئاوا کشاونەتەوە. نەتەنیا هەر هێرشی داگیرکەریان پێ ڕانەوستێندرا، بەڵکو بەشێکی زەویەکانیشیان لەدەست چوو، لە چرکەیەکدا تێگەیشتم بە باوکم گوت دەکرێ شەڕەکە ببەینەوە؟ بۆ یەکەمجار وەڵامەکەی زۆر زۆر ڕوون بوو (بێگومان کورِم، هەر تەنیا بەوەی کە دەمانەوێت سەربکەوین.)

**پرسیار / ئایا ئەم ڕستەی باوکت بوو بە ڕێنیشاندەرت؟**

**بادیۆ/** لە ڕاستیدا ئەمە پەروەردەیەکی باوکانە بوو، ئەم ڕستەیە بڕوایەکی لای من دروست کردووە کە هەر چەندە بارودۆخ نالەبار بێ، ویست و بڕیار و ئیرادەمان گرنگە و بنەمایە بۆ ژیانمان. لەو کاتەوە دژی بیروباوەری هەژمووندارییم، هەرگیز دەست بەرداری باوەڕی خۆم نەبوومە لەبەرئەوهۆیەی کە ئەم باوەڕە لەگەڵ زەوقی باو ناگونجێت.

**پرسیار / زۆر گرنگی دەدەی بە ویست، لە کاتێکدا یەکێک لە نەریتە گەورەکانی فەلسەفە ستۆیسیزمیەکان واتا «ڕەواقیەکان»، ڕێنمایی خەڵک دەکەن، کە دەبێ ئەو شتانەی کە ڕوودەدەن قبوڵمان بێ بۆ ئەوەی بەختەوەر بین، دانایی نییە ئیمەش بەو جیهانە ڕازی بین، لەوەی هەوڵی گۆرینی بدەین؟**

چارەنوسمان لە ساڵی ١٩٤١وەکو فەڕەنسیەکان دۆڕاوی جەنگ بووین، ڕەواقییەکان لەو بڕوایەدابوون، باشترە هەموومان ببین بە ( پیتانی) کە پیتان جەنەڕاڵێکی فەڕەنسی بوو سەری بۆ نازییەکان دانواند.

«پیتان» جەماوەرێکی زۆری هەبوو لەکاتی گەڕان و سەردانیکردنی پارێزگاکان، ڕەنگە وا بزانن کە ئەمە وڵاتی لە وێرانی و کاولکاری جەنگ پاراستووە، ئایا دەبوو قبوڵمان بکردایە؟

من گومانم لە ڕەواقییەکان هەیە و گومانم لە (سینک) هەیە، کە خاوەنی سامانێکی گەورەبوو، لەناو بانیۆ زێرینەکەی بانگەوازی قبوڵکردنی ئەوەی هەتە بۆت نوسراوە دەکرد. ماتریالیستە توندڕەوەکان «ئەبیکۆرییەکان» لەو بڕوایەدابوون ڕووبەڕووبوونەوە دژ بە یاساکانی جیهان جۆرێکە لە عەبەسیەت و ریسک دان بە ژیان لە پێناوی هیچدا.

**پرسیار/ بەڵام ئەنجامی ئەم بیروباوەڕە گەیشت بە چی؟**

**بادیۆ/** گەیشتە چێژ وەرگرتن لە ئیستا یان لەو کات و ساتەی کە تێیدا دەژیی، گەیشتە ئەم وتە بەناوبانگەی «هۆراس» (لەم ساتەی خۆتدا بژی!). لە داناییە دێرینەکاندا توخمێکی بە تەواویی خۆپەرستی هەیە، «لەوەی مرۆڤ دەبێ جێگایەکی ئارام لەناو دونیایەکی وەکو خۆی بێ ئەوەی گوێ بدات بەوەی کە ژیانی ئەوانی دیکە لەم دونیایە وێران دەبێ».

**پرسیار / ڕەگی خۆپەرستی سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کوێ؟**

**بادیۆ/** ئەمانە هەموویان نەوەی ئیمپراتۆریای رۆمای کۆنن، کە دۆخیان لە دۆخی ئیستای ئێمە دەچێ، بە تەواویی هەژموونی جیهان دەکەن و هیچ هەوڵێک بۆ وێناکردن و ڕووبەڕووبوونەوە یان جێبەجێ کردنی ڕەفتارێکی تەواو پێچەوانە ناهێڵنەوە، دژ بەو سیستەمە ئابووری و سیاسییەی کەخۆی فەرز کردووە. ئەم حاڵەتە لە هەموو شوێنێکدا بیرۆکەیەک بڵاودەکاتەوە کە دەبێت لەگەڵ سیستەمێکی وادا، لە پێناوی

بەدەستهێنانی پێگەیەکی باشتر، خۆی بگونجێنێت.
لە ئەنجامدا فەیلەسوفی «واقیعی» دەڵێت (لە پێناوی ئارامیدا باشترە دەستبەرداری هەموو دیدگاکانی گۆڕانی جیهان بین).
وتەکەی «باسکال بروکنر» نموونەیەکە لە پارێزخوازی توندڕەو کە دەڵێت «شێوازی ژیانی رۆژئاوا جێگای سازشکردن و گفتوگۆکردن نییە «من سەردانانەوێنم بۆ ئەم بۆچوونە، من شتێکی ترم دەوێت، ئەمەش وەفاداری منە بۆ دانایی باوکم.

**پرسیار / دوای جەنگ پرۆفیسۆرێک هەبوو ئێوەی بە شانۆ ئاشناکرد، بۆ ئەم دیدارە چارەنوسازییە، چۆن شانۆ بوو بە ڕێنیشاندەری ژیانت؟**

**بادیۆ/** لەکاتی خوێندنمدا، ئەوەی بگەیشتبوایەتە ئامادەیی، بیویستایە یان نا، تا کۆتاساڵی ئامادەیی، یەکسەر وانەکانی (راسین و کورنەی و مولییر)ی دەخوێند. هەموو ساڵێک لەسەرمان بوو لەسەر هەر یەکێک لەوانە شانۆنامەیەک ئامادە بکەین. ئەمە پرۆگرام بوو، بەڵام کەسایەتییەک زیاتر لە پرۆگرامەکە سەرنجتی ڕادەکێشا، ئەمەش لەگەڵ مندا ڕوویدا. لە دووەم ساڵی ئامادەیی، ئاشنابووم بە مامۆستایەکی زمانی فەڕەنسی کە بە بایەخێکی زۆر باڵاوە مامەڵەی لەگەڵ شانۆدا دەکرد. ئێمە دەمانتوانی ببین بە بەشێک لەو باڵاییە، چونکە لە بنەڕەتەوە جوڵە و نمایشەکەی، لە خوێندنەکە گرنگتر بوو.
ئەو مامۆستایە گروپێکی شانۆیی دروست کرد، هەر ئارەزوومەندێک جێگایەکی بۆ خۆی لەناو ئەم گرووپەدا دەدۆزییەوە، هەروەها هەنگاو بە هەنگاو من و چەند قوتابیەکی تۆ، بووین بە ئەکتەر، چ دیدارێک بوو، جۆرێک لە دابڕان بوو لە ژیانی ئاسایی و رۆتینی، کاتێک کە دەچووین بۆ سەر شانۆ بەرامبەر بە جەماوەر، تاکە بەرپرسیار بووین لەوەی کە ڕوودەدات، ئەمەش وەکو چۆن باوکم دەیگووت (دەبێ بتەوێ) واتا ویست، ڕۆڵی سەرەکیم لە شانۆیی (فوریری دی سکابان) بینی، ئەم نمایشە چاوی منی کردەوە لەسەر خەڵەتاندن و وریابوون لە ئاخاوتندا.

هەمیشە خۆم لەبیرە لەکاتی ئامادەبوونم لە ژێر ڕۆشنایی شانۆدا دەلەرزین و هەروەها یەکەم ڕستەم لەبیرە (بەڕێز ئۆکتاڤ ئەمە چیتە چی ڕوودەدات و ئەم گەڕەلاوژەیە چیە؟)، کاتێک کەدەچوومە سەر شانۆ دەبوایە قسە بۆ جەماوەرێکی غەریب بکەم.
بەڵێ بۆ ئەوەی شانۆ بکەی، دەبێ ویستی سەرکەوتنت بەسەر بەربەستەکاندا هەبێت،

بوونمان لێرەیە، تەنیا لە جەرگەی روناکی بەرامبەر بە هەمووان، بەر لە نمایشکردن لەناختەوە ڕادەچڵەکێیت بەرامبەر بەو مەترسیانەی کە هەیە.

**پرسیار / ئایا جۆرێک لە پارێزخوازیی خودیی، کە ئامادەییەکی مرۆیی بۆ پارێزگاریکردن لە خود و لە جیهان وەکو ئەوەی کە هەیە، بوونی هەیە ؟**

**بادیۆ/** بەڵێ شتێک لەناخی مرۆڤدا هەیە کە پارێزخوازە لە قوڵاییەوە، کە لە خودی ژیانەوە دێت، بەرلە هەموو شتێک دەبێت لەسەر ژیان بەردەوام بین. خۆپارێزیی و پاراستن وەک چۆن (سپینۆزا) دەینوسی (بەردەوامبوونە لەسەر بوون)، کاتێک باوکم باسی ئەوەی دەکرد کە دەشێ ئیرادە ویست بێت، بەو مانایەی ئامادەگی پارێزخوازی لە ناخماندایە.

شانۆ، ئەو ساتەیە کە جەستەی زیندوو لە خزمەتی چیرۆکێکی خەیاڵیدایە، شتێک لە شانۆدا هەیە لەگەڵ غەریزەیەکی ڕووت پێکدا دەدات. ئەکتەر لە نمایشەکەی بۆ لە ئەستۆگرتنی مەترسیەکانی نمایشکردنی خود، ڕووبەڕووی بریارێکی سەخت دەبێتەوە.

زۆر سوپاسی مامۆستاکەم دەکەم لە دووەمساڵی ئامادەیی ئەم هەموو شتانەم بینی، شانۆ خولیای یەکەمە و هەموو کات بۆی دەگەڕێمەوە.

**پرسیار / بەیەکگەیشتن لەگەڵ شانۆ و ناسینی وەکو بڕیار بوو؟**

**بادیۆ/** بێگومان پێش هەموو شتێک من کەسایەتییەکم ناسی، ئەویش مامۆستای زمانی فەرەنسییم بوو، ئەو مامۆستایە وەکو ناوەندگیرێک بوو بۆم، بۆ ناسینی شانۆ، ڕێک وەکو ئەوەی پلاتۆن (ئەفلاتۆن) لە کتیبی (خوانی پلاتۆن)دا، باس لەوە دەکات کە فەلسەفە خۆی لە خۆیدا پشت دەبەستێت بە ناسینی کەسێک، چونکە لەڕێگای ناسینی کەسێکی دیاریکراو ئەو پرسیارانە دێتە ئاراوە وەکو ویست و بڕیار و خۆنمایشکردن و پرسی پەیوەندی لەگەڵ ئەوەی دیکە، هەموو ئەمانە دەمانخاتە دۆخێکی زیندووی گەورەوە، بەڵام بە زۆر مەترسی گەمارۆدراوە.

**پرسیار/ چاوپێکەوتنەکانی دیکەتان بریتی بوو لە فەلسەفە و خوێندنەوەی «ژان ژاک رۆسۆ» هۆکاری هەڵبژاردنی فەلسەفە وەکو ئاراستەیەک لە ژیانتاندا چۆن بوو؟**

**بادیۆ/** ئاشنا بوونم بە فەلسەفە لە ڕێگای سارتەر بەردەوامیبوونە لە دانایی باوکم. من هەمیشە وەفادارم بۆ خاڵێکی بنەڕەتی زۆر گرنگی سارتەر کە دەڵێت: «ئێمە ناتوانین هەر گفتوگۆ دەربارەی بارێکی دیاریکراو بکەین، بە بێ ئەوەی بگەینە کردارێک

یان ئەنجامێک، «ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگە و چەقی فەلسەفەی سارتەرە. لێرەدا ئەو هەر تەنیا لەسەر پرسی ئیرادە و کردار ڕاناوەستێت، بەڵکو بیری ئازاد، تەنیا بیری ئازاد دەەتوانێت واتایەک بە بارێکی دیاریکراو ببەخشێت. ئەو کات دەتوانین لە بەرپرسیاریەتی تایبەت دەرباز بین، لە هەر هەلومەرجێک یان بارودۆخێکدا بین. ئەگەر ئەو دۆخە وا نیشانیش بدات کە ئەوەی ئێمە دەمانەوێت یان ویستی ئێمە شتێکی مەحاڵە، بەکورتی ویستی گۆڕان ئەو دۆخەیە بەشێوەیەکی بنەڕەتی تەواو ئەرکە لەسەر شانی بیری ئازاد، ئەمە کرۆکی فەلسەفەی سارتەرە.

**پرسیار / لە چ شتێک فەلسەفە دەتوانێت یارمەتیمان بدات بۆ ئەوەی بەختەوەر بین؟**

**بادیۆ/** بەختەوەری ئەوەیە کاتێک کە ئەزانین ئێمە توانای شتێکمان هەیە، بەڵام بڕوامان نەدەکرد کە بتوانین ئەم شتە بکەین. بۆ نموونە لە دیداری عەشقدا شتێک هەیە ڕێگری یاخود خۆویستی ئەشکێنێت. ئێوە بەتەواوەتی پەسەندی ئەوە دەکەن کە بوونتان پەیوەست ببێت بە ئەوی ترەوە. بەر لە ئەزموونی خۆشەویستی هیچ بیرۆکەیەکتان دەربارەی ئەم شتانە نەبوو، لە ناکاو ڕازی دەبن بەوەی کە بوونتان بکەوێتە دەستی مرۆڤێکی دیکەوە، هەموو ئەو وریابوونانەی کە بۆ پاراستنی خۆتان دەتانکرد هیچ کاریگەری لەبەرامبەر ئەوی تر نابێت، کە هاتۆتە ناو ژیانت لە دوایشدا دەبێت سوود لە بەرهەمەکانی ئەم بەختەوەرییە وەربگریت، هەوڵدان بۆ ئەوەی ئەم بەختەوەرییە لە لوتکەدا بمێنێتەوە یان دووبارە بێتەوە، یان سەرلەنوێ بونیادی بنێیتەوە بۆ ئەوەی لەناو ئەم نوێکارییە خۆڕسکەدا بژیت، دەبێت ئەوە پەسەند بکەین کە بەختەوەری جاربەجار پێچەوانەی « قەناعەتەکان» کار دەکات.

**پرسیار / بۆچی بەختەوەری دژ بە قەناعەت دادەنێیت ؟**

**بادیۆ/** بەختەوەریی لە بنەڕەتەوە لەسەر یەکسانی دامەزراوە، چونکە بەختەوەری پەیوەستە بەوەی ترەوە، لە کاتێکدا قەناعەت پەیوەستە بە خۆپەرستی، تاک لایەنەیە قەناعەت بە بەهای یەکسانی نامۆیە، دواجار مەرج نییە پەیوەست بێت بە چاوپێکەوتن و بڕیاردان. قەناعەت کاتێک دروست دەبێت کە جێگایەکی باش لە جیهاندا دەدۆزیتەوە وەکو کارێک یان پیشەیەک یان هەندێ جار سەفەرێکی نایاب. بڕوا بریتیە لەبەکاربردنی ئەو شتانەی کە هەوڵمان بۆ بەدەستهێنانی داوە، لە ئەنجامدا بۆ ئەوەی چێژ لە خۆشیەکان وەربگرین کارمان بۆ پێگەیەکی گونجاو لە جیهانێکی سەقامگیردا کردووە،

بۆیە « قەناعەت و چێژ وەرگرتن» سەبارەت بە بەختەوەری وەکو وێنەیەکی تەسکی خودگەراییە و وێنەیەکی سەرکەوتنە بە پێوەری جیهان. ڕەنگە بلێی لەم بوارەدا چێژ لە قەناعەتەکان وەربگرن، ئەمەش هەڵوێستێکی زۆر ئاساییە و لە نێوان خەلک و لە نێو ئەواندا منیش، دابەش کراوە، بەڵام وەکو فەیلەسوفێک من ناچارم بلێم کە شتێکی جیاواز هەیە ناوی لێ دەنێم بەختەوەری، فەلسەفە هەمیشە مرۆڤەکان بە ئاراستەی بەختەوەری واقیعی هان دەدات، ئەگەر چی ئەم بەختەوەرییە بەبێ قەناعەت دابین نابێت.

**پرسیار / ئەگەر بەختەوەریی چێژ وەرگرتن لە بوونێک یان توانای داهێنانی شتێکی مەحاڵ بێت، ئایا گۆڕانی جیهان مەرجە بۆ ئەوەی بەختەوەر بین ؟**

**بادیۆ/** لە جیهاندا پەیوەندیەکی دیالێکتیکە لە نێوان (ئاسوودەی و نائاسوودەی ) یان (ڕازیبوون ناڕازیبوون ) هەیە، لەبنەڕەتدا ئەمە دیالێکتیکی داواکارییەکانە کە دەتوانین ناوی لێبنین ڕوانگەی سەندیکایی بۆ جیهان، بەڵام بەختەوەری واقیعی فۆرمێکی ئاسایی بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی نییە، چونکە کاتێک داواکارییەک بۆ وەرگرتنی بەختەوەری پێشکەش دەکەیت بە نەرێنی وەڵام دەدرێتەوە، ئەودەم لەبەردەم دوو بژاردەدایت:

یەکەمیان / خۆتان بگۆڕن و دەستبەرداری داواکاری مەحاڵ بن، بەختەوەریتان لێ قەدەغە دەکەن و ڕاتاندەهێنن کە دەبێت قایل بن، ملکەچی ئەو بڕوایە دەبن. ئەمەیە سەرچاوەی پارێزگاریکردن یان خۆپەرستی خود.

دووەمیان / هەروەکو لاکان دەڵێت: « دەست لە ویستەکانتان هەڵمەگرن. وەکو چۆن باوکم دەیگووت: «نابێت ڕابوەستین لەوەی کە دەمانەوێت، ساتێک هەیە کە ویستی گۆڕانی جیهان دەکات بە ئەرکێک، لە پێناو ڕزگارکردنی وێنەی مرۆڤایەتی، ئەو وێنەی کە لەناخماندایە، لە جێگای ملکەچپیکردن بۆ دەسەڵاتەکانی مەحاڵ.

**پرسیار / کاتێک کە بەختەوەر بین دەتوانین جیهان بگۆڕین ؟**

**بادیۆ/** بەڵێ ئەو کاتەی کە دڵسۆزی بیرۆکەی بەختەوەری بین، داکۆکیکردن لە بەختەوەری هاوشێوەی ڕازیبوون نییە. سەروەرانی دونیا حەزیان لە گۆڕان نییە، کاتێک کە بەردەوامی هەڵدەبژێرن، سەرەڕای سەختیەکان، شتێکی مومکین پێیان دەلێت ئێوە بەهەڵەدا چوونە، ئەمەش ئەو کێشەیە لەم ڕۆژانەدا یۆنان لەناویدا دەژی. گەلی یۆنان دەیانگووت: « زوڵم و چەوسانەوەی دارایی بانکەکانی ئێوەمان ناوێت، ئێمە دەمانەوێت بە شێوەیەکی تر بژین. «دەزگا ئەوروپیەکان وەڵامیان دایەوە بەوەی «دەبێت حەز بکەن

لەو شتەی کە ئێمە دەمانەوێت، تەنانەت ئەگەر دژ بە ویستی ئێوەش بێت، ئەگەر لەسەر نەخواستن بەردەوامبن، دەبینن چی چاوەڕێتان دەکات».

کاتێک خەڵک کوێلایەتی خۆبەخش ڕەت دەکەنەوە، هەڕەشەیان لێدەکەن، واتا یۆنانیەکان نایانەوێت لەناو دیالێکتیکی ڕازی بوون و ناڕازیبوون بمێنەوە، ئەوان دەیانەوێت بڕیار بدەن لەوەی کە شتێکی تر مومکینە و جیاوازە لەوەی کە بەسەریاندا سەپێندراوە، جگە لەمە دۆخێکی یۆتۆپیایی نییە، چونکە ژمارەیەک لە پسپۆری ئابووری پێیان وایە کە دەشێ دووبارە قەرزەکانی یۆنان ڕێکبخرێنەوە یان هەر نەمێنن، لەڕاستیدا ئەوەی کە ڕای ئەوروپیەکان وەکو مەحاڵێ دەبینیت، لەوەی میللەتێک لەسەر ئەم خاڵە بڕیار بدات، ئەمە سزایەکی ئابووری عەقلانی نییە بەڵکو سیاسییە، سزای ویستی بەختەوەرییە بەناوی ڕازی بوونێکی ناڕازییەوە.

**پرسیار / باسکال دەڵێت: « ئێمە هەرگیز ناژین بەڵکو ئومێدی ژیان دەکەین و هەمیشە هیوای بەختەوەریمان هەیە، پێدەچێ هەرگیز بەختەوەر نەبین» ئایا بەختەوەری ڕاستەقینە بە بێئومێدییەوە بەستراوەتەوە؟**

**بادیۆ/** ئەوانەی کە دەیسەلمێنن لە فەلسەفەدا بەختەوەری مەحاڵە، لە هەمان کاتیشدا پەیمانی بەختەوەرییەکی دیکەمان پێ دەدەن، چونکە ئەوان دەزانن ئەگەر پێیان بلێن بەختەوەری مەحاڵە ناتوانن جۆش و خرۆشی خوێنەر بورژێنن، دوایی لە ژێر کلاوەکەی ئەوان بەختەوەرییەکی زۆر باڵاترمان بۆ نمایش دەکەن.

من بە تەواوی دژی ئەم تێزەم، ئەمە پەیمانی بەختەوەرییەکی خەون و خەیاڵئامیزە و هەرگیز ناتوانی بەدەستی بهێنیت، چونکە بەختەوەری بە شێوەیەکی ڕەها دەشێت بێتەدی، بەڵام نەک بەشێوەی ڕازیبونێکی پارێزخوازانە.

بەختەوەری لە ژێر مەرجی مەترسیەکانی دیدار و بڕیاردانادایە، چونکە لە کۆتایی یان بەدرێژایی ژیانی مرۆڤ هەر ڕووبەڕووی ئەم ڕێکەوتە دەبێتەوە.

**پرسیار / بەڵام چی دەکەن لەبەرامبەر ناخۆشی و دڵتەنگی: نەخۆشی و ڕووداو برینداربوون لە ژیان و کارەسات ودابڕان و شێوەکانی ململانێ و بەگژداچوونەوە؟**

**بادیۆ/** جیاوازی نێوان بەختەوەری و ڕازیبوون، دابەشبوونێکە لە وشەی ناخۆشی، تەنها لە ناڕازیبوونێکی قووڵدا ناخۆشیەک هەیە، بەڵام دەبێت بزانرێت تەنانەت لە دۆخی داڕووخانێکی گەورەشدا دەرگاکانی بەختەوەری بەتەواوەتی داناخرێن، چونکە پێگە و

گرنگی خۆی دەگوازێتەوە.
بۆ نموونە بۆ کەسێک گرفتی قاچەکانی نەبێت ولە تەندروستیەکی باشدا بێت، ڕۆیشتنی چەند هەنگاوێک بۆ ئەو شتێکی ئەوەندە گرنگ نییە، بەڵام بۆ کەسێکی تر کە گۆج بێت و گرفتی قاچەکانی هەبێت و خەریکە ئەزموونی رۆیشتنی پێ دەکەن، ئەم هەنگاونانە بۆ ئەو بایەخێکی یەکجار باڵایە، چونکە بەختەوەری لە دۆخێکی دیاریکراودا بوونی هەیە، ئەویش  بە گۆڕینی سنووری نێوان دەشێ و مەحاڵ، بە کورتی نابێ ڕێگا بەوە بدەین کە مەحاڵی ڕووت و گشتی بەسەرمان دا بسەپێنن.

**پرسیار / ئەی ناخۆشی چییە ؟**
**بادیۆ/** دەتوانین پێناسەیەکی سەرەتایی بۆ ناخۆشی بکەین، وەک ناڕازیبونێکی بەهێز لە بارودۆخێکدا و بڵاوبوونەوەیەکی فراوانی مەحاڵێ، دەتوانین بڵێین ناخۆشی جۆرێکە لە دۆڕان یان سەرنەکەوتن یا کەوتنی بەختەوەرەوی.
لێرەدا یاسای وەفاداری دەهێنمە ناو ئەو هاوسەنگییە، کە هەمیشە پەیوەستە بە دیدار یان ناسین، واتا بەختەوەریی وەکو بەردەوامیدان لە گەڕان بەدوای وەفاداری، وەفاداری تاکە مەرجی ئەخلاقیە، هەرچەندە ئەم مەرجە  بۆ هەموو مەترسیەکان گەرەنتی نییە.
دەبێت دان بە بوونی کارەساتەکانی بەختەوەری دابنێن، ئەمانەش چەند جۆرێکن:
هەندێکیان لە بێزاربوونەوە دێت، یان لە بەجێهێڵانی ئەوانی دی لە بێ وەفایی و ناپاکیکردن.
خراپەکاری لە فەلسەفەدا ئەوەیە، کاتێک خود بەرپرسە لە تێکدانی بەختەوەری، کە ناوی دەنێم ڕووخان  ئەزموونێکی تاڵە، هەر وەکو ئەزموونی بەختەوەری پارێزخوازیی توند، کە زۆر حەزیان لە تێکچوونی بەختەوەرییە، چونکە وەکو بەڵگە بۆ قەناعەتکردن بە بانگەوازەکانیان بەکاری دەهێنن.

**پرسیار/  بەڵام پێت وایە کارەسات و ڕووخان باشترە لەوەی کە تۆ بونت نەبێت؟**
**بادیۆ/** بە دڵنیاییەوە  باشترە ریسک و کارەسات بکەین واتا ڕیسکی بەختەوەریی واقیعی لەوەی ڕێگری بکەین، من ناوی لێدەنیم (نەبوون)، هەموو ئەو ڕێکارییە پارێزخوازانەی مرۆڤ،  بۆ مانەوەیەکی ئاژەڵییانە دەگەڕێتەوە، ئەویش تەنیا بۆ ڕازیکردن و مانەوە لە پێگەی کۆمەڵایەتیدا. « نەبوون» ڕێگریکردنە  لە کەسێک،  کەئەو شتانەی کە لە توانایدایە، تاقیبکاتەوە.

**پرسیار / ئایا پەیوەندی خۆشەویستی و هاوڕێیەتی لە مەملەکەتی ڕازیکردنی پێویستییە ڕاستەوخۆکان مایە پووچە یان تێکچووە؟**

بادیۆ/ ئەمرۆ جیهان مۆدێلیک یان فۆرمێکی بنەڕەتی هەیە، لە ئالوگۆڕکردن لەگەڵ ئەویتردا، لە سەر بنەمای پرادیگمای بازرگانیکردن، هەموو پەیوەندیەکانمان لەگەڵ ئەوەی دیکە ڕوونە بۆ ڕەهەندێکی بەرژەوەندی دوولایەنە دەگەڕێتەوە، بۆیە ئەمرۆ مەترسی جیابوونەوە گەوەرەترە لە چاو ڕابردوودا، هەستێکی زۆر خێرا، نا پێگەیشتوو و بێ سوودە.

بەکاربەر، کەسێکی بابەتی هەژموندارە، ئەوەیە کە جیهان بەڕێوە دەبات، سەردارەکانمان بە دڵەڕاوکێوە بەدواداچوون بۆ ئاستی کڕینی کاڵاکان لەلایەن خەلکەوە دەکەن. گریمان لەناکاوە کەس هیچ شتێک نەکڕن، ئەوا هەموو سیستەمەکە دەرووخێ، بۆیە ئێمە بە پێویستی کڕینی کاڵاکان هەر لە ڕۆژی دەرچوونیانەوە، لە تازەبوونیان، سوودی بنەڕەتیان یان بە ناشیرینی تاوانکارانەیانەوە، وابەستەین.

بۆیە بە دووری نازانم ئەم نەخۆشییە یان ئەم پەتایە گەیشتبێتە جۆری پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکانیشەوە، ئەو پەیوەندییانە کە بەهایەکی فەرمی بە پێشبڕکێ دەدەن.

**پرسیار / ئایا ئێوە ستایشی وەفاداری دەکەن؟**

**بادیۆ/** بە جۆرێک بەڵێ، چونکە سووربوون لەسەر تازەگەری یان نوێکاری بازاڕ زۆر جار دەمامکدراوە لە ژێر پەردەی مۆدە، دیاردەیەکە لە بەختەوەری دەدات. وەفاداری بە هەموو شێوەکانی لە ئێستا بەدواوە بەهایەکی هەڕەشەلێکراوە. مافی ئەوەمان نییە تا کۆتایی یان تاهەتایی بەرامبەر بەکاڵاکان وەفادار بین. بۆ نموونە ئوتۆمبیلەکەمان کۆن دەبێت، پێویستە دانەیەکی نوێتر بکڕین، ئەگەر نا سیستەمە ئابووریی لە ژێر مەترسی دادەبێت، ئەم مەرجە دەچێتە ناو جیهانی کۆ و تاک و زۆر جاریش لێکدابران بەرهەم دەهێنیت.

بەرامبەر ئەم لۆژیکە دەبێت ئەم وتەی باوکم بە بیر بهێنینەوە: « دەتوانین لەسەر ویست و ئەو شتەی کە دەخوازین بەردەوام بین، ئەو شتەی کە دەتویست کە دەزانی و لە تواناتدایە، تۆ دەتوانی، بۆیە دەبێت بیکەیت.



# کۆدەکانی زمانی جەستە
# جەستەی کراوە، جەستەی داخراو

**د. فازڵ جاف**

جەستەی داخراو لە هەموو جەستەیەک پتر پێویستی بە مەشق و ڕاهێنانە، پتر پێویستی بەوەیە کە بە ئاگایی و هۆشمەندی و میتود و بەرنامەوە کاری لەسەر بکرێت. نیشانەکانی جەستەی داخراو ئاشکرا و ڕوونن، زۆر بەئاسانی پەییان پێ دەبەین، بە مەرجێک هۆشمەندانە ئاگاداریان بین، بەوەی مەشق و ڕاهێنانێکی سەرەتاییمان لە سەر کرد بێت. بەڵام ئەم زانستە تاکو ئێستا لەلای ئێمە زۆر درکی پێ نەکراوە. زەقترین سیمای جەستەی داخراوە ئەوەیە کە پێمان دەڵێت، هیچ جۆرە پێوەندییەک ناخوازم، باوەش بۆ هیچ کۆنتاکتێک ناکەمەوە، جەستەم ئاوەڵە ناکەم، لێم نزیک مەکەوە. ئەمەیش بەزیانێکی گەورە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە خاوەن پەیام وئەرکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و مرۆڤانەن. دیارە ئەم بوارانە زۆربەمان دەگرێتەوە.

فەرموو ئەم ڕاهێنانە سادەیە لەگەڵ جەستەی خۆتدا بکە بۆ ئەوەی بزانیت جەستەت داخراوە یان کراوەیە. ئەگەر دەستەکانت داخراون، لە گیرفانەکانتدان، یان لە یەکت ئاڵاندوون، یان دەیاشاریتەوە، جەستەت گرژ و پەستن یان جەستەت سست و خامۆشە، بەهەمان شێوە پێیەکانت، ئەگەر لێک ئاڵا بن، یان پێیەکت ئەوی دیکە دەشارێتەوە، ئەوانە هەموو نیشانەی جەستەی داخراون. نیشانە نێگەتیڤەکانی جەستەی داخراوە ئەوەیە کە پێوەندی ڕەتدەکاتەوە، بەرامبەرەکەی ڕەت دەکاتەوە، وەکوو خاوەن ماڵێکە دەرگە لە میوان نەکاتەوە، کە میوانەکەی هاتە ژوورەوە بە زمان بە خێرهاتنی دەکات بە جەستەیش بە خێرهاتنی نەکات و چاوەڕێی ڕۆیشتنی بکات. ئەمەش لە پێوەندییەکانی ژیاندا زیانبەخشە، لە وتاربێژی و وانەگووتنەوە و بوارەکانی کاردا دەبنە کۆسپ و لەمپەر و کێشە، بە تایبەتی لە ڕووی گەیاندنی پەیام و مەبەستەکانماندا، سەرەڕای ئەوەی کە کەسانی دەرووبەر بە هەڵە لێمان تێدەگەن و کۆدەکانی جەستەمان خراپ شیدەکەنەوە. کاراترین ئامراز بۆ خوێندنەوەی جەستە، تێهزرینە لە بارودۆخی جەستە لە ڕووی کرانەوە و داخستندا، واتە سەرنج بدە، بزانە جەستەی ئەو کەسە کراوەیە یان داخراوە.

سیماکانی جەستەی کراوە

بەگشتی گوزارە لە هەستی ئەرێنی و دیدی گەشبینانە دەکات، ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە ئەو کەسە بۆ پێوەندی و گفتوگۆ و دیالۆگ کراوەیە، هەروەها ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە ئەو کەسە ڕاشکاوە و هیچ ناشارێتەوە، بەکورتی جەستەی کراوە گوزارە لە هەستی ئەرێنی، وەکوو ڕاستگۆیی و خۆشەویستی، لێبووردن، بەزەیی و هاریکاریی دەکات.

جەستەی داخراو: تەواو بەپێچەوانەی جەستەی کراوە، گوزارە لە هەستی نەرێنی دەکات، ڕێگە بۆ پێوەندی خۆش ناکات، زۆرتر بەلای هەستی نێگەتیڤدا دای دەشکێنێت. لەو جۆرە هەستانە» ڕک و کینە، حەسادەت و ئێرەیی، ئارەزووی شەڕانگێزی و تۆڵە. هەروەها ئەوەیش دووپات دەکاتەوە، کە نهێنی و شتی شاراوەی لە ناخدا حەشار داوە.

ئاماژەکانی دەست:

جەستەمان بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی دەستەکانمانەوە دادەخەین. بۆ ئەوەی جەستەی کراوە پیادە بکەین، دەبێت خۆمان لە شێوازەکانی جەستەی داخراو دوور ڕابگرین:

یەکەم: شێوازی گەڵای هەنجیر

دووەم: شێوازی قەڵغان

سێیەم: شێوازی شاهانە.

چوارەم: شێوازی بێ باکیی» دەست لە نێو گیرفان»

**جەستەی کراوە لانکی مێشکی کراوەیە**

زمانی جەستە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا گرینگە و ڕۆڵێکی کاریگەر و ناسک لە پێوەندییەکانی مرۆدا دەگێڕێت، زۆر ڕۆییش نییە گەر بڵێین کاریگەریی ڕۆڵی زمانی جەستە لە بواری سیاسەتدا بە بەراوورد لەگەڵ مەیدانەکانی دیکەی ژیاندا لە هەموویان گەورەتر و ناسکترە. هەر بۆیە سەرکردەکان و سیاسەتمەداران و زانایانی بواری سیاسەت لە دێر زەمانەوە، بایەخیان بە خوێندنەوەی جەستە داوە. کەسانێک هەن پێیان وایە کە ئەم زانستە نوێیە و زانستی سەردەمی ئێستامانە، چونکە سەرکردەکانی ئەم سەردەمەی ڕۆژئاوا و ئەمریکا بەتایبەتی بایەخی پێ دەدەن وخۆیان لە سەر پرنسیپ و مانا و کۆدەکانی ڕادەهێنن، بەڵام ئەم بۆچوونە گومانیش هەڵدەگرێت، چونکە سەرکردەکان و سیاسەتمەداران هەر لە سەردەمی شارستانێتی گریکەوە، زۆر بە چڕی کاریان لەسەر جەستە و ڕاهێنانی لایەنی فیزیکی دەکرد، مەرجێکی سەرەکی سەرکردەێتی وڕێبەرێتی و بەڕێوەبردنی خەڵک و جەماوەرێکی بەرین، ئەوە بوو کە

سەرکردەی سیاسی دەبوایە شارەزای کۆدەکانی جەستە بێت، هەروەها دەبوایە لە وتاربێژییدا خاوەنی دەموودوویەکی کارا و جەستەیەکی چالاک و کارسازبوایە. ئەمە مەرجێکی سەرەکی بوو بۆ سیاسەتمەداران و بیرمەندان و هەڵگرانی بیری سیاسی و فەلسەفی، کە ئەم دوو زانستە لە سەردەمی دیموکراسیی گریکدا ئەمەندە پێوەست و گرێدراو بوون بە یەکدییەوە، کە تەواوکەری یەکدی بوون.

ئامرازەکانی پێوەندی ئەو سەردەمە بە پلەی یەکەم پشتیان بە توانا و بەهرە و سەرمەشق و ڕاهێنانی خودی سیاسەتمەدار و بیرمەندەکەوە هەبوو، لەو سەروبەندە کەونینەدا، هیچ ئامرازێکی دیکەی ڕاگەیاندن لە گۆڕێدا نەبوو، سیاسەتمەدار و سەرکردە و بیرمەندان، خۆیان لە سەر دیالۆگ و هونەری ئاخاوتن و تەکنیکی دانووسان ڕادەهێنا، چونکە تەنیا ئەم تەکنیک و هونەرە دەرکەوتن و سەرخستن و سەرکەوتنی سەرکردەکانی لە ئاخاوتن و دیالۆگی فیکری ئازاد و کراوەی پێش جەماوەردا دەسەلماند. بێگومان ئەم دیالۆگە سیاسی و فیکرەییە، کە بەگشتی لەسەر بنامەیەکی شەفاف و کراوە پیادە دەکرا، مەرجی سەرەکی دیموکراسیەتی یۆنان بوو.

پێگەی جەستە لەم ئاخاوتن و دیالۆگە لە وڵاتی یۆناندا گەلێک گرینگ بوو، گریکەکان یەکەم خەڵک بوون دانیان بەوەدا نا، کە جەستەی چالاک و کارا باشتر پەیام و مەبەست دەگەیێنێت بە بەراوورد لەگەڵ جەستەیەکی سست و خامۆش، هەروەها توانای دەنگ و هونەری ئاخاوتنی کاریگەر و دینامیک بە خۆوە دەگرێت، جەستەی چالاک جەستەیەکی پۆزەتیڤە و دەنگێکی زۆڵالی فرەتۆن و بەجۆش و هێزی هەناسەدانی تەندروست دەرەخسێنێت، جەستەی سست و خامۆش و پەست و گرژیش بە پێچەوانەوە، جەستەیەکی نێگەتیڤە، دەنگێکی سست و لاواز و مۆنوتون «یەک تۆن» و هەناسەسواری بە خۆە دەگرێت.

تاکو ئێستاش ئەوانەی کە جەستەیان بەشێوەیەکی دروست و زانستانە لە سەر مەرجەکانی وتاربێژی و ئاخاوتن و پێوەندی ڕادهێنن، ئەو ڕاستییە دەزانن، کە جەستەی ئەکتیڤ و دینامیک کاریگەرێتییەکی پۆزەتیڤی هەیە لە سەر دەنگ و دەمودوو و هونەری ئاخاوتن.

لەم سەردەمەدا کەسانێکی زۆر کار لە سەر ڕاهێنانی جەستە دەکەن، بەش بەحاڵی خۆم ژمارەیەکی زۆریان لە نزیکەوە دەناسم، هەر نەبێت لەبەر ئەوەی کە خۆم وەکوو ڕاهێنەری زمانی جەستە، لەو بوارەدا کار دەکەم، ئێمەی ڕاهێنەران، کەم تا زۆر، کۆکین لە سەر ئەوەی کە مرۆڤ دوو شێواز جەستەی هەیە: جەستەی کراوە و جەستەی داخراو، یەکەمیان پێشوازی لە پێوەندی و کۆنتاکتکردن دەکات، دووەمیان لە ڕووی پێوەندی و

لەیکگەیشتن داخراوەیە. یەکەمیان جەستەی ئەرێنییە/ پۆزەتیڤە، دووەمیان جەستەی نەرێنییە/ نێگەتیڤە. ئێمەش کە لەسەردەمی پێوەندی و لەیکگەیشتن دەژین، ژیان وا دەخوازێت خۆمان لەسەر جەستەی کراوە و پۆزەتیڤ ڕابهێنین. دەنا لەم جیهانە بەرینە و لەم گەردوونە بێ سنوورەدا جێگەمان نابێتەوە، چونکە بەبێ توانای لە یەکگەیشتن و پێوەندیی کارا تێیدا سەرناکەوین، لە هەموو وۆرکشۆپ و سیمینارەکانمدا هەوڵ دەدەم بەشداران بۆ نمایشکردنی جەستەیەکی کراوە هان بدەم. جەستەی کراوە لانکی مێشکی کراوەیە.

**ئاگاداری ئاماژەکانی دەستەکانت بە**

**پەیامێک بۆ سیاسەتمەدارێکی دۆست:**

**ئەوەندە بە مەبەست و بێ مەبەست دەستەکانت بەکار مەهێنە!**

ماوەیەکە سەرنج دەدەم بێ پەروا بەملاو بەولادا دەستت دەجولێنیت، دوێنی لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆندا بینیم، چۆن پەنجەت کرد بە گوێتدا و دەتخوراند، ئەو ئاماژە نابەجێیە بۆی سەلماندم کە زۆربەمان نازانن چ جیاوازییەک لە نێوان ئاخاوتن و ئاماژەی دەستەکاندا هەیە، ئەگەر شارەزاییت لەو بوارەدا کەمە تکایە لە ڕاگەیاندن نزیک مەبەوە.

**زمانی ئاماژە کۆنترە لە زمانی ئاخاوتن**

پسپۆرانی ئەنترۆپۆلۆژیای بواری نەشونما و گەشەی مرۆیی، پێ لە سەر ئەوە دادەگرن، کە زمانی ئاماژەکانی دەستەکانمان گەلێک لە زمانی ئاخاوتنمان کۆنترە، ئەم بۆچوونەش لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەڵێت: مرۆ بەر لەوەی زمانی بپژێت بە ئاماژەکانی هەردوو دەست گوزارشتی لە خواست و ئارەزوو و پێداویستیەکانی خۆی کردووە. هەندێک لەو ئاماژانە بۆ شتگەلێک بەکارهێنراون کە لە دۆخێکی نالەباری تووڕەیی و هەڵچووندا بەکارهاتوون، ئەو ئاماژانە تاکوو ئێستایش درێژەیان هەیە و ماونەتەوە.

تەنانەت ئەو ئاماژانەی کە ئێستا بەدناون و مایەی شەرمەزارییەن وەکوو دەڵێن ڕووی مەجلیسیان نییە، دەگەڕێنەوە بۆ سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتی،. ئەمجا ئەو ئاماژانەی کە ڕۆژانە بەئاگا و بەبێ ئاگا ئەنجامیان دەدەین، زۆربەیان ڕەگوڕیشەیەکی کۆنیان هەیە، ئاماژەگەلێک کە ئێستا ناشیرینن دەکرێت لە سەرەتادا لەلای مرۆ ئاسایی بووبن، بەڵام ئێستا لە زۆر جێگە و بۆنەدا مایەی نەنگین. هەندێک لەو ئاماژانە، کە کاتی خۆی گوزارەیان لە پێداویستییەکانی مرۆ دەکرد، ئێستا بۆ سووکایەتی وەکوو جنێو

بەکاردەبرێن. هەندێکیشیان لە هەر لەسەرەتاوە بە ناشیرین ودزێو شرۆڤە کراون، ئەم ئاماژانە تەنانەت لە سەردەمی ئەنتیک و دەورانی ئەمبراتۆریەتی رۆمانیش بۆ سووکایەتی و باری نەرێنیدا بەکارهێنراون.

## ئاگاداری پەنجەت بە!

زۆرینەی کولتوورەکانی ئەم جیهانە هەر لەکۆنەوە جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە کە نابێت پەنجەی دۆشاومژە ئاراستەی کەسی بەرانبەرت بکرێت، چونکە ئەم پەنجەیە، دوور لە هەموو لێکدانەوەیەکی ناقۆڵا، نیشانەی هەڕەشە و شەڕخوازی و دژمنایەتییە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە ئەم جۆرە ئاماژانە نەک تەنیا بە ئاماژەیەکی بازاڕی دادەنرێت، بگرە هێمای کولتوورێکی ناپەسەندیشە، بەڵام بە داخەوە کە ئێمە هێشتا لە گەلێک بواری ناسکدا بێ گوێدانە هیچ پێوەرێک، ئەم پەنجەیە ئاراستە کەسی بەرانبەرمان دەکەین، تەنانەت جارێک بێژەرێک لە کەناڵێکی تەلەڤزیۆنەوە لەگەڵ بینەرێک کە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە بەرنامەکەوە کردبوو، بێژەرەکە بە پەنجە ئاماژەی ئاراستەی بینەرەکە دەکرد ولێی دەپرسی: تۆ پێت وایە، یان بە بۆچوونی تۆ.....هتد؟

لە ڕاگەیاندنی هاوچەرخدا، وشەی تۆ، بە ئێوە گوزارەی لێ دەکرێت، بە دەستیش واتە بە هەموو پەنجەکانی دەست ئاماژە دەکرێت، بە شێوازێکی جوان، نەک بە پەنجەیەک. باشە دەبێت مەبەست لە شێوازی جوان چی بێت؟ بەڵێ، لە هەموو شتێک جوانکاری ودەستڕەنگینی ودانسقەیی هەیە، بە هەمان شێویش لە جووڵەی جەستەمان و ئاماژەکانی دەستەکانماندا.

## ئاماژەکانت جوان بن، ئاماژەی جوانت بۆ دەگەڕێتەوە!

کە لە ڕووسیا شانۆم دەخوێند، بەردەوام سەرنجی ئەو مامۆستایەم دەدا کە وانەی جووڵەی دەگوتەوە و ڕاهێنانی بە قوتابییەکان دەکرد، ئەو مامۆستایە لە قوتابییەکانی قەدەغە کردبوو پەنجەی ئیشارەت ئاراستەی ڕووی کەسێکی تر بکەن. بە بۆچوونی ئەو زۆربەی ئاماژە دزێوەکان لە پەنجەی ئیشارەتەوە سەرچاوە دەگرێت.

یەکێک لە مەرجە سەرەتاییەکانی مامۆستایەتی بە دەستهێنانی شارەزاییەکی باشە لە بواری بەکارهێنانی ئاماژە، تاکوو بتوانێت بە شێوازێکی دینامیکی و پڕمانا وانەکانی خۆی بڵێتەوە و پەیامی پەروەردەیی خۆی بگەیەنێت. کە ئاماژەی جوان و کارا و پڕمەبەست دەکەین، بەرانبەرەکەیشمان بەهەمان شێواز ڕەفتارمان لەگەڵ دەکات، جا بۆیە، ئەگەر

ماموستایت، هەوڵ بدە ئاماژەی جوان و نایاب بە قوتابیەکانت ببەخشیت، ئەوانیش بە هەمان شێوە، وەکوو کاردانەوە، بە ئاماژەی جوان ڕەفتار دەکەن، هەر نەبێت ئاماژەی ناشیرین ودزێوت بەرانبەر ناکەن.

## هەموو کەسێک زوونی خۆی هەیە!

هەموو کەسێک، لە هەر سووچێکی ئەم جیهانەدا، جێگەیەکی تایبەتی هەیە، ئەم جیگە تایبەتە لە زمانی جەستەدا پێی دەگوترێت جێگەی کەسێتی/ پانتایی یان زوونی شەخسی، واتە ئەو ڕووبەرە تایبەتە بەو کەسە. پێگە و پلە و پایەیەمان لە کۆمەڵدا، زوونی شەخسیمان دەستنیشان دەکات، بەڵام هەرچونێک بێت، مرۆ لە هەر جێگەیەکی ئەم جیهانەدا بێت، هەوڵ دەدات شوێنێکی تایبەت بۆ خۆی دابین بکات، شوێنێک دەوروبەریش دەیناسێتەوە! دەزانن ئەو جێگەیە تایبەتە بەو کەسە، بە دەر لەوەی ئەو کەسە کێیە، پادشا بێت یان گەدا. دیارە جێگەی تەختی پادشایان و عەرشەکانیان ڕوون ئاشکرایە و پاش خۆیان لە ناو مۆزەخانەکانی مێژوودا دەپارێزرێن، چونکە هێما و نیشانەی دەسەڵات و قۆناخێکی مێژوویین، بە هەمان شێوەش گەدا و سواڵکەران جێگەی تایبەتی خۆیان هەیە و دەیپارێزن، جاری واش هەیە لەسەر زوونی شەخسی و پانتایی دیاریکراوی کەسێتی لەناو خۆیاندا ڕێکدەکەون، بە ئەندازەیەک بەزاندنی ئەو سنوورە و هەر جێگورکییەکی کتوپڕ دەبێتە هۆی کێشە و ناخۆشی.

درۆ نییە گەر بڵێین ئەم دەستوورە تەنانەت لە ناو زینداییاندا زۆرتر پێڕەو دەکرێت. زیندان باشترین فەزایە بۆ ناسینەوە فەزای شەخسی، بەو پێیەی پانتاییی شەخسی لە جێگەی تەسک و ڕووبەری بچووکدا کاریگەتر و ئاشکراتر دەردەکەوێت. لە زینداندا بەزاندنی سنووری پەنتایی شەخسی کێشەی گەورە و هەندێک جاریش پێکدادانی توندی لێدەکەوێتەوە، بەشێکی زۆری ئەو فیلمانەی، بە تایبەتی فیلمی ئەمریکایی، کە باس لە ژیانی ناو زیندان دەکەن، کێشە کانی دەربارەی ململانێی زیندانییەکانە لە سەر سنووربەزاندنی شەخسی، دیارە ئەو سنوورانەش بە پێی دەسەڵات و هێز و پێگەی ئەو کەسانە دابینکراوە، کە ئەگەر کەسێکی دیکە تەنگ بەو کەسەی هەڵبچنێت، ئەو تەنگ پێهەڵچنینە دەکاتە دەستدرێژی و سووکایەتی و دەسەڵات کەمکردنەوە، ئەمەش کاردانەوەی خراپی لێ دەکەوێتەوە،. نموونەی ئەو فیلمانەش زۆر زۆرن.

**لانەی شێران... نیشانەی دەسەڵاتە!**

گرینگی و بایەخی سنووری پانتایی شەخسی لە ژینگە و جیهانی ئاژەڵدا بەهەمان شێوە ئاشکرا و ڕوونە. هەردوو پسپۆڕانی زمانی جەستە « ئالان پیز و باربارا پیز» بە قووڵی باس لە پانتایی شەخسی ئاژەڵ دەکەن، بەتایبەتی پانتایی شەخسی دڕندان، ئەوان ئاماژە بەوە دەکەن، کە شێرێکی ناو پێدەشتەکانی ئەفریقیا پانتاییەکی پان و بەرین هەڵدەبژێرێت، وەکوو فەزای تایبەت بەخۆی، پانتاییەک کە ڕووبەرەکەی دەگاتە پەنجا کیلۆمەتر، ئەمە ئەگەر ژمارەی ئەو شێرانەی کە لەو پێدەشتەدا هەن لەگەڵ ڕووبەری پان وبەرینی پێدەشتەکە لە چاو بگرین، لە کاتێکدا شێرێکی ناو قەفەسی باخچەی ئاژەڵان کە لەگەڵ چەند شێرێکی دیکەدا ئاخنراونەتە ناو زیندانەوە، لە ڕووبەری چەند مەترێکدا هەڵسوکەوت دەکات. ئەمە کاریگەریی ژمارەی زۆر و ڕووبەری تەسک دەسەلمێنێت. بۆیە هەردوو پسپۆڕان پێیان وایە، ئێمەی ئادەمی لە هەر شوێنێکدا بین، وێنە و کاریگەری ئەو فەزا شەخسییەمان کە لەسەری ڕاهاتووین لەگەڵ خۆماندا هەڵدەگرین و هەر بە ئەندازەی پان و پۆڕیی ئەو فەزاییەش ڕەفتار دەکەین. واتە ئەوانەی کە هەر لەمنداڵییەوە پانتایی شەخسییان واڵا و پان و بەرینە، بە جۆرێکی زۆر جیاواز هەڵسوکەوت دەکەن، بەبەراوورد لەگەڵ کەسانێکدا، کە لە ڕووبەرێکی تەسک و بچووکدا پەروەردەکراون و گەورەبوون.

لە ڕاستیدا ئەگەر شارازییمان دەربارەی فەزا و پانتایی شەخسی هەبێت، دەتوانین زۆر ئاسانتر لە پێوەندییەکانی مرۆڤ بە یەکترەوە، هەروەها بە کۆمەڵەوە بگەین. نەک هەرئەوەندە، تەنانەت دەتوانین خۆمان لە سنووربەزاندن و کاردانەوەکانی بپارێزین.

ئەمە مەزرەعەکەمە!

دیاردەی شانازیکردن بە مەزرعەوە نیشانەیەکی دیکەی شانازیکردنە بە زوونی شەخسییەوە، لێرەدا مرۆڤی ئەم سەردەمە دەویەوێت ڕۆڵی شێرەکەی ئەفریقیا ببینێت، چەند ڕووبەری مەزرەعەکەی پان وبەرین و بێت، ئەوەندە پێگە و پلە خۆی دەسەلمێنێت. ڕەنگە ئەو پانتاییە بەرینە هیچ مەرج و تایبەتمەندێتییەکی مەزرەعەیەکی ڕاستەقینەی وەکو ئاو سەوزایی و دیمەنی جوان و سەرنجڕاکێشی تێدا نەبێت، ڕەنگە لە دەشێتکی قاقڕو وشک وبرینگدا بێت، بەڵام گرینگ لێرەدا، پان وبەرینی ڕووبەرەکەیە، کە نیشانە و هیمای زوونی شەخسی ئەو کەسەیە بە مانای دەسەڵات و پێگەی لە ناو کۆمەڵگەدا.

دووربە و دۆست بە!

ئێمە کە حەز بە یەکێک نەکەین و لێی بەگومان بین یان لێی بترسین، خۆمانی لێ دوور دەگرین، کورد دەڵێت دووربە و دۆست بە، ئەم یاساوڕیسایە تەنیا تاک و کۆمەڵ و ئاژەڵ ناگرێتەوە، بگرە لە سەر ئاستێکی بەرزتر و مەودایەکی فراوانتر دەوڵەتانیش دەگرێتەوە، فەزای پان و بەرینی هەر دەوڵەت و هەرێمێک، هیمای دەسەڵات و توانایی ئەو وڵاتە پیشاندەدات. وڵاتان بۆ پارێزگاریکردنی فەزای تایبەتیی خۆیان زۆر جار، ناچار دەبن پەنا بەرنە بەر شەڕ و جەنگ و پێکدادان، ئەمە بە قەوارەیەکی تر، دەکرێت لە پێوەندییەکانی مرۆڤیشدا هەمان یاسا بێت.

**درۆ و نهێنی و شاراوە لە زمانی جەستەدا**

**دەزانم درۆ دەکەیت!**

مارک مکلیش ی نووسەر ئەمریکاییی، خاوەنی چەندین کتێب دەربارەی چۆنییەتی ناسینەوەی درۆ و خوێندنەوەی جەستەی درۆزنان، پێی وایە کە درۆکردن کارێکی ئاسان نییە، بە پێچەوانەی هاوکارێکم کە پێی وایە درۆکردن وەکو ئاوخواردنەوە وایە، مکلیش پێی وایە زۆر ئاسانترە ڕاستگۆ بیت، چونکە گەر بتەوێت درۆ بکەیت، دەبێت زۆر بەئاگا بیت، ورد و کارامە بیت و کاتێکی باش بۆ چەسپاندنی درۆکانت و قەناعەتهێنان بە کەسانی دیکە تەرخان بکەیت، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە دروزن دەبێت کار لەسەر درۆکانی بکات و بەردەوام تاوتوێیان بکات و لە تەرازوویان بنێت، بەڵام ڕاستگۆ پێویستی بە هەموو ئەم کێشانە نییە. ئۆسکار وایڵد دەڵێت: درۆ مەکە ئیدی پێویستت بەوە نییە بیرتیژ بیت.

درۆزن هەموو شتێک دەکات تا بتوانێت فریوومان بدات و هەڵمان خەڵەتێنێت، جا بۆ ئەوەی بگاتە ئەنجام و مەبەست بپێکێت، دەبێت نەخشەڕێیەکی ورد بۆ قسەکانی بکێشێت، هەموو شتێکی دەبێت بە پلان بێت، دەبێت وشەی گونجاو بەکار بێنێت، دەبێت هەست و دەربڕینی دەستکرد نیشان بدات، شێوازی جەستەی لەگەڵ ناوەڕۆکی قسەکانی بگونجێنێت، بۆیە هەموو فشارێک دەخاتە سەر زەین و هەست و جەستەی، تاکوو کەسێک یان کەسانێک هەڵخەڵەتێنێت، هەرنەبێت بۆ ئەوەی باوەر بە بەرانبەرەکەی بێنێت و تێنەکەوێت. ئەمەش ئەرکێکی ئاسان نییە، ئاسان تر لەوە ئەوەیە ڕاستگۆ بین..

درۆزن پاش درۆکەی هەست بە شەرمەزاری دەکات

کەسانێک هەن پێیان وایە زۆرینەی خەڵک لە درۆدا وەستا و کارامەن، ڕۆژانە لەگەڵ درۆزناندا ڕەفتار دەکەین، هەندێکیان دەتوانن بە ئاسانی فریومان بدەن و هەڵمان

خەڵەتێنن، بەڵام کامیان زۆر وەستا وبەتوانایە، بەڕای مکلیش، پاش ئەوەی کە لە درۆکەیدا سەردەکەوێت، سەرەڕای هەموو شتێک، هەست بە جۆرە شەرمەزاریەک دەکات لەوەی کە درۆی کرد.

خۆ ئەگەر بتەوێت لە ڕاستی و دروستی ئەم بۆچوونە بگەیت، سەرنجی هەر درۆزنێک بدە، پاش ئەوەی لە درۆکەی دەبێتەوە، بزانە چۆن ڕەنگی سوور هەڵگەدەڕێت، ئارەقە دەکات، سیستەمی هەناسەی تێکدەچێت، یان هەر نەبێت کۆنتاکتی چاوەکانی لەگەڵتدا دەپسێت و تێکدەچێت، یان بە ئەستەم دەتوانێت تەماشات بکات، چونکە پێی وایە تۆ ناخی دەبینت و دەزانی درۆ دەکات.

## درۆزنان سەردەکەون چونکە ئێمە بێ ئاگاین

مکلیش پێی وایە کە هۆکاری سەرکەوتنی درۆزنان لەوەدا نییە کە ئەوان کارامەو لێهاتوون، بگرە ئەوان لە دۆرکانیاندا سەردەکەون چونکە ئێمە بە ئاگاییەوە گوێیان لێ ناگرین، باش سەرنجی هەڵسوکەوت و زمانی جەستەیان نادەین. واتە کەسی درۆزن ئەم دوو کەماسییەی کەسانی دیکە بۆ بەرژەوەندیی خۆی دەقۆزێتەوە و زیرەکانە بە کاریان دێنێت. بۆیە درۆزنان خۆیان لەو کەسانە دەپارێزن کە ئەم دوو توانایەیان هەبێت، هەر لەبەر ئەوەیشە کە درۆزنان بەردەوام بۆ نێچیری نوێ دەگەڕێن، بۆ کەسانێک کە ئەو توانایەیان تێدا نەبێت، واتە توانای شیکردنەوەی قسە و وتاری زارەکی، لەگەڵ لێکدانەوەی زمانی جەستە وهەڵسوکەوتی نەبێت. خۆ ئەگەر نیشانەکانی درۆ و فریودان وهەڵخەڵەتاندن بزانیت دەتوانیت ئاسانتر پلانی ساختە و درۆ هەڵبهێنیت.

## سێ ئامێری درۆناسینەوە

### ئامێری درۆناسینەوە

لایەنە فەرمییەکانی دەوڵەت لە ئەمریکا وەکو دادگا و پۆلیس و دەستگاکانی ئاسایش و ئەمنیەت و هەواڵگری، زۆر جار پەنا دەبەنە بەر ئامێری درۆناسینەوە، ئەم ئامێرە کە لەلایەن جونسون.ا. لارسون لە ١٩٢١ دروستکرا، ئامێرێکە زۆربەی دیاردە فسیولۆژییەکانی ئەو کەسە تۆمار دەکات کە گومانی درۆ وساختەی لێدەکرێت، لەوانە پلەی فشاری خوێن، لێدانی دڵ وسیستەمی هەناسەدان، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم ئامێرە گەلێک ڕاستی بۆ دادگا و لێکۆڵینەوەی پۆلیس و دەستگاکانی پاراستن و زانیاری و ئەمنیەت ساخ دەکاتەوە، بەڵام لەلایەن زانایانی دەروونناسییەوە هێشتا تەواو جیگەی متمانە و

باوەڕ نییە.

**ئامێری شیکردنەوەی تۆنەکانی دەنگ:**

ئەم ئامێرە تۆنەکانی دەنگ دەستنیشان دەکات و پەی بەو شوێنانە دەبات کە کەسی درۆزن تێیدا دەنگی دەلەرێتەوە و دێتە گۆڕان، لە کاتێکدا ئەم گۆڕانکارییانە بۆ کەسێکی ئاسایی نایەتە بەرگوێ. ئامێرەکە هەروەها ئەو شوێنانە دەستنیشان دەکات کە قسەکەر تێیدا دەنگی ئاسایی خۆی بەکارناهێنێت، دەنگی دەگۆڕێت، تۆنەکانی بەرز یان نزم دەبن، یان دەنگی ئەو کەسە لە دۆخی ئاسایی خۆیدا نامێنێت و لەرینەوە و شڵەژانی پێوە دیاردەبێت.

بێگومان ئەم دوو ئامێرە، ئامێری درۆناسینەوە و ئامێری شیکردنەوەی تۆنەکانی دەنگ، تاڕادەیەکی زۆر بۆ دەستگە فەرمییەکان بە سوودن، بەڵام ئەی چی دەربارەی ژیانی ڕۆژانەمان، تەنانەت ئەگەر ئەم ئامێرە سەت لەسەت ئەرکی خۆی بەدی بهێنێت و تەواو جێگەی متمانەو باوەڕیش بێت، خۆ ناکرێت ڕۆژانە بەکاری بهێنین وکەسانێک بخەینە ژێر کۆنترۆڵی تاقیکردنەوەمان، تەنیا بۆ ئەوەی بزانین ئەو کەسە ڕاستگۆییە یان نە!!

**خوێندنەوەی دەستخەت و لێکدانەوەی شێوازی نووسین**

ئەم میتودەش وەکو ئەو دوو ئامرازەی کە ئاماژەم پێکردن، لەلایەن دەستگە فەرمییەکانەوە بەکار دەهێنرێن. دەستخەتی هەرکەسێک گەلێک نهێنی و ناوەوەی ئەو کەسە دەردەخات، بەوەی کە لە کوێ و لە کام ڕستە و لە کام وشەدا، ئەو کەسە زیاتر دەست دادەگرێت و پتر جەخت دەکات، فشاری خوێن و ترپەی دڵی بەرز دەبێتەوە!

بۆیە بەبێ یارمەتی ئەم سێ ئامرازە، ئەوەی کە لەبەردەستایە و کردەییە، تەنیا شیکردنەوە و لێکدانەوەی دووتەوەری ئینسانی دوور لە ئامێرە، ئەویش: زار و جەستەیە.

خۆت گوتت!

ئاگاداری زار و شێوازی ئاوخاوتنت بە

یەکەم: وتاری زارەکی، واتە ئاخاوتنی ئەو کەسەیە. شێوازی قسەکردن و دارشتنی ڕستەکانی و جۆری هەڵبژاردنی وشەکانی، کە ئەم وتارە زۆر ڕاستەوخۆیە. خەڵکی دەیەوێت بەوە بگات کە دەیڵێت! خۆت گوتت! زۆرجار وامان پێ دەڵێن..

نەک بە تەنیا جووڵە

ڕەنگ بێت وابێت کە مرۆڤ تەنیا لە جووڵەدا دەخوێنرێتەوە و ناخی دەردەکەوێت، ئەم بۆچوونە هەڵەیە تەنانەت تاڕادەیەک لای هەندێک لەشانۆکارانیش چەسپاوە، بەڵام

لە ڕاستیدا هەندێک شێوازی جووڵەنەکردن و سەقامگیریی وەکو وەستان و دانیشتن و پاڵکەوتن باشتر ناخی ئەو کەسە دەخەنە ڕوو، بەوەی کە لەو دۆخەی ئەو کەسەدا، تەنیا چەند پرسیارێک ئاڕاستەی خۆت بکەیت: ئایا ئەو کەسە لە دانیشتنەکەیدا ئارام و ئاسوودە و دەمارخاوە؟ یان کەسێکی گرژ و پەست و هەڵچووە؟ دەست و پەنجە و قاچەکانی گوزاشت لە هەڵچوون و پەستی و شپرزەیی دەکەن؟ دەبینت هەموو ئەم کۆدانە هەست و نەست و بیرکردنەوەی ئەو مرۆڤەت بۆ دەردەخەن. جا ئەگەر بتەوێت لە دۆخی درۆدا ڕاستیی ئەو کەسەت بۆ ساغ بێتەوە، وا پێویست دەکات لە دۆخی ئاساییدا بیناسیت، پاشان جیاوازیی نێوان دۆخی ئاسایی و دۆخی نائاسایی ئەو کەسە بزانیت و بە بەراووردکردنی هەر دوو دۆخەکە دەگەیتە ڕاستی و دروستی ئەو بارەی کە تێدایە، یانیش بە ساختە دەینوێنێت!

نامەوێت درۆت لەگەڵ بکەم!

ئەگەر بمانەوێت نەدوێین دەتوانین دەممان دا بخەین، بەڵام ناتوانین زمانی جەستەمان دا بخەین، واتە کەی بمانەوێت دەتوانین قسە نەکەین، بەڵام جەستەمان هەمیشە قسە دەکات.

کەسێک بە دوورودرێژی قسەی بۆ دەکردم و منیش گوێم لێدەگرت، لە ناکاودا هەڵوەستەیەکی کرد و پێی گوتم: نامەوێت درۆت لەگەڵدا بکەم. سەیرە! تۆ بڵێیت هەموو ئەو قسانەی پێشتر درۆ بووبن و لێرە بە دواوە ڕاست بن؟ ئەمە ناکاتە ئەوەی کە قسەکانی پێشتریشی درۆبن؟

زانایانی زمانی جەستە، بە تایبەتی پسپۆڕانی زمانی جەستەی درۆزنان و ساختەچیان پێمان دەڵێن باوەڕ بەکەسێک مەکە کەپێت دەڵێت نامەوێت درۆت لەگەڵدا بکەم/ دەمەوێت ڕاستگۆبم لە گەڵتدا/ با ڕاستیت پێ بڵێم/ پێویست ناکات درۆت لەگەڵ بکەم/ هیوادارم ڕاستگۆییەکەم نیگەرانت نەکات/ قسەم هەقە بۆیە ڕەقە...هتد.

ئەگەر ئەم ڕستانە بەشێک نەبن لە قسەی سەرزاری ئەو کەسە، یان دووبارەکردنەوەی یەکێک لەم ڕستانەی لێ نەبووبێت بە خوو، ئەوە گومانمان لە ڕاستی ودروستی قسەکانی ئەو کەسە لە جێگەی خۆیدایە. ڕاستە کەسانێک هەن دووبارەکردنەوەی یەکێک لەم ڕستانە دەبێت بە وێردی زمانیان. من کەسێک دەناسم پاش هەموو ڕستەیەک دەڵێت: تۆخوا درۆ دەکەم؟ ئەگەر بۆ یەکەم جار گوێی لێ بگرێت، زۆر بە گەرمییەوە ئەوە ڕەت دەکەیتەوە کە بۆچوونەکانی درۆ بن. دوور لەتۆ/ حاشا لەتۆ/ خوا نەکات/ بەڵام کە تۆش وەکو ئەو ڕاهاتی لەگەڵ ئەم جۆرە دووپاتکردنەوەیە زۆر جار بەرانبەر بە

پرسیارەکەی بێدەنگ دەبیت. ئەو دەڵێت: ئەی درۆ ئەکەم؟ تۆش وەکو من هیچ ناڵێیت.
 بە دەستی خۆم نییە: ناتوانم درۆ بکەم!
لەو کەسانە بە گومان بە کە دەڵێن: ناتوانم درۆ بکەم، ڕکم لە درۆ دەبێتەوە/ هەرگیز درۆ ناکەم/ دەمەوێت یان حەزدەکەم سەریح «ڕاشکاو»بم لەگەڵتدا. بە تایبەتی کە کتوپڕ لە ناوەندی قسەو وتاردا پێت گوترا: دەمەوێت سەریح» ڕاستگو یان ڕاشکاو» بم لەگەڵتدا. ئەو دەم ڕاستگۆیی ئەو کەسە جێگەی گومانە.
ئەو کەسەی درۆت لەگەڵ دەکات، بە پلەی یەکەم بیر لە وتاری زارەکی دەکاتەوە و کەمتر بایەخ بە جەستەی دەدات، ئەمە بەتایبەتی  لای ئەو دۆزنانەی کە هێشتا ڕاهێنانیان  لە بواری درۆدا زۆر نەکردووە، واتە پتر بیر لەوە دەکاتەوە، چۆن درۆکەی بە ئەندازەیەک و بە لۆژیکێک دابڕێژێت کە باوەڕی پێ بهێنێت. بۆ ئەم مەبەستە کەمتر بیر لە جەستەیان دەکەنەوە، ئەمە لای کەسانی سادە و ئاسایی زۆر باوە، واتە لای کەسانێک کە ڕەنگە زۆرجار ڕۆژانە تووشیان ببین. بەڵام درۆزنی پرۆفیسیۆناڵ جەستەی فەرامۆش ناکات، بگرە هەوڵ دەدات  جەستەی لە پرۆسەی درۆکەدا کار بکات و بیخاتە خزمەتی درۆکانی. بەڵام ئەگەر شارەزای تەکنیکی خوێندنەوەی جەستەی درۆزن بیت، ئەو فێڵەت بەسەردا تێناپەڕێت.

## زمانی جەستەی دەرۆزەکەران باشترین فێرگەیە

 دەفەرموو تەماشای زۆربەی سۆاڵکەرەکانی لای خۆمان و وڵاتانی جیهان بکە، ئەگەر تۆزێک سەرنج بدەی تێدەگەیت کە جەستەیان زۆر شارەزایانە خستۆتە خزمەتی پیشەکەیان، بەشێوەیەک کە سۆز وهەست و بەزەیی ئێمە کەمەندکیش دەکەن. ئەم تەکنیکە بۆ خۆی جیهانی و ئینتەرناسیۆنالە. دەرۆزەکەری وا هەیە، کە خۆی کەڕ و لاڵ پیشان دەدات تاکو لە قسەکردندا دەرنەکەوێت کە درۆزنە، تەنیا جەستەی بەکار دێنێت.
هەندێک لە سۆاڵکەرانی ستۆکهوڵم بەتایبەتی ئەوانەی کە لە وڵاتانی دیکەوە هاتوون تەکنیکێکی تازەیان داهێناوە، باری ناهەمواری ژیان و سکاڵای خۆیان لە نووسراوێکدا دەنووسن، ئەمجا فۆتۆکۆپی لە سەر دەگرنەوە، لە ناو واگۆنی شەمەندەفەرەکان بە سەر ڕێبوارەکاندا دابەشی دەکەن، پاشان لەگەڵ پارەکاندا کۆیان دەکەنەوە و لە وێستگەی داهاتوودا دەیگوازنەوە بۆ واگۆنێکی دیکە و لە کاری خۆیاندا بەردەوام دەبن. ئەو کەسانە پێمان  دەڵێن زمان نازانین، بەڵام هاوکات جەختێکی زۆر لەسەر ڕەهەندی جەستەیان دەکەن. ئەمە تەکنیکێکی تازەیە کە ڕەنگە گەشەی کۆمەڵگەمان لە ڕیتمی ئێستای ئەم

تەکنیکەش بە خۆیەوە ببینێت..

**جەستەی درۆزنان**

کەسێک کە باوەڕی بەخۆی بێت و خۆی بە ڕاستگۆ بزانێت، هەردەم ڕاست وقیت وسەر بڵند ڕادەوستێت، ئەمە ئەگەر کێشەیەکی تەندروستی نەبێت. شێواز وپێگەی بەژن وباڵامان گوزارشت لە ناخمان دەکات، هەروەها گوزارشت لەوە دەکات کە دەمانەوێت چۆن ببینرێین. ئەوانەی باوەڕیان بە خۆیان هەیە، ڕەپ وراست دەوستن وشانەکانیان بەرەو دواوە دەکێشنەوە .ئەوانەی کە کەمتر باوەڕیان بە خۆیانە بە گشتی دەچەمێنەوە و دەستەکانیشیان دەشارنەوە، سا یان ئەوەتا دەست لەناو گیرفانەکانیان دادەنێن، یان لە لەپشتەوە یان لە پێشەوە بە یەکەوە گرێی دەدەن.

کە ڕووبەڕووی درۆزنێک دەبێتەوە و درۆکەی دەناسیتەوە، یەکسەر تەماشای بەژنی بکە، ئەگەر ئەو کەسە وەستا بێت، تەماشای نزیکترین دەرگا دەکات و هەوڵ دەدات بڕوات، ئەگەر نەڕوات بەژنی دەچەمێتەوە، ئەگەر ئەوەش نەکات ڕووی لەو کەسە وەردەگێڕێت کە قسەی بۆ دەکات.

**چۆن جەستەی کەسێکی درۆزن دەخوێنیتەوە**

باشترین و کورتترین ڕێگە بۆ ئەوەی لە مەبەست وخواستی درۆزنان بگەیت، ئەوەیە کە خۆت ڕابهێنیت لە سەر خوێندنەوەی جەستەیان.

ئەگەر درۆزنێک پێت ئاشنا بێت، یان پێشتر بیناسیت، بە تەکنیکی بەراووردکاری دەزانیت کەی ڕاست دەکات و کەی درۆ دەکات، بە واتەیەکی دی، لە کاتی ڕاستگوییدا چۆن ڕەفتار دەکات، لە کاتی دۆکردنیشدا چۆن ڕەفتار دەکات. هەربۆیە دایک لە هەموو کەس باشتر دەزانێت کەی منداڵەکەی ڕاست دەکات یان کەی درۆ دەکات... خوێندنەوەی زمانی جەستە باشترین و خێراترین ڕێگەیە بۆ گەیشتن بە ڕاستی و درۆی خەڵک.

بۆ دەبێت جەستەی کەسانی درۆزن بخوێنینەوە؟

باشە بۆ دەبێت جەستەی کەسانی دروزن بخوێنینەوە؟ لە ڕاستیدا درۆزنان بە ژمارە کەم نیین، ئێمەیش نابێت بە چاوێکی کەم بایەخەوە تەماشایان بکەین، تۆش وەکو من، لە زۆر جێگە و پێگە و بواردا ڕووبەڕووی کەسێک یان کەسانێکی درۆزن دەبیتەوە، بەناچاریش کاریان لەگەڵ دەکەیت. گەر بتوانیت کۆد و هێماکانی جەستەی درۆزنان بخوێنیتەوە بەزەحمەت کەسێک بتوانێت بەڕێگەی چەواشەدا بتبات.

درۆزن دەزانێت درۆ کاریگەرییەکی نێگەتیڤ و ڕووخێنەری هەیە و لەناو کۆمەڵ و خێزان و لە بازنەی کاردا ڕێزی لێ ناگیریت بەڵام درۆی خۆی هەر دەکات، هەندێک پێیان وایە کە درۆی بێ مەبەست ئەوەندەش زیانبەخش نییە. بەڵام وانییە.
درۆی درۆزنان دوو جۆرن، جۆری یەکەمیان درۆزن لە پێناوی مەبەستێک درۆ دەکات، ئەم جۆرە درۆزنانە پراگماتین، دەیانەوێت بگەنە مەبەستێکی دیاریکراو، جۆری دووەمیش ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە هەر لە خۆڕا و بێ پلان و بەرنامە درۆ دەکەن. لەم دۆخەدا درۆ وەکو خوویەکی کەسێتی لێ دێت. دەڵێن فلانە کەس درۆ هەر بۆ درۆ دەکات.هەندێک جار دەڵێین درۆ بووە بە نەخۆشی لای ئەو کەسە. درۆی بێ مەبەست یان درۆ لە پێناوی درۆ دەبێتە هۆکاری گەلێ کێشەی دیکە.

**دیسانەوە:جەستە درۆ ناکات**

هەموو یاسا و بنەماکانی زمانی جەستە پێمان دەڵێت جەستە درۆ ناکات. بەڵام کە ڕووبەڕووی کەسانی درۆزن و ساختەچی دەبینەوە، بەر لە هەموو شتێک قسەی سەر زاریان دەکەین بە پێوەری ڕاستگۆیی و وشە بە وشە فەرمایشتەکانیان تاوتوێ دەکەین، بە داخەوە زۆربەمان درک بەوە ناکەین کە زمانی جەستە ڕاستیی و دروستیی قسەکانیان دەسەلمێنێت. واتە بۆ ئەوەی بزانی ئەو کەسە ڕاست دەکات یان نە! سەرنجی جەستەی بدە. دیسانەوە میتودی بەراووردکاری بەکاربهێنە. واتە زمانی جەستەی پێش درۆ وریپاش درۆ.
بەشبەحاڵی خۆم ئەگەر لەگەڵ کەسێکی درۆزندا ڕەفتار بکەم چەندی گوێ لە قسەکانی دەگرم، ئەوەندەش سەرنجی جەستە دەدەم، هەوڵ دەدەم هەموو ئەندامێکی جەستەی بخوێنمەوە. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت ئارام و لەسەرخۆ بیت، دەبێت پشوت لەگەڵ درۆزندا درێژ بێت. پەلەکردن لەگەڵ درۆزندا بۆ خۆت بە زیان دەگەڕێتەوە، هەر بۆیە کە دەگەیتە ئەو باوەڕەی ئەو کەسە درۆت لەگەڵ دەکات، هەوڵبدە تا بۆت دەکرێت ڕووبەڕووی نەبیتەوە، پێی نەڵێیت بەسە درۆ مەکە.

ئەوانەی کە لێکۆڵینەوە لەگەڵ تاوانباران دەکەن، سوودێکی زۆریان لە زمانی جەستە و خوێندنەوەی هەڵس و کەوتی تاوانباران وەردەگرن. ئەوان میتودێک پیادە دەکەن برییتە لە چەندین تەکنێکی ورد ورد، تاکو ئەو تاوانبارە ی کە پەنا دەباتە بەر درۆ و ڕاستییەکان دەشارێتەوە زیاتر و زۆرترین زانیاری بدات. ئەگەر لە درۆزن تووڕە ببیت و

ڕووشکێنی بکەیت، ئەو یەکسەر شێوازی خۆی دەگۆڕێت، تەنانەت تۆنی دەنگیشی دێتە گۆڕان.
دەستگا پۆلیسییەکانی ئەمریکا گوێ لە تاوانباران دەگرن و قسەیان پێ نابڕن، ئەوان یەکسەر تێدەگەن بۆچوونەکانی ئەو کەسە درۆیە، بەڵام ئەو هۆشدارییە هەرگیز بە تاوانبارەکە نادەن کە قسەکانی ڕاست نیین، چونکە لەو حاڵەتدا زانیاری بەدەستهێنان زۆر سەختە دەبێت. دیارە ئەوان بە پلەی یەکەم بایەخ بە زمانی جەستەی ئەو تاوانبارە دەدەن، ئەو پسپۆڕانە لەوە دەگەن کە زمانی جەستە یارمەتیدەری ڕاستەقینەیە، ڕاستە گوێ لە تاوانباری درۆزن دەگرن، بەڵام بە ئەندازەیەکی گەورە جەخت لە سەر خوێندنەوەی زمانی جەستە دەکەن. گوێ بۆ زمانی ئاخاوتن شل دەکەن، بەڵام بەوردی تەماشای گۆڕانکارییەکانی جەستە و دەموچاوی دەکەن، چونکە ئەوان لەوە گەیشتوون کە هەرکەسە خاوەنی زمانێکی جەستەیی تایبەتە، لە زمانی جەستەی هیچ کەسێک ناچێت، بەڵام چەندەها کۆدو شیفرەی هاوبەشیش لە جەستەی دروزنانی دونیادا هەیە.

**سەرنجی جەستەی درۆزنێکی پرۆفیسیۆنال بدە**

دەفەرموو ئەگەر کەسێکی درۆزن دەناسیت، سەرنجی چاوەکانی بدە، بۆت دەردەکەوێت کە ناتوانێت یەکسەر تەماشات بکات. سەرنجی ئەوە بدە کاتی کە درۆ دەکات، چۆن دەبزوێت، چون پێگەی جەستەی خۆی دەگۆڕیت، چۆن هەڵسوکەوت دەکات و ئاماژە و جووڵەی دەست و قاچەکانی لە کام ڕستە و لە کام وشەدا دێنە گۆڕان!
درۆزنی کارامە هەوڵ دەدات زیرەکانە ئەو کۆدانە بشارێتەوە... ئەوان بەرانبەر هەندێک کەس سەرکەوتن بەدەست دێنن، بەڵام وەکو دەڵێن پەتی درۆ کورتە، بە تایبەتی ئەگەر خوێندنەوەی چاک بۆ جەستەیان بکرێت، خۆ ئەگەر ئەو کەسە چەند لە بەکارهینانی بەشێکی یان ئەندامیکی جەستەیدا کارامە بیت و بتوانیت بمان خەڵەتینیێت، ئەوا لە میکانیزمی گشتیدا هەتا کۆتایی هەر سەرکەوتوو نابیت، بۆیە لەم دۆخەدا دەبیت بەوردی سەرنجی سەرجەمی جەستە بدریت، هاوکات نابیت وتاری زارەکی فەرمۆش بکریت، بگرە دەبیت ئاگادار بیت، تا چەند وتاری جەستە و وتاری زارەکی هاوتەریب و پێکەوە گونجاون..

**جەستەت دەڵێت نەک زوبانت**

ئێوارەیەک چارلی چاپلن و ئێنشتاین بەیەکەوە چوون بۆ نمایشێکی شانۆیی، بینەران بە چەپڵەڕێزان پێشوازییان لێ کردن، چاپلن بە ئێنشتاینی گوت: ئەوانە چەپڵە بۆ من لێدەدەن چونکە نازانن چی دەکەم، چەپڵە بۆ تۆش لێدەدەن چونکە نازانن چی دەڵێیت. کردار و ئاخاوتن، دوو تایبەتمەندێتی ناسک وخەتەرناکی ئادەمیین.

**هەردووکیان پێویستیان بە جەستەیەکی چالاک وکارا وتەندروست هەیە.**

**درەختێک یان دارستانێک**

واتە کە بۆ هەرکەسێک دەدوێیت، هەوڵبدە تا بۆت دەکرێت، سەرنجی زمانی جەستەی ئەو کەسە بدە. ئەم تەکنیکە زۆر سادە ئاسانە، بەڵام بە داخەوە زۆربەی خەڵک ئەم تەکنیکە سادەیە لە چاوناگرن، بگرە زۆرینەیش ئاگاداری نین. هێزی وتارەکەت، دینامیکیەت و توانای لەیەکگەیشتنت لەگەڵ کەسانی دیکەدا، لەوەدایە کە لە هەڵسوکەوت و کاردانەوەکانی سەر جەستەیاندا ڕەنگ دەدەنەوە، ئەرکی تۆیش لە ناو تۆڕی پێوەندییدا، لەوەدایە، بزانیت تا چەند پرۆسەی لەیەکگەیشتن لەگەڵ ئەو کەسانەدا کاریگەرە، چەند بە ئاگایی و بەهۆش و زەین و جەستەوە لەگەڵتدان، چەند گوێت لێ دەگرن، چەند لێت تێدەگەن. ئەم ئەرکە هێشتا ئاسانترە ئەگەر لە جوغزی یەک کەس تێنەپەڕێت، بەڵام ئەگەر بازنەی پێوەندیمان فراوانتربێت، ئەگەر پتر لە کەسێک بگرێتە خۆ، ئەرکی خوێندنەوەی جەستەی بەرانبەرەکەت سەختتر و قورستر دەبێت، واتە ئەگەر بۆ یەک کەس بدوێیت، لەم دۆخەدا تەنیا جەستەی کەسێک دەخوێنیتەوە، ئەگەر بوو بە دوو کەس ئەوکات ئەرکی خوێندنەوەی جەستەیان بڕێک قورستر دەبێت، کە بوو بەسێ و چوار... هتد دوایی، پانتایی خوێندنەوەی جەستە فراوانتر دەبێت، ئەگەر تەنیا جەستەی یەک کەس بخوێنیتەوە وەکوو ئەوە وایە سەرنجی درەختێک بدەیت، بەڵام کە بوو بە چەند کەسێک وەکوو ئەوەیە سەرنجی دارستانێک بدەیت، ئەمیان سەختترە.



# پەروەردەکردنی منداڵان
# بە ئازایەتی ئەدەبی

**رەزا شوان**

بێگومان هەموو دایکان و باوکان؛ ئاواتەخوازی ئەوەن منداڵە خۆشەویستەکانیان لە هەموو بوارەکانی ژیانیاندا ئازا و بوێر و دلێربن، بڕوا و متمانەیان بە تواناکانی خۆیان هەبێت؛ بە ئەوپەڕی ئازادی و ئازایەتیشەوە، بە بێ ترس و شەرم، گوزارشت لە هزر و لە راو لە راز و نیازە پاکەکانیان و لە بۆچوونەکانی خۆیان بکەن.

ئازایەتی ئەدەبی؛ خەسڵەتێکی گرنگ و جوانە لە خەسڵەتە ئەرێنییەکانی هەر مرۆڤێک، خەسڵەتێکی زۆر پێویستە و بەشێکی سەرەکییە لە سیمای کەسایەتی مرۆڤ، بەڵکو بە بڕبڕەی پشتی بنیاتنانی کەسایەتییەکی بەهێز و هاوسەنگ و رەوشت ئاسایی دەزانرێت.
لەم پێودانگەوە؛ پێویستە لەسەر دایکان و باوکانی خۆشەویست، هەر لە منداڵییەوە منداڵەکانیان لەسەر ئەم خەسڵەتە گرنگ و پێویستییە رابهێنن و پەروەردەیان بکەن.
تا لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی داهاتوویاندا، بتوانن پشت بە خۆیان ببەستن و بەسەر ترس و شەرم و دڵەڕاوکێدا زاڵبن، تا بە ئەوپەڕی ئازایەتی و بوێرییەوە رووبەڕووی ئەو کێشە و هەڵوێست و بەرەنگارییانە ببنەوە کە دێنە رێیان. ئازادانە و ئازایەتییانە بڕیاری راست و دروست بدەن، بێ دامان و رامان گوزارشت لە بیرۆکەکانیان بکەن.
ئازایەتی ئەدەبی؛ کارێکی هاوسەنگە، پەیوەندییەکی تێکەڵ و بەهێزی لەگەڵ ئازایەتی جەستەییدا هەیە، بەڵکو هەردووکیان بە تەواکەری یەکتری دادەنرێن.
ئازایەتی ئەدەبی لە منداڵاندا؛ ئەوەیە کە بڕوایان بە خۆیان هەبێت، ئازا و بوێربن، بە ئازایەتی و بە ورەبەرزییەوە، بە بیرکردنەوەیەکی قووڵ و داناییەوە، بەرپەچی هەر هەڵوێستێکی دژوار و نەرێنی بدەنەوە کە رووبەڕوویان دەبێتەوە، سەرسەختانەش داکۆکی لە باوەڕەکانیان و لە مافەکانیان بکەن و سازشیان لەسەرنەکەن، ملکەچی رای سەپێنراوی کەسانی تریش نەبن.
پێویستە ئەوەش بزانین، کە ئازایەتی ئەدەبی، ملهوڕی و لەخۆبایی و خۆسەپاندن و

هەمیشە خۆبەڕاست زانین ناگەیەنێت. پێویستە ئازایەتییەکی گونجاوبێت، هەڵە نەکەن و سنوور نەبەزێنن و هەستی کەسانی تر بریندارنەکەن و پێشێلی ئازادی و مافەکانیشیان نەکەن، ڕێزیان بۆ دابنێن و بە کەمیان نەزانن. ئازایەتی ئەدەبی؛ ئەوە ناگەیەنێت کە لە ئاستی راستییەکاندا، کەلەڕەقی و نکوولّی بنوێنن، تەنیا هەر قسە و را و بیرۆکەکانی خۆیان بە راست و دروست بزانن. ڕاو و بیرۆکە جیاوازەکانی کەسانی تر ڕەتبکەنەوە.
ئازایەتی ئەدەبی تا ڕادەیەک خەسڵەتێکی بۆماوەییە، لە هەمان کاتیشدا خەسڵەتێکی وەرگیراوە. منداڵان لە دایکان و باوکان و لە کەسانی ترەوە ئەم خەسڵەتە وەردەگرن. دەکرێت لە هەڵوێستەکانی رۆژانەدا، بە پێی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵان، هێدی هێدی منداڵان لەسەر خەسڵەتی ئازایەتی ئەدەبی ڕابهێنرێن. تا ببێت بە بەشێک و بە بەهایەکی بەرزی چەسپاو لە ژیانی کەسایەتییاندا.. دایکان و باوکان و مامۆستاکان رۆڵێکی گرنگ و کارتێکەر و بەرچاویان هەیە، لە هاندان و لە رواندنی ئازایەتی ئەدەبی لە دەروونی منداڵەکانیاندا. بۆ نموونە: بە ئامادەبوونی دایکان و باوکان یا بەبێ ئامادەبوونیان؛ ئەوە بزانن کە بە چ شێوازێک منداڵەکانیان گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی نائاشنا و نامۆدا دەکەن، چۆن بە بێ ترس و شەرمکردن و لەڕووهاتن، لەگەڵ کەسانی نامۆدا دەدوێن، یا لە ئاهەنگی یادی ساڵڕۆژی جەژنی لە دایکبوونیاندا، سەرەنجیان بدەن و بزانن، کە چۆن پێشوازی و بەخێرهاتنی هاوڕێ بانگهێشکراوەکانیان دەکەن، چۆن بە بێ شەرم و شڵەژان قسەدەکەن و گوزارشت لە دڵخۆشی و شادی خۆیان دەکەن، بە چ شێوازێکی شیرین و شایستەش سوپاسی ئامادەبوونی هاوڕێکانیان دەکەن. یاخوود لە پۆلی خوێندندا، یان لە کاتی ریزبوونی رۆژانەی پێش دەستپێکردنی وانەکان لە قوتابخانەکاندا، ئایا منداڵەکانتان ئەو ئازایەتییە ئەدەبییەیان هەیە، کە بەبێ شەرم هۆنراوەیەک، یا پارچە پەخشانێک، یا چالاکییەک بە دەنگێکی بەرز و بە شێوازێکی فانتازی، لە بەردەم مامۆستاکانیان و هاوڕێکانیاندا پێشکەش بکەن.. منداڵان لە رێی ئەم هەڵوێستانە و لە هاوشێوەی ئەم هەڵوێستانەوە، دەتوانن ئازایەتی ئەدەبی خۆیان دەربخەن و سەرنجی کەسانی تر بۆ لای خۆیان رابکێشن. زۆر لە منداڵان هەن، کە گەلێ بیرۆکە و رای جوان لە ناخیاندا هەن، بەڵام ئەو ئازایی و ئازایەتییە ئەدەبییەیان نییە، کە بە قسەکردن دەریان ببڕن.
بەشێکی زۆری توێژینەوەکانی ئەم بوارە، ئەوەیان سەلماندووە کە هۆکاری شەرم و ترس و نەبوونی ئازایەتی ئەدەبیی منداڵان، دایکان و باوکانیانن. ئەمەش بە کەلێنێکی پەروەردە دەزانرێت. هۆیەکەشی ئەوەیە کە دایکان و باوکان، زیادەڕۆن لە چاودێری و لە پاراستنی منداڵەکانیان، هەمیشە بە دوایانەوەن، بواری ئەوەیان نادەنی کە پشت بە

خۆیان ببەستن. هەموو شتێکیان لێکردوون بە بڤە و ئێوە ناتـوانن، ئێوە هێشتا منداڵن، قسەمەکەن و قـوڕوقەپ، دەمتان داخـەن.. بەم شـێوە نادروسـتانە تەریقـیان دەکەنەوە. (یۆنـامات) دەڵـێ»تـا تـەمـەنی سیانزە ساڵـیم، وامـدەزانی کە نـاوم ـ دەمـت داخـە ـ یە»

دایکان و باوکان، لە منداڵەکـانت بگەڕێن، با دەمیان دانەخـەن و بە ئازادی و ئازایەتی گـوزارشت لە ناخـی دەروونیان و لە حەز و راز و نیازەکـانیان و لە را و بیرۆکە و لە بۆچوونەکـانیان بکەن، ئەگەر هەڵـەشیان کرد، لێیان تووڕەمـەبن و چاوتـان لێیان زەق مەکەنەوە و سەرکوێریان مەکەن، تەریقیان مەکەنەوە. بە داخەوە کە هەندێ لە دایکان و باوکـان شانـازی بـەوەوە دەکـەن، کە منـداڵەکـانیان ناوێـرن لە ئاستیاندا فـزەبکەن، یا چـاویان هـەڵبێنن. ئەمـە رەفـتارێکی هـەڵـەیە و ئەنجـامێکی خـراپی لـێدەکەوێتـەوە. گەر بتانەوێت منداڵەکانت بە ئازایەتی ئەدەبی پەروەردە بکەن، پێویستە بە شێوەیەکی راست و دروست پەروەردەیان بکەن، پشت بە بنەما دەستوورییەکان و بەرنامەیەکی داڕێژراوی سیستەماتیک ببەستن، کە شیاو و گونجـاوبن لەگەڵ قۆناغەکـانی تەمەنی منـداڵاندا. پێویستە دایکـان و باوکـان، هەست بەوە بکـەن، کە منداڵەکـانیان هـەر لە منداڵییەوە، رەنگدانەوەی شەرم و بێـدەنگی و لەروونەهـاتنیان پێوە دیـارە. بەشێکی زۆریـان ئـازایەتی گوزارشتکـردن و دەربـڕینی حـەز و نیـاز و رازەکـانیان نین. ئەگەر هەر وابمێننەوە، کە گـەورەشبن ئەم خـەسڵەتە نەرێنـیانە دەبـن بە بەشێک لە ژیـانیان. کە مامۆستا بووم لە قوتابخانەیەکی شاری کەرکوکی کوردستانی، وانەی ماتمـاتیکم بە پـۆلی پێنجەم و شەشەمی بنـەڕەتی دەوتەوە ـ دوور لە خۆهەڵکێشان ـ هەمـوو ساڵێک سەرپەرشتیاری ماتماتیک لە بەڕیوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوک، داوی لێـدەکردم کە وانەیەکی نموونەیی بۆ مامۆستایانی ماتماتیکی قوتابخانەکانی کەرکوک بڵێمەوە. زۆر بە ئاسایی و سەرکەوتووییەوە دەمـوتەوە.. جارێکـیان بە سەرپەرشتیارەکـەم وت، ئەمساڵ داوا لە مامۆستایەکی تر بکە با وانەیەکی نموونەیی لە ماتماتیکدا بڵێتەوە، با هـەر مـن نەبم، سەرپەرشتیارەکەمان وتی:» بـڕوابکە، داوام لە زیاتر لە پـەنجا مامۆستا ماتماتیک کـردووە، لە وەڵامـدا پێیان وتم، بە راستی ئێمە شەرم دەکەین و ناتوانین لە بەردەم ئەو هەموو مامۆستایانەدا، بە سەرکەوتوویی وانەیەیەکی نموونەیی لە ماتماتیکدا بڵێینەوە، داوای لێبووردنیان لێکردم» من هۆکاری نەبوونی ئـازایەتی ئەدەبیی ئەو مامۆستایانە و بە هەزاران گەورەی تریش بۆ تافی منداڵییان دەگەڕێنمەوە، ئۆباڵیان لە ئەستۆی دایکان و باوکان و مامۆستاکانیانن، دەبوایە زوو هەستیان بەم خەسڵەتە نەرێنییە بکردایە و بە

راهێنان و بە یارمەتیدانی پێویست چارەسەریان بکردایە و نەیان هێشتبایە ببێت بە ترس و شەرمکردن و بە دیاردەیەکی نەخوازراوی چەسپاو لە کەسایەتی و ژیانیاندا.
ئازایەتی ئەدەبیش، خەسڵەتێک نییە، کە بە ئاسانی و تەنیا بە قسەی رووت بێتەدی، وەک ئەوەی کە دایکان و باوکان بە منداڵەکانیان بڵێن «دەبێ ئازایەتیتان هەبێت» خەسڵەتێکیش نییە کە بتوانن، لە ماوەی چەند مانگێک یا ساڵێکدا ئەم خەسڵەتە لە دەروونی منداڵەکانتان بڕوێنن.. بەڵکو بۆ رواندنی ئازایەتی ئەدەبی لە دەروونی منداڵەکانتان، پێویستیتان بە ئارامی و قوربانیدان هەیە. چونکە پەروەردەکردنێکی راست و دروست کاتێکی زۆر دەخایەنێت و پێویستی بە پشوودرێژی و درێژەدان هەیە.
(ئەرستۆ) دەڵێ »رەگی پەروەردە تاڵە.. بەڵام بەرەکەی شیرینە»
بە کورتی لەم خاڵانەی خوارەوەدا، باس لە گرنگترین رێگاکانی گەشەکردنی ئازایەتی ئەدەبی لە منداڵاندا دەکەین.. بەو هیوایەی کە دایکان و باوکان سوودیان لێوەربگرن:
١ـ دایکان و باوکان ئاوێنەی منداڵەکانیانن، پێویستە هەموو دایک و باوکێک نموونەبن لە ئازایەتی ئەدەبیدا و ببن بە پێشەنگ بۆ منداڵەکانیان، چونکە منداڵان چاولێکەرن و لاسایی گەورەکان دەکەنەوە، بە تایبەتیش رەفتار و کردارەکانی دایکان و باوکانیان.
(وین دایەر) دەڵێ: »منداڵەکانتان دەڕواننە هەموو ئەو کردارانەی کە لە ژیانتاندا دەیانکەن.. نەک لەو قسانەی کە دەیانکەن»
٢ـ چیرۆک رۆڵێکی گرنگی هەیە لە پەروەردەکردنی منداڵاندا، پێویستە دایکان و باوکان ئەو چیرۆکانە بۆ منداڵەکانیان بگێڕنەوە یا بخوێننەوە، کە باس لە ئازایەتی ئەدەبی و ئازایەتی جەستەیی دەکەن، بە تایبەتیش ئەو چیرۆکانەی کە پاڵەوانەکانیان منداڵانن.
٣ـ راستگۆیی خەسڵەتێکی گرنگی ئازایەتی ئەدەبییە، پێویستە دایکان و باوکان هەر لە منداڵییەوە، منداڵەکانیان بە راستگۆیی پەروەردەبکەن و رایان بهێنن و فێریان بکەن کە راستگۆیی یەکێکە لە هەرە خەسڵەتە جوانەکانی کەسایەتی مرۆڤ، فێریان بکەن کە ئازایەتی ئەوەیان هەبێت کە دان بە هەڵەکانیاندا بنێن. گەر کچۆلەیەک قاپێکی لە دەست بەربۆوە و شکا و کەس چاوی لێنەبوو، بە دایکی بڵێت ئەو قاپە لە دەستی من بەربۆوە و شکا. پێویستە دایکی سوپاسی بکات و هانی بدات، کە کچۆلەکەی راستگۆیە، هیوای ئەوەشی بۆ بخوازێت کە هەمیشە راستگۆبێت. چونکە ئەم منداڵە ئازایەتی ئەدەبی هەیە و لەوەش ناترسێت سزای راستگۆییەکەی چی دەبێت، بیدات.
٤ـ پێویستە دایکان و باوکان و مامۆستاکان بە هەموو شێوازێک هانی منداڵەکانیان و قوتابیەکانیان بدەن، کە بە ئەوپەڕی ئازادی و ئازاییەوە گوزارشت لە هزر و خەیاڵ و لە را و لە بیرۆکە و لە بۆچوونەکانی خۆیان بکەن. بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانن

گەلێ دەرفـەت و بواریان بۆ برەخسێنن.. بۆ نموونە لە (وانـەی دارشـتن) دا، پێویسـتە مامۆستای زمـانی کوردی، هانی قوتابیانی پۆلەکەی بدات، کە دارشتنەکانیان لە بەردەم هـاورێکانیانـدا بخـوێـنـنەوە، تا شەرمیـان بشـکێ و لەسـەر ئـازایـەتی ئـەدەبـی رابێن.
٥- بەشداریکردنی مندالاَن لە تیپی سروود و موزیک و گۆرانی قوتابخانەدا بە تایبەتیش ئەو مندالاَنەی شەرم دەکەن، تا شەرمیان نەمێنێت و ئەو ئازایەتییە ئەدەبییەیان هەبێت کە خۆیان دەربخەن و لە بەردەم هاورێکانیاندا بێ شەرم و شلەژان بتوانن گۆرانی بلێن.
٦- پێویستە دایکـان و باوکـان و مامۆستاکـان ئەوەبـزانن، کە کـردارەکان کاریگەرتـرن لە قسەکـان، ئـەم راستییەش بـووە بە چەمکـێکی گـرنگی پـەروەردەی نـوێی منـدالاَن.
٧- هەرگیز نابێت گالَتە و تەلَفیسی بە قسەکانی مندالاَن بکرێن و رووشکێنیان بکەن. تا نەتـرس و شـەرم نەکـەن و خۆیـان بـە لاواز و بێ تـوانـا نـەزانـن.. هـانیان بـدەن تـا بە ئـازایەتی تواناکـانی خۆیـان لە بەردەمی کەسانی تـردا دەرببـرن. لە هـەلَـە و شکستیش نەترس، لە رێی هـەلَە و شکستییەوە، دەتوانن رێگای راستی و سەرکەوتن بـدۆزنەوە.
٨- مندالاَن زۆر جار ناتوانن لە خۆیانەوە بەهـرەی ئـازایەتی ئەدەبی لە دەوروبەریانەوە وەربگرن. پێویستە دایکان و باوکان و مامۆستاکان بە ئەوپەڕی توانایانەوە یارمەتییان بـدەن و ئاراستەیـان بکەن تـا زالَـبن بەسەر ئـەم کێشەیـەدا و پشـت بە خۆیـان ببەستن.
٩- بـڕوابەخۆبوون، پێویستی و خەسلَەتێکی گرنگی کەسایەتییە، پالَنەر و هاندەریشە بۆ درێـژەپێـدان و سەرکەوتـن.. ئەو منـدالاَنەی کە بـڕوایەکی تەواویان بە خۆیان هەیە، بە گـەشبیـنییەوە پـشت بە خۆیـان دەبەسـتن، بە ئاسایی و ئاسانی و بە بێ شــەرم و تـرس، دەتوانن لە بەردەمی مندالاَنی تـردا، گـوزارشت لە را و لە باوەڕ و بیرۆکەکانیان بکەن.
١٠- بۆ هاندان و گەشەکردنی بەهـرەی ئـازایەتی ئـەدەبی لە منـدالاَندا، پێویستە سالاَنە لە وەرزی دووەمی خوێندنـدا لە لایـەن بەڕێوەبەرێتی چـالاکییەکانی قوتابخـانەکان کە سـەر بـە بەڕێـوەبـەرێـتی پـەروەردەی شارەکـان و شارۆچکەکـانە «پـێشبرکـێی ئـەدەبی» بـۆ خوێنـدنەوەی « هـۆنراوە و چیرۆک و پەخـشان» بۆ قوتابیانی قوتابخانەکان سازبکەن، لە لایەن مندالاَنی بەهـرەمەنـدی ئەم بوارانـەوە پێشکەش بکـرێن. خەلاَتی جوانیش بە هەموو مندالَە بەشداربووەکان پێشکەش بکـرێن. ئەم پێشبڕکێیانە رۆحـی ململانێی و وتووێـژ ئـەدەبی لە نێوان مندالاَنـدا دەوروژێـنن، مندالاَنی بەهـرەمەند بە هـەلی دەزانـن کە بەهـرە و ئـازایـەتی و توانـا ئـەدەبییەکـانی خۆیـان دەردەبخـەن.
١١- «بەڕێـوەبەرێتی گـشتی رۆشـنبـیری منـدالاَن» کە سـەر بـە وەزارەتـی رۆشنبـیری کوردستانە، دەتوانێت سـالاَنە « پێشبڕکێ ئـەدەبی بۆ منـدالاَنی کوردستان» بۆ منـدالاَنی

بەهرەمەند لە بواری «ئـەدەبی منداڵان» دا سازبکات، پێویستە لە باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستانیشەوە، چەند منداڵێک بۆ ئەم پێشبڕکێیانە بانگ بکرێن.. خەڵاتی جوانیش پێشکەش بە هەموو منداڵە بەشداربووکان بکرێن. بە داخـەوە کە وەزارەتـی ڕۆشنبـیری کوردســتان، تـا ئێسـتا بایەخێـکی ئەوتـۆیان بە بەهــرە و بە چـالاکییەکـانی منـداڵانی کوردسـتان نـەداون. ئەوەیـان لەبەرچـاو نەگـرتوون کە منـداڵانی ئەمـڕۆمـان هیـوای داهـاتووی کوردسـتانن و منـداڵان بەشێکن لە ئەمـڕۆ و هەموو داهاتووشن.

١١ـ ڕاگەیاندنەکان و میدیاکانی کوردستان، دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگیان هەبێت لە هاندان و لە گەشەکردنی ئـازایەتی ئـەدەبی لە منداڵانـدا، پێویستە کەناڵە تایبەتیەکانی منـداڵان بایەخێکی زیاتر بە چالاکییەکانی منداڵان بدەن.. چونکە هێشتا لە ئاستی پێویستدا نین.

١٣ـ شانۆ بوارێکی گرنگە، بۆ هـاندان و ڕاهێـنانی منـداڵان بە ئـازایـەتی ئـەدەبی و بۆ ڕەواندنەوەی تـرس و شەرمیان. زۆربـەی منـداڵان حەزیـان بە نوانـدن هـەیە. لە ڕێی نواندنەوە دەتوانن تواناکانیان دەربخەن و ئازایەتی ئەدەبی و جەستەییان پێشان بـدەن.

١٤ـ من پێشنیاری ئەوە دەکەم، کە لە ساڵی خوێنـدنی ( ٢٠١٨ـ ٢٠١٩ ) دا، لە هـۆڵـێ کتێبخانە گشتییەکانی پارێزگاکـانی هەولێر و سلێمانی و کەرکوک و دهۆک و هەڵەبجە، چەنـد کۆڕێکی ئـەدەبـی بۆ قوتابیانی قوتابخانە بنەڕەتییەکـانی شارەکانیان، بۆ چـالاکی ئەدەبی منداڵان سازبکەن، هەر جارەی کۆمەڵێک لە منداڵانی بەهرەمەند، هـۆنـراوە و چـیرۆک و پەخـشان پێشـکەش بکـەن.. گـەر بیانـەوێـت ئەمـە کـارێـکی گـران نیـیە.









# ڕۆژی جیهانی مامۆستایان

ڕەزا شوان

له ساڵی (١٩٩٤) ەوە، هەموو ساڵێک لە رۆژی (٥ی/ ئوکتۆبەر) کە بە (رۆژی جیهانی مامۆستایان) ناوبراوە، بەم بۆنەیەوە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، بە گەرمی پیرۆزبایی لە مامۆستایان دەکەن و گوڵیان پێشکەش دەکەن. لە قوتابخانەکان و لە شوێنانی تریشدا ئاهەنگی خۆشی و چەندین چالاکی هەمەجۆرە و هۆنراوە و پەخشان پێشکەش دەکرین، هەر لەم رۆژدا، کۆمەڵێک لە مامۆستایانی لێهاتوو خەڵات دەکرێن. ئەم یادەش رێکەوتی راگەیاندن و واژۆکردنی ئەو راسپاردانەن، کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (یۆنسکۆ) بۆ پەروەردە و زانیاری و رۆشنبیری، بە هاوبەش لەگەڵ رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ئیدیۆکشن ئینتەرناشیۆناڵ) دا، کەلە کۆنگرەی (پاریس) دا، هاوهەڵوێست بوون لە راگەیاندنی کۆمەڵێک راسپاردە. لە پێناوی ئاوڕدانەوە و بایەخدانی پێویست پیشەی مامۆستایی و بە وانەوتنەوە. بۆ باشکردنی باردۆخی مامۆستایان و، پارستنی مافەکانیان لە هەموو جیهاندا.. چونکە فێرکردنێکی باش و پەروەردەکردنێکی دروست، هیوا و مژدەبەخشی ژیانێکی باشتر و خۆشتر و داهاتوویەکی گەشتر و شیاوترن. لە کۆنگرەی پێنجەمی نێودەوڵەتی بۆ پەروەردە، کە لە ساڵی (١٩٦٦) دا، لە شاری (جنێڤ) لە سویسرا بەسترا، لەسەر رۆشنایی راسپاردەکەی (یۆنسکۆ) و (ئیدیۆکشن ئینتەرناشیۆنال) یەکێک لە بڕیارە گرنگەکانی ئەم کۆنگرەیە ئەوەبوو، کە بۆ یەکەمین جار بڕیاری ئەوەیان دا، کە رۆژی (٥ی/ ئوکتۆبەر) هەموو ساڵێک، بکرێت بە رۆژی مامۆستایان لە هەموو جیهاندا، بە ناوی (رۆژی جیهانی مامۆستایان). بۆ یەکەمین جاریش لە (٥ی/ ئوکتۆبەر/١٩٩٤) دا، بە فەرمی لە زیاتر لە (١٠٠) وڵات لە جیهاندا، لەو ساڵەوە تا ئەمڕۆ، لەم رۆژ و مانگ و ساڵەدا، بە ئەوپەڕی رێزەوە یادی ساڵڕۆژی (رۆژی جیهانی مامۆستایان) دەکەنەوە.. مەبەستیش لەم یادکردنەوەیە، دانان و پێزانینە، بە رۆڵی بەرز و قوربانیدانی مامۆستایان و بە پیرۆزی پیشە و بە پەیامە پیرۆزەکەیان، کە پیرۆزترین پەیامە.

ڕۆژی جیهانیی مامۆستایان، لە هەموو وڵاتانی جیهاندا لە ڕۆژی (٥ی/ ئوکتۆبەر) دا نییە، بەشێک لە وڵاتانی جیهان هەمان ڕۆژیان نەکردوون بە ڕۆژی مامۆستایان لە وڵاتەکانیاندا، بەڵکو لە بەرواری جیاجیادا دەکرێت، کە ڕەنگە پەیوەندییان بە بۆنەی تایبەتمەندی خودی ئەو وڵاتانە، لەو ڕۆژانەدا هەبێت.

بۆ نموونە ڕۆژی مامۆستایان لەم وڵاتانەدا، لە ڕۆژانەدان: ( لە بەرازیل: ١٥ئوکتۆبەر) و (لە چین: ١٠ی سێپتەمبەر) و ( لە ئەرجەنتین: ١١ی سێپتەمبەر) و لە ( لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: هەفتەی یەکەمی مایۆ) و (لە ئوسترالیا لە دوا هەینی ئۆکتۆبەر) و (لە هیندستان: ٥ی سێپتەمبەر) و (لە پۆڵەندا: ٢١ی دێسەمبەر) و (لە کۆریای باشوور:١٥ی مای) و ( لە میسر: ٢١ی دێسەمبەر) و (لە ئیندەنۆسیا: ٢٥ی نۆڤەمبەر) و (پاراگوای: ٣٠ی ئاپریل) و لە... هتد. بەڵام زیاتر لە سەد وڵات لە جیهاندا ڕۆژی (٥ی/ ئوکتۆبەر) ی هەموو ساڵێکیان کردوون بە ڕۆژی مامۆستایان لە وڵاتەکانیان کە (ڕۆژی جیهانی مامۆستایان) ە، لە هەندێ وڵاتانیشدا ڕۆژی مامۆستایان کراوە بە پشووی فەرمی.

لە باشووری کوردستان و لە عێراقدا، ڕۆژی (١ی/ ئادار) ی هەموو ساڵێک، کراوە بە ڕۆژی مامۆستایان، کە عێراق ئەم ڕۆژەی دیاری کردووە نەک کوردستان.

من وەکو مامۆستایەکی کورد، نە لە ڕابردوو و نە لە ئەمڕۆشدا، هیچ تایبەتمەندی و بۆنەیەک شکنابەم.. کە ڕۆژی (١ی ئادار) پەیوەندی بە تایبەتمەندییەکی مامۆستایانی کوردستانەوە هەبێت. بیست و حەوت ساڵیشە دەسەڵاتی کوردی و وزارەتی پەروەردە و سەندیکای مامۆستایانی کوردستان لە هەریمی باشووری کوردستاندا، بیریان لە گۆڕینی ئەم ڕۆژە نەکردۆنەتەوە، بۆچی تا ئەمڕۆش (١ی ئادار) ی هەموو ساڵێک بە ڕۆژی مامۆستانی کوردستان دەزانن، چ بۆنەیەکی مامۆستایانی کورد دەکەوێتە ئەم ڕۆژەوە؟! من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە یەکێک لەم دوو ڕۆژە بکرێت بە (ڕۆژی مامۆستایانی کوردستان) یا هەر ڕۆژێکی تر، کە پەیوەندی بە بۆنەیەکی مامۆستایانی کوردستانەوە هەبێت.

١- ڕۆژی (١٥ی/ مای) هەموو ساڵێک، بکرێت بە (ڕۆژی مامۆستایانی کوردستان) کە یادی دامەزراندنی (یەکێتی مامۆستایانی کوردستان)ـە. ئەوەبوو مامۆستایانی کوردستان لە یەکەمین کۆنگرەیاندا، کە لە شاری (سلێمانی) لە ڕۆژی (١٥ی/ مای/١٩٦٢) دا بەسترا و (یەکێتی مامۆستایانی کوردستان) یان دامەزراند، شایەنی خۆیەتی کە هەموو

ساڵێک یادی ئەم ڕۆژە و مانگە، بە فەرمی بکرێت بە (ڕۆژی مامۆستایانی کوردستان) و لەم ڕۆژەدا ئاهەنگی خۆشی و شادی و کۆمەڵێک چالاکی جۆراوجۆریش لە سەرجەم قوتابخانەکانی کوردستانـدا ئەنجام بدرێـن. خەڵاتی ڕێزلێنانیش پێشکەش بە کۆمەڵێک لە مامۆسـتایانی لێـهاتوو و خـزمەتـدرێژ و بە خـێزانی ئەو مامۆسـتایانەی کە شەهید بوون بکـرێن.. بەبـێ جـیاوازی کـردن.

٢ـ ڕۆژی (٦ی/ ئوکـتۆبەری) هەمـوو ساڵـێک، کە یـادی ساڵـڕۆژی یەکەمین شەهـیدی مامۆستایانی کوردستانە لە شـۆڕشی ئەیلـولی (١٩٦١) دا، کە مامۆسـتا و پێشـمەرگەی ئازا و قارەمانمان، شەهیدی نەمر مامۆستا (حەسیب محەمەد بەگ سیامەنسووری) یە، کە (مامۆستای قوتابخانەی شۆڕیجەی سەرەتایی کوڕان:١٩٥٨ـ ١٩٦٠) بوو لە شاری کەرکوک (نووسەر: من لە پۆلی پێنجەم و شەشەم دا، لە قوتابخانەی شۆڕیجە، قوتابی مامۆستا حەسیب ی نەمر بووم، وانەی وەرزش و بیرکـاری پێدەوتینەوە) مامۆسـتایەکی کوردستان پەروەری سەرسەخـت و زۆر دڵسۆز بوو.. بوو بە پێشمەرگە و لە شەڕێکی قارەمانانەی دەستەویەخەی کەم وێنەدا، لە گەڵ سوپای دڕندە و ڕەگەزپەرستی عێراقدا، لە (گـردە قـارەمان) ی نزیک شارۆچکەی (ئاغجـەلەر) ی سەر بە قەزای چەمچەماڵ ی سەر بە پارێزگـای کەرکـوک، مامۆسـتا حەسیب محەمەد بەگ لەو داسـتانە نەمرییەدا لە ڕۆژی (٦ی/ ئوکـتـۆبەر/١٩٦٢) دا شەهـید بوو، کە هەمـان ساڵـی دامەزرانـدنی یەکـێتـی مامۆستایانی کوردستانە، لەگەڵ مانگرۆژی (ڕۆژی جیهانیی مامۆستایان) شدا، ڕۆژێک جیاوازی هەیە. پێویستە یەکـێتـی مامۆستایانی کوردسـتـان و وەزارەتـی پەروەردە، واز لە ڕۆژی (١ی/ ئـادار) بهێنن و ڕۆژێکی تایبەتمەندی کوردسـتانیمان بکـەن بە ڕۆژی کە پەیوەندی بە ڕۆژی مامۆستایانی کوردستانەوە هەبێت.

بێگومان مامۆستایی پیرۆزترین و گرنگترین و هەستیارترین پیشەیە لە هەموو جیهاندا. مامۆستایان خاوەنی پەیامـێکی گـەورە و پیـرۆز و چـارەنووسازن، ئـەوان بـە ئەوپـەڕی دڵسۆزی و لەخۆبووردن و مانـدووبوونەوە خـزمەت دەکـەن، بێ ئەوەی کە چـاوەڕوانی سوپاس و هیـچ پاداشتێک بن، نەوە لە دوای نەوە پێدەگەن.. مامۆستایانن بەردی بناغە و کۆڵەکەکانی شارسـتانی و پێشکەوتن و داهێنان و گۆڕانکاریـن.. مامۆستایان ڕابـەر و چرای گەشی ڕووناکردنەوەی شەوەزەنگی تارن.. مامۆستایان مۆم ئاسایی دەسووتێن و دەتـوێنەوە، بـۆ ئـەوەی کـە ڕێـی سەرکـەوتـن و پێشـکەوتـن و داهـاتوو بـۆ ڕۆڵـەکـانی نیشتمانەکەیـان ڕوونـاک بکـەنـەوە.. مامۆسـتایـان هـەنگ ئاسـایین و شـیلەی گـوڵانـی زانیاری و زانستی دەمژن و هەنگوێنی زانیاریمان پێشکەش دەکەن.. مامۆستایان هێندە ڕێـزدار و شـکۆدارن، تـا ئـەو ڕادەیـەی کـە بە میـراتـگر و بە جێگـرەوەی پێـغەمـبەران

نـاوزەنـد کراون. میری شاعیرانی عەرەب (ئەحـمەد شـەوقی) کە (بە رەچەڵەک کوردە) دەڵێ:»هەستە بۆ مامۆسـتا شکۆدارییە.. هێندەی نەمابوو مامۆستا ببێت بە پێغەمبەر» مامۆستایان رۆڵـێکی گرنگ و کارتیکەری هەیە لە مێژووی هەر نەتەوەیەکدا.. چونکە مامۆسـتایان نـەوە لە دوای نـەوە پێدەگەیـەنن.. مامـۆستایـان هێمایەکن لـە هێماکـانی پێشـکەوتن و شارستانی.. گـەر گـەلان شـانازی بـە زانـا و دانـا و بیرمەنـد و بلیمەت و داهێنەرەکانیانەوە بکەن، دەبێ ئـەوە بـزانـن، کە هەمـوو ئـەم هەڵکـەوتووانە لە پێشا قوتـابی مامۆسـتا بوونـە.

ئێمەش لە پـرێک، نەبووینە بە کچ و کورێـک.. مامۆستایانی کوردپەروەری دڵسۆزمان فێری ئەلفوبێی کوردایەتی و کوردستان پەروەری و تێکۆشان و گەشبینی و هیواداریيان کـردین.. هـۆشی ئێـمە زەوییـەکی بەیـار بوو.. مامۆسـتاکان کێڵایان و تـۆوی زانسـت و زانیاریان لێ تۆکردن و ئێمەیـان هێـنایە بەرهـەم.. لە چ پلـە و پایـە و پۆسـتـێک دابـین، هـەمیـشە قـەرزاری مامۆستاکـانمانین، شانـازی بۆ دڵسـۆزی و رەنـج و مانـدووبوونـی ئەوان دەگەڕێتەوە. ئەوان رۆڵێکی گرنگیان بینی لە بنیاتنانی کەسێـتی دروستی ئێمەدا.

مامۆستایانی خۆشەویست، ئێوەی پێشمەرگەی گۆڕەبانی پەروەردە، شایەنی ئەوپەڕی سوپاس رێـز و پێـزانین، ئێوەن منداڵانی گەلەکەمان بە باشی فێردەکەن و بە دروستی پەروەردەیـان دەکەن، ئێوە دایک و باوک و خوشک و بـرا ئـاسایین، دەسـتی سـۆز و بەزەیی و خۆشەویستی و رێـز بە سەر منـداڵە چاوگەشەکـانماندا دەهێـنن، کە هـیوای داهـاتووی گەلەکەمانن.. ئێوەن زاخاوی بیر و هۆشیان دەدەن، ئێوەن بـەردی بناغەی کەسایەتییان دادەنـێن.. ئـێوەی مامۆسـتایان سامانێکی بێهاوتـای گەلەکـەمـانن.. ئـێوە پارەیـەکی دەگـمەنن کە بە ئاسانی دەستناکەون، ئێـوە ژێـرخانی داهـاتوومـانن.

مامۆستایانی دڵسـۆز، ئەو منداڵە چاوگەشـانەی کە تـا دوێـنی قوتـابی ئێـوە بـوون، لە ئەمـڕۆدا: مامـۆسـتان، نووسـەرن، هونەرمەنـدن، پارێـزەرن، پزیشـکن، ئەنـدازیارن، بەڕێوەبـەرن، تێکۆشـەرن، رۆژنـامەنـووسن، راگەیـاندنکـارن، چـالاکـوانـن،...هـتد. ئەمـانە ئـەو تۆوانـەن، کە ئێوە تۆتان کـردن و پێیانتـان گەیـانـدن و هاتوونەتە بەر.

مامۆستا دڵسۆزەکانمان، ئێوە شوێنێکی تایبەتیتان لە ناخی دڵماندا هەیە، خۆشەویستی و رێزمان بۆ ئێوە بێسنوورن، هەردەم لە یادتان ناکەین، هەرگیز رێز و خۆشەویستیتان لە دڵمـاندا کـاڵ نابـنەوە.. نـەک تەنـها لە رۆژی جیـهانی مامۆسـتایان دا، بەڵکو لە هەمـوو رۆژەکـانی ساڵدا، رووخسـاری گـەش و شـیرینی ئـێوە لەبـەر چاومـانە. وشـە

ناسک و جوانەکانتان، ڕێنماییە دروست و بەسوودەکانتان، زەردەخەنە شیرینەکانتان، چێژێکی تایبەتییان لە یادەوەرییەکانماندا هەن.. ئێوە دینەمۆی هۆشی ئێمە بوون.. لە ئێوەی دڵسۆزەوە فێری تێکۆشان و کوردایەتی و کوردستان پەروەری و گەشبینی و کۆڵنەدان و هیوا و ئومیدی سەرکەوتنتان بووین.. لە ئێوەوە فێربووین، کە لە بەردەم بڕوا و ئیرادەی پۆڵایین و خۆڕاگری کۆڵنەداندا، بۆ گەیشتن بە هیوا و ئاواتەکانمان، ئەستەم بوونی نییە.

مامۆستایانی دڵسۆز و کوردستان پەروەرمان، وشەی سوپاس و ستایش شەرمتان لێدەکەن.. چونکە ئێوە زۆر لەوە گەورەتر و جیاوازترن، کە وشە و ڕستەی شیرین، بتوانن هاوسەنگی دڵسۆزی و بالایی و شکۆداریتان بکەنەوە.

دان بەوەدا دەنێم، کە بۆ هیچ نووسینێک هێندە دانەماوم، بەڵام بۆ نووسینی ئەم بابەتە زۆر دامام، کە چۆن بتوانم بە وشە و بە ڕستە، ئەو خۆشەویستی و پێزانین و ڕێزەی بۆ ئێوەی دڵسۆز، کە لە ناخی دڵمدایە بە نووسین گوزارشتی لێبکەم، هەرچەند دەکەم بە وشە و ڕستە نایەنە دەربڕین و گوزارشکردن و نووسین، جوانترین وشە و شیرینترین ڕستە، چێژی ئەو خۆشەویستی و هەستە ناخییەم نادەن، کە بۆ ئێوەی مامۆستانی کوردستانی شیرینمان لە دڵ و دەروونم دان.


مامۆستایانی خۆشەویست، ئەی پێشمەرەگە دڵسۆزە گیانبەخشەکانی مەیدانی فێرکردن و پەروەردەکردنی جگەرگۆشە چاوگەشەکانمان.. بە ڕاستی ئێوە جیاوازن و کەم وێنەن لە جیهادا.. لە کاتی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کوردستاندا، ڕابەر و پێشڕەوبوون، بە دەستێکتان چەکتان هەڵگرتبوو و قارەمانانە و سەرسەختانە، لە سەنگەرەکانی پێشەوە بەرگریتان لە خاکی پیرۆزی کوردستانمان دەکردن.. بە دەستەکەی تریشتان پێنووستان و پەرتووکتان هەڵگرتبوون لە دێیەکان و لە پەنا و ئەشکەوتەکانی کێوەکانی کوردستاندا منداڵانی گەلەکەمانتان فێردەکردن، فێری چڕینی سروودی ئەی ڕەقیبتان دەکردن. لەخەباتی نهێنی شارەکانیشدا، ئێوە دینەمۆی هاندان و هۆشیارکردنەوەی گەلەکەمان بوون.. ئێوە بە ڕۆژ شانە تێکۆشەرەکانی ناوشارەکانتان ڕێکدەخستن، بە شەوانیش سەرپەرشتی چالاکییەکانی دژ بە ڕژێمی داگیرکەرتان دەکرد.. ئێوە لە هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کوردستاندا، پشکی شێری تێکۆشان و خەبات و گیانبەخشینتان هەبوو. مێژووتان پاکە و پڕە لە سەروەری و شکۆداری و لە هەڵوێستی بەرز.. ئێوە لە شۆڕشەکاندا پێشمەرگەی هەڵمەتبەری شێر ئاسایین.. لە ئاشتیشدا هەڵگری چڵە نیگرزی خۆشەویستی و ئاشتین.. ئەمە باوەڕتان بووە و.. باوەڕتانە و.. نەگۆڕاون. کێ وەکو ئێوەی لە دەست دێت و پێیدەکرێت؟ کە بە بێ مووچە و نیوە مووچە و چارەگە

مووچە، خۆڕاگربوون و بایکوتی خوێندتان نەکرد و قوتابخانەکانتان بەجێ نەهێشتن، بە کوێرەوەری و بە نەبوونی درێژەتان بە پەیامە بەرز و پیرۆزەکەتان دا.. ویژدانتان ئاسوودە کردوون؟ لاپەڕەیەکی شکۆداری و سەروەریی ترتان لە مێژووی گەلەکەماندا تۆمارکردن.. هەرگیز گەلەکەمان هەڵویست و خۆڕاگری و دڵسۆزیتان لەیادناکات.
پێویستە کاربەدەستانی کوردستان، بە ئەمەکبن و ئەوپەڕی پێزانین و ڕێزیان بۆ ئەم دڵسۆزی و ڕۆڵ و هەڵوێستەی مامۆستایانی کوردستان هەبێت، بتوانن پاداشتی ئەم هەڵوێستە جوامێرانەیان بدەنەوە، گەرچی بە پارە و ماددە قەرەبووی خۆڕاگری و خۆبەختکردنیان ناکرێنەوە.. ڕێز و پێزانین و خۆشەویستی ڕاستی گەلەکەمان بۆ ئێوەی مامۆستایانی دڵسۆزمان، بەرزترین میدالیای پێزانین و ڕێزلێنانە.
مامۆستایانی کوردستان پەروەر، خوشک و برایانی دڵسۆز و خۆشەویستمان، ئەی شۆڕە سوارە نەبەردەکانی مەیدانی پەروەردە و فێرکردن و بنیاتنانی داهاتوویەکی گەشتر و شیاوتر بۆ کورد و کوردستان.. بە قەی ژمارەی نێرگزی نێرگزەجاڕەکانی کوردستان، بە قەی ژمارەی ئەستێرەکانی ئاسمان.. بەقەی دڵۆپە شەستەبارانەکانی کوردستان.. سوپاس و ڕێز و خۆشەویستی و پێزانینمان بۆ دڵسۆزیتان هەیە.

ڕۆژی هەینی داهاتوو (٥ی/ ئۆکتۆبەری/٢٠١٨) یادی (بیست و چوارەمین) ساڵڕۆژی (ڕۆژی جیهانی مامۆستان) ە، هەر لە ئێستاوە، پڕبەدڵ پیرۆزبایتان لێدەکەین.. دەستە پیرۆزەکانی یەک بە یەکتان ماچ دەکەم و چەپکە گوڵی خۆشەویستی و ڕێز و دڵسۆزی و پێزانیتان پێشکەش بێت.. ئەمەش کەمترین شتە لە ئاستی دڵسۆزی و شکۆداری ئێوەدا.. ئێوە شایەنی زۆر لە پیرۆزبایی و سوپاسکردن و پاداش پەخشین زیاترن. ئێوە بە درێژایی ژیانتان دەبەخشن.. چاوتان لە خەڵات و لە پاداشت نەبووە و نییە. پیرۆزبایی (ڕۆژی جیهانی مامۆستایان) تان لێدەکەم، هیوای ئەوپەڕی تەندروستی و تەمەندرێژی و خۆشی و بۆ ئێوەی مامۆستایانی کوردستان دەخوازین. گەشبینم کە لە سایەی دڵسۆزی و ماندووبوونی ئێوەدا، داهاتووی کورد و کوردستان گەشتر دەبێت.

ڕەزا شوان

نەرویج: (٢٧ی/ دێسەمبەر/٢٠١٨)




# شازادە و شاعیر

**حەمەسەعید حەسەن**

١

مێژوو، بابەتی ڕۆمانی دیرۆکییە، بەڵام ڕۆماننووس مێژوو هونەرییانە دەگێڕێتەوە، نەک واقعییانە. ڕۆماننووس لە ڕوانگەی دونیابینیی خۆیەوە مێژوو بەسەر دەکاتەوە و بە پێوەندیی لەگەڵ ئێستا و داهاتوودا دەینووسێتەوە. ڕۆماننووس مێژوو دەکاتە بەهانە بۆ گەیاندنی پەیامێکی نوێ، وەک ئەحمەدی خانی کە بە بیانووی گێڕانەوەی داستانی مەم و زینەوە، واقیعی کۆمەڵی کوردستانی بەسەر کردەوە. ڕۆمانی مێژوویی بەڵگەنامەیەکی دیرۆکی نییە، بەرهەمێکی هونەرییە، هەر ڕووداو ناگێڕێتەوە، ڕووداویش دەخوڵقێنێت.

ڕۆماننووس مێژوو نانووسێتەوە، مێژوو نۆژەن دەکاتەوە و ئەو بۆشاییانە پڕ دەکاتەوە کە مێژوونووس بەجێی هێشتوون، یان دەرکی پێ نەکردوون. ڕۆماننووس بۆ نووسینەوەی هونەرییانەی مێژوو، پێویستی بە هۆشارییەکی قووڵ هەیە، ئاخر ئەوە کارێکی ئاسان نییە، مێژوو هەڵبوەشێنیتەوە، سەرلەنوێ دایبڕێژیتەوە و هەم وەک مێژوو بە زیندوویی بیهێڵیتەوە، هەم کارێک بکەیت ئێستا و داهاتوویش ڕۆشن بکاتەوە.

گێڕانەوەی ڕۆماننووس، وەڵامدانەوەی داخوازییەکانی ئێستایە، ئەگەرنا ئەوەی دەیگێڕێتەوە، دەشێت بۆ پرۆگرامی خوێندن دەست بدات، بەڵام ناکەوێتە خانەی ڕۆمانەوە. ڕۆماننووس مێژوو ناشێوێنێت، بەڵام گۆرانی بە باڵای مێژوویشدا ناڵێت، ئەو لاپەڕە درێوانەیش دەداتە بەر ڕووناکی کە بە مێژووی میللەتەوە، پەڵەی ڕەشن. ناکرێت ڕۆماننووس دیرۆکی میرنشینەکانی کورد بگێڕێتەوە و توخنی شەڕی براکوژی نەکەوێت، یان خۆی لەوە نەبان بکات کە میری کوردی وابەستەی خەلافەتی عوسمانی، چالاکانە بەشداریی لە قەلاچۆکردنی ئێزیدییەکاندا کردووە. بۆ هەڵسەنگاندنی ڕۆمانی مێژوویی، بەگەڕخستنی خەیاڵێکی دەوڵەمەند دەکرێت بە پێوانە، نەک گێڕانەوەیەکی حەرفیی ڕووداوەکان.

دووانەی دیرۆک و ڕۆمان وەک دووانەی بابەت و خود وایە، هەرچەندە جیاوازن بەڵام لە پێوەندییەکی قووڵیشدان، مێژوو بابەتە و خودیش ڕۆماننووس. دیرۆکنووس وەک بابەت سەرنجی مێژوو دەدات، بەڵام ڕۆماننووس هەستی خۆیشی تێکەڵی هەمان بابەت دەکات. دیرۆکنووس بابەتییانە باسی ڕۆڵی تاک لە مێژوودا دەکات، بەڵام هونەری نووسین ئەوە لە ڕۆماننووس دەخوازێت، خەیاڵ و سۆز و ویژدانی خۆیشی بەگەڕ بخات و ئەوە بڵێت کە مێژوونووس لێی بێدەنگ دەبێت. مێژوو پێویستی بە ڕۆمانە، بۆ ئەوەی کونجە تاریکەکانی ڕۆشن ببێتەوە، ڕۆمانیش پێویستی بە مێژووە، بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی خۆی پێ دەوڵەمەند بکات. مێژوو دەشێت بە پاساوی بێلایەنی و بابەتیبوون، وشکوبرینگ بێت، بەڵام ڕۆمان بە کۆمەکی خەیاڵ و سۆز، تەڕوبڕە و ژیانی لێ دەچۆڕێت.

ڕۆمانی مێژوویی هەر ئەوە نییە، ژیاننامەی ئەم میر یان ئەو سەرلەشکر بگێڕێتەوە، ئاخر هەموو ڕۆمانێک ڕەنگدانەوەی واقیعێکی دیرۆکییە، با کارەکتەرەکانی کەسانی بەناوبانگیش نەبن. ڕۆمان با هاوچەرخیش بێت، هەر دیرۆکییە، ئاخر واقیعی قۆناغێک دەگێڕێتەوە، ئاخر ڕۆماننووس ڕاستگۆترین مێژوونووسە. ڕاستگۆیی هونەری، ئەوە نییە نووسەر بە موو لە واقیع لا نەدات، ئەوەیە واقیع بەدەم گۆڕانەوە وێنە بکێشێت و گێڕانەوەکانیشی جێی متمانەی خوێنەر بن. لایەنێکی هاوبەشی دیرۆکنووس و ڕۆماننووس ئەوەیە، هەردووکیان لە هەوڵی بەرهەمهێنانی مەعریفەیەکدان کە ئارەزووی گەڕانی ئینسان لەدووی حەقیقەت تێر دەکات. لە جەنگی نێوان فەرەنسا و جەزائیردا، سارتەر لایەنی جەزائیر دەگرێت و ڕەخنەی زبر لە دیگۆڵ دەگرێت، کە هەندێک لە وەزیرەکانی داوای لێ دەکەن، سارتەر فڕێ بداتە زیندانەوە، پێیان دەڵێت: ڤۆڵتێر زیندانی ناکرێت. ئەو ڕۆمانە دیرۆکییەی ڤۆڵتێر دەینووسی کە تێیدا ستەمی دەسەڵاتی فیودالی دەدایە بەر ڕووناکی و بانگەشەی بۆ گۆڕینی کۆمەڵ دەکرد، ئامادەکاریی فیکری بوو بۆ شۆڕشی فەرەنسا.

ڕۆمانی مێژوویی وەک چۆن دەشێت ڕەخنەی توند لە ڕابردوو بگرێت، هەر وایش دەشێت لایەنە گەشەکانی ڕابردوو بەسەر بکاتەوە، بەڵام بە هەردوو بارەکەدا، مەبەستی نووسەر ئەوەیە، نەوەی نوێ بە دیرۆکی خۆی ئاشنا ببێت و سوود لە ئەزموونی نەوەکانی پێشوو وەربگرێت. هەرچەندە لە لوکاچ وابوو، ڕۆمانی مێژوویی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا سەری هەڵداوە، وەلێ ڕاستییەکەی دیرۆکێکی دێرینتری هەیە. زۆرینەی باسکاران (واڵتەر سکۆت)ی سکۆتلاندی (١٧٧١- ١٨٣٢) بە باوکی ڕۆمانی مێژوویی لە قەڵەم دەدەن کە ١٨١٤ یەکەمین ڕۆمانی دیرۆکیی بڵاو کردووەتەوە و ناوی (وەیڤرلی)

ی لێ ناوە. ئەوە ڕۆمان نییە کە بە بیانووی گواستنەوەی زانیارییەوە بۆ نەوەی نوێ، بکەوێتە خزمەتی مێژووەوە، ئەوە ڕۆمانە شتگەلی نوێ بە مێژوو ببەخشێت و ڕابردوو بخاتە خزمەتی هونەری گێڕانەوەوە.

کارەکتەرەکانی واڵتەر سکۆت تەنیا کەسانی ڕاستەقینەی میژوویی نەبوون، خۆیشی کارەکتەری دەخولقاند و ڕۆڵێکی مێژوویی پێ دەسپارد. هەرچەندە سکۆت هەندێک جار لە پێناوی لایەنی هونەریی ڕۆمانەکانیدا، مێژووی دەشێواند، بەڵام لە ڕەخنەگران وابوو: ڕۆمانەکانی سکۆت نزیکترن لە حەقیقەتی دیرۆکییەوە، وەک لە کتێبی مێژوونووسان. بە پێچەوانەوەی واڵتەر سکۆتەوە، ئەلێکساندەر دوماسی باوک (١٨٠٢ - ١٨٧٠)ی فەرەنسایی هەندێک جار ئەوەندە وابەستەی مێژوو دەبوو، لە بیری دەچووەوە کە ڕۆماننووسە و خۆی لێ دەبوو بە مێژوونووس. ڕەنگە هونەریترین ڕۆمانی مێژوویی، (شەڕ و ئاشتی)ی تۆلستۆی (١٨٢٨- ١٩١٠) بێت، کە کارەکتەرەکانی تێکەڵەیەکن لە کەسانی مێژوویی و خەیاڵی.

(پشتکووڕەکەی نۆتردام)ی ڤیکتۆر هیگۆ، (چیرۆکی دوو شار)ی چارڵز دیکنز و (ناوی گوڵ)ی ئەمبێرتۆ ئێکۆ سێ ڕۆمانی زێدە جوانی دیرۆکین. لای عەرەب گەلێک ڕۆماننووس مێژوویان گێڕاوەتەوە، بەڵام نە هیچیان ئەوەندەی ئەمین مەعلووف هونەرمەندانە مێژوویان بەگەڕ خستووە، نە هیچیان هێندەی وی ناوبانگیان پەیدا کردووە، بە نەجیب مەحفووزیشەوە. گێڕانەوەی مێژوویی لە ئەدەبی کوردیدا بە (دوانزە سوارەی مەریوان) ی پیرەمێرد (١٩٣٥) دەست پێ دەکات، چارەکە سەدەیەک دواتر (١٩٦٠) موستەفا سالّح کەریم چیرۆکی شەهیدانی قەڵای دمدم بڵاو دەکاتەوە، (١٩٦٦)یش عەرەبی شەمۆ ڕۆمانی قەڵای دمدم دەنووسێت و ١٩٧٥ شوکور موستەفا بە کرمانجی خواروو بڵاوی دەکاتەوە.

❈

**مەستوورە کە حەسناو و ئەدیبە بە حیسابێ**
**هاتە خەوم ئەمشەو بە چ نازێک و عیتابێ**

شازادە و شاعیر کە ڕۆمانێکی مێژووییە، دوا ڕۆمانی خوسرەو جافە، پێشتر سێزدە ڕۆمانی دیکەی بڵاو کردووەتەوە. نووسەر چوار ساڵ لە ژیانی لە دووی زانیاری گەڕاوە، بۆ ئەوەی هونەرییانە ژیاننامەی نالی بنووسێتەوە و ماندووبوونی ئەو چوار ساڵەی بە

خەسار نەچووە. لە هەموو ئەو دەستنووسانەدا بەر دەستی مامۆستا عەبدولکەریمی موددەڕیس کەوتوون، ئەو شیعرە پۆڕنۆگرافیکە هەبووە کە ئەو خەونە دەگێڕێتەوە نالی بە (مەستوورە)یەوە بینیوە. مامۆستا موددەڕیس نەک هەر بە دڵنیاییەکی تەواوەوە ئەو خەوننامە ڕووهەڵماڵراوەی بە شیعری نالی لە قەڵەم داوە، بەڵکوو بە نیشانەی بوێری و چاونەترسانیشی بۆ نالی تۆمار کردووە.
مامۆستا موددەڕیس گومانی لە یەکیک لە بەیتەکانی ئەو شیعرە درێژە هەیە و بە هی نالی نازانێت، ئاخر لەو وایە هەم لە ڕووی هونەرییەوە لاوازە و هەمیش لە هەموو بەیتەکانی دیکە زەقتر و بێ پەردەترە.

**کێ بێ لە جیهاندا چ گەدا بێت و چ شا بێ**
**تەرکێکی وەها ناسک و پڕ لەززەتی (..) بێ؟ (*)**

مامۆستا موددەریس دەنووسێت: (لەم مەیدانەیشدا نالی ڕچەشکێنە و شێخ ڕەزا بە قوتابی قوتابخانەی وی لە قەڵەم دەدرێت،) بەڵام ڕاستییەکەی پۆڕنۆگرافی و هەجوو، دوو بواری جیاوازن و شێخ ڕەزا خۆی داهێنەر و مامۆستای شیعری هەجووە. ڕێبوار سیوەیلی ئەو شیعرە بە (ڕووداوێکی زمانی و بە شکاندنی تابوو دەزانێت.)

خوسرەو جاف هەوڵی داوە بیسەلمێنێت ئەو شیعرە ڕووهەڵماڵراوە کە سەرنجدانی ژنە وەکوو کەرەسەیەک بۆ چێژ لێ وەرگرتن و هیچی دیکە، هی نالی نییە و لە هەوڵەکەیشیدا تا ڕاددەیەکی باش سەرکەوتوو بووە. بۆچی ئەوە شیعری نالی نییە، چونکە: لە شیعرەکانی دیکەی نالی لاوازترە، چونکە نالی هیچ شیعرێکی دیکەی لەو بابەتەی نەنووسیوە، چونکە نالی سۆفییانە مەستوورەی خۆش ویستووە و عاشقی ڕاستەقینەیش هەرگیز وەها باسی خۆشەویستەکەی ناکات، چونکە مەستوورە میرزادە بووە و شاعیرێکی غەریبی بێدەسەڵات، بوێریی ئەوە شک نابات، هەجووی کچی میری ئەردەڵان بکات، چونکە هەشت جار (قڵەشا بێ)ی وەک قافیەی تێدا بەکار هێنراوە، شاعیرێکی قافیەسواری وەک نالییش، قەت بە دەست قافیەوە وەها گیر ناخوات.

بەگوێرەی ڕۆمانی شازادە و شاعیر، ئەو شیعرە پۆڕنۆگرافیکە (بوختانێکی گەورەیە) بە نالی کراوە، ئاخر نالی لەسەر زاری (مەستوورە)وە دەڵێت:

**من سەرووی ڕەوانی چەمەنی عالەمی باڵام**
**نالی بە توفەیلی بووەتە سایە لە دوو من**

واتا: من سەرووی باڵابەرزی مێرگی دونیای باڵام، نالی وەک لاورگە بووەتە سێبەر لە دووی من. ئایا نالییەک مەستوورەی بە فریشتە زانیبێت و لەچاو ئەودا خۆی پێ لاورگە (×فیلي) بووبێت، ڕێی تێ دەچێت، وەک پیاوێکی بەئاڵۆش، لە ڕوانگەی ئارەزووی جووتبوونەوە لەگەڵیدا سەرنجی دابێت، وەک لە خەونەشیعرەکەدا هەیە؟ ئایا نالییەک موریدی مەولانا خالیدی نەقشبەندی بووبێت، ڕێی تێ دەچێت، بە زمانی هەوەسبازێک بنووسێت؟ خوێنەر بڕوا بە گێڕانەوەکەی خوسرەو جاف دەکات و کە لە خوێندنەوەی ڕۆمانی شازادە و شاعیر دەبێتەوە، دەگاتە ئەو سەرئەنجامەی ئەو خەونەشیعرە بەدەم نالییەوە هەڵبەستراوە و مەبەست لێی بە پلەی یەکەم شکاندنی شکۆی نالی بووە. گێڕانەوەی ڕۆماننووس جیاوازە لە گێڕانەوەی مێژوونووس، جیاوازە لە گێڕانەوەی ئەوی مێژووی ئەدەب دەنووسێتەوە، بەڵام ئەوەی رۆماننووس زێتر جێی متمانەیە، با کارەکتەری نوێشی خوڵقاندبیت و با دەستکاریی ڕووداوەکانیشی کردبێت.

خوسرەو جاف مێژووی نەنووسیوەتەوە، ڕۆمانیکی مێژوویی نووسیوە، ڕۆمانێک چەند پشتی بە مێژوو قایمە، هێندە و زیاتریش خەیاڵی دەوڵەمەندی نووسەری تێدا وەگەڕ خراوە. شازادە و شاعیر ڕۆمانێکە گەلێک لە تەکنیکەکانی هونەری گێڕانەوەی، هونەرمەندانە تێدا بەکار هێنراوە. نووسەر ژیاننامەی نالی هەر لە منداڵییەوە تاماڵئاواییکردنی لە ژیان، دەگێڕیتەوە، گێڕانەوەیەک هێندە دڵنشین و جێی باوەڕ کە ئیدی هەر کەسێک خواستی باسی ژیان و سەردەمی ژیانی نالی بکات، ناتوانێت ڕۆمانی شازادە و شاعیر فەرامۆش بکات. مێژوونووس کرۆنۆلۆجییانە دیرۆک دەنووسێتەوە، بەڵام ڕۆماننووس وەخت لەتوپەت دەکات، کات پاش و پێش دەخات و ناچێت وابەستەی زنجیرەی بە دوای یەکدا هاتنی ڕووداوەکان بێت. خوسرەو جاف کە ئەو تەکنیکەی بەکار هێناوە، کە لە ئێستاوە گەڕاوەتەوە بۆ ڕابردوو، یان بە پێچەوانەوە، هێندە لێزانانە ئەو تەکنیکەی وەگەڕ خستووە، خوێنەر بە پەرۆشەوە درێژە بە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە دەدات.
هەندێک نووسەر هەن، هەرچەندە گەلێک ڕۆمانیان نووسیوە، بەڵام بەهۆی یەکەم ڕۆمانیانەوە ناوبانگیان پەیدا کردووە، وەک موحەممەد شوکری کە ناوبانگی بەندە بە (نانی ڕووت)ەوە، یان ئەلتەییب ساڵح کە بەهۆی (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور)ەوە ناوی دونیای تەی کرد. پێم وایە شازادە و شاعیر کە دوا ڕۆمانی خوسرەو جافە، دەنگدانەوەی لە ڕۆمانەکانی پێشووی زیاتر دەبێت، ئەمەیش نیشانەیە بۆ ئەوەی نووسەر نەک هەر لە داهێنان نەکەوتووە، بەڵکوو لە خۆیشی تێپەڕاندووە.

۲

نووسینی ڕۆمان هەم پێویستی بە مەعریفەیە، هەم مەعریفە بەرهەم دەهێنێت. ڕۆماننووس وێڕای خەیاڵێکی بەپیت، پێویستی بە مەعریفەیەکی فراوانیش هەیە، لە بوارەیلی سایکۆلۆجیا، سۆسیۆلۆجیا، ئەنترۆپۆلۆجیا و فەلسەفەدا، ئاخر ناچارە بە ناخی دەروونی کارەکتەرەکانیدا ڕۆ بچێت و قسە لەبارەی واقیعی کۆمەڵەوە بکات. ڕۆماننووس بەبێ مەعریفەیەکی قووڵ و بەرین، لەکوێ دەتوانێت بە ناخی ئینساندا ڕۆ بچێت؟ یان چۆن پێی دەکرێت ئینسان بناسێت و ڕامانی فەلسەفی بورووژێنێت؟ ڕۆمان کە زادەی ئاوابوونی خۆری خێڵ و گەشەسەندنی شارە، خوسرەو جاف کوردەواری بەدەم ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییەوە وێنە دەکێشێت، وێنەیەکی زیندووی جێی باوەڕ.

ناکرێت ڕۆمانێک بنووسیت و کەسایەتیی خۆت لە یەکێک لە کارەکتەرەکانیدا ڕەنگ نەداتەوە. یەکێک لەوانەی سۆراخی دەستنووسەکانی نالی دەکەن، زوو زوو سەرسامیی خۆی بەو هونەری بیناسازییە دەردەبڕێت کە بە باڵاخانە و گومبەتەکانی ئەستانبووڵەوە دیارن، ئەو سەرنجانە کە دیارە هی کەسێکی شارەزان، ئاماژەیە بۆ ئەوەی نووسەری ڕۆمانەکە، لە بواری بیناسازیدا لێزانە. ئەم سەرنجە بۆ ئەوەیش دروستە، کە (نالی) یش لە سنە، ستایشی ساختمانی سەرشۆرگەی خان دەکات. بایەخدانی (نالی)یش وەک قارەمانی ڕۆمانەکە، بە وەلی دێوانە، زادەی ئەوەیە، خوسرەو جاف ئیشی لەسەر ئەو شاعیرەیش کردووە. ناکرێت قارەمانی ڕۆمانەکەت گەورەترین شاعیری کورد بێت و خۆت هیچی وا لەبارەی شیعرەوە نەزانێت. بە ڕۆمانەکەوە دیارە، نووسەرەکەی شارەزای شیعرە، هەر شیعری کوردی نا، شیعری ئەو دوو زمانەی تریش کە نالی توانیویەتی شیعریان پێ بنووسێت.

**فارس و کورد و عەرەب، هەر سێم بە دەفتەر گرتووە**
**نالی ئەمڕۆ حاکمی سێ موڵکە دیوانی هەیە**

کە نالی دەستی بە شیعرنووسین کرد، دەبوو شاعیر خۆی فێری هەورامی کردبا، ئینجا شیعری نووسیبا، نالی وەک ڕچەشکێنێک ئەو ڕێسایە ڕەچاو ناکات و بە دیالێکتی کرمانجی خواروو دەنووسێت، بەوەیش بەرەو ڕووی ڕەخنەیەکی زۆر دەبێتەوە و تەنانەت پێی دەڵێن ئەوەی تۆ دەینووسیت میعرە و لە بەندوباوی شایەران دەچێت، ئەگەر بەو شێوەزارە بنووسیت، دەبێتە مایەی گاڵتەجاڕی. نالی هەرچەندە بەو قسانە نیگەران

دەبێت، بەڵام هەر سوور دەبێت لەسەر بە کرمانجی خواروو نووسین، هەتا وای لێ دێت نووسینی شیعر بەو دیالێکتە دەبێت بە زمانی ستانداردی شیعرنووسین.

خوسرەو جاف کە گێڕەرەوەیەکە لە ئاستێکی باڵادا، هەرچەندە زۆرێنەی کارەکتەرەکانی لە ڕەگەزی نێرن، بەڵام جوانترین ڕۆڵی بە مێ سپاردووە، چ وەک دایک، چ وەک دڵبەر و چ وەک هاوژین. مەستوورە کە دڵی نالی داگیر کردووە، نموونەیەکی هەرە جوان و هێژای ئافرەتە، ئەو کەسەیشی دەستنووسەکانی نالی لە فەوتان پاراستووە، هەر ئافرەتە. خوسرەو جاف کە بۆ نووسینی ڕۆمانەکەی پشتی بە سێ سەرچاوە بەستووە: ئەزموونی خۆی و دیرۆک و خەیاڵ، لایەنێکی گەشی شێوازی نووسینی ئەوەیە، باسی شتێکی نەکردووە لێی شارەزا نەبووبێت، ئەوە بۆیە بەسەر گێڕانەوەدا زاڵە.

بەهۆی شازادە و شاعیرەوە بە ژیان ئاشنا دەبین، شتگەلی نوێ فێر دەبین و ئاسۆی بینینمان گەشتر و خەیاڵمان فراوانتر دەبێت. ڕۆمان پێوەندییەکی پتەویشی بە فەلسەفەوە هەیە، ئەوە نییە نووسەر لەڕێی گێڕەرەوە و کارەکتەرەکانییەوە ڕامانە فەلسەفییەکانی خۆی نمایش دەکات؟ ئەوە نەبوو ڤۆڵتێر و سارتەر ڕۆمانیشیان دەنووسی؟ ڕۆمان هەرچەندە ژانرێکی ئەدەبیی دیاریکراوە، بەڵام نە سنوور دەناسێت و نە تایبەتە بەم یان بەو بابەت، فەزایەکی هێندە فراوانی هەیە، جێی هەموو تێمایەکی تێدا دەبێتەوە، ئەم تایبەتمەندییەی کە ڕۆمان هەیەتی، هیچ ژانرێکی دیکەی ئەدەبی شکی نابات.

هیچ کارێکی تری ئەدەبی ناتوانێت وەک ڕۆمان، کەناڵێکیش بێت، بۆ بڵاوکردنەوەی مەعریفە. ڕۆمانی دونیای سۆفیای یوستاین گاردەر کە مێژووی فەلسەفە دەگێڕێتەوە، نموونەیەکی باڵایە بۆ ئەوەی ڕۆمان سەرچاوەیەکی گرنگیشە بۆ گەییشتن بە کانیاوی مەعریفە. عەبدولڕەحمان مونیف دەیگوت: (ڕۆمان وەک من لێی تێ بگەم، ئامرازێکی جوانە بۆ گەیاندنی مەعریفە و چێژ.) ئەگەر پێویستمان بە زانیاری ببێت دەربارەی مێژووی کورد لە سەدەی نۆزدەیەمدا، دەتوانین بچین لە ڕۆمانی شازادە و شاعیری خوسرەو جافیشدا بۆی بگەڕێین. نالی ڕێی کەوتبێتە هەر شارێک، ڕۆماننووس بە باری کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەو شارەیشی ئاشنا کردووین.

نووسەری شازادە و شاعیر، بێجگە لە تەکنیکی فلاشباک کە لێزانانە سوودی لێ بینیوە، کەڵکی لە تەکنیکی گۆڕینەوەی نامەیش بینیوە. گەلێک لە گەورە نووسەرانی دونیا،

گەشتی نووسینی ڕۆمان بە گەڕان لەدووی دەستنووسێکی دێرینی گرنگ دەست پێ دەکەن، یان پەیامی خۆیان بە دەستنووسێکی کۆندا دەنێرن، خوسرەو جاف سوودێکی زۆری لەو دوو تەکنیکی نووسینەییش بینیوە، ئاخر هەم بە گەڕان لە دووی شیعرەکانی نالی دەست پێ کردووە و هەم ڕۆمانەکەی بە کۆمەکی هەندێک لە شیعرەکانی نالی دەوڵەمەند کردووە. ئەفسانە دەنگۆیەکە دەبێتە بەشێک لە کەلەپوور، نووسەر ئەفسانەی لە قازانجی هونەری گێڕانەوە بەگەڕ خستووە، کاتێک دەسەڵاتدارانی ستەمکاری وەک ئەهلی دۆزەخ پیشان داوە. وەک چۆن شانۆیەک هەیە ئاهەنگئامێزە، شازادە و شاعیریش دەقێکی ئاهەنگئامێزە، تێیدا نووسەر بایەخی بە کۆڕی شیعری، پێشبڕکێی ئەسپسواری و زۆرانبازی داوە.

لە ڕۆماندا گێڕەرەوە بێلایەن خۆی پیشان دەدات و لە هەمان دوورییەوە سەیری کارەکتەرەکانی دەدات، ناچێت ستایشی ئەمیان بکات و بەویاندا هەڵشاخێت، لەڕێی ڕەوتار و گوتار و دونیابینییانەوە بە خوێنەریان دەناسێنێت، گێڕەرەوەی هەمووشتزانی شآزادە و شاعیریش وای کردووە. لە ڕۆماندا دوو جۆر لە کەسایەتی هەن، کارەکتەرێک بەدەم ڕووداوەکانەوە گۆڕانی ڕیشەیی بەسەردا دێت، کارەکتەرێکی دیکەی مەیلە و نەگۆڕ. لە شازادە و شاعیردا کارەکتەرەکان بەگشتی نەگۆڕن، یان دروستتر گۆڕانی دراماتیکییان بەسەردا نایەت. ڕۆماننووس بە وریاییەوە کارەکتەرەکانی هەڵبژاردووە و هەر لە سەرەتاوە لە ناساندنیاندا سەرکەوتوو بووە و وشەی بە خەسار نەداوە، ئاخر ئاگاداری ئەوە بووە، وەک چۆن ئینسان کە بە کەسێک ئاشنا دەبێت، دەشێت لە دە دوازدە چرکەی یەکەم دیداردا، بڕیار لەسەر کەسایەتییەکەی بدات، خوێنەریش وا زوو کارەکتەر هەڵدەسەنگێنێت.

کورتبڕی لە نووسینی ڕۆماندا ئەوەندە گرنگە، ڕۆماننووسی لێزان هێندە دەست بە وشەوە دەگرێت، وەک خەریکی نووسینی شیعرێک بێت بۆ گۆرانی. نووسەری لێزان خۆی لە وەسفی درێژ بەدوور دەگرێت، دەچێت ئەو وردەکارییانەی بە گرنگیان دەزانێت، لەڕێی دیالۆگ و ڕامانی کارەکتەرەکانەوە دەیانلێت. ئەگەر نووسەر ناوبەناو لە بیری بچێتەوە کە ڕۆماننووسە و خۆی لێ ببێت بە دیرۆکنووس، دەشێت بە درێژدادڕی خوێنەر بێزار بکات. لە ڕۆماندا نووسینی ڕستەی یەکەم، زۆر بە ئازارە، ئاخر بایەخێکی زۆری هەیە. کامۆ وەها (نامۆ) دەست پێ دەکات: (ئەمڕۆ دایکم مرد، ڕەنگە دوێنێ مردبێت، دڵنیا نیم.) سەرەتایەکی چەند سەرنجراکێشە، خوێنەری وریا دەتوانێت، لەڕێی ئەو

چەند وشەیەوە، قارەمانی ڕۆمانەکە بناسێت. شازادە و شاعیر بە پرسیارێک دەست پێ دەکات: چییە بۆ وا ئاشوفتە و نیگەرانیت؟ ئۆرهان پاموک دەیان جار یەکەمین ڕستەی ڕۆمانەکانی دەگۆڕێت!

**شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی**
**کەی لە دیققەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا**

نالی کە بە مەبەستی گەڕان لەدوای زانست دەچێتە مزگەوتی دارولئیحسانی سنە، لەوێ ناوبانگی وەک شاعیر بڵاو دەبێتەوە و دەبێتە مامۆستای گوتنەوەی دەرسی شیعر و دەرسی شیعر بە (مەستوورەی ئەردەڵان)یش دەڵێتەوە. ئەوە ڕێی تی دەچێت، شاعیرانی دیکە کە ئەو توانایەی ئەویان نەبووە، ڕقیان لێ هەڵگرتبێت و لە هەلێک گەڕابێتن زەبرێکی لێ بوەشێنن. مەلا مەقسوود ناوێک بۆ ڕسواکردنی نالی، شیعرێکی درێژی پۆڕنۆگرافیک لەسەر مەستوورە دەنووسێت و بەناوی نالییەوە بڵاوی دەکاتەوە. لەوە بەدواوە نالی سەرەتا زیندانی و دواتر شاربەدەر دەکرێت. تاقە بەڵگەیەک بۆ ئەوەی ئەو شیعرە هی نالی بێت، ئەوەیە هەوڵ دراوە بە هەمان ئەو شێوازە بنووسرێت کە نالی شیعری پێ نووسیوە.

**نالی عەجەب بە قووەتی حیکمەت ئەدا دەکا**
**مەعنایی زۆر و گەورە، بە لەفزی کەم و بچووک**

بە پێچەوانەی ئەو تێزەی نالییەوە، خەونەشیعرەکە بریتییە لە مەعنای کەم و بچووک، بە لەفزی زۆر و گەورە، یان بەدەربڕینێکی تر، درێژدادڕی، جێی کورتبڕیی گرتووەتەوە.

**ڕەفیقان من ئەوا ڕۆییم لە لاتان**
**لە مەزڵوومان بڵا چۆڵ بێ وڵاتان**

**شکاری وەحشییان بەس دەستەمۆ کەن**
**نەوەک بەربێ شکاری خانەزاتان**

نالی مەبەستی ئەوەیە بڵێت: (من دەڕۆم بەو هیوایەی دوای من، نیشتمان چۆڵ بێت لە ستەملێکراو. بەس بایەخ بە بێگانە بدەن، با هاوزمانی خۆتان سەری خۆی هەڵنەگرێت.)

بالزاک هێندە لێزانانە ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکانی دەدایە بەر ڕووناکی، بۆ ناسینی کۆمەڵی فەرەنسایی، زانایانی کۆمەڵناس هانایان بۆ ڕۆمانەکانی ئەو دەبرد. چارلز دیکنز ئوستادی وورووژاندنی سۆز بوو، بەرانبەر بەوانەی سووکایەتییان پێ دەکرا. بەهۆی ڕۆمانی شازادە و شاعیرەوە، هەم بە نهێنییەکانی کۆمەڵی کوردەواریی ئاشنا دەبین و هەم کە نالی بە ناڕەوا سزا دەدرێت، نووسەر بە جۆرێک سۆزمان بەرانبەر بەو شاعیرە سووکایەتی پێ کراوە دەبزوێنێت، فرمێسک بەری چاومان لێڵ دەکات. (سواری گوێدرێژێکیان کردم، بەناو بازاڕدا گێڕامیان و لە زۆر لاوە درامە بەر توێکڵەشووتی و میوەی گەنیاو و شاربەدەریان کردم.) نالی ئەو قۆناغە تێدەپەڕێنێت و دەڵێت: (خۆراکی ڕاستەقینەی مرۆڤ ئومێدە، ئەگەر ئومێد لە عەقڵ و فیکری مرۆڤدا بکوژێتەوە، مرۆڤیش وەک مۆمێکی بەر با دەکوژێتەوە.)

**ئایا مەقامی ڕوخسەتە لەم بەینە بێمەوە**
**یان مەسڵەحەت تەوەققوفە تا یەومی نەفخی سوور؟**

سالم لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا، ئەم پەیامە بە بای سەحەردا بۆ نالی دەنێرێت:

**توو خوا بڵێ بە حەزرەتی نالی دەخیلی بم**
**بەم نەوعە قەت بە سولەیمانییا نەکا گوزەر**

مێژوو ناسنامەیە، ئەوە دروست نییە کە مێژوومان بەجێ هێشتووە، نا، ئێستایش لە مێژوودا دەژین، ئاخر لە کن مە، مێژوو بازنەییە و بەردەوام خۆی دووبارە دەکاتەوە، ئاخر هێشتا لەو قۆناغەدا دەژین، کە ئەم میرنشین، لەشکری بێگانەی دەهێنایە سەر ئەو میرنشین. لە ئەدەبی دونیادا، نموونە زۆرن کە باس لە پێوەندیی نێوان نیشتمان و تاراوگە دەکەن، ئیدی ژیان لە تاراوگە لە ناچارییەوە بووبێت، یان خۆویستانە. سەفەری نالی بۆ تاراوگە، زادەی هەڵوێستی سیاسی بووبێت، یان بە مەبەستی گەڕان لەدووی زانست، بووە بە هەوێنی ڕۆمانێک کە ئەدەبی کوردیی دەوڵەمەند کردووە.

بۆچی پەیڤینی سیاسەتکاران سەرنجمان ڕاناکێشێت؟ چونکە ڕۆمان ناخوێننەوە، ئاخر ئەگەر ڕۆمانیان خوێندباوە، فێری ڕاستگۆیی و بوێری دەبوون. بۆچی ئەم یان ئەو ڕۆمان سەرنجمان ڕادەکێشێت؟ چونکە واقیعی خۆمانی تێدا دەبینینەوە. نووسەری ئیسپانیایی خوان گویتیسۆلۆ (١٩٣١ — ٢٠١٧) دەڵێت: بەرهەمی سەرکەوتوو ئارەزووی ئەوە لە ناخماندا دەبزوێنیت، بچین جارێکی تریش بیخوێنینەوە. کە لە خوێندنەوەی شازاد و شاعیر بوومەوە، حەزم دەکرد بچم جارێکی دیکەیش بیخوێنمەوە.

*

(١) خوسرەو جاف، شازادە و شاعیر، ناوەندی ئاوێر ٢٠١٨ هەولێر.

(٢) دیوانی نالی، مەلا عەبدولکەریمی موددەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، کۆڕی زانیاری کورد ١٩٧٦ بەغدا.

(٣) عومەر مەعرووف بەرزنجی، لێکۆڵینەوە و بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی ١٩٧٨ کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

(٤) علاء المفرجي، لماذا غابت الرواية التاريخية في الأدب العراقي؟ ٧ أكتوبر ٢٠١٨ الشرق الأوسط.


(٥) سليمة بالنور، الرواية التأريخية بين التأسيس والصيرورة.

(٦) ڕێبوار سیوەیلی، نالی لە بەلاغەوە بۆ مۆدێرنیتە، ل ١٦٠ ئەکادیمیای کوردی ٢٠١٨ هەولێر.

(*) تەرک: بە مانای پاکیزە دێت، یان ڕەنگە تورک بێت کە ئەوسا کچانی تورک سیمبۆلی شیرینی و نازداری بوون.

(**) ئاشوفتە: پەرێشان.

(***) هەودا: تاڵ، داو، دەزوو.





# ساڵێك لە دۆزەخ و
# باشترین کتێب
# لەبواری ئەدەبیاتی بەندیخانە..

**ستار جەباری**

ئەدەب و نووسین یەک لەو شێوازە دەربرینە مرۆڤایەتییە گشتگیرەیە، کە دەربڕی هەست و سۆز و بیر و ئەندێشە بەناسکترین شێوازە. دونیای نووسینی ئەدەبیات جۆر و شێوازی زۆری هەیە، لێرەدا ئاماژە بە جۆرێکی فرە جیاواز و دەگمەن دەکەین ئەویش «ئەدەبیاتی بەندیخانەیە» کە پێشتر ناو و ناتۆرەی جودا جودایان بۆ داناوە وەکو» ئەدەبیاتی بەندکراو، یەخسیرکراو، وەلێ «ئەدەبیاتی بەندیخانە» گونجاوترینیانە و جیاوازی لەوەدایە لە کەشێکی خۆش و لە کۆشک و تەلارە مەزن و دڵگیر و خۆشەکان یاخود لە کاتی ئاسودەیی و خۆشگوزەرانی ولەجێژوانی ئاشقانە و لەنێو رەز و باخ و مێرگ و نزارەکان و لەژێر درەخت و دەنگوسەدای ئاوازی بولبل و قاسپەی کەودا نەنوسراون، بەڵکو لە کەشێکی ئازاراوی و سیخناخ لە ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی و لەسایەی ئێشوئازار و دان بەخۆداگرتن و ڕامان و خەیاڵ و ئەندێشە و هیوا و ئاوات بە بانەرۆژێکی پرشنگدار و هەڵهاتنی خۆری ئازادیدا، نووسراونەتەوە و لەقولایی دەروون و ناخیانەوە دەریانبڕیوون.

**جۆرەکانی نووسینی ئەدەبیاتی بەندیخانەکان:**

یەکەم: ئەوانەی لەنێو بەندیخانەکان دەنوسرێن، کە بریتین لە داتا و لە کات و ساتەکانی هاموشۆکردن بردن و هاوردنی بەندکراو بۆ ژوورەکانی لێکۆڵینەوە و ئازار و ئەشکەنجەدان و خاڵین لە هەست و سۆزی ئەدەبیانە.

دووەم: ئەوانەی لەنێو بەندیخانەکان دەنوسرێن بەڵام بەشێوازی رۆمان و چیرۆک و پەخشان و شیعر، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر ڕوون نین و زیاتر هێما بەکاردەهینن و ناوی شوێن و کاتەکان دیاری ناکرێن، جا بەشێوازی شیعر بێت، یان چیرۆک، یاخود رۆمان بۆنموونە رۆمانی «رۆژهەڵاتی ناوین»ی عەبدولرەحمان مونیف و «ژنەی بەندکراو»ی مەلیکە ئەوفیقەر و کەسانی تر.

سێیەم: ئەوانەی لەدەرەوەی بەندیخانەکان دەنووسرێن واتە پاش ئازادبوونیان بەڵام باس لە رۆژانی ناو بەندیخانە دەکەن، جا چیرۆکی ژیانی خۆیان بێت یان چیرۆک و بەسەرهاتە سەیر و تراژیدیانەی ئەو بەندیانەبێت کە لەگەڵیاندا بوونە.

ئەدەبی بەندیخانە دەربرینێکە پەیوەندی بە سۆز ویژدان و مرۆڤایەتی و بەشێوازێکی هونەری و ئەدەبی دەریدەبرن ئەمەش «شیعر و پەخشان و چیرۆک و رۆمان و دەقی شانۆیی و بیرەوەری» دەگرێتەوە. لێرەدا دێینە سەر ئەسڵی باسەکەمان ئەویش کتێبی « ساڵێک لە دۆزەخ»ی شاعیر و نووسەر خاتوو «مەهاباد قەرەداغی» یە کە لەساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن دەزگای ئاراس چاپ و پەخش کراوەتەوە، کە لەژێر ناوی «بیرەوەری» بڵاوی کردۆتەوە، لە ڕاستیدا دەبوو ناوی رۆمانی لێ بنایە، کە بەڕاستی کتێبێکە شایانی چەندین جار خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەیە، لەبەر ئەم هۆکارانەی کە لەمەولا دێینەسەری و ڕوونی دەکەینەوە، کەسەرکەوتنەکانی ئەم کتێبە لەچیدایە و چ خزمەتێکی بەکتێبخانەی کوردی کردووە.

**فاکتەرەکانی سەرکەوتنی ئەم کتێبە لەچیدایە!**

**١.ڕاستگۆیی لە نووسینەوە:**

جارێ ئەبێ ئەو ڕاستیە بدرکێنین کە خاتوو مەهاباد تاکە ژنی کوردە بیرەوەرییەکانی ناو بەندیخانەی نووسیوەتەوە و پێش ئەویش ئافرەتی کورد بەندکراون و وەک ئەم نووسەریش بوونە: بۆ نموونە نوسەر و شاعیر و چالاکی مەدەنی «مەریەم قازی» ناسراو بە خانم قازی کە لەبنەماڵەی پێشەوا قازیە و خاوەن دەیان چیرۆک و شیعری خەباتگێری و بەرخودانە، وەلێ بەداخەوە تاکو ئێستا بیرەوەری خۆی لەناو زیندانەکاندا نەنووسیوەتەوە، وەلێ خاتوو مەهاباد زۆر بوێرانە و ڕاستگۆیانە و دەسپاکانە سەرجەم بیرەوەرییەکانی نووسیوەتەوە، ئاخر مرۆڤی نووسەر جیاوارە لە کەسێکە ئاسایی بتوانێ بەو شێوازە جوان و پر سۆزە بنوسێت و هەروەک لەپێشەکی کتێبەکەی خۆیدا هاتووە، ئۆسکار وایڵد دەڵێ: «هەر مرۆڤێ دەتوانێ رۆمانێکی سێ بەرگی بنووسێت، ئەوەندەی دەوێت کە زانیارییەکی تەواوی لەبارەی هەردووکیان، وێژە و ژیانەوە هەبێت» خۆشبەختانە مەهاباد خان خۆی بەشیعر هاتۆتە جیهانی ئەدەبیاتەوە و دواتر لە زۆر بواری ئەدەبی تردا رۆڵی گرنگی بینیووە و هەروەک خۆی دەڵێ:»من وەکو ئەندامێکی کۆمەڵگەکەم لە تەمەنێکی زۆر سەرەتای ژیانمەوە تێکەڵ بەکەشی گشتی بووم، بەشداری چالاکی سیاسی، ئەدەبی و کۆمەڵایەتیم کرد، بەو پێیەش کە بەرهەمی فیکری خۆمم لەشێوەی کتێبی ئەدەبی وەک شیعر، چیرۆک، رۆمان و کتێبی کۆمەڵناسی لەشێوەی لێکۆڵینەوە و،کتێبی پەروەردەیی...هتد داوەتە دەرەوە»ل١٠» لەم کتێبەدا «ساڵێک لە دۆزەخ» کە هەروەک خۆی دەڵێ: ساڵێک لەزیندانی بەعسییەکان،کە دۆزەخیترین ساڵی ژیانم بووە،»ل١٣» کە بەڕاستیش وایە و هەمیشە بەندکراوەکانی ناوبەندیخانەکانی بەعس زۆر نزیک بوونە لەمردن. هەروەک لە لاپەرە ٦٠ ئاماژە بەو ڕاستی و دروستی ئەم قسەیەی من دەکات: هەروەک جەللادەکەی پێی دەڵێ: «ناتکوژین بەڵام وات لێدەکەین ئاواتی

مردن بخوازیت.» بەڵێ ئێمە هەموومان دەزانین سەدان کەس لەزیندانەکانی بەعس لەژێر ئازار و ئەشکەنجەدا شەهیدکران بەڵام کەسێک وەکو خاتوو مەهاباد نەیتوانی ئەو وێنەیەی ناو زیندانەکان بۆ ئێمەی غافڵ لەو دۆزەخە وەکو خۆی بگوازێتەوە، ئاخر باسکردنی لەسەر ئازار و ئەشکەنجە زۆر ئاسانە وەلێ چەشتنی زۆر ئاستەمە و من بۆخۆم لە کانی خوێندنەوەی ئەم کتێبە چەندینجار گریام و هەروەک لەلاپەرە١٢» ئاماژە بە ئازاری خوێنەریش دەکات و دەڵێ: بیرەوەری زیندانم نووسیوەتەوە و مەخابن ئەشکەنجەخانەکانم وەبیر هێناوەتەوە، کە دەزانم وەک چۆن نووسینەوەی ئازار سەختە، ئاواش خوێندنەوەی دژوارە، دەمەوێ ڕاستگۆیانە باس لە ساتی گریانەکان، بێزارییەکان، ترسەکان، تۆقینەکان، ساتە دەرونییە پڕ لە هەژان و درووژانەکانیش بکەم»، سەرکەوتنی نووسەر لەوەدایە هەست بەئازاری خوێنەریش دەکات وەلێ ناچارە چونکە ئەمە بەشێکی گرنگە لەمێژووی خەباتی گەلەکەی زۆر پێویستە بنووسرێتەوە و هەروەک «مامۆستا هێمن موکریانی» شاعیر لە پێشەکی دیوانی « تاریک و ڕوون»دا و لەو شوێنەی کە سوور دەزانی خوێنەر خۆی پێناگیری و حەتمەن گریان بەری قورگی دەگرێت، دەڵێ: (زگتان پێم نەسووتێ.ئەو ژیانەم بۆ خۆم هەڵبژاردووە)

خاتوو مەهاباد تەنها باسی خۆ ڕاگری خۆی نەکردووە و باسی ساتە ترسناکەکانیشی کردووە، چونکە مرۆڤ بەباس کردن و گێرانەوەی سەرگوزشتەی چیرۆکی یان بەشێک لە ژیانی خۆی و نیشاندانی وەکو پاڵەوانێکی نێو زیندان نابێتە قارەمان، هەروەک لە «ل١٣» ئاماژەی پێداوە «مرۆڤ بەوە نابێتە قارەمان کە لەبیرەوەرییەکانیدا تەنها باسی ساتە بەهێزەکانی خۆی بکات، چونکە سروشتی مرۆڤ ئاوێتەیەکە لە هەموو دیاردە هاودژەکان، مرۆڤ ئاساییە لەکاتی شەڕ و لە ژووری سێدارە و لەبەردەم جەللاددا بترسێ» ئاخر ئەو جۆرە ترسانە ئاساین و سروشتی مرۆڤ وا هەڵکەوتووە و مەرج نییە ئەوە ترس بێت لەمەرگ، بەڵکو بێزارییە لەو ژیانەی ناو دۆزەخی زیندان.

٢ .بوێری:

مەهاباد خان لە ڕۆژگارێکدا ژیاوە ژنی کورد وەکو ئێستا نەبووە و لە ڕۆژگارێکدا بووە بە چاوێکی سووکەوە دەیانڕوانیە هەموو جوڵەیەکی بوێرانەی ئافرەت، بۆیە خۆ لەقەرەدانی خەبات و تێکۆشان و تێکەڵبوونی بەدنیای سیاسەت، دونیایەک هێز و ئازایەتی و بویریی پێویست بووە و بەرگە گرتنی ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجانە کە هەر گێرانەوەی موچرکە بە لەشی مرۆڤدا دێنێت ئەوپەڕی بوێری و ئازیەتییە، لەکاتێکدا سەدان کەسی بەتوانا و بەهێزیش هەبوون وەلێ بەداخەوە بەرگەی ئازار و ئەشکەنجە درندانەکەی بەعسیان نەگرت و هەر لەناو زیندانەکان و لەکاتی لێکۆڵینەوەکاندا گیانیان لەدەستدا. لە بوارە کۆمەڵایەتیەکەشدا زۆر بوێرانە ئاماژە بە پەیوەندی خۆشەویستی نێوان خۆی و «مستەفا گەرمیانی» دەکات، کە چۆن نامە و شیعری دڵداریان گۆڕیوەتەوە و

ئەوەتا خۆی نەک بەبوێری بەڵکو بەشانازیشەوە باسی دەکاو دەڵێ: (لەناو ئەوبیرانەمدا زۆرجاریش لەگەڵ»مستەفا»، ئەو کوڕەی کە دوو هەفتە پێش گیرانم پەیوەندیمان دانا، دەبووم و بیرم لێ دەکردەوە).ل١٠٢ و لەشوێنێکی تردا ئاماژە بەو نامەو شیعرانە دەکات کە بۆ مستەفای نووسیوەو ئێژێ: (ئەو نامەو هۆنراوانەی کە لەسەر دەسماڵی کاغەزین لە زیندانەوە دەمناردەوە، بۆ کفری و کەرکووک، تاماوەیەک لەلای مستەفا مابوونەوە، کە مستەفا ناچاری هەڵاتن بوو و ساڵی١٩٨٢بەرەو هەندەران کوردستانی بەجێهێشت، هۆنراوەکانی لای «نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد» دانابوو، کە هاورێیەکی خۆشەویستمان بوو، نامەکانیش لای فاتمە ئەحمەد کە خوشکەزای بوو) ,ل١٠٨. ئەمانی کە ئاماژەم پێدان چەند نمونەیەک بوو لەخەرەوارێک، کە تا ئێستاش هیچ پیاوێکی کورد زاتی ئەوەی نەکردووە بەڕاشکاوانە لە نووسینێکدا بەناو بڵێ من و فڵانە ئافرەت پەیوەندی خۆشەویستیمان هەبووە و یان بەخۆشەویستی هاوسەرگیریمان کردووە، دەی جا ئەمە چ بوێرییەکە مەهاباد خان هەیەتی، بەراستی جێی شانازییە بۆ کورد خودان ئافرەتی قارەمانی وەکو « لەیلا قاسم و مەهاباد و مریەم قازی و...»یە.

٣. زمانی نووسین:

زمانی نوسینی یەک لەسەرکەوتنەکانی ئەم کتێبەیە، چونکە رۆمان ئاسا نووسراوە و تەنها گێرانەوەی ڕووت و داتا و شوێن و کات نییە! هەروەک زۆریک لەو بیرەوەریانەی تاکو ئێستا نووسراونەتەوە، بەڵکو بەهونەرێکی فرە جوانی دارشتن و گێرانەوە بەجۆرێک خوێنەر کەمەندکێش دەکات وەکو رۆمانێکی زۆر چێژبەخش بەشەوقەوە بیخوێنێتەوە و نەتوانێ چاوی لەسەر ئەو کتێبە هەڵبرێ تا تەواوی نەکات و لەلایەکی تریشەوە قسە لەسەر مافی مرۆڤ و ژنان بەتایبەت و ڕووداوەکانی ناو بەندیخانە لەڕووی سایکۆلۆژی و دەروونناسیەوە، خزمەتێکی تری کلتووری کوردی کردووە. دەربارەی ئەدەبی لاواندنەوەی ژنانی کورد دەڵێ( ژنانی گەرمیان ئەوەندە کۆستیان کەوتووە و ئازیزیان شەهید بووە، هەموویان بۆ لاواندنەوەی ئازیزانی لەدەستچوویان بوونەتە شایەر، لەوێدا بۆم دەرکەوت هەر من نیم شیعر دەنووسم، ئەوەتا ژنانی وڵاتەکەم هەموویان شاعیرن، جیاواری نێوان من و ئەوان ئەوەبوو من بەپێنووس و لەسەر کاغەز تۆمارم دەکردن، ئەوان لەسەر زار دەیانگوت و لەسنگیان تۆماریان دەکرد)ل١٤٠. لێرەدا مەهاباد خان باس لەئەدەبی میللی سەر زارەکی دەکا و شرۆڤەی دەکات و ئاماژە بەنەهامەتی و خێرلەخۆنەدیوی ژنانی کورد دەکات کە وای لێ کردوون هەموویان ببن بەشایەر، لەلایەکی تریشەوە و هەر لەم کتێبەدا چەندین چیرۆکی تراژیدیای ژنانی بەندکراومان بۆ دەگێرێتەوە و بەرگری لە ژنان دەکات بەگشتی باسی نەهامەتی ژن دەکات و باسی ئەو جیاوازییە نا دادپەروەریە دەکات لە کۆمەڵگای دواکەوتووی وەکو رۆژهەڵاتی ناوین بەگشتی و عێراق بەتایبەتی و نموونەش «رەحمە»یە کە ژنێکی عەرەبی بەندکراوی زوڵم لێکراوە و کە لەجیاتی

پاداشت بکرێت سزادراوە و لەوبارەیە دەڵێ: (رەحمە پیاوێکی قەسابی کوشتبوو، ژنێکی زۆر شۆخ وشەنگ بوو، لەناو ئەو زیندانەش هەر وەکو خۆر دەدرەوشایەوە. پێستێکی پەمەیی ناسکی هەبوو، قژ و چاوی کاڵ بوو، بەژنێکی زراڤیشی هەبوو، چیرۆکی رەحمە لەوێوە دەستی پێکردبوو کە بەیانانێکی زوو دەچێت بۆ بازار بۆ کرینی سەوزە و گۆشت بۆ ئەوەی چێشتی ئەو رۆژەی پێ لێبنێت بۆ مێردەکەی و دوو منداڵەکەی و خۆی. دوای ئەوەی سەوزەکانی دەکرێ دەچێتە قەسابخانەیەک بۆ کرینی گۆشت، قەسابەکە پێی دەڵێ فەرموو تەماشای ئەم گۆشتانەی ژوورەوە بکە باشترن، بزانە لەکامیانت دەوێت، کە رەحمە دەچێتە ژوورەوە پیاوەکە پەلاماری دەدات لەباوەشی بگرێت و ماچی بکات و لاقەی بکات، رەحمە دەیەوێت خۆی راپسکێنێ و ڕابکات. لەتەنیشتیەوە چەقۆی قەسابەکەی لێ دەبێت، لە کەمەری قەسابەکەی دەکاتەوە و سووک دەیکات بەورگیدا و دەسبەجێ لەوێ روحی کابرا دەردەکات. دێن بەسەریدا و دەیبینن و پۆلیس دەیگرێ و حوکمی هەمیشەیی بەسەردا دەدات و چوار ساڵ بوو لەو زیندانەدا بوو. رەحمە بۆ بەرگری لەخۆی ئەو تاوانەی ئەنجامدابوو، ئەمە لە لێکۆڵینەوەکانیشدا هەر وا تۆمارکرابوو، بەڵگەدارکرابوو، کەچی حوکمێکی درێژی بەسەردا درابوو.
پیاو لە کۆمەڵگەی عەرەبدا ئەگەر ژنیان زینا بکات دەیکوژن. واتە ئەگەر ئەو ژنە قبوڵی کردبا قەسابەکە لەگەڵی رابوێرێ و سێکسی لەگەڵدا بکات و مێردەکەی ئەوەی لا ئاشکرا بووبا دەیکوشت. بەڵام پێچەوانەی ئەمە روویدات و پیاو سێکس بکات لەگەڵ ژنی دیکەدا بە زیناش بژمێردرێت، بەڵام پیاوی لەسەر سزا نادرێت. لە دۆخی ئەم ژنەدا، پیاوێک ویستبووی سێکسی لەگەڵدا بکات و نەیهێشتبوو. تا ئەو رادەیەی کە لەبەر پاراستنی شەرەفی پیاوەکەی، پیاوێکی تری کوشتبوو، بەڵام مێردەکەی نەک لەباتی ئەوەی هاوکاری بکات و باری سووک بکات، بەپێچەوانەوە، تەنها چەند مانگێکی هەوڵ سەردانی کردبوو، منداڵەکانی هێنابوو بۆ سەردانی، بەڵام پاش ئەو چەند مانگە پێی گوتبوو دەبێت تۆ تەڵاق بدەم و ژنێکی تر بهێنم و ئیدی منداڵەکانیش ناهێنم بۆ لات. رەحمە خوای نەمابو، باوەری بەهیچ پیاوێک نەمابوو، دەیگوت خۆزگە زینام بکردایە نەک قەتل.......رەحمە چەندێ ژنێکی بەسام و بەهەیبەت بوو، کە هەموو زیندانیانی تر لێی دەترسان، ئەوەندەش بەهەست و سۆز بوو).ل.١٧٠.
لێرەدا خاتوو مەهاباد دوو رۆڵ دەگێرێ چیرۆکنووس و گێرانەوەی بەشێکی گرنگ لە مێژووی وڵاتی عێراق لە سایەی رژێمی بەعسدا...

**دەرئەنجام:**

ئەم کتێبە تا لێی بکۆڵیتەوە لێی پەیدا دەبێت، وەلێ من لایەنەکانی تری بۆ دەروونناس و کۆمەڵناسەکانی جێدەهێڵم، من لە رووە ئەدەبیەکەوە قسەم لەسەری کردووە، ئەم کتێبە کەلێنێکی لە کتێبخانەی کوردی پرکردۆتەوە چونکە دەچێتە خانەی ئەدەبیاتی بەندیخانەوە و لەم بوارەشدا زۆر کەم نووسراوەتەوە و هاوکات باس لەمێژووی زەمەنێکی دیاریکراوی رۆژە تاڵەکان و نەهامەتییەکانی گەلەکەمان دەکات لەژێر سایەی حوکمی رژێمی بەعسی ئەنجامدەری ئەنفال و کیمیبارانی هەڵەبجە و ئەنفالی بارزانییەکان و لە سێدارەدانی و گولەباران کردنی هەزاران رۆڵەی گەلەکەمان و لە رویەکی تریشەوە تاکە ژنی کوردە زۆر بوێرانە ئەدەبیاتی بەندیخانەی نووسیوەتەوە.

لەکۆتاییدا بەهیوام لەداهاتوویەکی نزیکدا خوێندنەوەیەکیش بۆ دووهەمین کتێبی لەم بوارەدا بکەین کە بەناونیشانی «چل چرا»یە بکەم.

سەرچاوەکان:

١. مەهاباد قەرەداغی/ساڵێک لە دۆزەخ..٢٠٠٥، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس.

٢. تاریک و روون: دیوانی شیعری مامۆستا هێمن موکریانی.

٣. السجینه: للروائیه المغربیه، ملیکه اوفقیر..

٤. شرق المتوسگ: للروائی الکبیر/ عبدالرحمن منیف.



# گرێکانی دەروونی پیاو و ژن
# لە کورتەچیرۆکی
# «تەختەسووتاوەکەی باوکم»ی
# «ئازاد ئەرگووشی»دا
# خوێندنەوەیەکی شیکاری

مەهاباد قەرەداغی

**دەروازە:**

«تەختە سووتاوەکەی باوکم» چیرۆکێکی کورتە و لە (٩٧٥) وشە پێکهاتووە. ئازاد ئەرگووشی نووسیویەتی و توانیویەتی لە کەمتر لە هەزار وشەدا پەیامێکی چڕ و پڕ پێشکەش بکات، کە ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی ئەدەبی و موتوربەکراو بە پێوەرەکانی دەروونناسی، شی دەکەینەوە، چونکە جگە لە پەیامی چڕی ڕەخنەگرانە لە سیستەمێکی کۆنینەی کۆمەڵایەتی دنیاگرەوە کە ناوی سیستەمی باوکسالارییە، نووسەر دۆخی دەروونی زۆر هەستیاری کارەکتەرەکانی ناو چیرۆکەکەی دەخاتە ڕوو، کە بریتین لە دۆخی جیاوازی دەروونی باوکێک، دایکێک و کوڕێک، کە هەریەکەیان بەجۆرێک لە سایەی ئەوسیستەمەدا بەرکەوتوون و گرێگەلی دەروونییان بۆ دروست بووە.

بە پێچەوانەی ڕۆمانەوە کە مەیدانێکی فراوانە بۆ گێڕانەوەی وردەکارییەکان، کورتەچیرۆک؛ هونەری گێڕانەوەی چڕە و دەبێت لە مەیدانێکی تەنگدا بە گەمەی زمان هەموو ئەو ئامرازانەی کە بە ڕۆمان پێویستە تیا بەکار ببرێت. لە کورتەچیرۆکیشدا دەبێت بابەتێکی درامایی هەبێت، کات و شوێن دیار بێت، شاکەسێک هەبێت بۆ ئامانجێک تێبکۆشێت، دژەشاکەس هەبێت ڕێگری لێ بکات کە نەگاتە ئەو ئامانجەی، پەیام هەبێت، گفتوگۆی دیالۆگ و مۆنۆلۆگ، فلاشباک، میتافۆر و سیمبۆل و هتد هەبێت. کورتەچیرۆکنووسێ بتوانێت هەموو ئەمانە لە جێی خۆیدا و لەکەمتر لە هەزار وشەدا بەکار ببات، بە چیرۆکنووسێکی سەرکەوتوو دادەنرێت. بۆ ئەو مەبەستەی بزانین ئازاد ئەرگووشی چەند شارەزایانە لەم کورتەچیرۆکەدا پەیامەکەی گەیاندووە و گرێکانی دەروونی ژنو پیاوی دەرخستووە، هەڵیدەسەنگێنین و شەنوکەوی دەکەین.

**یەکەم: بابەتی چیرۆکەکە**

بابەتەکە بۆ مرۆڤایەتی ئەوەندە گشتگرەوەیە، دەتوانین بڵێین ڕەنگە کەم ماڵ هەبێت نەیگرێتەوە. باسی سیستەمی باوکسالاری کە لە سایەیدا هەرچی دیاردە ڕەق و زەق و توون و تیژ و دژوارەکانە بەرهەم دێت. ئەم بابەتە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ملیۆنان جار باس کراوە، بەڵام هەر نووسەرێ بە سەلیقە و شارەزایی خۆی دەتوانێت هێشتاش شتی وای لەسەر بخولقێنێ و بگێڕێتەوە، کە هەست بجولێنێ و نەست بوروژێنێ.

ئازاد ئەرگووشی؛ لە میانەی خولقاندنی گێڕەرەوەیەکی هۆشیارەوە کە کوڕی باوکێکی ستەمکارە، دەمانباتەوە ناو دەروونی دایکێک کە ستەم وێرانی کردووە. لە سایەی ستەمدا؛ جەستەش بەر زەبر دەکەوێت، بەڵام زەبری دەروون کاریگەری دوورمەوداترو فراوانمەوداتری هەیە و وەک نەخۆشی گوازرەوە دەوروبەریش بەرباد دەکات. بە تایبەت چونکە ستەمەکە لەو سیستەمەدا لەتوخمێکی مرۆڤەوە کە باڵادەست و بەهێز کراوە«پیاو»، بەسەر توخمەکەی دیکەی مرۆڤدا کە بێدەستەڵات و بێهێز کراوە«ژن»، وای کردووە  کار لە تەواوی بەرهەمی مرۆڤایەتی بکات، چونکە ئەو بەهێزەباڵادەستە دەبێتە باوک و ئەم بێهێز و بێدەستەش دەبێتە دایک، لە چوارچێوەی خێزانێکدا و لە ڕێگەی پەروەردەیەکی پەستەوە، دەگوازرێتەوە بۆ منداڵەکان و ئیدی نەوەکان و نەتەوەکان دەشێوێنێت.

**دووەم: کات و شوێن و کارەکتەر**

لەم کورتە چیرۆکەدا؛ لە سێ ڕستەی سەرەتاوە، کات و شوێن، بە شێوەیەکی هێند سیمبۆلئامێز و پەیامدەر بەکار براوە، خوێنەری ژیر لە دێڕی یەکەمەوە دەباتەوە ناو بابەتە سەرنجڕاکێش و هزرهەژێنەکەوە و هەر سێ کارەکتەرەکەش دەناسێنێت.

«خەریکی سووتاندنی دار و تەختە و پارچەکاغەز و دواپاشماوەی بیرەوەرییەکانی باوکە مەیباز و مێبازەکەم بووم!». لەوەی کەتوانیبووم بە ئارەزووی خۆم خانووەکەم نوژەن بکەمەوە، ئەوشەو بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا هەستمکرد منیش بۆ خۆم کەسێکم. بست بە بستی ئەو خانووە شوێنی نەهامەتییەکانی دایکمە، دەنگی گریان و ناڵە جەرگبڕەکانی وەک دەنگی ڕووبارێک بەردەوام لە ناخمدا دەنگ دەداتەوە.»

بەم سێ ڕستەیە گێڕەرەوەی چیرۆک کات و شوێن و سێ کەسەکەی ناو بابەتی چیرۆکەکە بەم شێوەیە دەناسێنێت:

شوێن: ماڵی باوکی گێڕەرەوەی چیرۆکە، کە ئێستا بە بۆماوە هی ئەوە و نوژەنی کردۆتەوە.

کات: دوای مردنی باوک
کارەکتەری باوک: پیاوێکی مەیباز و مێباز واتە لە ڕووی ئاکارەوە فەرامۆشکار و بێسوود و بێهودە و ناپاک.
کارەکتەری دایک: ژنێکی بێدەسەڵات و ستەملێکراو لەناو ئەوماڵەدا.
کارەکتەری کوڕ کە گێڕەرەوەی چیرۆکەکەشە: بەرهەڵستکاری ئاکارەکانی باوک، بەوەی خەریکی سوتاندنی هەرچی بیرەوەری باوکە لەناو ماڵەکەدا، واتە بەرهەڵستکاری سیستەمی باوکسالارییە. نوژەنکردنەوەی خانووەکە سیمبولئامێزانە بۆ بیرکردنەوەیەکی نوێ و نوێکردنەوەی ژیان و جیهان و مەبەست لێی گۆڕینی سیستەمی ستەمە بە مۆدێلێکی جوان و نوێی ژیان.

چیرۆکنووس؛ زۆر شارەزایانە لە ڕێگەی بەکاربردنی سێ ڕستەوە، هەر لە سەرەتای چیرۆکەکەوە لێشاوێک لە مەبەست دەخاتە ڕوو. هەر بە هەمان ریتمەوە و بە زمانێکی چڕەوە بەردەوام دەبێت و ئامرازە پێویستەکانی تر بە کورتە چیرۆک، بەکار دەبات. هەر لە ڕێگەی وەسفەکانی شوێن و کات و ڕەفتاری کارەکتەرەکان و وەبیرهاتنەوەی وردەکارییانەوە، گێڕەرەوە تەواوی ئەو دۆخانە ڕۆشن دەکاتەوە کە هۆکاری ئەو گرێ دەروونییانەن کە ستەمی سیستەمی باوکسالاری دەیانخولقێنێت و لە نەستی مرۆڤەکان جێگیریان دەکات.

**سێیەم: گرێ دەروونییەکانی پیاو و ژن**
ئەو ئارەزووانەی کە نەیەنە دی، دەچەپێن و لە ڕووبەر ون دەبن، بەڵام دەچنە ناو ژێرزەمینە هەرە قووڵ و تاریکەکانی نەستەوە. نەست کۆگایەکی سەیروسەمەرەی ئەو هەستە چەپێندراوەیە کە هەر لە سەرەتاکانی منداڵییەوە تا کۆتایی تەمەن هەڵگیراون و جار جارە هەندێکیان بە هێدی و هەندێکی تریان وەک لافاو لێیەوە دەردەپەڕێ. ئەوانەی بە هێدی دەردەپەڕنە دەرەوە ئەو گرێیانەن کە مرۆڤ پەژموردە دەکەن، بەڵام هێشتاش دەرک بەوە ناکرێت مرۆڤێکی ئاسایی نەبن، بەڵام ئەوانەی بە لێشاو دەردەپەڕن، دەبنە هۆکاری نەخۆشی دەروونی ئاڵۆز و هەندێ جاریش کوشندە، وەک خەمۆکی قووڵ کە دەشێ لە ئاکامدا نەخۆش بەرەو خۆکوشتن راپێچێت.
ستەم؛ سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ چەپاندن. ئەگەر ئەو ستەمە سیستەماتیک بێت و ببێت بە کولتوور و ڕۆتینی ڕۆژانە، ئەوە نەستی مرۆڤایەتی تێکڕا دەبێتە کۆگای ئارەزووە سەرکوتکراوەکان. ئیدی ستەم خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە و ستەمی تر دەخولقێنێت،

ئیدی گرێ لە جۆری خۆی یان جۆری تری گرێ بەرهەم دەهێنیتەوە و ئەوەی پێی دەگووترێت هاوسەنگی دەروون، دەبێتە ئاستەم.
لە چیرۆکی «تەختە سووتاوەکەی باوکم»؛ کارەکتەری دایک وا خراوەتە ڕوو کە ژنێکە بە ڕەهایی چوەتە ژێر ڕکێفی مێردەکەیەوە و دەسەڵاتی خۆی بەسەردا سەپاندووە. ئەم ژنە وەک ئەوەی ئەوە دۆخێکی زۆر ئاسایی بێت، پەسەندی کردووە و تەنانەت ئەوەشی پەسەند نییە کە کەسێکی تر»لە چیرۆکەکەدا کوڕەکەی» هەوڵی ڕزگارکردنی بدات و لە ستەمی مێردەکەی بیپارێزێت.
« ئەگەر لە کاتی بە شەڕهاتنیان من لە ماڵەوە بوومایە، یەک ڕاست دەهاتە لام، هەوڵی دەدا تێمبەبگەیێنێت شەڕی نێوان ئەو وباوکم خەتای ئەوە، ئەو باوکمی تووڕە کردووە. کاتێک باوکیشم تووڕە دەبوو ئاگای لە خۆی نەدەما، قایشی پشتی دەردەهێنا و دەکەوتە گیانی دایکم.»
لەم دوو ڕستەیەدا؛ دوو دۆخی نائاسایی دەروونی خراوەتە ڕوو، یەکەمیان لە لای دایکەکە کە وەک میکانیزمێکی بەرگری دەروونی بەردەوام پێی وایە خەتابار خۆیەتی و هەق بە میردەکەیەتی لێی بدات، تەنانەت ڕەوایەتییش دەدات بەو لێدانە، دووەمیان دۆخی نائاسایی دەروونی باوکە کە بەردەوام غەریزە بەسەریدا زاڵە و زەبروزەنگ بەکار دەبات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکان.

منداڵ؛ کە لەناو دۆخێکی نائاسایی وادا پەروەردە دەبێت، بێ شک باری دەروونی نائاسایی دەبێت. گێڕەرەوەی ئەم چیرۆکە کوڕی ئەو ژنە ستەملێکراو و پیاوە ستەمکارەیە، بۆیە هەست بە هەڕەشە دەکات لەسەر ناسنامەی خۆی و بۆ ئەو مەبەستە ئەویش میکانیزمەکانی بەرگری دەروونی بەکار دەبات. لەم چیرۆکەدا دوو جۆر میکانیزمی بەرگری بە زەقی بەکار دەبات، یەکەمیان هەستکردن بە بێدەسەڵاتی و بێهێزی بەرامبەر بە باوکە ستەمکارەکە و بەزەییهاتنەوە بە دایکە ستەملێکراوەکە، دووەمیان ڕووبەڕووبوونەوەی ستەمەکە و بەگژداچوونەوەی، ئەگەرچی دایک بەردەوام هەوڵی بەربەستکردنی ئەم بەگژداچوونەیە دەکات.
« جارێکیان نەمتوانی دان بە خۆمدابگرم، ڕۆیشتم پاڵێکم پێوەنا، خۆم خستە نێوان ئەو و دایکم، هەڕەشەم لێ کرد، گوتم: ئەگەر واز نەهێنی ناچار دەبم...، باوکم بە چاوە سوورهەڵگەڕاوە و دەرپەڕیوەکانی بە نەفرەتەوە تەماشایەکی کردم، دایکم لە پشتەوە دەستی گرتم، زللیەکی لێدام و گوتی: دواجارت بێ لە ڕووی باوکت دەست بەرز بکەیتەوە، هەرچیەک بێت، باوکتە.»

لەم چیرۆکەدا پیاوێک هەیە کە چێژ لە ئازاردان وەردەگرێت و ژنێکیش چێژ لە ئازارچێشتن وەردەگرێت. لە دەروونناسیدا بەم دوو دۆخە دەگوترێت سادیبوون و ماسۆخی بوون. سادی کەسێکە بە ئازاردانی ئەویتر ئارام دەبێتەوە، ماسۆخی بەوەی ئازاربچێژێت ئارام دەبێتەوە. هەردوو دۆخەکە هەر چێژوەرگرتنە لە ئازار. ئەم دۆخەی لەم چیرۆکەدا خوڵقێندراوە تەنها فەنتازیا نییە، بەڵکو دۆخی ڕاستەقینەی ژیانی کۆمەڵگە پیاوسالارەکانیشە بە گشتی. پیاوان کە ستەم لە ژن دەکەن وەک دۆخێکی ئاسای بۆ خۆیان دەیبینن. ژنانیش کە دەکەونە ژێرباری توندوتیژی و ستەمەوە بۆ خۆیان وەک دۆخێکی ئاسایی دەیبینن، بۆیە ژیان وەک بازنەیەکی داخراو لەناو ستەمدا دەخولێتەوە و ناشیانەوەێت دەستبەرداری بن. ڕاستی ئەوەیە تا دەرک بە نائاساییبوونی دۆخی ستەمکاری نەکرێت، ناکرێت باس لە کەمکردنەوەی یان بنبڕبوونی بکرێت. ئەو ژنەی لەم چیرۆکەدا کراوە بە سیمبولی قبوڵکردنی ستەم، نموونەی بە ملیۆنان دایکە لە سەرانسەری دنیادا و بە تایبەتیش لە کۆمەڵەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. نەوەیەکی نوێ دێت و دەستەبژێرێکی ئەو نەوەیە هەوڵی گۆڕینی ئەو سیستەمە دەدات و هەوڵی نوێکردنەوەی ژیان دەدات بەڵام بەربەستی دەروونی زۆری نەوەکانی پێش خۆیان دەبنە هۆکاری سەرنەگرتنی پرۆژەی گۆڕینی کۆمەڵ.

« هەوڵمدا هەموو ئەو کەلوپەلانەی بۆنی کۆنی و رابردوویان لێدەهات بیانفرۆشم، دەمویست ماڵەوەمان لە پاشماوەی ئەو شتانە پاک بکەمەوە کە دەبوونە هۆی ئازاردانی دایکم.»

کۆن، ڕابردوو، پاشماوە، ئازاردان، ئەو وشانەن کە ئاماژەن بۆ سیستەمێکی داتەپیووی بێکەڵکی ستەمکار. «بیانفرۆشم» و «پاک بکەمەوە»، دوو ئاماژەن بۆ لەناوبردنی خراپەکان و پاکژکردنەوەی پیسەکان. کوڕ لەم چیرۆکەدا ئاماژەیە بۆ نەوەیەکی نوێی پیاو کە لەو دەستەبژێرانەیە کە ئاکارە ناشیرینەکانی رژێمی باوکسالاری ڕەت دەکەنەوە، بەڵام تا چەند سەرکەوتوو دەبن لە شۆڕش بەسەر ئەو رژێمە کۆن و ئازاردەرەدا؟ کێ دەبیتە بەربەستی ئەو جموجۆڵە نوێخوازییە؟ لەم چیرۆکەدا، کەسایەتی لاوازی دایکان دەکاتە ڕێگری سەرەکی بەدیهێنانی ئاوات و خەباتی گۆڕانکاری. دایک (ژن) کە پەروەردەکاری نەوەکانە، گەر هۆشیار نەبێت بە مافەکانی خۆی، ستەم قبوڵ دەکات و هێدی هێدی دەبێتە ئازرچەشتن دەبێتەخووی و لە ڕێگەی پەروەردەشەوە دەیگوێزێتەوە بۆ منداڵەکانی. دایک لەم چیرۆکەدا خۆی بەربەستی سەرەکی هاتنەدی خەونی گۆڕانکاری و شۆرشە.

« دووباره منی له باوەش گرت و دەستی بە گریان کرد. ئەو شەو بۆم دەرکەوت کە دایکم قەت پێی خۆش نییە بە خراپە باسی باوکم بکەم، چونکە هەستم کرد بەشی هەرە زۆری خۆشەویستی دایکم بۆ من، لەبەر ئەوەیە کە من کوڕی ئەو پیاوەم، کە تەمەنێک لەگەڵیدا بە ئازارو ئەشکەنجەوە ژیاوە!!»

لە قوڵایی ناخی ئەم دایکەدا ترسێک ڕوواوە و واش پەروەردەکراوە کە پیاو و تەنیا پیاو دەتوانێ بیپارێزێ و بەرگری لێ بکات. بۆیە لە زەینی ئەودا پیاو چەند زەبروزەنگیش لە دژی خۆی بەکار ببات، هەر پێی ڕازییە و تەنانەت خۆشیشی دەوێت. لە پەروەردەی کچدا شووکردن هەمیشە وەک دۆخی سەقامگیری و ستربوون وێناکراوە و چەسپێندراوە، بۆیە لە سایەی پیاودا «چەند ستەمکاریش بێت» هەست بە سەقامگیری دەکات و هەست دەکات ئەو پیاوە عەیبەکانی ئەمی داپۆشیووە. کچ لە خێزانی کۆنپارێز و دواکەوتوودا وەک خەوش و عەیبە دانراوە، بۆیە بەردەوام بۆ داپۆشینی ئەو خەوش و عەیبەیە پیاوێکی بۆ بە پێویست دەزانن.

دایکی ناو چیرۆکەکەی ئازاد ئەرگوشی نمونەی بەشێکی فراوانی دایکانی کۆمەڵی کوردەوارییە، کە زۆرجار ڕێگرن لەبەردەم ئەو دەستەبژێرە لە کچ و کورەکانیان کە دەیانەوێت ژیانیان بگۆڕن.

بەکاربردنی «تەختەی خەوی باوک» لەم چیرۆکەدا کە بووەتە ناونیشانی چیرۆکەکەش، سیمبولئامیزە و ئاماژەیە بەوەی سێکسسەروەری لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا ستەمی بەرهەمهێناوە. سووتاندنی تەختەخەوی باوکێک کە بە مێباز و مەیباز ناوبراوە، کە ئاماژەیە بۆ غەریزەسەروەری و سێکسسەروەری لای پیاو بەرامبەر بە هاوسەر لە خێزانێکدا کە نموونەشی کەم نییە لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا، بۆ ئەو مەبەستەیە کە پەیامی نەوەیەکی ناڕازی لەو سیستەمە بگەیەنێت کە خوازیاری کۆتاییهێنانن بە ستەم، بەڵام بەرهەڵستی دایک کە وەک کۆیلە لەسەر ئەو تەختەخەوە مامەڵەی لەگەڵ کراوە و هاوکات مێردە مێبازەکەی ناپاکی لەگەڵ کردووە، ئەوە دەردەخات کە ناهۆشیاری ژنان بەربەستە لەوەی کۆیلایەتییان کۆتایی پێ بێت.

**ئەنجام:**

لەم چیرۆکە زۆر کورتەی ئازادد ئەرگووشیدا، پەیامیکی مرۆڤانەی چڕ هەیە و ڕەتکردنەوەی سیستەمی باوکسالاری (پیاوسالاری) تێدا بەرجەستە پیشانداوە. هەروەها پیشانی داوە لە ئەنجامی ستەمی ئەو سیستەمەدا ژن و پیاو هەردووکیان گیرۆدەی چەندین گرێی دەروونی بوون و میکانیزمەکانی بەرگری دەروونی بەکار دەبەن. جگە

لەوانەش لە پەیامەکەیدا ڕوونە کە هۆشیاری ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە پچڕاندنی کۆتەکان، چونکە مرۆڤی ناهۆشیار دەرک بە نائاساییبوونی دۆخی ستەمئامێزی خۆی ناکات و هەست ناکات کە کۆیلەیە. هەروەها ئەوە دەردەبڕێت کە ململانێی نەوەکان چەند قووڵ ڕۆچووەتە ناو دەروون و نەوەی کۆن چەند بەربەستی راستەقینە بۆ نەوەی نوێ و دەستەبژێری نوێخواز دادەنێت.

...

**تەختە سووتاوەکەی باوکم**

**کورتەچیرۆک**

**نووسینی: ئازاد ئەرگوشی**

خەریکی سووتاندنی دار و تەختە و پارچەکاغەز و دواپاشماوەی بیرەوەریەکانی باوکە مەیباز و مێبازەکەم بووم! لەوەی کە توانیبووم بە ئارەزووی خۆم خانووەکەم نووژەنبکەمەوە، ئەو شەو بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا هەستمکرد منیش بۆ خۆم کەسێکم. بست بە بستی ئەو خانووە شوێنی نەهامەتیەکانی دایکمە، دەنگی گریان و ناڵە جەرگبڕەکانی وەک دەنگی ڕووبارێک بەردەوام لە ناخمدا دەنگدەداتەوە. لە بەر بێدەسەڵاتیم بەرامبەر هەڵسوکەوتی زاڵمانەی باوکم لە گەڵ دایکم، لە خۆمەوە فرمێسکەکانم دەهاتنە خوارەوە. ئەوە نەبوو کە نەمدەتوانی وەڵامی بێحورمەتیەکانی باوکم بدەمەوە، زۆر چاکیش دەمتوانی، بەڵام سەرەتا دەبووایە بەسەر دایکمدا باز بدەم و حورمەتی ئەو بشکێنم، ئەوجا پێشی لە کارە ناڕەواکانی باوکم بگرم، چونکە دایکم هەمیشە خۆی دەکردە قۆچی قوربانی. سەرەڕای ئەوەش قەت نەمبینیبوو باوکم بە ڕێزەوە لەگەڵ دایکم هەڵسوکەوت بکات!! هەمیشە شایەتی سووکایەتی پێکردن و زەبرو زەنگی بوومە، سەیرەکەش لەوەدابوو، بۆ ساتێکیش نەمبینی دایکم گلە و گازندەیەک لە باوکم بکات! هەر ئەوەندە کە باوکم دەڕۆیشتە دەرەوە، خێرا لە شوێنی خۆی هەڵدەستا و دەستی دەکرد بە ئەنجامدانی کاروباری ڕۆژانەی ماڵەوە. ئەگەر لە کاتی بە شەڕهاتنیان من لە ماڵەوە بوومایە، یەک ڕاست دەهاتە لام، هەوڵی دەدا تێمبەبگەیێنێت شەڕی نێوان ئەو وباوکم خەتای ئەوە، ئەو باوکمی تووڕە کردووە. کاتێک باوکیشم تووڕە دەبوو ئاگای لە خۆی نەدەما، قایشی پشتی دەردەهێنا و دەکەوتە گیانی دایکم. جارێکیان نەمتوانی دان بە خۆمدابگرم، ڕۆیشتم پاڵێکم پێوەنا، خۆم خستە نێوان ئەو و دایکم، هەڕەشەم لێ کرد، گوتم: ئەگەر واز نەهێنی ناچار دەبم...، باوکم بە چاوە سوورهەڵگەڕاوە و دەرپەڕیوەکانی بە نەفرەتەوە تەماشایەکی کردم، دایکم لە پشتەوە دەستی گرتم، زللیەکی لێدام و گوتی: دواجارت بێ لە ڕووی باوکت دەست بەرز بکەیتەوە، هەرچیەک بێتن، باوکتە. باوکەم

به بینیی ئەو هەڵوێستەی دایکم هێور بووەوە، زەردەخەنەیەکی تاڵ هاتە سەر لێوی، فرمێسک لە چاوەکانیدا قەتیس مابوون، بە هێمنی ڕۆیشتە دەروە. لە کاتی ڕۆیشتنی دیاربوو فرمێسکەکانی دەسڕییەوە، ئەو کات زۆر سکم پێ سووتا! دایکم گوتی:پیاوێکی بەدبەختە بەڵام دڵی پاکە، من لە تۆ باشتر دەیناسم. بەردەوام لێی دووبارە دەکردەمەوە دواجارت بێ شتی وابکەیت، نابێ بێریزی لەگەڵدا بکەیت، تێگەیشتی کوڕم؟ نەبوونی باوکم هەتیوی کردم! لە لایەکی ترەوەش خۆشحاڵبووم لەوەی کە لەمەو دوا دایکم دەیتوانی ژیانێکی نوێ دەستپێبکات، ژیانێک دوور لە چاوەڕوانی، ئیتر ناچار نییە تا درەنگانێ شەو دابنیشێت و چاوەڕەێی گەڕانەوەی باوکم بێت. زۆربەی شەوان باوکم بە سەرخۆشی دەگەڕایەوە ماڵەوە. ئاگرەکە کوژایەوە، تەنیا خۆڵەمێشی لێی بەجێما. هەڵبەت بە دڵخۆشییەوە خۆڵەمێشەکەشم چاڵکرد، بەو ئومێدی کە ڕابردوو تاڵەکەی ناو ماڵەکەمان بەیەکجارەکی بسڕێتەوە. بەم کارەم هەستم کرد سەرکەوتنێکی گەورەم بەدەست هێناوە، کاتی ئەوە هات بوو بڕۆم دەستی دایکم بگرم و بێنم بۆ ئەو شوێنەی کە هەموو ڕابردووی تێدا لە گوڕنرابوو!! لەو بڕوایەدا بووم دایکم بە بینینی خانوو نووژەنکراوەکە، ڕۆحێکی تری دێتەوەبەر، ژیانێکی پڕ لە بەختەوەری لەگەڵ من دەست پێدەکا. هەوڵمدا هەموو ئەو کەلوپەلانەی بۆنی کۆنی و رابردوویان لێدەهات بیانفرۆشم، دەمویست ماڵەوەمان لە پاشماوەی ئەو شتانە پاک بکەمەوە کە دەبوونە هۆی ئازاردانی دایکم. بەتایبەتی ژووری نووستنی، لە پەردەکانی بگرە تا دەگاتە تەختەکۆنەکەی نووستنیان، هەموومم نوێکردەوە، سێتێکی نوێی نووستنم بۆ ژووری دایکم دابین کرد. دایکم بە بینینی خانووی نووژەنکراوە و ناوماڵەکە سەری سوڕما و گوتی: کوڕم دەڵێن ئەم خانووە سەر لە نوێ دروستکراوە. چووە ژوورەکەی، ئەوەندەی پێنەچوو بە چاوی فرمێسکاوی هاتە دەرەوە، منی لە باوەش گرت و گوتی:چیت کردووە کوڕم، ئەوەندەی نەدەویست. گوتم: دایەگیان، وەکوو خزمەتکارێک ئەوەی پێویست بوو کردم. دایکم دەستی بە دەممەوەناو بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی: تۆ خزمەتکار نیت، تۆ یادگاری باوکتی. دووبارە منی لە باوەش گرت و دەستی بە گریان کرد. ئەو شەو بۆم دەرکەوت کە دایکم قەت پێی خۆش نییە بە خراپە باسی باوکم بکەم، چونکە هەستم کرد بەشی هەرە زۆری خۆشەویستی دایکم بۆ من، لەبەر ئەوەیە کە من کوڕی ئەو پیاوەم، کە تەمەنێک لەگەڵیدا بە ئازارو ئەشکەنجەوە ژیاوە!! دڵنیام دایکم بە نەبوونی ئەو لە ماڵەوە هەست بە بۆشاییێکی گەورە دەکات. کاتێک ئەوشەو لە دایکم جیابوومەوە دوای ئەوەی بەڵێنم لێ وەرگرت چیتر چاوەکانی بە فرمێسکەوە نەبینم، دایکم زەردەخەنەیکی تاڵ هاتە سەر لێوی و گوتی: تا تۆم هەبێت، خەمی هیچم نییە. سەرەڕای نیگەرانیم بۆ دایکم

لە ژوورەکەی هاتمە دەرەوە، دووسێ جار لێم دووبارە کردەوە زوو بخەوە. چونکە ژیانی هاوبەشی لە گەڵ باوکم تەنیا شەونخونی بووە لە پێناوی گەڕانەوەی ئەو لە مەیبازی و مێبازی. ئەو شەوانەی باوکم بە سەرخۆشی دەگەڕایەوە ماڵەوە، ئەویش بەبێ ئەوەی خۆی تێکبدات یا ناڕەزایەتی دەربڕێت یارمەتی دەدا، دەیبردە ژوورەکەی، تەنانەت جلوبەرگیشی لێ دەگۆری ئەوە یەکەم شەو بوو ژووری نوستنی دایکم بۆن ئارەقی لێنەدەهات! سەرەڕای دڵەڕاوکێ و نیگەرانی بە خۆشحاڵییەوە لە سەر قەروێلەکەم ڕاکشام، دەستم کرد بە گریان، نازانم گریانەکەم لەبەر کۆچی دوایی باوکم بوو، یا خوود فرمێسکی خۆشحاڵی بوون، لەوەی کە کۆتای بە ناخۆشی و شەونخونیەکانی دایکم هاتووە. ڕۆژی مردنی باوکم خراپترین ڕۆژی ژیانم بوو. باوکم مرد، ئەویش چ مردنێک، لە کاتی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە سەرخۆش بووە، بە سەر کەوتبووە ناو زێرابێکەوە. شەو تا بەیانی لە ناو زێرابەکەدا ماوەتەوە، دایکم تابەیانی چاوی نەچوبووە سەریەک و چاوەڕێی گەڕانەوەی باوکمی دەکرد. بەیانی یەکێک لە دەرگایدا، دایکم بە پەلە خۆی گەیانەدە دەرگاکە، دراوسێمان بوو، هەواڵی مردنی باوکمی بۆ هێنابن. شێوەی مردنەکەشی وەکو ژیانی پڕ بوو لە شەرمەزاری، مردنەکەشی لە زێرابەوە بوو. گەرچی مردنی باوکم بۆ دایکم کارەساتێکی گەورەبوو!!! بەڵام هەستم کرد، لە نێوان دەرو دراوسێ و خزم و کەس و کارەکانمدا ڕووداوێکی ئەوەندە گرنگ نەبوو، بگرە هەبوو دەیگوت باش بوو لە کۆڵیان بووەوە. تەنیا کەسێک لە قووڵایی دڵەوە بۆ باوکم دەگریا، دایکم بوو. منیش دەگریام بەڵام گریانی من زیاتر لەبەر فرمێسکەکانی دایکم بوو. بۆ پیاوێک دەگریا، کە تا مرد نەمبینی ڕۆژێک لە ڕۆژان وەک مرۆڤ هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکات. سەرەڕای ئەوەش دایکم هەرگیز وەکوو باوکم سنوورەکانی نەبەزاند، هەمیشە وەڵامی دایکم لە بەرامبەر ئەو هەموو سووکایەتی و بێڕێزی پێکردنی باوکم، بێجگە لە خزمەت کردن هیچی تر نەبووە!!

یەکەم شەو بوو من و دایکم لە حاڵوهەوایەکی نوێدا دەژیاین. ئەو شەو تا بەیانی سێ چوار جار لە پەنجەرەوە تەماشای دایکم کرد، دایکم خەوی لێنەدەکەوت، دواجار نەمتوانی دان بە خۆمدا بگرم، بە هێمنی لێی چوومە ژوورەوە، پێم گوت: خێرە دایەگیان تا ئێستا نەخەوتووی؟ خۆ نەخۆش نیت؟ دایکم دوای کەمێک بێدەنگی گوتی: کوڕم تەختەکۆنەکەی من و باوکت لە کوێیە، من لەسەر ئەم تەختە خەوم لێناکەوێ. گوتم: بۆ دایەگیان ئەم تەختە چ عەیبیەتی؟ تەختەکۆنەکەی ئێوە هیچی بەسەرێکەوە نەمابوو، سووتاندم. دایکم بە بیستنی هەواڵی سووتانی تەختە کۆنەکەی باوکم ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، بە دەنگێکی خنکاوە گوتی: بەڵام ئەو تەختە بۆنی باوکی تۆی لێدەهات!!!!!



# دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ ملکۆ ئەحمەد خاوەنی یانەی هایکوی کوردی

چاوپێکەوتن:
سەباح عەلی جاف

شیعری هایکو ڕەگێکی کۆنی هەیە، ژاپۆن بە زێدی سەرهەڵدانی ئەم شیعرە دادەنرێت کە سەرەتا گوزارشتێکی تایبەت بووە و خەسڵەتی خۆی هەبووە، لەگەڵ بەرەوپێش چوونی ژاپۆن ئەم هونەرەیش سنورەکان دەبڕێت بەشێوەک ئێستا بووەتە ئەدەبێکی جیهانی، هەر یەکە لە فارس و عەرەب وەک دوو دراوسێی نزیک بە ئەدەبی کوردی پێش ئێمە دەکەون و لەم ڕووەوە خاوەن شاعیری تایبەت بە خۆیانن. لە ئەەبی کوردیدا لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا ئەم شیعرە لە ڕێگەی لەسەر نوسینەوە دێتە ناو کوردەوە و پاشتر لە نەوەدەکانەوە تا ئێستا چەندین شاعیر لەم رووەوە قەڵەمبازیان کردووە، ئێستا کوردیش بۆ خۆی خاوەنی شیعری هایکوییە.

لە ساڵی ٢٠١٧ لە گەرمیان و کەلاری نوێبونەوەی شیعری کوردی (گروپی شیعری کفری) یەوە یانەیەکی تایبەت بە ناوی (یانەی هایکوی کوردی) لە دایک دەبێت کە بە لەسەر نوسین و وەرگێڕان و لیکۆڵینەوە و نوسینی شیعری هایکو دەست بە چالاکی دەکەن، ( ملکۆ ئەحمەد – مامۆستای ئەدەبی عەرەبی لە زانکۆی گەرمیان) ی خاوەنی ئەم یانەیە لە ڕێگەی زانیارییەکانیەوە ئاشنامان دەکات بە شیعری هایکو ئەویش لە ڕێگەی چەند پرسیاریکەوە کە بەسەر سێ تەوەری سەرەکیدا دابەشمان کردووە ((پیناس و مێژوو، گەشەکردن وبڵاوبوونەوە (جیهانیبوون) و ئەدەبی کوردی و شیعری هایکو)) وەڵام دەداتەوە، وەک خۆی دەڵیت لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک ئەم یانەیە چالاکە و توانیویەتی زۆرترین هایکستی کورد لە ژنان و پیاوان لە خۆی کۆبکاتەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی لەم دیدارەدا ئاشنای زۆر ترین زانیاری دەبین لەسەر ئەم شیعرە بە تایبەت هاتنە ناوەوەی ئەم شیعرە بۆ نێو دنیای ئەدەبی کوردی بەشێوەیەک یانەی هایکۆی کوردی لە تەموزی ٢٠١٨ بووە خاوەنی یەکەمین گۆڤاری کوردی (هایکیست).

**پێناس و مێژوو**

بۆ ئاشنابوون بە شیعری هایکو بە بڕوای تۆ لە ئێستادا بۆ چوونە نێو ئەم ئەدەبیاتە مێژوو گرنگە یان پێناس، بە مانایەکی تر دەکرێت بڵێین سەر باری کۆنی شیعری هایکو، بەڵام تا ئێستا ئەم شیعرە برەوی هەیە ؟

ملکۆ ئەحمەد: سەرەتا سوپاستان دەکەم بۆ رەخساندنی ئەم چاوپێکەوتنە، سەبارەت بە پرسیارەکەتان پێناسی هەر ڕەگەزێکی ئەدەبی بە مێژووەکەی دەستپێدەکات، بەها وسەنگی خۆی لە رۆژی چەکەرەکردنییەوە وەردەگرێ، هایکوی ژاپۆنی مێژوویەکی ئێجگار کۆنی هەیە و دریژەپێدەری چەند فۆرمە شیعریکی جیاواز وجۆراوجۆرە، هەندێکیان لەوەی ترەوە پەیدابووە، ئیمپراتۆرە ژاپۆنییەکان دەستیان هەبووە لە پەرەسەندنی، تاوەکو سەرەتای سەدەی رابردوو ژاپۆنی بوو، بەڵام بەکرانەوەی ژاپۆن بەرووی دنیادا هایکو سنووری لانکەی خۆی بەزاند و رووی لە وڵاتانی جیهان کرد، بەوەش خاوەندارێتی لە ژاپۆنییەوە گۆڕا بۆ جیهانی، مەبەستمە بێژم: مێژووەکەی لە ژاپۆن بەجێما و هەر نەتەوەیەک بۆ خۆی لەبەرگیکی تازەدا ناسنامە وپێناسی تازەی پێبەخشی، وەک هایکوی عەرەبی وهایکوی فارسی و....هتد، مێژووی هایکو گرنگە، بەڵام گرنگتر لە مێژوو مانەوە و بەردەوامبوون و بەجیهانیبوونە، بۆ نموونە، هایکو سەدان ساڵە لەناو وڵاتی ژاپۆندا هەبووە و مێژوویەکی کۆنیشی هەبووە، کەچی هەرگیز نەیتوانیوە بخزێتە ناو ئەدەبی گەلانی دیکەوە، بەڵام بە دەرچوونی لە ژاپۆن بەخێرایی گەردەلوول گەیشتە وڵاتە جیاجیاکانی دنیا، و مێژووی تازەی بۆ خۆی تۆمارکرد.

***

ئێستا دەکرێت بزانین شیعری هایکو چییە، مانای وشەی (هایکو) لە چییەوە هاتووە، قەڵەمەکانی ئەم هونەرە لە جیهاندا کێن ؟

ملکۆ ئەحمەد: هایکو لەرووی فەرهەنگیەوە بەواتای (مندالّی خۆڵەمیش)ی دێت لەڕووی زاراوەوە و چەمکیشەوە لەسالّی ١٨٩٢ لەلایەن (ماساۆکا شیکی) شاعیری بەناوبانگی ژاپۆنییەوە ناونراوە هایکو، لەسەرەتادا بەشی سەرەتای فۆرمیکی دیکەی شیعربووە بەناوی رینگا، پێی وتراوە (هۆککوHokku)، لەبنەڕەتدا بەیەک دیڕی ستوونیی و بە حەڤدە بڕگەی دەنگیی نووسراوە، بەڵام دواتر ئەمریکییەکان دابەشیانکرد بەسەر سێ دیڕدا، دیڕی یەکەم پینج بڕگە ودیڕی دووەم حەوت بڕگە، دیڕی کۆتاییش پینج بڕگە. بابەتەکانی هایکو هەڵقوڵاوی فەلسەفەی (زەن)ە کە مەزهەبێکە لە ئاینی بودایی، هەربۆیە لە سەرەتادا لەسەر دەستی مامۆستا (باسهو) پەرەی پێدراوە و تایبەتکراوە بە سروشت وتیکەڵبوون بە جوانیەکانی، کە خۆی لە (وابی و سابی) دا دەبینیتەوە، مەبەستم لە وابی وسابی ستاتیکایە، واتە: بینینی جوانیەکان لەناو هەموو ناشیرینییەکاندا. سەبارەت

بە بەشی دووەمی پرسیارەکەت کە تایبەتە بە شاعیرە دیارەکانی هایکو، لە ژاپۆنی کۆندا چوار شاعیر هەبوون بە گەورەترین شاعیری ژاپۆن هەژماردەکرێن ئەوانیش (باسهو —بوسۆن— ئیسسا— شیکی) ن، بەڵام لە جیهاندا قەڵەمی گەورە وناودار هەن، بۆ نموونە لە ئەدەبی ئینگلیزیدا شاعیری ئەمریکی (هینرسۆن) و (ئەزرا پاوەند) و (ئامی لویلا) دیارترینن، لە ئیسکەندەنافیا (ترۆمستەر)و (ترۆڤاڵد بیرلسن)، لە ناو عەرەبەکاندا (مەحمود ئەلرەجەبی) و (عەبدولقادر ئەلجموسی)، لەناو فارسدا (ئەحمەدی شامیلۆ) و (عەباس کیاروستەمی)، لە عیراقیشدا یەکەم شاعیر دەستی بۆ ئەم فۆرمە شیعرییە برد بیت (سەعد جاسم) ە.

***

ئایا ئەم شیعرە چەند جۆرە و کامیان باوترینیانە، بە گشتی ناوەڕۆکەکەی گوزارشت لە چی دەکا و خەسڵەتەکانی هایکو چین ؟

ملکۆ ئەحمەد: جیاواز لە هەر فۆرمیکی دیکەی شیعر هایکو دەستەخوشکی زۆرە وەک (سینریو — تانکا— رینگا — کاتاوتا— سیداوکا— چاوکا— هۆککو) بەڵام هایکو و سینریو وتانکا لە هەموو فۆرمەکانی تر باوترن وەک ناوەڕۆک، هایکو لە کۆندا باسی لە سروشت و وەرزەکانی ساڵ کردووە، واتە وەرزەوشە (کیگۆ)ی تیابەکارهاتووە، بەڵام دواتر لە هایکوی نویدا بابەتەکانی گۆڕان بۆ مرۆڤ وکیشەکانی رۆژانە و پەیوەندییە مرۆییەکان لەگەڵ دەوروبەردا، خەسڵەتەکانیشی ئەمانەن:

هەنووکهیی (ساتەکیی): سەرەکیترین خەسڵەتی هایکویە کە دەبێ سات بەسات وێنای ئەو دیمەنە بکیشێ کە کەوتووەتە بەردیدی شاعیر و بەجۆریک لە جۆرەکان وروژاندوویەتی، ئەوەش لە سینۆگرافیایەکی چڕ و هەمەڕەنگدا.

کورتبڕیی: هایکو خۆی دهقیکی کورتە و لەیەک دیڕی ١٧ بڕگەیی پێکدیت واتا هیچ نەبی بەئەندازەی ١٧ بڕگەی دەنگیی بێ یان تۆێ زیاتر، ئهگینا لە تەکنیکی شیبۆمی دەرئەچێ.

رستەی ناتەواو: واتە رستەی ناتەواو لەخۆبگرێ بەچەشنێک وا لەخوێنەر و وەرگر بکا بەدوای تەواوکردنی واتاکاندا بگەڕی هەروەک چۆن ژیان نهێنیە شاراوهکانی خۆی دەرناخات، هەرچەندە لە زمانی کوردیدا ڕستەی ناویمان نییە، چۆن هەر ڕستەیکیش کارەکەی دەرنەکەوێ، ئەوا بێگومان کارێکی بێهزی تێدایە، بەڵام دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی فرمان و کار دەقی هایکو جوانتر دهکا، بەتایبەت کاری ڕابردوو، کە خەسڵەتی هەنووکەی لەدەست ئەدا، چون هایکو لەدایکبووی ئەو ساتەیە، هایکونووس دیمەنەکەی بەرچاو دەکەوێ و وێنای دەکات، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر کاری ڕابردووی لەخۆگرت ئەوا دەبێتە گیڕانەوەی مێژوو و وەسفی دیمەنەکە لاوازە.

بەکارهێنانی هەستەکان: هەر پێنج ڕستەکەی مرۆڤ لە هایکودا دەبنە دەرک پێکەری ماددی لە واقعێکی فیزیکیدا نەک وەک دەرهێنراوێکی ئەقڵیی. زۆرجار لەدەقی هایکودا دوو تا سێ هەست بهکاردێت بۆ توندوتۆڵکردنی گوزارشتەکە، جاری واش هەیە هەرپێنج هەستەکە لە یەک دەقدا بەکاردەهێنرین، لەوانەیە هایکوەکە لەبۆنی گوڵێکەوە دیمەنەکە بگوازێتەوە بە بەرکەوتنی مێشهەنگێک لەوێشەوە بە تامی هەنگوین یان بیستنی گیزهی مێروویەک...وهتد

تەنز: هەندێ جار سەختی ژیان وا لەمرۆڤەکان دەکات بەتەنزەوە بڕواننە ژینگە و و ڕووداوەکانی دەوروبەریان، چونکە ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی ڕێگەیەکە بۆ پاککردنەوەی وەرگر لە هەندی جەنجاڵیی و شتە بیزارکەرەکانی ژیان.

هایکوی کلاسی بەشێوەیەکی گشتی لەدەوری وەرزەکان دەخولایەوە و بەمیتافۆریکی قوڵ وینای ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکانی دەکرد، بەڵام هایکوی نوێ لەو چەقبەستوییە خۆی دەربازدەکات و بەمیتافۆر ومەجاز و لێکچواندنی ئەفراندناوی نوێی دیمەنەکە دەخاتە پێش چاوی خوێنەر یان وەرگر، بۆ ئەوەی لەو ستایلە کۆنکریتیەش دەربچن پشتیان بە ڕەهەندی سوریالی یان سیمبۆلیی یان ئەبستراکتی بەست.

***

لایەنی ئاینی وڵاتی دایک (ژاپۆن) چ ڕەنگدانەوەیەکی لەسەر هایکو هەبووە و هەیە، ئایا ئەم جۆرەی شیعر دەکرێت بڵێین قاڵبی تایبەت بە خۆی هەبووە و ناکرێت لێی لابدرێت وەک دەوتریت زۆر تر لایەنی سروشت لە هایکودا زاڵترە ؟

ملکۆ ئەحمەد: لە ژاپۆنی کۆندا ئاینی بودایی بە گشت مەزهەبەکانیەوە باوبووە، بۆ خوێندن وفێربوونی ئاکار و شیعر و ئەدەبیش قوتابییەکان چوونەتە بەرخوێندن لە قوتابخانە ئاینییەکاندا شیعریش بابەتێکی سەرەکی بووە لەبابەتەکانی ئاینی بودایی بە تایبەت مەزهەبی (زەن)، گەورە مامۆستای هایکو و شاعیری بەناوبانگی ژاپۆن (باسهو) لەسەرەتادا دەقەکانی بەنزەوە دەنووسی، بەڵام دواتر کە قوڵ دەبێتەوە لە بودایی و زەن، (باسهو) دیمەنێکی نوێی هێنایە ناو شیعری ژاپۆنییەوە ئەویش لەڕێگەی ئەو قەسیدانەی کەشێکی گونجاویان لە سادەیی وخورسکیی جوان وهەستی قوڵی پڕ لەسۆزەوە بەرامبەر هەریەک لە سروشت و مرۆڤایەتی، هەروەها لەڕێگەی ئاشکراکردنی پەنهانەکانەوە وهارمۆنیای باوەوەوە، بۆ ئەوەی باسهو بتوانێ ئەو شیوازەی خۆی بخولقینێ کە لەرێگەیەوە دید و بۆچوونەکانی چڕدەکاتەوە لەسەر موودی یوجین (قوڵایی ڕۆح) ئەم شێوازە ئەفراندناوییە بۆ ئەوە دروستبووە ستاتیکای ناوەکیی هونەر وسروشت بە شێوەیەکی ڕەوانبیژانە دەربخات. هەروەها هەوڵیداوە بۆ دەرهاویشتنی هەستە

بەهێزەکانی (کانجاکو- گۆشەگیریی ئارام) هەموو ئەمانەی باسمکردن هەلقولاوی زەنن. سەبارەت بەمەرج ورێسا تایبەتییەکانی هایکو، ئەوا گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەسەردا هاتووە، بۆ نموونە لەکۆندا بەیەک دێڕ دەنووسرا، ئێستا بەسێ دێڕ، لە کۆندا بابەتی هایکو سروشت و وەرزە وشە بووە، ئێستا باس لە مرۆڤ وئەزموونەکانی دەکات وەک خۆشەویستیی وشەڕ وئاشتی وئازار و هەتا گەشتووەتە ئەوەی هایکیستە گەنجەکانی ژاپۆن لەسەر تەلار وتاوەر و باڵەخانەکان دەنووسن.

## گەشەکردن وبڵاوبوونەوە (جیهانیبوون)

چۆن شیعری هایکۆ توانی سنورەکان ببڕیت و بگات بە میلەتانی تر، بە چ رێگەیەک ئەم هونەرە تیکەڵ بە دەوروبەری خۆی بوو؟

ملکۆ ئەحمەد: ئەگەر مێژووی ژاپۆن بەباشی بخوینینەوە ئەوا لە قۆناغە جیاجیاکانیدا دیکتاتۆر وستەمکاری گەورە هەبوون، میللەتی ژاپۆنیان لە میللەتانی دیکە دابڕیوە و نەیانهێشتووە روو لە دەرەوەی سنووری خۆیان بکەن، تەنها ئەوە نەبی کە تیکەڵییەکی جۆریی هەبووە لە گەڵ خەڵکی چیندا، کە بۆ ماوەیەکی زۆر ژاپۆنی خستووەتە ژێر رکێفی خۆیەوە، تاوەکو نیوەی یەکەمی سەدەی رابردووش میللەتی ژاپۆنی دابڕاو بووە لە میللەتانی دیکە، بەڵام لەدوای دۆڕاندنی لە جەنگی دووەمی جیهانیدا بەرامبەر ئەمریکا و کرانەوەی بە ڕووی گەلانی تردا، ئەدەبی ژاپۆنی تەشەنەی کرد ئێستا لە ئەمریکا و ئەوروپا نەک هەر هایکو بگرە زۆربەی ژانرە ئەدەبییە ژاپۆنیەکان لە زانکۆکان دەخوێندرێن وتویژینەوەیان لەسەر دەکرێ وخوێنەری خۆی هەیە، یەکیکی تر لەو فاکتەرانەی وایکرد ئەدەبی ژاپۆنی بە جیهاندا بڵاوبێتەوە، گەشەکردنی ژاپۆنە لە رووی تەکنەلۆژیاوە، بزاوتی وەرگێڕان لە تروپکدایە وسەرجەم ئەدەب وفەرهەنگی ژاپۆن وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانە جیهانییەکان لەڕیگەی قونسوڵخانە و وەزارەتی رۆشنبیریی ئەو وڵاتەوە، من هاوڕێی عەرەبم هەیە لە قونسوڵخانەی مەغریبە لە تۆکیۆی پایتەختی ژاپۆن دیوانی زۆریک لە هایکیستە ژاپۆنییەکانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.

❊❊❊

ئایا ئەو هایکویەی لە ژاپۆن چەکەرەی کردووە و، ئەو هایکویەی ئێستا لە جیهاندا باوە، یەک فۆرمن یاخود گۆڕانی بەسەردا هاتووە؟

ملکۆ ئەحمەد: لە ژاپۆندا قوتابخانەی شیعریی زۆر هەیە، لە قوتابخانە کۆن و کلاسییەکان قوتابخانەی موکی هایکوە، کە بەهیچ جۆریک سازش لەسەر مەرجەکانی هایکوی ژاپۆنی ناکا ونایەوێ گۆڕانکاری لە هایکودا بکرێ، لەبەرامبەریشدا قوتابخانەی چینکو هایکوش هەیە، کە هایکوی نوێی بەدیهێناوە، لە هایکوی هاوچەرخیشدا هایکوی ئازاد دروست

بووە، ئیمەش وەک دامەزرینەری یانەی هایکوی کوردی باوەڕمان بە هایکوی ئازاد هەیە، چونکە ئەدەب وەک بوونەوەریکی زیندوو وایە بەردەوام گۆڕانکاری بەسەردا دێت کە دەبێتە هۆی بەرە وگەشە سەندنی و پۆشینی بەرگی تازە.

***

لە ئێستادا ئەو هایکویانەی لە دەرەوەی زێدی دایکی ئەم شیعرە دەنوسریت جیاوازن لە یەکدی، ئێستا کام وڵات لە نوسینی ئەم هونەرەدا باڵادەستە ؟

ملکۆ ئەحمەد: لە هەر وڵاتێکدا کە خەڵکەکەی ئەدەبدۆست بێت و زایەقەی شیعری هەبێ هایکو هەیە وهایکونووس زۆرە، بەداخەوە ئێمە زۆر درەنگ دەستمان پێکرد وهیشتا ئەدەبی کوردی بەتەواوەتی باوەشی بۆ هایکو و دەستە خوشکەکانی نەکردووەتەوە یان زانکۆکانی کوردستان دەستیان بۆ دیراسەکردنی ئەم فۆرمە شیعرییە نەبردووە.

***

لە دەوربەری خۆماندا دەنگوباسی ئەم جۆرە شیعرە چییە، ئایا گرنگی پێ دراوە بە تایبەت لە ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبیدا چونکە زۆرتر ئەدەبیاتی کوردی بەوان کاریگەر تر و نزیک ترە ؟

ملکۆ ئەحمەد: بەڵی فارسەکان وعەرەبەکان پێش خۆمان کەوتوون لە هاوردەکردنی هایکودا ولە نووسین وبڵاوکردنەوەیدا، چونکە ئەو دوو میللەتە لە بواری وەرگیڕاندا کە ڕێگەیەکە بۆ گەشەی ئەدەبی بەراورد دەستێکی باڵایان هەیە، ڕاستی سیفەتێکی بۆ ماوەییش هەیە لەکوردا کە بەئاسانیی شتی تازە وەرناگرێ بەڵام کە وەریشی گرت ئیتر دەستی پێوە دەگرێ، بۆیە دڵنیام وەک چۆن لە دوای دامەزراندنی یانەی هایکوی کوردی ئەدەبدۆستان ڕۆژبەرۆژ بە هایکو ئاشنا دەبن دڵنیام کە ڕۆژیک دیت هایکوی کوردی لە جیهانیشدا جێی خۆی بکاتەوە.

**هایکۆ و ئەدەبی کوردی**

سەرەتا دەکرێت بزانین هایکو چۆن هاتوەتە نێو ئەدەبی کوردییەوە، ئایا بە شیعر دەستی پێ کردووە یاخود نوسین لەسەر ئەم هونەرە، دەکرێت ڕەگیکی مێژووی لەسەر باس بکەین لە لای کورد ؟

ملکۆ ئەحمەد: مامۆستا لەتیف هەڵمەت ئەو منەتەی بەسەر ئەدەبی کوردیەوە هەیە کە یەکەم کەس بووە زاراوەی هایکوی خزاندە ناو جوگرافیای وێژەی کوردییەوە ئەوەش لە ڕێگەی وەرگیڕانی بابەتیکی ئەدەبی نووسەر (کازم سەعدەدینی) لەژمارە دووی گۆڤاری (الثقافە الاجنبیە)ی ساڵی ١٩٨٢ز، دواتر لەگۆڤاری (بەیان)دا بڵاویکردووەتەوە، خۆشی دەقی هایکوی نووسیوە، هەروەها جەبار سابیر لە ساڵی ٢٠٠٥ دیوانێکی شاعیرانی

ژاپۆنی لە فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بوشرا کەسنەزانی لە ساڵی٢٠٠٧ لە دووتویی کتێبێکدا توێژینەوەی بەکالۆریۆسەکی لەچاپداوە بەناونیشانی (پۆستەرە شیعری کوردی وهایکۆی ژاپۆنی) لەم ساڵانەی دواییدا شاعیری ناسراوی کورد قوبادی جەلیزادە دیوانێکی بەناوی هایکوەوە بڵاوکردەوە، لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا ژنەشاعیر (شەویار گولابی ئازەر) لە ساڵی ٢٠٠٨ دیوانی هایکوەکانی لەژێر ناونیشانی (با (با) نەتانخووسینی) بڵاوکردەوە، شاعیر وروناکبیر شەماڵ ئاکرەیی لەساڵی ٢٠١٠ دیوانی هایکوەکانی لەژێر ناونیشانی (ژ سیتاڤکین دوهی و ئەڤرۆ) چاپ کردووە، نەهری گۆرانی لە رۆژئاوای کوردستان بە زمانی کوردی و بە رێنووسی لاتینی ساڵانیکە هایکو بڵاودەکاتەوە، تاوەکو ئێستاش لە گەڕاندام لە هەر ئاماژەیەک بۆ ئەم فۆرمە شیعرییە، چونکە حسین لەتیفی شاعیر پێی راگەیاندم کە لەسەرەتای دووهەزارەکاندا لە گۆڤاری گەلاویژدا لە ژێر ناونیشانی هایکودا بابەتیک بڵاوکراوەتەوە، بەڵام ویڕای دەستخۆشیم بۆ ئەو بەڕیزانە و هەوڵەکانیان ئەوا سەرنجی زۆریشم لەسەر کارەکانیان هەیە وەک کەسیکی پسپۆڕ و ئەکادیمی، بەڵام رەخنەکانم لێرەدا جێگەی نابیتەوە بۆیە دەمەوێ لە توێژینەوەیەکدا وردەکاری ئەو هەوڵانە بخەمە ڕوو وهەڵسەنگاندنیان بۆ بکەم.

***

یەکەم شاعیری هایکونوسی کورد کییە، تۆ وەک بە ئاگایەک لەم ڕووەوە دەقەکانی چۆن هەڵدەسەنگینی، تا چەند توانیویەتی قەڵەم بازی بکات؟

ملکۆ ئەحمەد: لە ئێستادا قوبادی جەلیزادە جوانترین دەقی هایکوی مۆدیرن دەنووسێ ولای عەرەبەکانیش دەیانجار خەڵاتکراوە و وەک هایکونووسیکی گەورە تەماشا دەکرێ.

خۆم زیاتر لە ١٠٠ دەقی هایکوم بۆی وەرگێڕاوە و بڵاوکردووەتەوە، هاوڕێکانی پێی ئێژن ئیمپراتۆری هایکو، لە دهۆکیش مامۆستا شەماڵ ئاکرەیی ولە هەولیریش هایکونووسی بەتوانامان هەیە،لەئەندامانی دیکەی یانەی هایکوش زۆر هایکونووسی دیارمان هەیە، زۆربەشیان ژنن، لەبەر زۆریی ناوەکانیانم بۆ ناژمیردرێ، بەڵام لە گۆڤاری هایکیستی یانەکەماندا ئەو شاعیرانە دەقی جوان بڵاودەکەنەوە.

***

وەک زانراوە هایکو لە ئەدەبی کوردیدا تازەیە و رەنگە لە خۆناساندن و بنیادناندا بیت، بەڵام ئێستا هەندێک کەس بەم هونەرەوە خەریکن، دەقەکانی ئەوان لە چ ئاستیکدایە و دەکرێت بڵێین خاوەنی هایکۆی کوردیین؟

ملکۆ ئەحمەد: لەچەندین شوێندا وتوومە کورد لەهەر هایکونووسیکی تری دنیا جوانتر دەنووسی، ئێستا لەناو یانەکەدا هایکونووسی بەتوانامان هەیە لە ژن ولە پیاو، هەندیکیان

لەدەرەوەی ولآتن وهەندیکیشیان دابەشبوون بەسەر پارچەکانی کوردستاندا، لەبەر ئەوەی ئیمە بابەتی فیرکاری و رەخنەیی بڵاودەکەینەوە، رۆژ بەرۆژ لە برەودان ودەقی جوانتر دەنووسن، بوون بەخاوەنی دیوانی تایبەت بەخۆیان، و بێجگە لەهایکو فێرم کردوون بە فۆرمی دیکەش بنووسن ئەوانیش (سینریو — تانکا – هایبوون)ن

***

لە ئێستادا لە کوردستان بە گشتی و گەرمیان و کەلار بە تایبەتی ئێوە خاوەنی (یانەی هایکوی کوردی) ن دەکرێت لەم ڕووە زۆرتر خوێنەران ئاشنا بکەیت کە چۆن بەم کارە دەستان پێکرد و خاوەنی چین، دەتانەویت یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (هایکوی کوردی) بڵاو بکەنەوە؟

ملکۆ ئەحمەد: من لە نەوەدەکان هایکوم دەنووسی، بەڵام زانیاریەکی ئەوتۆم لەسەر ڕێسا و مەرجەکانی نەبوو، لە ڕێگەی ئەو رۆژنامە وگۆڤارە عەرەبیانەوە هایکوم ناسی کە دەگەیشتە مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە سلێمانی، من وەرگیرپبووم، لەناو ئەو بڵاوکراوانەدا بۆ بابەتی سیاسی وفکری دەگەڕام، بۆ ئەوەی لە رۆژنامە وگۆڤارەکاندا بڵاویان بکەمەوە، چەند جارێک هایکوم بەرچاوکەوت، ئیتر لەو کاتەوە هۆگری بووم، لەم ساڵانەی دواییدا چەند جاریک لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بابەتم لەسەری خویندەوە، لە ناو زانکۆدا باسم دەکرد، بەڵام کەس هیچی لەبارەوە نەدەزانی، بۆیە بیرم لەوە کردەوە لە ساڵی ٢٠١٦ یانەیەک یان گروپێک دانێم بۆ ناساندنی هایکو، مەخابن هاورێکانم ساردیان کردمەوە، دواتر پەیوەندیم کرد بە یانەی هایکوی عەرەبیەوە و بووم بە ئەندامی ئەو یانەیە ودەقەکانم لەوێ بڵاودەکردەوە، دواتر دەقی قوباد وچەند هایکونوسێکی تریشم وەرگیڕا و لەژێر ناونیشانی هایکوی کوردیدا لەوێدا بڵاوم دەکردنەوە، تا لە ساڵی ٢٠١٧ دا پێداگریم لەوە کرد کە دەبێ ئۆرگانێکی ئەدەبی دابمەزرێنم بۆ کۆکردنەوەی هایکونووسان وعاشقانی هایکو، هەر لەگەڵ دامەزراندنی یانەکەماندا ودانانی پەیجێک لە فەیسبوک، پەیتا پەیتا شاعیرانی لاو پەیوەندیان دەکرد ودەقی هایکویان بۆمان دەنارد، ولە رۆژیکدا زیاتر لە ٢٠ تا ٣٠ دەقمان بڵاودەکردەوە و دواتر پێشبرکێی جوانترین دەق و هایکوی ئاڵتوونیمان ڕاگەیاند، لە بەهاریشدا گۆڤارێکی ئەلیکترۆنیمان بڵاوکردەوە، لە ماوەی چەند مانگێکدا زۆرترین خوینەر و وەرگر بوونە دۆستی هایکو، یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (هایکیست) لە کۆتایی تەموزی ٢٠١٨ بڵاو کرایەوە.

***

لەگەڵ لەدایک بوونی هایکو لە لای کورد ئایا رەخنەگرتنیش لە دەقەکان لە دایک بوون، وەک ئاشکرایە دەق و رەخنە دوانەیەکی پێکەوەن، ئایندەی ئەم شیعرە لە ئەدەبی کوردیدا چۆن دەبینی؟

ملکۆ ئەحمەد: سەبارەت بەرەخنە وشیکاری ئەدەبی بۆ هایکو، نەخێر تاوەکو ئێستا کورد لە خاڵی سەرەتایە، هەرچەندە خۆم وچەند ئەندامیکی تری یانەکە ناوبەناو شیکاریی بۆ دەقەکان دەکەین و لە پەیجدا کۆمینتی ئەدەبی دەنووسین و لەم ساڵانەشدا لە زانکۆی سەلاحەدین لەپرۆژی لیکۆڵینەوەی دەرچووندا دەست بۆ هایکو براوە و نزیکەی دوو ماستەرنامە وتێزی دکتۆرا هەیە لەبەشێکیدا باسی هایکوی کردووە بە بەراوردکردنی بە فۆرمەکانی دیکە، بەڵام هێشتا ڕەخنەی ئەدەبی بە ئەکادیمیانە دەستی بۆ نەبردووە، ناوبەناو نوسین وتویژینەوە بڵاودەکەمەوە، بەڵام خۆ ئەم کارە بەیەک کەس ناکرێت.
لە کۆتاییدا پێم باشە لەم چاوپیکەوتنەدا رایگەیەنم کە وشەی هایکۆ هەڵەیە وپێویستە بوتری هایکو چونکە بەئینگلیزی (HAIKU) ە و دوای راوێژکردن لەگەڵ پ.ی.د: زانیار فایەق پسپۆر لە ئەدەبی ئینگلیزی بۆمان دەرکەوت پێویستە بە (و)ی سووک بنووسرێ، چونکە دکتور گوێی لە دەنگە ژاپۆنییەکە گرتبوو بۆی دەرکەوتبو کە پیتی (و)ی کۆتایی زۆر کورت دەردەکەوێت.

**چەند دەقیکی جوانی شیعری هایکوی کوردی**

**پاییز دهیت و..**<br>**زارۆیین خوە دوەرینیت..**<br>**ددەتە بای.**

**(شەمال ئاکرەیی)**

..............................

**سفرەی بەهار،**<br>**ئاهەنگی پەڕەسیلکە-**<br>**ماڵی قوڕین!**

**(سەردار حەمید نۆڕی)**

..............................

**گیزەگیزی مێش،**<br>**بێدەنگیی با-**<br>**ئارامیی داهۆڵ**

**(رزگار جەباری)**

**با**
**قۆڵی دار هەناریکی دەشکینێ،**
**بەفر بۆی دەگریتەوە**
**(قوبادی جەلیزادە)**

................................

**دەستی لەکوشتنی شەودایە،**
**هیشتا خەڵتانی خوێنە -**
**خۆری گزنگ!**
**(ملکۆ ئەحمەد)**

.......................

**پرۆفایل:**

ملکۆ ئەحمەد، لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٤ی کەلارە.

ماستەری لە رەخنەی ئەدەبی عەرەبیدا هەیە و خویندکاری دکتۆرایە، مامۆستای بەشی عەرەبییە لە زانکۆی گەرمیان.

خاوەنی چەندین کتیبی وەرگیڕدراو و دیوانی شیعری وتویژینەوەی زانستی وئەکادیمییە، لەناوەڕاستی نەوەدەکانەوە شیعر دەنووسیێ ولە گۆڤار ورۆژنامەکاندا بڵاوبوونەتەوە بە تایبەت گۆڤارە عەرەبیەکاندا.

پەیوەندیدار بەم شیعری هایکو، لە ماوەی ٧ مانگدا زیاتر لە ٤٠ بابەتی رەخنەیی و وتاری ئەدەبی نوسیوە و دوو دیوانی هایکوی بە عەرەبی وکوردی بڵاوبووەتەوە.

خۆی بە رابەری هایکوی کوردی مۆدیرن دەزانیت، خۆی بە یەکەمین کورد دەزانیت کە تانکا وهایبوونی هێناوەتە ناو ئەدەبیاتی کوردییەوە ولەو فۆرمانەی نووسیوە.

وەک مامۆستایەک هایکو فیری شاعیرە لاوەکان دەکات.



# بەدواداچوونێکی زانستی سەبارەت بەمێژوو و بەڵگەنامەوڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوو

پ. ی: ئەحمەد باوەڕ
زانکۆی گەرمیان – کۆلێژی پەروەردە

**تەوەری یەکەم: میتۆدی مێژووی و  لێکدانەوەی مێژوو:**

لەڕاستیدا بەرلەوەی ڕاو لێکدانەوەی خۆمان، سەبارەت بەچەمکی ( مفهوم) یان تێگەی  مێژوو (The Concept of History) ڕوون بکەینەوەو باسی لێوەبکەین، لەپێش هەموو لێکدانەوەو هەنگاوێکماندا  زۆر پێویستە ئەوە بەباشی  بزانین، کە ئاخۆ بەشێک لە پسپۆران و شارەزایانی ئەم بوارە یاخوود ئەوانەی بەزۆری بایەخیان بە ( ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی- منهج البحث التاريخي) داوەو بەردەوام خۆیان پێوە سەرقاڵکردووە، چۆن و چیان لەبارەیەوە نووسیوەو چۆنیان لێکداوەتەوە، هەرچەندە بۆ ئەم مەبەستەو بۆ زیاتر شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی ئەم بۆ چوونە گەلێک سەرچاوەی جۆر بەجۆر لەبەردەستدان. بەڵام  ئەوانەی کە بەپێویستمان زانی، بەزۆری بریتین لە بەشێک لەوانەی کە لەمیانی ئەم چەندلاپەڕەیەدا لێکدراونەتەوەو تاڕادەیەک قسەیان لەبارەوەکراوە، وەک ئەوەی دەبینین لێکۆڵیارو مێژوونووسێکی ناسراوی وەک دکتۆر حەسەن عوسمان لەوکتێبەیدا کە بەناوی: ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژووییەوە ( Research Methodology History ) بڵاوی کردۆتەوە، بەزۆی واچۆتە بنج و بناوانی ئەم بابەتەوەو بەلێکدانەوەی خۆی لەبارەیەوە نووسیویەتی: مەبەست لەلێکۆڵینەوەی مێژوو چیە؟ ئایا لێکۆڵینەوەی مێژوو ئەوەدەهێنێت، کە زۆرێک لە لێکۆڵیارانی نەتەوەو گەلانی خاوەن ژیاریی، هەوڵی بۆ دەدەن و لەپێناویدا تواناو کات وساتی تایبەتی خۆیانیان بۆ خستۆتەگەڕ؟ ئاخۆ چ سوودێک لە لێکۆڵینەوەو نووسینەوەی مێژوو وەردەگرین؟ جا بۆ ئەوەی بگەینە ڕایەکی بابەتیانەی گونجاو سەبارەت بەم کۆمەڵە پرسیارگەلە، ئەوە وای بەباش دەزانین یەکەمین جار دەست نیشانی ئەوە بکەین، تێگە یان چەمکی مێژوو چی دەگەیەنێت.

جا هەرلەم بارەیەوەو بەپێی ڕای زۆرێک لە شارەزایان و لێکۆڵیارانی ئەم بوارە، بەزۆری وایان لێکداوەتەوە، کە مێژوو بەزۆری ئەو زانیاریانە دەگرێتەوە، کە لەسەروبەندی گەشەکردنی بوونەوەرەوە پێمان گەیشتووە، هەر لەبوونی دیاردەی تاوان و ئەو هەسارانەی کە بەرچاو دەکەون، لە نێوانیاندا هەسارەی زەوی و هەموو ئەو ڕووداوانەی کە لەسەری

ڕوو دەدەن. بۆ ئەمەش مێژوو نووسانی دێرین نووسینەکانیان بە قسەکردن لەسەر دروست بوونی بوونەوەرەوە دەست پێدەکات و هەروەها ڕۆژهەڵاتناسێکی بەناوبانگی وەک سێر. ه. ر. گیب Sir. H. R. Gib ( ١٨٨٥- ١٩٧١) لەبارەی بنەمای مێژووەوە نووسیویەتی زاراوە یان وشەی مێژوو بەزۆری بنەما و ڕەسەنایەتیەکی گشتی سامی ( Sime) هەیە وەک وشەی: ( ورخ ) بۆ نموونە هەردوو وشە گەلی ( یاریح )ی عیبری، کە بەمانای ( مانگ) واتە قمر دێت و ( یرح) کە بەمانای ( شهر) یان هەر مانگ هاتووە، ئەوا بەپێی ئەم پێوەرەش بێت، واتای وشە یان زاراوەگەلی مێژوو کات یان دیاریکردنی مانگ دەگەیەنێت. کەچی بیریارو مێژووناسێکی بەناوبانگی گریکی وەک هیرۆدۆتس Herodotus ( ٤٨٥- ٤٢٥ پ. ز)، کە بەگوێرەی هەڵسەنگاندن و دانپیانانی زۆرێک لە لێکۆڵیاران و مێژوونووسان بێت ئەوا هیرۆدۆتس بەباوکی سەرەکی مێژوو دادەنرێت و تەنانەت یەکێکە لەو مێژوونووسە دێرین و سەرەتاییانەی کە هەر زوو ئەو تۆمارکردنە مێژووییانەی کە لەسەر بنەمای وەهم و خەیاڵ نووسرابوونەوەو بەزۆری پەیوەندییان بەخواوەندو پاڵەوانانەوە ( Hero) هەبووە، پشت گوێی خستوون و تەنانەت چەمک یان تێگەی مێژووی بەواتای گەڕان و بەدواداچوون ( الاستقصاء) لێکداوەتەوەو خستوویەتیە سەر زانستی مێژوو ( History Science).

کەچی مێژوونووسێکی بەریتانی وەک: ( ه.ج. وڵز wells H. g. ) بەتایبەتی لەوکتێبەیدا کە بەناونیشانی پوختەیەک لە مێژووی جیهان ( Summary of World History )ەوە بڵاوی کردۆتەوە، بەوە دەست پێدەکات کە ئەمەیان لێکۆڵینەوەیەک بێت سەبارەت بە دروستبوونی بوونەوەرو زەوی و هەموو ئەو ڕووداوانەشی کە لەسەریدا ڕوودەدەن . هەروەها لە بەشێکی تری لێکدانەوەو بۆ چوونەکەشیدا ( ه.ج. وڵز wells)، مێژووی گەلان و نەتەوەو ژیارییە جۆر بەجۆرەکان هەر لەگەڵ سەرهەڵدانیاندا باس دەکات تا دەگاتە سەردەم و قۆناغی نوێ و تیایدا یەکێتی مرۆڤایەتی دەستە بەردەکات، سەرەڕای تەواوی درێژەو وردەکاریەکانی. هەروەها جگە لەو بۆ چوونانەی پێشووتر، مێژووناسی بەناوبانگی میسری شمس الدين ئەبو خەیر ئەلسەخاوی (١٤٢٨-١٤٩٧) کە بەزۆری لە نیوەی یەکەمی ساڵانی سەدەی پازدەیەمی زایینیدا ژیاوەو بەتایبەتی لە کتێبی: ( الاعلان بالتوبيخ لمن ذم اهل التاريخ )یدا وای دەگێڕێتەوە، کە لە زمانی عەرەبیدا مێژوو و بەمێژوو کردن، بەواتای ڕاگەیاندنی کات هاتووە. کە ئەمەش بۆ خۆی هونەرێکە، لە ڕووی دەست نیشانکردن و کاتەوە، لەڕووداوەکانی زەمەن دەکۆڵێتەوە. خۆ هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی مرۆڤی سەرەتایی و لەبەرەبەیانی مێژوو و ژیوارو مەدەنیەتەوە مرۆڤ هەموو ئەو سەربوردەو چیرۆک و حیکایەتانەی بۆ نەوەکانی دوای خۆی گێڕاوەتەوە، کە ئەویش بۆ خۆی دەماودەم و پشتاوپشت بۆی باسکراوەو تێکەڵ بووە لەگەڵ گێڕانەوەی ئەفسانەو بۆچوونی تری جۆر بەجۆرداو بەم شێوەیەش

مێژوو سەری هەڵداوەو هاتۆتە بوون. بەڵام لە وێنەیەکی زۆر سەرەتایی و سادەو ساکاردا دەکرێت بوترێت، مێژوو و وردەکارییەکانی مێژوو لەم قۆناغەداو لەم ماوەیەشەوە ڕێڕەوی خۆی گرتۆتەبەر، لەسەر دەستی ئادەمیزادو بەشێوازێکی ڕاستەوخۆش، لە بارودۆخ و ڕەوشێکی دیاریکراو و دەست نیشانکراودا، کە تیایدا مرۆڤ وەک نەوەو وەچەی ڕابردوو دێتەوە بەرچاو نەک وەکو ئەوەیکە بڵێین: تەنها لەدایک و باوکێک بووە. بەڵکو هەموو ئەوانە بۆ خۆیان بەرهەمی کۆمەلانی خەڵک بوون لەماوەو زەمەنێکی (زمکان) یەکجار دێرینەوە. جا بەهەموو ئەمانەشدا وامان بۆ دەر دەکەوێت، کە پەیوەندیەکی یەکگرتوو و یەکانگیر هەبێت لەنێوان ژیانی تاکە کەس و ژیانی هەموو ئەو نەوانەی لەسەدەو چاخە مێژوویەکانی پێشوو یان ڕابردوودا ژیاون. وەک ئەوەی بیریارو فەیلەسوفێکی گەورەی وەک: بندیتۆ کروتشێ Benedetto Croce ( ١٨٦٦- ١٩٥٦)ی ئیتالی کە بەزۆری لەسەر ڕێبازو فەلسەفەی هێگڵی و ماوەیەکیش مامۆستای زانکۆی ناپۆلی بووە، بەزۆری ڕەخنەی تەواو لە زۆرێک لە تێورییە فەلسەفیەکان دەگرێت لەوانە تێوری ئابووری مارکسی و فەلسەفەی مێژوو، بەتایبەتی لە لێکدانەوەو بۆچوونی ئەوانەی پێش خۆی و بەزۆری ئەم فەیلەسوفە وای بۆ چووە کە: ((هەموو مێژوویەکی ڕاست بریتی بێت لە مێژوویەکی هاوچەرخ)) و لە هەمانکاتیشدا بەزانستێکی وەسفی Description لێکی داوەتەوە، جگە لەوەش باسی لەوەشکردووە، بەزۆریی مێژوو تەنها یەک ئەرک و یەک وەزیفەی هەیە ئەویش بریتییە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و شارەزابوون لە هەموو ئەو ڕووداوانەی لەسەردەمانی ڕابردوودا گەڵاڵە بوو بوون و سەرچاوەیانگرتبێت. بەڵام بەشێوازێکی هاوسەنگ و یەکسان، هەر لە داڕشتنەوەو پێکهێنانەوەی نەخشەی جیهانەوە واتە هەر لە لە دایک بوون و سەرهەڵدانییەوە بیگرە تادەگاتە کاتی لەناوچوون و مردنی یان بەواتایەکی دی، لەوکاتەیەوە کە دێتە نێو زەمەنەوە، تا ئەوکاتەی لێیەوە دەردەچێت و لەناو دەچێت، بەسەریەکەوە هەموو ئەمانەش وەک ئەزموون و دەستخۆشانەیەکی دوورو درێژی سالانێنی ڕابردوو بەناوی: ( مێژوو)ەوە دەکەونە ژێر دەستی مرۆڤایەتییەوە، بەوەی مرۆڤ ناتوانێت بەباشی لە ئێستای خۆی تێبگات، تائەوکاتەی لەڕابردووی مرۆڤایەتی و پاشماوەکانی مێژووی مرۆڤایەتی نەگەیشتبێت . کە ئەمەش بۆخۆی لە زۆر بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی کۆنینەناسی و شوێنەوارناسیشدا بایەخی پێ دەدرێت و لەبارەیەوە دەونووسرێت و کنەو پشکنینی لەسەردەکرێت، بۆ نموونە شوێنەوارناسێکی وەک یوهان یواکیم ونکلمانی Wanukalman Yuhan Ywakym ( ١٧١٧- ١٧٦٨)ی ئەڵمانی بەهۆی شارەزایی و پسپۆرییەکەیەوە لە زانست و هونەری گریکی ( Greece Art )داو بەتایبەتی لەساڵی (١٧٦٢) زایینیدا، کتێبێکی بڵاوکردەوە لەبارەی شوێنەواری (بۆمبای) و (هیرکولانیوم)ەوە، کە لە ساڵی (٧٠)ی زایینی دا بەیەکجاری وێرانکران .

بەڵام وەکتر دەبینی مرۆڤ بەوردی نەیتوانیووە لەخۆی و لە ئێستای خۆی بگات و ئەو تێگەیشتن و قووڵبوونەوەیەشی کە لە ڕابوردوو و لەماوەی چەند ساڵێکی دوور و درێژدا ئەزموونێکی بێشوومارى تیا بەرجەستەکردووە، لەهەموو ئەو ڕووداو و سەربوردەو گێڕانەوەو وێنەو هەڵکۆڵین و دیاردانەی، کە لەسەر گۆی ئەم زەمینەدا بەرچاو کەوتوون یان ئەو شوێنەوارو پاشماوانەی، کە بۆ ئێمەومانان ماونەتەوە، بەهەموو ئەمانەشداو بەبێ زانیاری و شارەزایمان لەوانەی رابوردوو، هاوکات بەخۆداچوونەوەو بیرکردنەوەی ورد لێیان و سوود لێوەرگرتنیان، لەخۆشی و ناخۆشیەکانی، لە باشی و خراپیەکانی، لەڕاستی و نا ڕاستیەکانی، هەوڵی شارەزا بوون و زانیاریمان بۆ نەدا، ئەوا هیچ گومانێکی ئەوتۆی تێدا نامێنێتەوە، کە بەگەل و نەتەوەیەک نەیەینە ئەژمارو بەرچاو، کەخاوەنی ژیاریی و شارستانیەتێکی دەوڵەمەندو زیندوو بین.

**تەوەری دووەم: دۆ کیومێنت ( Document ):**

بەڵگەنامەکان ( الوثائق ) کە زۆرجاریش بەزانستی دیبلۆماتیک ( Diplomatics Science) ناوبراوەو شیکردنەوەی بۆکراوە، بەڵام وەک زانستێک یارمەتی دەرێکی پێویست بوون بۆ مێژوونووسان و هاوکات وەک سەرچاوەیەک لە کاری نووسین و بە دواداچوونی مێژوویی هاوچەرخدا، لەگەڵ ئەوەشدا کەرەستەیەکی خاوی یەکجار گرنگ و یارمەتی دەرێکی کاران بۆ کاری نووسین و لێکدانەوەو ڕەخنەگرتن و هەروەها دیاریکردنی کات و ساتی مێژوویی و پاشان شەن و کەوکردن و بەراوردکردنیان لەگەڵ هەموو ئەو وتەو گەواهییانەی کە بەشێوازێکی زارەکی دەوترێنەوە. ئەمەش بۆخۆی زۆر ڕاستی و دروستی نهێنی و شاراوەو زۆر لایەنی پڕ لەگرێ و گۆڵ و ئاڵۆزمان بۆ ڕاست و ڕوونتردەکاتەوە، هەروەها ئەمەش بۆ خۆی دەبێتە مایەی دینامیکیەت و پاڵنەرو فاکتەرێکی گەورەو گرنگ بۆ ئەو بۆچوون و لێکدانەوە مێژووییانەی، کە مێژوونووس تۆماریان دەکات و لێکدانەوەی پێویستیان بۆ دەکات، بەجۆرێکی ئەوتۆ ئەم زانستەش بۆ خۆی لەنێوەندی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست Middle Ages ( ٤٧٦ -١٤٥٣) ی ئەورووپاو مێژووی ئیسلامی و مێژوونووسانی موسڵماناندا، بەشیکردنەوەی مەرجەکان (تفسير الشروط) هاتووەو لێکدراوەتەوە، لەم بوارەشدا گەلێک سەرچاوەی جۆر بەجۆر بەرهەم هاتوون و ناوبەناو بڵاوکراونەتەوە .

لەلایەکی ترەوەو هەر لەبارەی بەڵگەنامەو بەهای بەڵگەنامەوە، مێژووناس و لێکۆڵیاری عێراقی دکتۆر مورتەزا حەسەن ئەلنەقیب لەم بارەیەوە نووسیویەتی: بەکارهێنان و دەست نیشانکردنی بەڵگەنامەی فەرمی دەوڵەتی وەک: پەیماننامە، نووسراو، فرمان و بڕیاری جۆر بەجۆر، کارنامەی کۆبوونەوەکان، یادداشتنامە، پەخشنامە، پلان، مۆر، هەروەها هەموو ئەونوسراوانەی، کە پەیوەستن بەمەسەلەی ئابووری و بازرگانییەوە تادەگاتە

یاساکان و پرۆژەو هەمووئەو پێشنیارانەی، کە لەلایەن بەرپرسانی دەوڵەتەوە دەردەچن و هەروەها یادداشتنامەی کەسی، هەموو ئەمانەش بەسەریەکەوە، بەمانای دیاریکردنی بەڵگەنامە هاتوون و هەر هەمووشیان دەچنەوەخانەی ئەو سەرچاوە بەڵگەنامەییانەوە، کە بە سەرچاوەو پرۆسەیەکی زۆر تایبەت دابنرێن لە کاری نووسین و لێکۆڵینەوەی مێژووییدا. هەروەها سەلماندن و رێبەرو رێنیشاندەرێکی پێویستن بۆئەوەی هەر لێکۆڵیارو مێژوونووسێک، بتوانێت بەپشوویەکی درێژەوە پەنایان بۆ ببات و ئینجا وەک سەرچاوەو بەڵگەنامەی پێویست بۆیان بگەڕێتەوە. هەرچەندە زۆرجاری واش هەڵکەوتووە، کە مێژوونووس بەتایبەتی لە نووسینەوەی مێژووی سەردەمی ئیسلامی و تەنانەت مێژووی نوێشدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشەو گرفت دەبێتەوە، سەبارەت بە ناوەرۆکی دیکۆمێنت و بەڵگەنامەو ڕەسەنایەتیەکەی، چونکە زۆر جاری واش هاتووە، کە زۆرێک لە بەڵگەنامەکان لەخزمەتی لایەنێکی دیاریکراودا تۆمارکرابن ئیدی ئەو لایەنە سیاسی یان مەزهەبی یان لەخزمەتی تاکە کەسێکیشدا بێت . بەهەموو ئەمانەشدا وامان بۆ دەردەکەوێت و ڕوون دەبێتەوە کە: ((بەڵگەنامە بەهاوواتای سەرچاوە هاتووەو لەهەمانکاتیشدا گەوهەرێکی (جوهر) بناغەیی گرنگە بۆ نووسینەوەو تۆمارکردنی مێژوو)). هەرکە ئەمەش دەڵێین مەبەستمان لەوە نیە تەنها بۆ نووسینەوەی مێژووی قۆناغی هاوچەرخ بەگرنگی بزانین، بەڵکو لە قۆناغەکانی دواتریشدا هەمان گرنگی و هەمان تایبەتمەندی خۆیان دەبێت. بەڵام کۆسپ و تەگەرە لەمەیاندا زیاتر لەوەدا ڕەنگ دەداتەوەو سەرچاوە دەگرێت، کە زۆرێک لەمانە یەکلایی کردنەوەو سەلماندنی ناوەرۆک و ڕاستی و دروستیان بۆ مێژوونووس تاڕادەیەکی زۆر قورس وگرانە، بەڵام وەکو وتمان لە قۆناغی هاوچەرخدا ڕەنگە تۆزێک ساناترو بەشێوازێکی ئاسانتر بێتەدەستەوە، بەمەبەستی بەکارهێنان و گەڕانەوە بۆی، بەتایبەتی لەکاتی پرۆسەی نووسین و لێکدانەوەی ڕووداوە مێژووییەکاندا. بەڵام ئەبێت زۆر بەوریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت و لەشوێنی گونجاوی خۆیاندا بەکاریان بهێنیت.

ئەم جۆرە بەڵگەنامانەش بە زۆری لەنێو ئەوخانەو دەزگاو ناوەندە بەڵگەنامەیی و ئەرشیفی و هەروەها لەنێو: مۆزەخانە و کڵێسە (The Museum and Church) کاندا بەزۆری بەرچاو دەکەون. کە هەریەک لێیان لەشوێن و دەروازەی خۆیداو بەپێی پێویست پێڕست و(فهرسە) ژمارەو زۆرجاریش بە وردییەوە پۆلێنکراون و بەرگی تایبەتیان بۆ ئامادەکراوەو وەکووتمان لەئاووهەوایەکی گونجاوو لەچوار چێوەی بەڵگەنامە پارێزراوەکان و لە شوێنی زۆر تایبەتی خۆیاندا دانراون. ڕەنگە زۆر جار ئەو تێکەڵ و پێکەڵیەی، کە لە ڕێکخستنەوەی ئەو بەڵگەنامانەدا هەیە، کە لە کاتی دانانیاندا لێکۆڵیار یان مێژووناس زۆر بەئاسانی و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا نەتوانێت پێیان بگات یان بیان دۆزێتەوە. هەر بۆ ئەم مەبەستەو لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهانیشدا، دەزگای بەڵگەنامەیی و ئەرشیفی (Archives) گرنگ بۆ ئەو مەبەستە

دانراون و کراونەتەوەو بەزۆری سەرگەرمی ئەوەن چۆن هەموو بەڵگەنامە و دەستنووس و وێنە و دراو و نەخشەی بەڵگەنامەیی گرنگ لەچوارچێوەی ئەو دەزگایانەدا کۆبکەنەوەو هەریەکەو لە دەروازەو قۆناغ و شوێنی تایبەتی گونجاوی خۆیاندا دابنرێن، بەتایبەتی بۆ کاری لێکۆڵینەوەکردن و جێبەجێکردنی پرۆژەی زانستیی مێژوویی. تەنانەت لەم بارەیەشەوە بەتایبەتی لە ساڵانی سەدەی حەڤدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی هەژدەیەمی زایینیدا، قەشەی بەناوبانگی فەرەنسی مابییون Mabion (١٦٣٣- ١٧٠٧)، کە بایەخێکی گرنگی بە بەڵگەنامەو دەستنووس و نووسراوی فەرمی داوەو لەنێو زۆرێک لە مێژوونووسانی سەردەمی خۆیدا، تەواوی ژیانی خۆی بۆ تەرخانکرد، لە هەمانکاتیشدا کەوتە ئەوەی، کە بنەمایەکی زانستیش بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی دابڕێژێت و هەروەها بۆ ئەو مەبەستەش، کەوتۆتە ئەوەی کە کۆمەڵێکی گەورە لە سەرچاوەی فەرەنسی هەمەجۆر کۆبکاتەوەو دواتریش بەدوای یەکدا بڵاویان بکاتەوە. پاشان قەشەی ئیتاڵی موراتووری Muratori (١٦٧٢- ١٧٥٠) بەهەمان شێوەی هاوتا فەرەنسیەکەی، کەوتە جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی هاوشێوە سەبارەت بەمێژووی ئیتاڵیای کۆن و ناوەند و هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا کەوتە دەوڵەمەندکرن و بەرفراوانکردنی ئەم ڕێبازە زانستییە لە لێکۆڵینەوەی مێژوو و بەرفراوانکردنی کتێبخانە دێرینەکان و ڕێکخستنەوەیان لە سەر بنەمایەکی نوێ و هاوکات کردنەوەو دامەزراندنی ژمارەیەکی نوێ، ئەوەبوو ژمارەیەک لە پاپاکان و تەنانەت ڤاتیکان خۆشی لەساڵانی سەدەی هەژدەیەمدا کەوتنەوە دووبارە ڕێکخستنەوەی کتێبخانەی ڤاتیکان (Vatican Library) و شانبەشانی ئەوەش کاتێک هەر وڵاتی ڤاتیکان خۆی ناوەندی: ((ئەرشیفی ڤاتیکانی بۆ لێکۆڵیاران کردەوە زۆر وڵات پەیمانگای تایبەتی خۆیان لە شاری ڕۆما پێکهێنا))، بۆ ئەوەی ئەندامانی یان کارمەندانی ئەو پەیمانگایانە بەئاسانی بتوانن بکەونە گەڕان و بەدوادا چوون و پشکنین لەو بەڵگەنامەو بابەت و نووسراوانەی کە پێوەندی بە وڵاتەکانیانەوە هەبێت. سەرەڕای کۆپیکردنیان و دانان و ڕێکخستنەوەی پێڕستی گونجاو و پێویست بۆیان. هەروەها دەبینی لە دوای ڤاتیکانیشەوە گەلێک وڵاتی پێشکەوتووی دی وەک: ئینگلتەرە، فەرەنسا، ئەڵمانیا، بەلجیکا و دانیمارک، هەمان ڕێڕەوی ئەویان گرتە بەر لەم بوارە گرنگەدا . یەکێکی دی لە هەنگاوەکانی وڵاتی بەریتانیاش بە هەمان ڕەوتی کاری ئەرشیفی و دەوڵەمەندکردنی ناوەندی زانستی و کردنەوەی کتێبخانەو خانەی دەستنووس و بەڵگەنامەدا، ئەویش کردنەوەی مۆزەخانەی بەریتانیابوو لە ساڵی ( ١٧٥٣) دا .

بۆهەمان مەبەست لەوڵاتی ئێمەدا، هەرچەندە تاڕادەیەکی زۆر کەم نەبێت، هەنگاوێکی ئەو تۆ نەنراوە بۆکردنەوەو دامەزراندنی دەزگای ئەرشیفی و بەڵگەنامەیی دەوڵەمەند، ئەوەشی کە هەبێت ڕەنگە هێشتا زۆر سادە و هەژار و لە قۆناغێکی زۆر سەرەتایی دا بێت، بە بەراورد لە گەڵ نەتەوە و گەلان و وڵاتە پێشکەوتوەکانی تری جیهاندا.

بۆ ئەم مەبەستەش بریا لە ڕێگای حکومەت و زانکۆ و وەزارەت و ناوەندە زانستی و پەیوەندارەکانی حکومەتی کوردستانەوە، کار بۆ ئەوەدەکرا، کە ئەونووسراو و نەخشەو وێنەو دراو و مۆر و بابەتی کۆنینە الاثار (Archaeology) و بەڵگەنامانەی، کە پەیوەندیان بە کورد و مێژووی کورد و هەرلایەنێکی تری وڵاتی کوردەوارییەوە هەیە، لە دەزگا ئەرشیفییەکانی جیهاندا و بە زمانە جۆر بە جۆرەکان، کۆپی دەکرانەوە و بەپێی (دیسپلینێک)ی یاسایی و ئیداری بۆ کاری لێکۆڵینەوەو نووسینەوەی مێژوو، کاری زۆر جدییان لەسەر دەکراو دەخرانە خزمەتی ڕووناکبیرو لێکۆڵیارانەوە، لەوانە: دەزگا ئەرشیفییە دەوڵەمەندەکانی دەوڵەتی عوسمانی، ڕووسیای قەیسەری، ئێرانی سەفەوی، ئەفشاری، زەندی، قاجاری و پەهلەوی، هەروەها وڵاتانی وەک: بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیتالیا، میس، شام و بگرە وڵاتانی تریش، کە بە زۆری لەوانەن لەم بارەیەوە زۆر دەوڵەمەندن، لەبەڵگەنامە و دۆکۆمێنت و وێنە و دراو و دەستنووس و بابەتی کۆنینە و ئەو نەخشانەی، کە لەکاتی خۆیداو لەلایەن زۆرێک لە ڕۆژهەڵاتناس و گەڕیدە و دەزگا جۆر بەجۆرەکانی ئەو وڵاتانەوەو بەپێی قۆناغە جیا جیاکانی مێژوو لە بارەی گەلی کورد و وڵاتی کوردستانیانەوە نووسیوە یان کۆیان کردۆتەوە.

**تەوەری سێیەم: واتای مێژوو**
**لەساڵانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا:**

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و تەنانەت لەساڵانی سەدەی بیستەمی ڕابوردووشدا، زۆرێک لە زانایانی بواری زانست و مێژوو تەنەنانەت ئەدەبیش زۆر کۆک نەبوون لە سەرئەوەی کە مێژوو وەک زانست پێناسە بکەن یان لێکدیان جودا بکەنەوە. هەندێ لە زانایان و بەتایبەتی زاناو کەسایەتیەکی ئینگلیزی ولیام ئیستانلی جیڤونز William Stanley Jevons (١٨٣٥- ١٨٨٢)، کە لەسەر وەختێکدا مامۆستای زانکۆی مانشستەرو لەندەن و هەروەها شارەزایەکی بەرچاوی بواری ژیربێژیی و ئابووری بووەو تەنانەت یەکێک بووە لەوشارەزا سەرەتاییانەی، کە میتۆدی ریازی (ریا×ی) بۆ شیکردنەوەی ئابووری بەکارهێناوەو هاوکات وایشی لێکداوەتەوە کە: ((ناکرێت مێژوو ببێتە زانست لەبەرئەوەی توانایەکی ئەو تۆی نیە بۆ مل کەچ پێکردن لە ڕووداوەکانی مێژوودا، وەک ئەوەی مل کەچی دەبێت هەر لە بایەخدان و تێڕوانین و پشکنین تا دەگاتە کاتی تەجرووبەکردن و هەڵسەنگاندنی لە تاقیگەیەکدا)). بەوەشدا توانای لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەیەکی زانستی ئەوتۆی نابێت وەک ئەوەی لە هەر زانستێکی تری وەک زانستی سروشت یان زانستی کیمیا و بابەتە زانستیەکانی تردا هەیە. جگە لەوەی هەندێک لە ئەدیبان، وای دەبینن، کە مێژوو زانست بێ یان نەبێ ئەوا بۆ خۆی: (هونەرێکە لە هونەرەکان) و زانستیش توانای ئەوەی نیە لە سەر ڕابردوو

له ئێسقانێکی ڕەق و تەق زیاترت بداتێ. بەڵام بۆ ئەوەی دوو بارە گیان و ژیانی بکەینەوە بەبەردا ئەبێت پەنا بەرینەوە بەر خەیاڵ، ئەمەش لە کاتێکدا دێتەدی، کە تاچ ڕادەیەک ئەو ئەدیبە توانای ئەوەی هەیە و ئەو هونەر و لێزانیەی تیا بەرجەستە ئەبێ، بەپێی ئەو بۆچوونەش، کە ( ف. هرنشو) سەبارەت بە مێژوو لێکیداوەتەوە و دکتۆر حەسەن عوسمان لە زمانی ئەوەوە دەنووسێت: (مێژوو زانست نیە بەڵکو ئەزموون و هەڵسەنگاندنە، بەڵام زانستی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە کردنە) و نزیکترین زانستی سروشتی لێیەوە بریتیە لەجیولۆجیا واتە ( زەمین ناسی- Earth science) بەوەی هەریەک لە مێژوونووس و زەمینناسیش لە شوێنەواری ڕابوردوو و پاشەڕۆکەکەی ( مخلفاتە) دەکۆڵنەوە، بەڵام دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر (١٩٣٠- ٢٠١٤) وای لێکدەداتەوە بەوەی مێژوو (بریتییە لە ڕووداوەکانی رابردوو و بەڵام لەکاتی ئێستا ( حا×ر)دا دەنووسرێتەوەو ئەمیش لەپێناوی داهاتوودایە، واتە مێژوونووس نوێنەرایەتی رابردوو دەکات و لەئێستادا دەژی و بەدواداچوونی لەسەر دوارۆژ و بۆ دوارۆژە)) واتە بەوانەشدا دەتوانین وا قسە لە مێژوونووس بکەین و بڵێین: مێژوونووس هەر ئەوەنیە هەرکەسە و قەڵەمی گرتەدەست و بابەتێک یان لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی نووسی و دواتر بلاوی کردەوە، ئەوا ئێمە بەمێژوونووسی دەستنیشان و ئەژماربکەین. بەڵکو دەبێت مێژوونووس کۆمەڵێک خەسڵەت و ئەدگاری پێویست و هەستیار هەن لە کاری لێکدانەوەو بەدوا داچوونیدا، لەبەرچاویان بگرێت. لە سەروو هەموو ئەوانەشەوە، مێژووناسێکی کوردو بەئەزموونی ی وەک دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد (١٩٣٧) جگە لەوەی کە مێژووی بەزانستی زانستەکان ناوبردووەو بەخوێی چێشتی لێکداوەتەوە بۆیان، هاوکات لەگەڵ ئەوەشدابووەو بەپێویستیەکی گرنگی زانیووەو بەردەوام جەختی لەسەردەکاتەوە، تەنانەت لە میانی چاوپێکەوتنێکی خێرای ڕۆژنامەنووسی ناسراوی عێراقی حەمید ئەلمەتبەعی (١٩٤٢- ٢٠١٨) دا ئەوەی بەزۆری و بۆ مێژوونووس جەختی لەسەرکردبێتەوە ئەویش پاراستنی گیانی: ئەمانەت و باسخوازی و مەوزوعیەتە لە پرۆسەی نووسین و لێکدانەوەو تۆمارکردندا، کە ئەبێت بەردەوام پارێزگاری لێ بکرێت. ئەمەوجگە لە هەندێک سیفات و تایبەتمەندی دی کە پێویستە مێژوونووس پێوەی پابەند بێت لەوانە وەک: ئارەزوومەندی بۆ بابەتەکەی و پشوودرێژی لە کاری نووسین و لێکدانەوەدا، هەروەها ئەو کۆسپ و تەگەرانەشی کە دێنە ڕێی لە کاری نووسین و ئیشکردنی ڕۆژانەیدا نەبنە هۆی وەستان و دەستهەڵگرتنی و کەمی و نەبوونی سەرچاوەش لەکاری نووسینی نەخات، سەرەڕای گەڕان و پشکنین و پرسیارکردن ئەگەر بۆماوەیەکی دوور و درێژیش بێت، هەروەها لەلایەکی تریشەوە دکتۆرکەمال مەزهەرجەختی لەسەرئەوەش کردۆتەوە کە مێژوو وەک هەموو زانستەکانی تر مێژووی تایبەت بەخۆی هەیەو لەگەڵ سەرهەڵدان و پەیدابوونی ئادەمیزاددا سەرچاوەی گرتووە، لەوانە: مێژووی سروشت

و مێژووی پزیشکی و مێژووی ئابووری و مێژووی زوبان و مێژووی ئەدەب و مێژووی ئاسمانگەریی و مێژووی سەربازی و مێژووی وەرزشی و مێژووی کیمیاو مێژووی فیزیاو مێژووی هونەرو گەلێکی دی. شان بەشانی ئەمیش وەک دەوترێت پیری مێژوو ناسانی عێراق دکتۆر حسێن ئەمین عەبدولمەجید (١٩٢٣- ٢٠١٣) لەگەڵ ئەوەدایە کە مێژوو لە سەرووی هەموو زانستەکانەوە بێت: (( التاريخ هو سيد العلوم)) و هاوکات وای شیکردۆتەوە کە مێژوو لە هەموو جۆرە زانستێک بکۆڵێتەوەو هەر بۆ ئەوەش بووە، کە ڕاشکاوانە جەخت لەسەر ئەو بنەماو بۆچوونانەی (مبادئ) بکاتەوەو بێ گرێ و گۆڵ بڵێت: هیچ زانستێک بێ مێژوو نابێت، بۆ ئەم مەبەستەو هەر لەم بارەیەشەوە گەلێک بەڵگەو نموونەمان بۆ دەهێنێتەوە لەوانە: مێژووی بازرگانی، مێژووی فیزیا، مێژووی کیمیا، مێژووی پزیشکی و مێژووی بیرکاری و ئەندازە....و تەنانەت ئەوانەشی کە لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەری ئیسلام محەمەد (د. خ) یان کۆڵیبێتەوەو وەک میتۆدێکی مێژوویی مامەڵەیان لەگەڵدا کرد بێت هەر بە مێژوویان ناوزەد دەکات . بەهەموو ئەمانەشدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە مرۆڤ لە هەر بوارو کایەیەکی زانستیدا کاربکات ئەوا هیچ گومانێکی تیادا نیە، کە پێویستی بەمێژوو و شارەزابوون لە مێژوو، هەروەها ئەزموونەدەوڵەمەندەکانی مێژوو هەیە بۆ نموونە: کەسایەتی و سەرۆکی ناسراوی فەرەنسی ڕیمۆن بوانکاری Raymond Bowen Carrie (١٨٦٠- ١٩٣٤) کە لەماوەی سالانی (١٩١٣- ١٩٢٠) دا سەرۆکی وڵات و بەزۆری لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمی رابردوو و لەسەروبەندی بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤- ١٩١٨) دا کاروباری وڵاتی فەرەنسای گرتبووە دەستەوەو تەنانەت لەماوەی رابردوشدا بۆماوەی (٣) سێ جاریش سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی ئەو وڵاتە بووە، ئەوەی کە تا رادەیەکی زۆرو لەماوەی دەسەڵاتەکەیدا قەڵسی دەکردو بەردەوام شیکایەتی لە دەست هەبوو، ئەویش نەشارەزایی ڕاوێژکارو هاوکارەکانی بوو لەمێژوودا

هەر لەم قۆناغەدا و لەماوەی سالانی سەدەی نۆزدەیەمدا ناوی گەلێک لەو مێژوو نووسانە دێت، کە بۆخۆیان واتا یان تێگەو چەمکی مێژوویان لەسەر بنەمایەکی سۆشیالیزمی یوتۆپی ( الاشتراكيه الا×وباويه ( Utopian Socialism) لێکداوەتەوەو ڕاڤەیانکردووەو کاریان بۆ ئەوەکردووە کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی میسالی پێکەوە بنێنن، کە دوور بێت لە هەموو قۆرخکاریەکی سەرمایەداریی و دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵ، کە دوور بێت لە هەموو جیاوازیەکی چینایەتی (Class difference) لەوانە: سانسیمۆن Sain Simon ( ١٧٦٠- ١٨٢٥)، شارل فۆرێ Fourier ( ١٧٧٢- ١٨٣٧)، ڕۆبەرت ئۆین Robert Owen (١٧٧١ – ١٨٥٨)، بییر برۆدۆن Prudhon Per (١٨٠٩- ١٨٦٥)، لویس بلان Blanc Louis (١٨١١- ١٨٨٢) و زۆری دی. بۆ نموونە مێژوو ناسێکی وەک ئۆگۆستین تیری

Thierry Augustie (١٧٩٥-١٨٥٦)، کە خۆی بە کوڕی هەڵبژاردەی سانسیمۆن دادەنێت و ماوەیەکیش سکرتێری ئەو بووە. وای دەگێڕێتەوە، کە پێویستە: (مێژوو ژیاننامەی کۆمەڵانی خەڵک بێت نەک ژیاننامەی میری ). هەروەها جەختی لەسەر ئەوەشکردۆتەوە، کە گەل هەوێنی ڕووداوی مێژووییەو ئەو بایەخدانەشی کە بەخەباتی چینایەتی دابووی وای لە کەسایەتیەکی وەک کارل مارکسKarl Marx (١٨١٨-١٨٨٣)ی بەرەسەن جوولەکەی ئەڵمانی کرد، کە ناوی بنێت: ( باوکی خەباتی چینایەتی لە زانستی مێژووی فەرەنسی )دا.

بەپێی لێکدانەوەشمان، لەم بوارەداو سەبارەت بەتێگە یان چەمکی مێژوو دەکرێت بڵێین: میتۆد و لێکدانەوەو شەن و کەوکردنی ڕاستی و حەقیقەتەکانە، بەڵام بەشێوازێکی زانستیانە و هاوکات هونەرێکە، کە ئەبێت هەموو مێژوو نووسێک، بتوانێت زۆر بابەتیانە و زیرەکانە ئەولایەن و بابەتە شاراوانە بۆ خوێنەر و بۆ ڕاستی و بۆمێژوو یەکلایی بکاتەوە، کە هەر کەسێک لە ئێمە لەمەراقی ئەوەدایە، کە بگاتە کرۆنۆلۆجیایەکی ڕاست و دروست و لەسەرووی هەموو ئەوانەشەوە، مێژوونووسی راستگۆ ئەبێت کەسایەتیەکی بابەتی، لێوەشاوە، نەترس، ئەمین، بەوێژدان و دڵسۆز بێت بۆ پیشەو بۆ پسپۆریەکەی خۆی، هەرئەوساش بەپێی ئەو مەنهەجیەت و میتۆدە زانستییەی، کە پرۆسەو کاری مێژوونووسین دەیەوێت، زۆر لێبڕاوانە کاری جیدی خۆی بکات و نەبێتە بڵندگۆی ئەم و ئەوو، هەروەها بەهاندان و هەڵنانی هیچ کەسێک، هیچ لایەنێک، هیچ دەستەو هیچ گروپ و هیچ کاریگەرییەکی لاوەکی و دروستکراو، تۆمەتی بێ بنەما دروست نەکات و قەڵەمی خاوێنی خۆی نەخاتە سەر کاغەز، لەگەڵ ئەوەشدا بیرو فیکرو زیکرو ئاوەزی هیچ کەسێکیش، بەشێوازێکی کوێرانەو بەناهەق و بێ بەڵگەی تەواوو سەلمێنراو زامدارو لەککەدار نەکات.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

- حسن عثمان، منهج البحث التاريخي، دار المعارف، ( القاهرة: ١٩٦٩ )، ص ١٢.
- كب، علم التاريخ، ترجمة: ابراهيم خورشيد وآخرون، ( بيروت: ١٩٨١)، ص ٢٧.
- قاسم يزبك، التاريخ و منهج البحث التاريخي، دار الفكر، ( بيروت: ١٩٩٠)، ص ٨.
- قاسم يزبك، التاريخ و منهج البحث التاريخي، ص ٧- ٨.
- حسن عثمان، المصدر السابق، ص ١٢.
- شمس الدين محمد بن عبدالحمن السخاوى، الاعلان باالتوبيخ لمن ذم اهل التاريخ، (القاهرة: ١٣٤٩) ص١٧.
- عليرضا ملائى توانى، در امدى بر روش ثذوهش در تاريخ، نشر نى، ض٣، ( تهران: ١٣٨٨)، ل ٥١.
- رابين جورج كالينطوود، مفهوم كلى تاريخ، ترجمة: على اكبر مهديان، ضاث دوم، ( تهران: ١٣٨٩)، ل ٢٤٣، احمد صالح عبوش، روح التاريخ، دار الكتب العلمية،(بيروت: ٢٠١٢)، ص١١- ٥٨.
- محمد حمدان احمد، تاريخ الحضارة الاوروبية الحديثة و المعاصره،( دمشق: ٢٠١٣)، ص ١٥٣.

- مرتضى حسن النقيب، المؤرخ المبتدىء ومنهج البحث التاريخي، ( بغداد: ١٩٩٩)، ص ٣٤.
- ينظر: عبدالواحد ذنون طه، اصول البحث التاريخي، ( الموصل:١٩٩٠)، ص٢٨.
- عليرضا ملائى توانى، در امدى بر روش ثذوهش در تاريخ، مصدر ثيشين، ل ١١٣، محسن محمد حسين و عبدالرحمن العزاوي، منهج البحث التاريخى، جامعة بغداد، كلية التربية الاولى ( ابن رشد)، ( بغداد: ١٩٩٢ )، ص ١٢٨ - ١٢٩، مرتضى حسن النقيب، محاضرات ( المنهج البحث التاريخى)، قسم التاريخ- كلية الاداب، جامعة بغداد، المرحله الثانية،١٩٨٩- ١٩٩٠.
- مرتضى حسن النقيب، المؤرخ المبتدىء ومنهج البحث التاريخي، ص ٣٤.
- احمد صالح عبوش، روح التاريخ، ص ١٦، مرتضى حسن النقيب، محاضرات المنهج البحث، المصدر السابق.
- حسن عثمان، المصدر السابق، ص ٦٩.
- محمد حمدان احمد، تاريخ الحضارة الاوروبية الحديثة و المعاصرة، ص ١٥٣.
- حسن عثمان، المصدر السابق، ص ٦٩.
- محمد حمدان احمد، تاريخ الحضارة الاوروبية الحديثة و المعاصرة، ص ١٥٣.
- حسن عثمان، نفس المصدر، ص ١٦.
- نفس المصدر، ص١٦.
- د. ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر: لە (١٩٣٠) و بەپێی شوناسنامەی باری کەسیەتیەی لە گوندی (پیرداود) ی سەر بەشاری هەولێر هاتۆتە دونیاوە، دایکی ناوی ( عائیشە جەرجیس)ە، بەڕەسەن دەچنەوە سەربنەماڵەی (پیرەبابی) بەناوبانگ، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی لە شاری هەولێر و هەروەها قۆناغی خوێندنی زانکۆیی لە: ( زانکۆی ئەمەریکی لە بەیروت)ی وڵاتی لوبنان لەساڵی ( ١٩٥٥) دا تەواو کردووە، پاشان بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا چووەتە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو و قۆناغی دکتۆرای لە ( ئەکادیمای علومی سۆڤێتی لە مۆسکۆ)، لەساڵی (١٩٦٥) دا تەواوکردووە، ماوەیەکی زۆریش لە( کۆلێژی ئەدەبیاتی — زانکۆی بەغدا- بەشی مێژوو ) مامۆستا بووە، بەزۆری بابەتی ( تێیکستی مێژوویی ) بەزمانی ئینگلیزی وتۆتەوە، سەرەڕای هاوکاری کردنی بەردەوامی خوێندکارانی خوێندنی باڵای ماستەرو دکتۆرا لە ڕووی کاری وەرگێڕان و سەرپەرشتیکردنەوە، بە یەک دووساڵێک دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) لە شاری بەغداوە گەڕایەوە کوردستان و لەبەشی مێژووی، کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین، بوو بە مامۆستا و لەم قۆناغەشدا وەک وانە وتنەوەو وەک سەرپەرشتیکردن لە کاروباری خوێندنی باڵا دا بەردەوام بوو، جگە لەوەش لە زۆربەی زۆری گۆڤار و ڕۆژنامە کوردی و عێراقیەکاندا نووسینێکی زۆری بە: زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بڵاوکردۆتەوەو لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک بەرهەمی وەرگێڕان و چاپکراوی دانسقەی هەیە، سەرەڕای هەندێک دەستنووس و بابەتی تایبەت کەلای نووسەری ئەم کتێبە پارێزراون و لە فورسەتێکدا وەک کتێبێکی سەربەخۆ بڵاویان دەکەینەوە، بەداخەوە تا لە ژیاندا بوو بەرەبەنی ژیاو ژیانی هاوسەری پێکەوە نەنا، بۆ دواکاتیش لەتەمەنی (٨٤) ساڵیداو لە(٢١/ ١/ ٢٠١٤)، لە شاری هەولێر زۆر بە بێدەنگی کۆچی دوایی کردو لە گۆڕستانی ڕێگای ( مەخموور ) نێژراوە، دیارترین بەرهەمەچاپکراوەکانی بریتین لە: اكراد الملى وابراهيم باشا، الێراع على كوردستان (وەرگێڕان لە ڕووسییەوە)، كوردستان فى عهد السلام بعد الحرب العالميه الاولى (بەزنجیرە لە گۆڤاری ( الپقافە)ی سەلاح خالیسدا بڵاوی کردەوە، الانسان الجديد - العاقل (بەزمانی ئینگلیزی)، هەروەها لەم ساڵانەی دوایشدا کاک دکتۆر ئازاد عوبێد ساڵح، زۆربەی زۆری بەرهەمەکانی بەسەریەکەوە و لە(دووبەرگ) ی سەربەخۆدا، بەناونیشانی: (الاپار الكامله للدكتور احمد عپمان ابوبكر) بەدوای یەکداو لە ساڵانی (٢٠٠٩) و (٢٠١٠)دا بڵاوی کردوونەوە. ئەحمەد باوەڕ، ئۆزدەمیرو کورد، مێژووی ململانێی بەریتانیاو تورک لە باشووری کوردستان ١٩١٨- ١٩٢٣، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی نوێ، ( سلێمانی: ٢٠١٧)، ل ٨٢- ٨٣.

- آزاد عبيد صالح، الآثار الكامله للدكتور احمد عثمان ابوبكر،ج٢، بنكەی زین، ( السليمانية: ٢٠١٠)، ص ٥٥٥.
- کەمال مەزهەر ئەحمەد: مێژووناسی گەورەی کورد کەمال مەزهەر ئەحمەدی حاجی رەسولی گوورون ئاغای زاڵ سلێمان بەگ، لەرێکەوتی( ١٤ی شوباتی ١٩٣٧) لەشارۆچکەی ( ئاغجەلەر)ی سەربە لیوای کەرکوك هاتۆتە دونیاوە، ئەم لەدایك بوونەی لەکاتێکدا بووە، کە لەودەمانەدا باوکی مەزهەر (١٩٠٩- ١٩٥٣) فەرمانبەری میری بووە لەم ناوچەیەدا و ئەگینا ەخۆیان، لەبنەماڵەیەکی ڕەسەنی شاری سلێمانی و لەهۆزی گەورەی بلباسن، باپیریشی (ئەحمەد) ئەفسەربووە لەریزەکانی سوپای عوسمانیداو دایکی ناوی حەفسە عەبدوللای عەبدوڵلایە(حوزەیرانی ١٩٨٤) دا کۆچی دوایی کردووە، بەڵام دکتۆر کەمال بەزۆری قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی لەسلێمانی و هەڵەبجەو ناوەندی و دواناوەندی هەر لەشاری سلێمانی و خانەی مامۆستایانی باڵای (دار المعلمين العالية)ی لەشاری بەغدا (١٩٥٨- ١٩٥٩) تەواوکردووە، دواتریش بۆماوەیەك دەبێتە مامۆستا لە( ناوەندیی شۆڕش)ی شاری سلێمانی، تائەوکاتەی وەك نێردەیەک (بعثة) لەسترەتاکانی فەرمانرەوایەتی کۆماریداو لەگەڵ کۆمەڵێک خوێندکاری کوردوعەرەب لەوانە د.نەسرین مەحەمەد فەخری دەنێردرێتە دەرەوەی وڵات، بەتایبەتی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندنی باڵا، وەك ئەوەی دوای چەند ساڵێک و لەسالی (١٩٦٣)دا خوێندنی دکتۆرای لەپەیمانگای رۆژهەڵاتناسی لەئەکادیمیای زانستەکانی (مۆسکۆ)تەواوکردووە، لەبواری مێژووی هاوچەرخی کورداو لەلایەن دکتۆر رەحیمی قازی ئامۆزای قازی محەمەدی بەناوبانگەوە سەرپەرشتی کراوە، بەجۆرێك هەرلەوماوەیەشداو بۆیەکەمین جار ژیانی هاوسەری پێکەوە ناوەو لەبەری ئەم خێزانەی کورێکی هەیە بەناوی (لاووك)ەوەو لەدایك بووی سالی (١٩٦١)ە، دواتریش بەمەبەستی خوێندنی دکتۆرای دووەمی دەستی داوەتە خوێندن و دوای (٦) شەش ساڵ و لەساڵلی (١٩٦٩)دا دکتۆرای (ناووك)ی لە ئەکادیمیای زانستەکانی سۆڤیەتی بەدەست هێناوە، ناونیشانی تێزەکەی بریتی بووە لە(بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی لەکوردستانی عێراق ١٩١٨- ١٩٥٨) دکتۆر کەمال مەزهەر لەمانگی ( ئایاری١٩٧٠)ەوە، دەگەڕێتەوە بۆ عێراق و وەك مامۆستایەك لەبەشی مێژووی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا دادەمەزرێت، هەروەها جگە لە ئەندامێتی ماوەیەکیش (١٩٧١- ١٩٧٤) ئەمینداری جێگری سکرتێری کۆڕی زانیاری کورد و سکرتێری گۆڤارەکەشی بووەو دوای هەڵوەشانەوەی بەیانی (١١ی مارتی ١٩٧٠)و جێبەجێنەکردنی بنەماکانی لەلایەن حکومەتی بەعسی عێراقەوە لەساڵی (١٩٧٤)ەوە پەیوەندی بەشۆڕشی کوردستانەوە کردوەو دوای ساڵێك ئینجا گەڕاوەتەوە شاری بەغدا دووبارە درێژەی بە پیشەی مامۆستایەتی خۆی داوە. لەزانکۆکانی وەك: بەغدا، موستەنسریە، بەسرەو زانکۆی بەکر بۆ لێکۆڵینەوەی سەربازی باڵا کەزۆرجار وانەو موحازەرەی تایبەتی هەبووە، هاوکات لەنیسانی(١٩٧٣)دا پلەی زانستی لە (مامۆستا)ەوە بووە بە(پرۆفیسۆری یاریدەدەر) و دوای چەند ساڵێک لە کاری زانستی وپرۆسەی وانەوتنەوە لەرێکەوتی (٣ی شوباتی ١٩٨١)ەوە بۆجارێکی دی پلەی زانستی بەرزکراوەتەوەو بووە بە(پرۆفیسۆر)، هەروەها لەماوەی ژیانی وانەوتنەوەو کاری زانستیدا سەرەرای بڵاوکردنەوەی سەدان وتارو توێژینەوەی زاستی لەگەڵ ئەوەشدا دەیان کتێبی ناوازەی بەزمانەکانی: کوردی، عەرەبی، رووسی، فارسی، تورکی و ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوەو لەگەڵ ئەوەشدا سەرپەرشتی دەیان نامەو تێزی دکتۆرای لە زانکۆکانی عێراق و دەرەوەدا کردووەو لەدەیان کۆروکۆبوونەوەی زانستی نێودەولەتی لە عێراق و دەرەوەیدا بەشداری کردووە، هاوکات لەلایەن دەیان ناوەندی زانستی جیهانی و عێراقی و عەرەبی و کوردستانییەوە ریزی لێنراوە، لە ساڵی ( ١٩٨٥)ەوە، بۆجاری دووەم ژیانی هاوسەری لەگەڵ شەهلاخانمی کچی تاهیر حەیدەری کە دەرچووی بەشی ژمێریارییە (الاحصاء) پێکەوە ناوە، تائێستاش پێکەوە دەژین. بروانە: حميد المطبعي، المؤرخ المفكر كمال مظهر أحمد، دارضفاف للنشر الشارقة، (بغداد: ٢٠١٣)، ص ٧ ومابعدها، كمال مظهر احمد، صفحات من تاريخ العراق المعاص، دراسات تحليلية، منشورات مكتبة البدليسي،( بغداد: ١٩٨٧)، الصفحة الاخيرة، دەستنووسێکی بڵاونەکراوەی دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، کە خۆی پێشکەشی کردووم، بەزمانی عەرەبی سەبارەت بەژیان و کارە زانستیەکانی خۆیەتی و لای خاوەنی ئەم نووسینە لەسالی (١٩٨٩)ەوە.

- حەمید ئەلمەتبەعی: نووسەرو رۆژنامەنووسی ناسراوی عێراقی حەمیدی کوری شێخ محەمەدی کوری عەلی ئەلسەحاف، کە بە حەمیدئەلمەتبەعی ناسراو بوە، لە(١٩٤٢) دا، لەشاری نەجەف هاتۆتە دونیاوە، سەرەتاکانی خوێندنی هەر لەم شارەوە دەستپێکردوەو زیاتر بایەخی بەبواری فیکرو فەلسەفە داوە، هەروەها ماوەیەکیش بەکاری رۆژنامەوانییەوە خەریك بوە لەوانە: سەرنووسەری رۆژنامەی (العامل الاشتراکی)، )النقابی) و لەماوەی سالانی (١٩٦٧- ١٩٧٥)دا، طۆظاریکی رووناکبیریی فیکری بڵاوکردۆتەوە بەناوی (الکلمة)ەوەو زۆربەی زۆری ئەدیب و شاعیرو نووسەرانی عێراق و عەرەب بابەت و نووسینی خۆیانیان تیا بڵاوکردۆتەوە لەوانە: ئەدۆنیس، سەعدی یوسف، جەلیل ئەلقەیسی، یوسف ئەلحەیدەری، بوشرا بوستانی، عەبدولرەحمان تەهمازی...، بەسەریەکەوەو تا کۆچی دوایی لە شاری نەجەف (١٦ی نیسانی ٢٠١٨) نزیکەی (٢٥) کتێبی جۆراو جۆری بلاوکردۆتەوە.

- حمید المطبعی، افکار فی اسئله، مقابله مع الدکتور کمال مظهر احمد، جریدة الثورة، العدد، (٧٢٦٣)، ١٩/٤/ ١٩٩٠، الصفحة الاخیرة.

- کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژوو، کورتە باسێکی زانستی مێژوو و کوردو میژوو، (بەغدا:١٩٨٣)،ل ٧.

- دکتۆر حسین ئەمین عەبدولمەجید: لەسالی ( ١٩٢٥) لە گەرەکی (تۆب)، نزیکی ( باب المعظم) شاری بەغدا هاتۆتە دونیاوەو سەرەتاکانی خوێندنی لە قوتابخانەی ( مەئمونیە) و ( غەربیە)ی ئەم شارەوە دەست پێکردۆتەوە، دواتریش دواناوەندی ( مەرکەزیە)ی تەواوکردووەو لەسالی (١٩٤٥)ەوەو لێرەبەدواوەو بەمەستی درێژدان بەخوێندنی باڵا رووی کردۆتەوە وڵاتی میسر خوێندنی لێنسانس و ماستەرو دکتۆرای لەزانکۆی (ئەسکەندەریە) لەبواری مێژووی ئیسلامیدا خوێندووەو یەکەم عێراقی بووە کەخەڵاتێکی رێزلێنانی لەسەرۆکی وڵاتی میسر جەمال عەبدولناسرەوە وەرگرتووە، تەنانەت یەکێك بووە لەوانەی، کە (کۆمەڵەی مێژوونووسانی عێراقی) دامەزراندووەو یەکەمین سەرۆکی بووە، جگە لەوەش نزیکەی (٦٥٠) وتاری جۆربەجۆری لەبوارەکانی مێژوو و کەلتوردا لەرێگای ئێزگەو رادیوە بڵاوکردۆتەوە و لەبەشێکی زۆری کۆروکۆنگرە زانستیە عەرەبی و جیهانیەکاندا بەشداری کردووە، لەبەشێکی زۆری زانکۆجیهانیەکانی وەك: مارتن لوسەری ئەلمانیا، ئۆکسفۆرد و ئەدنبەرەو کامبرجی بەریتانیانیاو موحازەرەو وانەی وتۆتەوە، سەرەرای بڵاوکردنەوەی دەیان لێکۆلینەوەو تویژینەوەی زانستی و هەروەها وەرگێرانی کۆمەڵێک بابەت و کتیبی جۆربەجۆر بۆ سەرزمانی عەرەبی، دیارترین بەرهەمەکانی بریتین لە: تاریخ العراق فی العصر السلجوقی، الغزالی فقیها، المدرسة المستنصریة، تاریخ التربیة والتعلیم فی الاسلام، فی التاریخ الاسلامی، التصوف)، بۆ دواسات و دوای ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشی و هەڵکشانی تەمەندا لە(٢٤ی مارتی ٢٠١٣) لەعەمانی پایتەختی شانشینی ئوردن کۆچی دوایی کردووە. ینظر: ابراهیم خلیل العلاف، مع استاذی الدکتور حسین أمین، ملحق جریدة (المدی)،عراقیون من زمن التوهج، العدد ( ٢٧٦٦)، الخمیس، (٤ نیسان ٢٠١٣)، ص ٢- ٧.

- اللقاء الاخیر مع شیخ المؤرخین الاستاذ الدکتور حسین امین، ملحق جریدة (المدی)،عراقیون من زمن التوهج، العدد ( ٢٧٦٦)، الخمیس، ( ٤ نیسان ٢٠١٣)، ص٨.

- اللقاء الاخیر مع شیخ المؤرخین الاستاذ الدکتور حسین امین، ملحق جریدة (المدی)،عراقیون من زمن التوهج، العدد ( ٢٧٦٦)، الخمیس، ( ٤ نیسان ٢٠١٣)، ص٨.

- دکتور الهادی التیمومی، مفهوم التاریخ و تاریخ المفهوم فی العالم الغربی من النهضة الی العولمة، (تونس: ٢٠٠٣)، ص ١٦

- سماح رافع محمد، المذاهب الفلسفیة المعاصرة، خصائص الفلسفة المعاصرة ومذاهبها الرئیسیة، مکتبة مدبولی، ط٢ ( القاهرة: ١٩٨٥)، ص ٣٧.

- فاضل حسین و کاظم هاشم نعمه، التاریخ الاوربی الحدیث ١٨١٥- ١٩٣٩، (الموصل: ١٩٨٢)،ص ١٠-١١٠، کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژوو، ل ٧١- ٧٢.

- کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژوو، ل٧٢.



# ڕامان لە وێنانەکراو ڕووە تیۆرییەکانی لێکۆڵینەوە لە جینۆساید

## (بەشی دووەم)

نووسینی: یایر ئاورۆن
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: مەهاباد قەرەداغی

١- بۆ خوێندنەوەی بەشی یەکەم بڕوانە ژمارە ٢٣ ی گۆڤاری شیکار.

## ٢

## پێناسە و تیپۆلۆژی جینۆساید

بەهۆی زیادبوونی هۆشیاری سەبارەت بە جینۆساید، لە نێو ئەو سۆنگانەی پەیوەستە بەمەوە، ڕێککەوتننامەکەی یوو ئێن و ئەو سەختییانەی کە بۆ پیادەکردنی دەوریان تەنیوە، زاناکان لە میانەی ئەو ساڵانەدا چەندین جۆری پێناسە و پۆلێنکردنیان پێشنیار کردووە، ئەم بەشە لە کتێبەکە هەوڵ دەدات باس لەو کارانە بکات، کە بەم ئاراستەیەدا کراون.

تیپۆلۆژی؛ بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە جۆر و پۆلەکان. وامان لێدەکات بابەتێکی لێکۆڵینەوە ڕێک بخەین، (لەم بابەتەدا جینۆسایدە)، بۆ پۆل و ژێرپۆل و ئەو دۆخانەی بە شێوەی جیاواز بۆ بەراوردکردنی لەگەڵ یەکتری، دەشێن. ئەو پێناسە و پۆلێنکردنانەی لێرە دۆزراونەتەوە، ئامرازی زۆر گرنگن بۆ لێکۆڵەران، کە هەوڵ دەدەن ڕووداوەکان کۆبکەنەوە و ڕووە لێکچوو و جیاوازەکانیان بخوێننەوە. ئەو زانایانە لەبارودۆخی ئەو ڕووداوانە دەکۆڵنەوە بە ئامانجی هەڵسەنگاندنیان و زانینی ئەوەی ئایا دەشێت دەرەنجامەکانیان بەگشتی بکرێن. بە بێ هیچ گومانێک، زۆربەی ئەوانەی بەشدارن لە فێرکاری و لە جینۆساید دەکۆڵنەوە، خوازیاری ئەوەن ڕێگە بگیرێت لە دووبارە ڕوودانەوەی جینۆساید لە دوارۆژدا، یان هیچ نەبێت، کەم بکرێتەوە. بەم هۆیەوە، ئەم زنجیرە کتێبەش، هەندێکیان بەشدارن لە گەشەپێدانی ئامرازە تیۆرییەکانی کە یارمەتیدەر دەبن لە پێدانی ئاگاداری پێشوەختە بۆ جینۆسایدێ کە دەشێ لە داهاتوودا ڕووبدات، هەروەها پشنیاری ئامرازگەلێکمان بۆ دەکەن بۆ ڕێگەپێگرتنی ڕوودانی، دەست بدەن.

باش تێگەیشتن لە دیاردەی جینۆساید، فێری ئەوەمان دەکات کە شتەکە لە ناکاو و بە بێ ئاسانکاری بارودۆخی کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسی و ئایدۆلۆژی، ڕوونادات. تێگەیشتن لەو توخمانە دەشێ یارمەتیمان بدات لە دەستنیشانکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی، هیچ نەبێت کەمکردنەوەی یاخوود هەر بە تەواوەتی قەدەغەکردنی دیاردەکە.

ئەم بەشە، گفتوگۆی زۆرێک لە پێناسەکان، تیپۆلۆژی و تیۆرییەکانی جینۆساید دەکات و ئەو پێناسەیە پێشکەش دەکات کە لێرەبەدواوە لەم کتێبەدا بەکار دەبرێت. هەروەها هەندێک لە پۆلێنکردنەکانی قوربانییەکانی جینۆساید پێشکەش دەکات و پەردە لە ڕووی نکۆڵیکارییەکانی پرسی جینۆسایدیش هەڵدەماڵێت.

**تانوپۆ کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان کە دەشێ جینۆسایدیان تێدا ڕووبدات:**
**پێناسەکان و دەستەواژەکان:**
لە ژمارەیەک چەمک و دەستەواژەوە دەستپێدەکەین کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەستن بە جینۆسایدەوە. ئەم پێناسانە یارمەتیمان دەدەن بۆ بە شێوەیەکی باشتر تێگەیشتن لە کردەوەکانی پەیوەست بە کۆمەڵکوژی، یاخوود تەنانەت تێگەیشتن لە هۆکارەکانی ڕوودانیان. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش، ئەم ژێربەشە لە کتێبەکە پشت دەبەستێت بە پێناسەکانی کتێبی جوون.ج. ماسۆنیش «کۆمەڵناسی»، هەروەها کتێبەکەی ئەنتۆنی گیدنس، کە بە هەمان ناوەوەیە «کۆمەڵناسی». ئەو دەستەواژانەی لە خوارەوە نمایشی دەکەین، یارمەتیمان دەدات باشتر لەو بارودۆخە کولتووری-کۆمەڵایەتییە تبگەین کە جینۆسایدی تێدا ڕوودەدات، جگە لە بوونی بارودۆخی زیاتر بۆ ئەو دۆخە.

**نەژاد:**
کۆمەڵێک مرۆڤی خاوەنی سیفەتی هاوبەشی بایۆلۆژیین، کە جێی بایەخی ئەندامانی گروپەکەیە. پۆلێنکردنی نەژاد دەشێ لەسەر بنچینەی سیفەتە جەستەییەکان، یان ڕەنگی پێست، یاخوود بە شێوەی دەموچاوەوە. گەشەی جەستەیی مرۆڤ پەیوەستە بەو شوێنەجوگرافییە جیاوازانەی کە تیایدا نەشونما دەکەن. وەک چۆن لە دۆخی ئەو کەسانەی کە لە ناوچەی زۆر گەرمدا دەژین، گەشەیان بە ڕەنگی پێستێکی تۆخ داوە، تا لە گەرمای زۆری خۆر بیانپارێزێت. لەبەرامبەردا ئەوانەی کە لە کەشێکی مامناوەندیدا دەژین ڕەنگی پێستیان کاڵترە. سەرەڕای ئەو جیاوازییانەی لە جۆردا هەیانە، مرۆڤ هەمووی و لە هەموو شوێنێکی دنیا ئەندامی یەک تیپی بایۆلۆژین.

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا؛ زاناکان مرۆڤیان دابەش کردە سەر سێ جۆری نەژادی جیاوازەوە، یەکەمیان پێستی کاڵ و قژی نەرمیان هەیە، دووەمیان پێستی تۆخ و قژی زبریان هەیە، سێیەمیان پێستی زەرد و شێوەی دەموچاوی مەنگۆلییان هەیە. ئەم دابەشکارییە لە باشترین شێوەشیدا هەر گومڕاکارە، چوون لە هیچ کۆمەڵێکدا مرۆڤی «بێخەوش»لە ڕووی بیۆلۆژییەوە، دەست ناکەوێت. ئەم جۆراوجۆرێتییە بەهۆی

کۆچکردنی مرۆڤ و هاوسەرگیری گروپەکان و تێکەڵاوی لەگەڵ یەکتردا، دروستی کردووە. گوزارە لە ڕاستییەک بکرێت ئەوەیە کە سیفەتێکی بۆماوەیی دیاریکراو لە کۆندا کە پەیوەست دەکرا بە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراوەوە، دەکرێت لە هەر شوێنێکی تری جیهانیشدا ئەو سیفەتانە هەبێت.

**ئیتنیکێتی و نەتەوەگەریی:**

ئیتنیکێتی بریتییە لە کەلەپور و میراتی کولتووری هاوبەش. گروپی ئیتنیکی بە رەسەن و ئایین، زمانی هاوبەشەوە پەیوەستن کە ناسنامەیەکی کولتووریی دیاریکراویان بۆ پێک دەهێنیت. لەگەڵ ئەوەشدا، چەمکی ئیتنیک و نەتەوە دوو تێگەیشتنی جیاوازیان هەیە: یەکەمیان پەیوەستە بە سیفەتە بایۆلۆژییەکانەوە و دووەمیان پەیوەستە بە سیفەتە کولتوورییەکەوە. هەندێک جار هەردووکیان شانبەشانی یەکتریین، بەڵام چەمکی ئیتنیک زۆر ئاڵۆزترە لە چەمکی نەژاد. هەندێ مرۆڤیش بانگەشەی ئەوە دەکەن کە زیاتر لە یەک ناسنامەی نەژادییان هەیە. ناسنامەی نەژادییش شتێکە کە هەندێ جار مرۆڤ بە مەبەستەوە دەیەوێت بیگۆڕێت، لە کاتێکدا ئیتنیک بە شێوەیەکی ورد و توند بەستراوەتەوە بە میراتی کولتووری و مێژووی ڕابردووەوە. ناسنامە بەوە وێنا دەکرێت پەیوەست بێت بە دەوڵەت و خەبات بۆ پێکهێنانی دەوڵەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا جیاکردنەوەی ئەو چەمکانە هەمیشە روون نییە. زۆربەی کات مرۆڤ دەستەواژەگەلی «ئیتنیک»، «نەژاد»، «ناسنامە» لەجیاتی یەکتر و بەهەڵە بەکار دەهێنن.

**کەمایەتی:**

کەمایەتی بریتییە لە گروپێک مرۆڤ خاوەنی سیفەتی تایبەتی کە جیای دەکاتەوە لە گروپی زۆرینەی زاڵ لە کۆمەڵدا و ژێردەستەن و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی نزمتریان هەیە. پێناسەی کەمایەتی فراوانتر کرایەوە بۆ ئەوەی ئەو کەسانەش بگرێتەوە کە ئاڵنگاری جەستەییان هەیە، هەندێ لە پێناسەکان ئافرەتیش دەگرێتەوە. جگە لەوەش وشەی «کەمینە» وەک وشە ئەوەش دەگرێتەوە کە وەکو رێژە کەمترن لەو جۆرانەی کە زۆرینەی دانیشتوان پێک دەهێنن. بەم هۆیەوە کەمینەکانی ژمارە لە کەمینە کۆمەڵایەتییەکان جیادەکەینەوە. بۆ نموونە: رەشپێستەکان لە باشووری ئەفریقیا خۆیان بە کەمینە دەزانی لەبەرامبەر سپیپێستە حوکمڕانەکان، ئەگەرچی وەک ژمارە دە ئەوەندەی سپیپێستەکان بوون. نموونەیەکی تر ئافرەتانن کە لە زۆرینەی هەرە زۆری کۆمەڵەکانی دنیا لە نیوە زیاتر پێکدەهێنن، بەڵام تائێستاش ناچارن بۆ یەکسانبوونی مافیان لەگەڵ پیاوان، تێبکۆشن.

**پێشداوەری:**

دەستەواژەی پێشداوەری بریتییە لە گشتاندنێکی توند و نادادپەروەرانە لە دژی گرووپێک کەس کە هەر لە سەرەتاوە و بە بێ هەبوونی هیچ بەڵگەیەک لە دژیان، پێشداوەرییان بەسەردا پیادە دەکرێت. پێشداوەری دەشێت بەتایبەت لەسەر چینی کۆمەڵایەتی جیاواز، جێندەر، ئاراستەی سێکسی، گرووپی تەمەن، بەندیواری سیاسی، نەژاد و ئیتنیک پیادە بکرێت. لەبەرئەوەی هەڵوێستی پێشداوەریئامێز ڕەگی لە نێو کولتووردایە، هەموو کەسێک بە پێوانەیەک پێشداوەری بەردەکەوێت. هەڵوێستێ کە لە پێشداوەری نێگەتیڤەوە سەرچاوەی گرتبێت، دەکرێت لە دوژمنکاری ئاشکرا و مامناوەندییەوە هەڵقوڵابێت.

**تیۆرییەکانی پێشداوەری:**

لە کاتێکدا بەپێی پێناسەکەی، پێشداوەری گوزارە لە گۆشەنیگای بابەتی و ریالیتی و عەقڵانی واقیع ناکات، کەواتە لە کوێوە دێت؟

لەم بەشە لاوەکییەدا؛ بە کورتی، ئەو ڕوونکردنەوانە دەخرێنە ڕوو کە لە ماوەی ساڵانێکدا بۆ دیاردەی پێشداوەری کراون.

تیۆری قۆچی قوربانی؛ جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە پێشداوەری بەهۆی بێهیوایی کەسانێکی خۆبەبێبەشزان دەست پێدەکات کە تووڕەیی خۆیان بەسەر کەسانی تری لەخۆیان لاوازتر لە کۆمەڵدا، دەڕێژن. ئەم پێشداوەرییەیان کۆتایی نایەت، تا ئەو کاتەی بارودۆخیان کەمێک باشتر نەکرێتەوە، کە لە ڕادەی بێهیواییان کەم بکاتەوە. تیۆرییەکی تریش هەیە، بە تیۆری کەسانی دەسەڵاتسەپێن دەناسرێت. ئەم تیۆرییە پێی وایە کەسانێ کە خاوەنی کەسایەتییەکی توندو چەوسێنەرانەن، بە چاویکی کێبەرکێکارانەوە دەڕواننە کۆمەڵ و بە شێوەی زنجیرەیەکی هەرەمی دەیبینن. پێیان وایە ئەوان بە دەسەڵاتسەپاندن بەسەر لاوازەکاندا، بە بەهێزی دەمیننەوە. تیۆری کولتووریش پێی وایە چونکە پێشداوەری بەشێکی دانەبڕوە لە رۆشنبیری هەموو کۆمەڵەکان، بۆیە هیچ کەسێک خاڵی نییە لێی. لە کۆتاییدا، تیۆری ململانێ پێی وایە، کەسانی خاوەن دەسەڵات، پێشداوەری پێشوەختە دەخوڵقێنن و هەوڵی پیادەکردنی دەدەن لەسەر خەڵکانی لاوازی نێو کۆمەڵێک کە بواری ململانێی تێدایە.

**کلێشەسازی:**

کلێشە بریتییە لە وەسفێکی زێدەڕۆئامێز بۆ کەسێکی دیاریکراو لە هەر گرووپێکدا. لە چەندین گۆشەنیگای زیانبەخشەوە سەرچاوە دەگرێت. کلێشە، ڕاستی دەشێوێنێت و، تەنانەت بە هەبوونی بەڵگەی سوور لە دژی، ئاسان نییە ریسوا بکرێت.

**نەژادپەرستی:**
نەژادپەرستی جۆرێک لە جۆرەکانی پێشداوەرییە لەسەر بنچینەی باوەڕێک کە پێی وایە نرخی خەڵکانیک لە خەڵکانێکی تر بەرزتر یان نزمترە. نەژادپەرستی هەر لە سەرەتای بنیاتنانی شارستانیەتەکانەوە، دروست بووە و وەکو ئامرازێک بۆ چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی ئەندامانی گروپگەلێکی لەژمارەنەهاتوو کە بە نزمتر دانراوە، لە لایەن ئەوانیترەوە، بەکار براوە. نەژادپەرستی؛ هەروەها دەستەبەری پاساوگەلێکی کردووە بۆ زۆرداری و چەوساندنەوەی ئەو گەلانەی کە گوایە سەر بە نەژادێکی نزمترن، لە هەندێ دۆخیشدا وەکو نا مرۆڤ مامەڵەکراون. نەژادپەرستی دەتوانێت چەند شێوازێکی جیاوازی هەبێت، لەناو ئەوانەدا: ئا) نەژادپەرستی وەک پێشداوەری، بێ) نەژادپەرستی وەک رەفتار، پ) نەژادپەرستی وەک ئایدۆلۆژیا «تیۆری نەژاد». لە میانەی سەدەی بیستەمدا، نەژادپەرستی رۆلیکی یەکلاکەرەوەی بینی لە تیۆری نازی دا، کە تەماشای رەگەزی ئاری وەک رەگەزێکی سەروەر بەسەر رەگەزەکانی تردا دەکرد و پێی وابوو دەبێت حوکمی دنیا بکات. ئەم ئایدۆلۆژیەی نازییەکان بووە هۆی کوشتنی بە بەرنامەی هەموو ئەو نەژادانەی کە پێی وابوو لە ئەو خوارترن و خەوشدارن.

**جیاکاری:**
جیاکاری بریتییە لە نایەکسانی لە مامەڵەکردنی گروپە جۆراوجۆرەکان، ئەمەش دەرەنجامی پێشداوەریکردن و کلێشەسازی و نەژادپەرستییە. لە کاتێکدا پێشداوەریکردن بریتییە لە هەڵوێست، جیاکاری بریتییە لە کردار. هەروەک پێشداوەری و کلێشەسازی، جیاکاریش لایەنی باش و خراپی هەیە و دەکرێ لە وردەوە بۆ درشت پۆلێن بکرێت. لە هەندێ دۆخدا دەشێت جیاکاری لە بەرژەوەندی کەسێک بکەین بەهۆی بەندیواری ئەو کەسە بە دەستەیەکی دیاریکراوەوە، کە پێویستە ببێتە جیاکاریی لە دژی کەسێکی تر کە ئەندامی ئەو دەستەیە نییە. لە پراکتیکدا ئێمە هەموومان بەرامبەر بە یەکتری جیاکاری پیادە دەکەین.
جیاکاری جودایە لەو جیاکارییانەی ئێمە بۆ هەڵبژاردنی باشترین بژاردە لە ژیانی رۆژانەدا، کە چارەنووسسازن، دەیانکەین. ئەوەیان کێشەیەک نییە (بۆ نموونە کەسێک لە نێوان ژمارەیەکی زۆر کەسانی تر هەڵدەبژێردرێن بەهۆی سیفەتێکی جیاهەڵکەوتووی ئەوەوە).
زۆرێک لە کۆمەڵگەکان هەندێ جۆری دیاریکراو لە جیاکاری بە پۆزەتیڤ دەزانن و ئەنجامی دەدەن، بەڵام هەندێکیشی بە خراپ و ناماقوڵی دەزانن. لەو کۆمەڵانەی کە داهاتیان کەمە، جیاکاری لە بەرژەوەندی ئەندامانی خێزان بۆ بەندیواری (عەشیرەتگەری) نموونەیەکی قبوڵکراوە لە کۆمەڵەکەدا. لە کۆمەڵگە پیشەسازییە گەشەسەندووەکان کە

کۆگەرایی تێدا پەسەند نییە، ئەو جۆرە جیاکارییەشی تێدا پەسەندکراو نییە. هەروەها جیاوازی هەیە لە نێوان رەفتار و کرداری تاکەکان، ئەمەش جیاکارییەکی بە ڕادەیەکی زۆر فراوانە. هەروەها جیاکاری لەسەر بنچینەیی یاسایی ئەو جیاکارییە رەوایەتیپێدراوە، کە هیچ کۆششێک بۆ دژایەتیکردنی ناکرێت.

**پێشداوەری و جیاکاری**

پێشداوەری و جیاکاری یەکێکیان ئەویتریان بەهێز دەکەن. زۆر جار بازنەیەکی بەتاڵی وا پێک دەهێنن کە شکاندن و لێدەربازبوونی ئاسان نییە. گەشەپێدانی پێشداوەریکردن لە دژی دەستەیەکی دیاریکراوی خەڵک و جیاکاری نواندن لە دژی ئەو دەستەیە، دینامیکیەتی پاشکۆیەتی کۆمەڵایەتی دەخولقێنێت و دەبێتە هۆی بەردەوامی پێشداوەریکردن، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتەوە بەهۆی جیاکاری و بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت.

**پێشداوەری دامەزراوەیی و جیاکاری**

ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی تایبەتی وێرانکەرە و تەنها پێشداوەری و جیاکاری تێدا بەکار نابرێت، بەڵکو تێکەڵ بە کاری دامەزراوەیی دەکرێت.

**دێواندن:**

دەرککردنی ئەویتر وەک «هەڕەشە» پرۆسەیەکە لە کاتی شەڕدا بە شێوەیەکی ئاسایی ڕوودەدات، کە هەر لایەنێک لە لایەنەکانی شەڕ ئەویتر بە نامرۆڤ دەزانێت و وەک هەڕەشەیەک بە جەماوەرەکەی خۆی دەیناسێنێت. بەم شێوەیە لە جەنگی دووەمی جیهانی ئەمریکییەکانی ژاپۆنییەکانیان بە مەیموون و دڕندە و ناشارستانی و بێ ڕەوشت و نادادپەروەر وێنا دەکرد کە نەک تەنها هەڕەشەیە بۆ سەر ئەمریکا بەڵکو بۆ سەر شارستانی رۆژئاوا بە گشتی.
دێواندن تەنها دژ بە دانیشتوانە دەرەکییەکە ناکرێت، بەڵکو لە دژی دانیشتوانە ناوەکییەکەش دەکرێت. نموونەیەکی ئەم دیاردەیەش وێناکردنی نازییەکانی ئەڵمانیا بۆ جووەکان وەک نامرۆڤ و مەترسی بۆ سەر نەژادی ئاری و شارستانی ئەڵمانیا. نموونەیەکی تر، وێناکردنی ئەرمەنەکان لە لایەن گەنجە توورکەکانەوە وەک ناپاک و نانیشتیمانی و نۆکەری دوژمنە ڕووسەکان و بەهەموو ئەم هۆیانەش وەک کەسەکان شایانن بە کوشتن و پێویستە بکوژرێن. دێواندن و بانامرۆڤچواندن پەیوەندییەکی راستەوخۆی هەیە بە جینۆسایدەوە. رژێمە تۆتالیتارەکان؛ دێواندن و وێناکردنی «ئەویتر» وەک هەڕەشە و وەک ئامرازی داوەریکردن لەسەر گروپەکان، بەو شێوەیەی کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیان بگونجێت، بەکاردەبەن.

**گۆشەگیرکردن:**

گۆشەگیرکردن بریتییە لە دوورەپەرێزکردنی فیزیکی و کۆمەڵایەتی گروپێکی دیاریکراوی خەڵک. ئەگەرچی هەندێ گروپی کۆمەڵایەتی خۆیان ئارەزوومەندانە خۆیان دوورەپەرێز دەکەن، بەڵام جیاکاری نەژادپەرستانە ئەوەیان بەسەردا دەسەپێنێت. دوورەپەرێزکردن لە باشووری ئەفریقیا هەموو رووەکانی ژیانی گرتۆتەوە و کەمایەتی»رەشەکان« وەک هاوڵاتی پلە دوو تەماشا دەکرێن. نموونەیەکی تر، پێگەی جووەکان بوو لە ئەڵمانیای نازی لە میانەی ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستەم، هەروەها گۆشەگیرکردنی هووتوو- تووتسییەکان لە رواندا لە سەردەمی جینۆسایدا. لە هەندێ دۆخدا، گۆشەگیرکردن کەمتر گشتگیرە و هەموو رووەکانی ژیان ناگرێتەوە.

بە بێ هێچ گومانێک، پێشداواریکردن، جیاکاری، گۆشەگیرکردن و نەژادپەرستی، ئەو دیاردانەن کە دەبێت کۆشش بۆ بنبڕکردنیان بکەین. دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێت، نومایشکردنی هەر یەک لەمانەش مەرج نییە ببنە هۆکاری جینۆساید.

**جیاکردنەوەی جینۆساید و جۆرەکانی تری کۆمەڵکوژیی**

پشکنینمان بۆ دیاردەی جینۆساید ئەوەمان لێ دەخوازێت ژمارەیەک دەستەواژەمان هەبێت، بۆ گفتووگۆکردنی ئەم بابەتە، بەکاری بهێنین، بەڵام هاوواتا نین لەگەڵ دەستەواژەی جینۆساید.

**کوشتار:**

کوشتنی بەمەبەستی کەسانێک بەهۆی پەیوەستبوون و بەندیوارییان بە گروپێکی دیاریکراوەوە. گوشتارگا، کە لە زۆربەی کاتدا لەسروشتدا خۆجێییە. بۆ نموونە، دەشێ دانیشتوانی گووندێ بکرێتە ئامانج، لەکاتێکدا گووندێکی تر کە هەمان سیفەتەکانی ئەو گووندەی هەیە هیچ ئازاریان پێ ناگات.

**کوشتاری جینۆسایدئامێز:**

نمونەی کۆمەڵکوژییە بە تامی جینۆساید، بەڵام بەهۆی تەسکی پێناسەی جینۆساید لە رێککەوتننامەکەی یوو ئێن، بە جینۆساید ناژمێردرێت. یەکێ لەو نموونە ترسناکانەی کە دەکرێت ئاماژەی پی بکرێت بۆ ئەم دیاردەیە، کوشتارەکانی جەزائیر بوو لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەم ئەنجامدران.

**پۆگرووم:**
وشەیەکی ڕووسییە بە مانای کوشتار، بە هاوکاری دەسەڵاتی حکومەت ئەنجام دەدرێت. وێرانکردنی موڵک وماڵی قوربانییەکان دەگرتەوە، لە زمانی ییدی وشەی پۆگرووم بۆ ئەو کوشتارانە بەکار دێت کە لە دژی جووەکان لە ڕووسیا لە ساڵی ١٨٨١-١٩٢١ بەکار برا. چەرمەسەریەکە سێهێندە بووەوە کاتێ کە کوشتار دووبارە بووە و دووایینجاریان لە ساڵی ١٩١٧-١٩٢١ ڕوویان دا.

**پاکتاوی ڕەگەزیی:**
قاودانی بەهێز و بەمەبەستەوە و سیستامیکی لە ناوچەی گرووپێکی ئیتنیکی دییاریکراوەوە بۆ ناوچەیەکی تر، کە لەوێدا و لای دانیشتوانی ئەو ناوچەیە ئەو گروپە ئارەزوولێنەکراون و بە مەترسی دەزانرێن. هەندێک کەس پێشنیاری بەکارهێنانی دەستەواژەی پاکتاوی دانیشتوان دەکەن بۆ ئەم دیاردەیە، چونکە ئەو پاکتاوکردنە تەنها لەسەر بنچینەی ڕەگەز نییە، بەڵکو ئایین و ڕەگەز و چینی کۆمەڵایەتی و ئاراستەی سێکسیش، دەگرێتەوە. ئەگەرچی داڕشتنی دەستەواژەی «پاکتاو رەگەزیی» نوێیە و لەم دواییانەدا بووە، بەڵام ئەو کردەوانەی کە لەگەڵ پێناسەکەیدا دەگونجێن، لە سەردەمە کۆنەکانەوە، پیادە کراون. نمونەی نوێی پیادەکراو لەم دیاردەیە ئەوەبوو کە لە بۆسنیا لە نێوان ساڵەکانی ١٩٩٢-١٩٩٥دا ئەنجام دران، سڕبەکانی بۆسنیا تاکتیکی توندوتیژی ئامێز و تاکتیکی ناتووندوتیژیکارانەیان بەکار برد بۆ دوورخستنەوەی موسوڵمانەکان لەناوچەکانی سڕبەکان. لەوساوە، دەستەواژەکە بە شێوەیەکی فراوانتر بەکار هێنرا. پاکتاوی ڕەگەزی لە هەندێ کاتدا بە ڕاگواستنی زۆرەملێ و قاودان، ئەنجام دەدرێن، لە پاڵ ئەواندا هەندێ جار کاری تیرۆریزمی گەورە و کۆمەڵکوژی ئەنجام دەدرێت. پاکتاوی ڕەگەزی وەک تاوان لە دژی مرۆڤایەتی پۆلێن کراوە.

**ئیثنۆساید:**
وێرانکردنی ناسنامەی گشتی گروپێکی ئیتنیکی بە بێ ڕیشەکێشکردنی ئەندامانی گروپەکە، یان بە شێوەیەکی تر بگوترێت، وێرانکردنی نا-فیزیکی گروپێکی ئیتنیکی. ئەم دیاردەیەش زۆرجار وەک ‹جینۆسایدی کولتووری› ناو دەبرێت. بۆ نموونە، زۆر کەس پێی وایە سیاسەتی چینییەکان کە لە دژی تبتییەکان پیادەی دەکەن›جینۆسایدی کولتوور›ییە نەک جینۆساید.

**ئۆمنیساید**
مەبەست لەم دەستەواژەیە  شەڕی بەرفراوانی ناوکییە کە دەشێ شارستانییەک بەتەواوی لەناوبەرێت. ئەمە لە جەنگی سارددا بە شێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنرا.

**هۆمیساید:**
کوشتنی مرۆڤ.  ئەگەرچی هەموو ئەوانەی لەسەرەوە پێناسەکران بەشن لە جینۆساید، بەڵام خۆیان بە تەنیا  لە ژێر پۆلێن و پێناسەی جینۆساید دانانرێن. جیاوازی نێوان ئەم دیاردەیە و چەمکی جینۆساید تەنها ژمارەیی نییە، چوون کوشتار و پۆگروم دەشێ ببێتەهۆی مردنی زۆرکەس، بەڵکو پەیوەستیشە بە مەبەستەوە، کە ئامانجی رێکارەکان بەرەو ریشەکێشکردنی تەواوی دەستەیەکە، یان بەشێک لەئەندامانی ئەو دەستەیە.
دوو دەستەواژەی تریش گرنگن بۆ گفتوگۆکەمان، ئەوانیش پۆلیتیساید و دیمۆسایدن، کە لە بەشی داهاتوودا دێینە سەریان.

**پۆلێنکردنەکان، تیۆرییەکانی پێناسەکردنی جینۆساید**
هێشتا تێگەیشتنی پێویست سەبارەت بە بنەچە و بایەخ جینۆساید بە تەواوەتی نەهاتووەتە دەست. لە خوارەوە رووماڵێکی کورت دەخەینە روو بۆ هەندێ لەو کارانەی کە لێکۆڵەڕان لەم چەند دەیەیەی دواییدا کردوویانە و هەوڵیانداوە پێناسەی ئەکادیمی و پۆلێنکردن و ئامرازە تیۆرییەکانی بدۆزنەوە، بۆ ئەوەی بۆ تێگەیشتنی ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی باشتر، یارمەتیمان بدات.[٢]

لە ساڵی ١٩٥٩، لە لێکۆڵینەوەیەکی فراوان بەناوی»تاوانی دەوڵەت«، پرۆفیسۆرێکی هۆڵەندی لە ڕشتەی یاسا، پێتەر.ن. دروست، لە بارەی جینۆساید بە دریژایی مێژوو، لێکۆلینەوەی کرد.[٣] دروست رەخنەی هەبوو لە لابردنی دەستەواژەی گروپی سیاسی لە پێناسەکەی رێککەوتننامەی یوو ئێن، هەندێ دەوڵەت کەڵکئاوەژوو لەو غەفڵەتە وەردەگرن. لەبەر ئەم هۆیە، پێشنیاری کرد، جڤاتی گشتی پێناسەیەکی نوێ بۆ جینۆساید بەم شێوەیە دابنێت:»بەمەبەستەوە وێرانکردنی ژیانی جەستەیی هەموو مرۆڤ بەهۆکاری ئەندامێتی ئەو لە گروپێکی مرۆیی لەو شێوەیە.«

---

٢-بۆ زانیاری سەبارەت بە یەکەم جینۆساید بروانە ئەم سەرچاوەیە:
Samuel Totten and Steven L. Jacobs (eds.), Pioneers of Genocide Studies (New Brunswick: Transaction Publishers, ٢٠٠٢).
٣-Pieter N. Drost, "The Crime of State: Penal Protection for Fundamental Freedoms of Persons and People," in Genocide in Theory and Law, ed. Adam Jones (London: Sage, ٢٠٠٩).

لە کتێبی «لە کانیبالیزمەوە تا جینۆساید»[4] لێکۆڵەری فەرەنسی هارڤی ساڤۆن، دیسانەوە ئەویش ڕەخنە لە پێناسەکەی یوو ئێن دەگرێت و بانگەشە بۆ جۆرێک پۆلێنکردن دەکات بە پێی دەرهاویشتەی جینۆساید و بە جینۆسایدی تواندنەوە و جینۆسایدی وێرانکردن و جینۆسایدی ریشەکێشکردن، پۆلێنیان دەکات. ئەگەرچ کارەکەی ساڤۆن سەرنج بۆ کێشەئامێزێتی دەستەواژەکە ڕادەکیشێت، پێشنیارەکەی بە جیدی وەرنەگیرا و ڕووداوی تر هاتنە ئاراوە جینۆسایدئامێز بوون.

زانای سیاسەت و کۆمەڵناسی جوولەکەی ئەمریکی ئیرڤینگ لویس هۆرۆتز، کە لێکۆلێنەوەی لە بارە جینۆسایدەوە کردووە و لە ١٩٧٠کانەوە دەنووسێت، ئەڵنگاری پێناسە و دەستەواەی جینۆساید لە کتیبەکەیدا چارەسەر دەکات کە بە ناوی «رۆحکێشان: جینۆساید و دەسەڵاتی دەوڵەت» ە. وەک لە ناونیشانی کتێبەکەوە دەردەکەوێت، هۆرۆتز جینۆساید وەک دەرەنجامی سیاسەتی دەوڵەت دادەنێت کە ئامانجی زامنکردنی سازانی میللییە لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەت. جینۆساید، بریتییە لە «وێرانکردنی بونیاد و سیستەماتیکی کەسە بێتاوانەکان بە ئامرازی بیرۆکراتی حکومەتی.»[5]
سەرنجی هۆرۆتز چر دەبێتەوە لەسەر سروشتی کۆمەڵگەکان کە جینۆسایدیان تێدا ڕوودەدات، بە ڕای ئەو، جینۆساید ڕووداوێکی هەڕەمەکی و بچڕ بچڕ نییە، بەڵکو شێوەیەکی دەگمەنی ریشەکێشکردنە لە ڕووی کردارییەوە پێویستی بە ڕێپێدانی دەوڵەت هەیە. رژێمەکانی دەوڵەتەکان، جینۆساید وەک ئامرازێک بۆ خولْقاندن هاوکاری نیشتیمانی و پێوستییان بۆ رزگاربوون لە گروپە ئارەزوولێنەکراوەکان، بەکار دەبەن.
تیۆرییەکەی گریمانەی ئەوە دەکات بوونی زنجیرەیەکی پێکەوە بەستراو لە جۆرە کۆمەڵگەییەکان کە لە نێوان کۆمەڵگە نەرمڕۆکان و کۆمەڵگە توندڕۆکان لە لایەکەوە، کۆمەڵگە ئازادیخوازە کەمتردەسەڵاتسەپێنەکان لە ناوەڕاستەوە، بۆ کۆمەڵگەکانی خاوەن مەیلی جنۆساید لە لایەکی ترەوە. بە پێی شیکارییە ئەکادیمییە کۆمەڵایەتییەکەی هۆرۆتز، پێشنیاری پۆلێنی هەشت جۆر کۆمەڵگە دەکات:
- کۆمەڵگەکانی جینۆساید، لەوێدا دەوڵەت گیانی تاکەکانی خۆی دەکێشێت لە ئەنجامی ڕەفتارێکی لادەر یان بەرهەستکارانە.
- کۆمەڵگەی ڕاگوستنەوە و زیندانی، دەوڵەت تاکەکانی یان لە گۆرەپانی سیاسی دوور دەخاتەوە، یان قەدەغەی تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ لیماوەکەی تری کۆمەڵ دەکات.
- کۆمەڵگەی ئەشکەنجەدان، لە ناویدا دەوڵەت تاکەکانی خۆی وەک دوژمنی دەولەت دەناسێنێ و دەبنە قوربانی چەوساندنەوەی مردنی جەستەیی و دەگەڕێنەوە بۆ ناو کۆمەڵ وەکو بەڵگەی زیادبوونی لادان و جوداخوازی.

---

٤- Herv Savon, Du cannibalisme au gnocide (Paris: Hachette, ١٩٧٢).
٥- Horowitz, Taking Lives, pp. ١٥٤-١٥٦.

• کۆمەڵگەی هەراسانکردن، کە تیایدا دەوڵەت بەردەوام ڕاوەدووی تاکەکانی کۆمەڵگەکەی دەکەوێت و زیندانیان دەکات و بێزار و هەراسانیان دەکات.
• کۆمەڵگەی شەرم، کە تیایدا فشاری کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی خوڵقاندنی هەستی ڕەتکردنەوە و شەرم و گۆشەگیری کۆمەڵایەتی، کە ئەمەش بەشداریکردن لە ئیرادەی گشتی لای تاکەکان زامن دەکات.
• کۆمەڵگەی هەستبەگوناهکردن،، بۆ پتەوکردنی پێوەرەکانی کۆمەڵگە لە تاکدا، فشاری کۆمەڵایەتی هەستی بەدکاری لە تاکەکاندا دەخوڵقێنی.
• ڕژێمە سنگفراوانەکان، پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی بە ڕوونی تێدا دیارە، لادەر و جوداخوازەکان نە وێران دەکرێن نەئاهەنگیان بۆ ساز دەکرێت.
• ڕژێمە نەرمڕۆکان، نۆرمەکان بۆ ڕەفتار لە ناویدا کۆمەڵ نەک دەوڵەت، دەستنیشانی دەکات.

جینۆساید، بە ڕای هۆرۆتز لە سێ جۆر کۆمەڵگەکەی لەسەرەتاوە پۆلێنکراودا ڕوودەدات، بەڵام لە پێنج جۆر کۆمەڵگەکەی تردا ناشێت جینۆسایدی تێدا ڕووبدات.

....

ئایا دەکرێت کۆمەڵگەیەک زێدەڕۆیی بکات لە نەرمڕۆییدا سەبارەت بەوانەی کە لە نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان لادەدەن و زوڵمی زۆر لەوانیتر دەکەن؟

لە بابەتێکدا لە ساڵی ١٩٨٤ بە ناونیشانی «جینۆساید و بنیاتنانەوەی تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان،» هۆرۆتز گریمانی ئەوەی کرد کە کۆمەڵگەی تۆتالیتاری مەرجێکی پێویستە بۆ کرداری جینۆساید.[٦] بە پێچەوانەی ئەو کارەی لەم بابەتەدا، لە کارێکی پاشتریدا جەخت لەوە دەکاتەوە ڕۆشنبیری نیشتیمانی زیاتر لە ئایدۆلۆژیا ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینێت لە کردەی جینۆسایددا.

لە وتارێکدا بە ناوی «پۆلێنکردنی جینۆساید»، مامۆستا و زانایەکی ئەمریکی شارەزا لە جینۆسادی ئەرمەن، ڤاکان دادریان، پێشنیاری پێناسەیەکی تر دەکات بۆ جینۆساید بۆ ئەوەی بۆ شیکاری و ئەکادیمی دەست بدات. دوای لیمکین، دادرینیش جەختی کردەوە لەسەر «مەبەستی ئەنجامدەرەکان بۆ جینۆساید»، ئەو دەڵێت:

«هەوڵێکی سەرکەوتووە لە لایەن گروپی زاڵی ناو کۆمەڵگاوە کە دەسەڵاتی فەرمییان هەیە و دەستیان دەگات بە هەموو دەستکەوتەکان و هێزەکانی دەوڵەت، بۆ مەبەستی ئەنجامدانی توندوتیژی دژی گروپە کەمایەتییەکانی ناو کۆمەڵەکە و لەناوبردنیان ئارەزوولێکراوە و بە سوودمەند دادەنرێت، ئەمە هۆی سەرەکییە لە بڕیاردان بۆ جینۆسایدکردنیان.[٧]

٦- Irving Louis Horowitz, "Genocide and the Reconstruction of Social Theory," Armenian Review ٣٧ (١٩٨٤), pp. ٦-٢١.

٧- Vahakn N. Dadrian, "A Typology of Genocide," International Review of Modern Sociology ٥ (١٩٧٥), pp. ٢٠١-٢١٢. Reprinted in Genocide in Theory and Law, ed. Adam Jones (London: Sage, ٢٠٠٩).

به پێی ڕوونکردنەوەکەی دادریان بۆ پێناسەی جینۆساید وەک ڕووبەرێک لە نێوان ئەنجامدەرانی و قوربانییەکانی، پێنج جۆر جینۆساید دەستنیشان دەکات:

- جینۆسایدی کولتووری: وێرانکردنی تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی گروپێک و بەسەرداسەپاندنی کولتوورێکی تر.
- جینۆسایدی شاراوە: ئەنجامدانی بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ و بە بێ بوونی گەواهی لەسەری، لە ئەنجامی شەڕدا، وەک مردنی سیڤیل بە بێ گوناە لە میانەی بۆردومان، یان بڵاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشی لە کاتی داگیرکردنەکان.
- جینۆسایدی سزائامێز: بۆ سزادانی بەشێکی گروپێک ئەنجام دەدرێت کە دانیشتوانە ڕەسەنەکەی ئەو شوێنە بە خەتەریان دەزانن بۆ سەر خۆیان، یان باوەڕیان وایە مەترسین بۆ سەر ئەوان.
- جینۆسایدی بەرژەوەندیئامێز: کوشتاری زۆر و گەورە ئەنجام دەدرێت لە پێناوی دەستگرتن بەسەر سەرچاوەی داهات و دەستکەوت.
- جینۆسایدی نموونەیی: ئەنجام دەدرێت بە مەبەستی لەناوبردنی تەواوی گروپەکە، وەک لە هۆلۆکۆست و جینۆسایدی ئەرمەن، ڕوویدا.

بە شێوەیەکی گشتی، ئەوەی جێگەی تێبینی بێت لە پۆلێنبەندییەکەی دادریان ئەوەیە کە جینۆسایدی کولتووری (ئیتنۆساید)ی باس کردووە و تەکەزیشی کردووە لەسەر ئەنجامدەرانی، بەڵام جیاوازی لە نێوان جینۆسایدی مەبەستدار و جینۆسایدی بێ مەبەست، نەکردوە.

لە سەرەتای کۆتاییەکانی حەفتاکاندا، هێلین فێن، کۆمەڵناس، بەشدارییەکی زۆری تیۆری لە لێکۆڵینەوە لە جینۆساید دا، کرد. جەختی دەکردەوە لەسەر ڕۆڵی ئایدۆلۆژیا (و ئەفسانەکانی ناوی) لە کردەی جینۆساید.[٨] فێن جینۆساید وەک عەقلانیەتییەکی پلانبۆدارێژراو دەبینێت، کە ئامانجی پێناسەکراوی هەیە. بە پێی شیکارییەکانی ئەو، ئەو شێوازە حوکمڕانییەی کە ڕژێمەکانی فەرمانڕاوا لە سەدەی بیستەمدا دایان ناوە، پاساوی دادوەرییانە بۆ هەندێ گروپ دادەنێت کە دەشێ لە ڕەوایەتی دەسەڵات کەم بکەنەوە. جینۆسایدیان لە ڕێگەی تواندنەوە، قاودان و ڕیشەکێشکردنەوە، ئەنجام داوە.

لە نێو ڕاسپاردەکانیدا بۆ قەدەگەکردنی جینۆساید، فێن پێشنیاری پێناسەکەی دەکات و دەڵێت:» کوشتنی حساببۆکراوی بەشێک یان هەموو کەسەکانی گروپێکی دیاریکراوە، کەلە دەرەوەی جیهانی ئەنجامدەرانین و لە لایەن حکومەتەوە ڕاسپێردراون، کارمەندن،

---

٨- Helen Fein, Accounting for Genocide: National Responses and Jewish Victimization during the Holocaust (New York: The Free Press, ١٩٧٩).

یان دەستەیەکن نوێنەرایەتی ئەنجامدەرانی جینۆساید دەکەن لە وەڵامدانەوەی قەیرانەکان یان دەرفەتێکی بەدەستهاتوو کە سەپێندراوە بەسەر قوربانییەکاندا.» فێن پێشنیاری چوار جۆر پۆلێنبەندی دەکات:

- جینۆسایدی گەشەسەندن: لەم جۆرەدا ئەنجامدەرانی جینۆساید، بە مەبەستەوە یان بە بێ مەبەست، ئەو خەڵکانە لەناو دەبەن کە بەرهەڵستییان دەکەن لەوەی هەموو داهات و دەستکەوتەکان بۆ خۆیان ببەن.
- جینۆسایدی سەرکوتکار: لەو شوێنانەدا ڕوودەدات کە فرەنەتەوەن و جەمسەرگیری زۆر بەهێزی تێدایە، دەوڵەت هەوڵ دەدات بۆ لەناوبردنیان سەرچاوەی ئۆپۆزیسیۆن کوێر بکاتەوە و بەو شێوەیە سەرکوتیان دەکات.
- جینۆسایدی بەرگری: لەم جۆرەدا ئەنجامدەرانی جینۆساید بەرهەڵستکاری کرداری لەناو دەبەن.
- جینۆسایدی ئایدۆلۆژی: کە بریتییە لە هەموو جۆرەکانی جینۆساید کە دژ بەو گروپانە ئەنجامدەران بە دوژمنی سەرسەختی خۆیانی دەزانن و بەلای ئەوانەوە بەرجەستەی هێزی خراپە دەکەن.

دوای دەیەیەک لە نووسینی ئەم تیۆرییە، فێن گۆشەنیگای خۆی سەبارەت بەم تێگەیشتنە لە جینۆساید، گۆڕی.[٩] ئێستا ئەو بەم جۆرە پێناسەی جینۆساید دەکات:

«زنجیرەیەک ڕێکاری ئامانجدارە، لە لایەن ئەنجامدەرانی جینۆسایدەوە دەگیرێتە بەر، بۆ وێرانکردنی گروپێک لە ڕێگەی کوشتنی بەکۆمەڵ یان هەڵبژاردەیەک لە گروپەکە و چەوساندنەوەیان لە ڕێگەی چەپاندنی کۆمەڵایەتی و بایۆلۆژی و ڕێگرتن لە زۆربوونی ئەندامانی گروپەکەوە. بەدیهێنانی ئەو مەبەستەش لە ڕێگەی سەپاندن و بەرتەسککردنەوەی توانای بەرهەمهێنانەوەی ئەندامانی گروپەکەوە دەبێت، هەروەها زۆربوونی ڕێژەی مردن لە نێو منداڵانی ساوا و پچڕاندنی پەیوەندی نێوان بەرهەمهێنانەوەی ئەندامەکان و بەکۆمەڵایەتیکردنی منداڵانی خێزانەکانی گروپی مەبەست. ئەنجامدەران دەتوانێ دەوڵەتی خوودی قوربانییەکان بێت، یان دەوڵەتێکی تر بێت، یاخوود کۆمەڵێکی تر بێت.»

فێن پێی وایە تەنها دەوڵەت نییە کە جینۆساید ئەنجام دەدات، بەڵکو دەکرێ هەندێ لە دانیشتوانیش ئەوە ئەنجام بدەن، نموونەی ئەو دۆخانەی لە بەرازیل و پەراگوای، لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا ڕوویان دا. تیۆرییەکەی فێن باسی جینۆسایدەکانی جولەکە، ئەرمەنییەکان و ڕۆمانییەکان دەکات، بەڵام جەختیش لەسەر جیاوازییەکانی نێوان هەر یەک لەم سێ جینۆسایدە دەکاتەوە. لە گۆشەنیگای مێژووییەوە، ئەم سێ گروپە

---

٩- Helen Fein, "Genocide: A Sociological Perspective," Current Sociology ٣٨ (١٩٩٠), pp. ١-١٢٦. Reprinted and updated as Genocide: A Sociological Perspective (London: Sage, ١٩٩٣).

بەردەوام توووندوتیژییان ئاراستە کراوە. جولەکە نزیکەی ماوەی ٢٠٠٠ ساڵ ڕووبەڕووی چەوسانەوە بوونەوە، ئەرمەنییەکان نزیکەی ماوەی ٥٠٠ ساڵ چەوسێندرانەوە، هەر لە سەرەتای هاتنە سەر حوکمی عوسمانییەکان لە تورکیا، ڕۆمانییەکانیش نزیکەی ١٠٠٠ ساڵ لە ژێر باری چەوساندنەوەدا بوون. فین سەبارەت بەو ڕێکارانە حسابیک پێشکەش دەکات، کە بوونەهۆی ئەوەی ئەو گروپانە لە بەرپرسیارێتی ڕامالێت، یان «گەردوونی پابەندێتی پیرۆز»، کە لە خوارەوە بە کورتی پیشان دەدرێت:

تورکە موسوڵمانەکان، ئەرمەنەکانیان بە «کافر» لە قەڵەم دەدا و بە «مەر» ناویان دەبردن. ئەوان پارێزگاریان لە ئەرمەنەکان دەکرد تەنها لەو کاتەدا کە ملکەچیان بوونایە و ژێردەستی و پاشکۆیەتی و چەوساندنەوەکەیان بپەژراندایە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە پیس و لە میانەی جەنگی جیهانی یەکەم دا، کە گەنجە تورکەکان هەوڵی بنیاتنانی دەوڵەتی تورکیا و ناسنامەیەکی تورکی نوێیان دەدا، هیچ جێگەیەک نەمایەوە بۆ کەمینەیەکی وا زۆری وەکو ئەرمەن، کە ببێتە هەڕەشە بۆ سەر ڕەوایەتی دەسەڵاتەکەیان.

بە پێی فێن، کوشتنی جوولەکەکانیش لەسەر هەمان تێگەیشتنی جینۆسادە کە ئایدۆلۆژیا تێیدا ڕۆڵی سەرەکی بینیوە. نازییەکان ئایدۆلۆژییەکی زانستی-دنیایی، داروینیزمی نوێ و ئایدۆلۆژیای نەژادییان بەکاربرد، کە نەژادی ئاری بە سەرووەری نەژەدێکی تر دادەنا و پێیان وابوو کە دوارۆژێکی دەگمەن و ناسنامەیەکی دەگمەنی هەیە، لەسەر بنچینەی «خوێن». بە پێی ئایدۆلۆژیای نازی، ئارییەکان مافێکی مەسیحیيانەیان هەیە کە ببەنە فەرمانرەوای گەلان، هەموو ئامرازێک بۆ گەیشتن بەو ئامانجەیان بە رەوا دەزانی.

ئەم ئایدۆلۆژییە بووە مەرجی پێویست بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵکوژییەکان. جووەکان و ڕۆمانییەکان و (هاورەگەزبازەکان، بە هۆکاری تر)، بە گروپگەلی قبوڵنەکراو دەژمێردران و دەکەوتنە دەرەوەی چوارچیوەی بەرپرسیارێتی ئەڵمانیاوە و تەنانەت دەرەوەی چوارچێوەی مرۆڤبوون. بەم شێوەیە، وەک ئاژەڵی وێرانکەر، لە رووی جینەکانەوە ناتەواو، مەترسیدار بۆ سەر پاکێتی نەژادی ئاری، وێنایان دەکردن. فێن گفتوگۆی ئەوە دەکات کە قوربانییەکان دەخرینە قاڵبێک کە لە دەرەوەی چوارچیوەی مرۆڤن، هەموو بەربەستەکان ڕادەماڵیت لە ڕێگەی ئەوەی کە چییان بەسەر بهێندرێت.

لە جینۆساید دا: بەکارهێنانە سیاسییەکەی لە سەدەی بیستەمدا، لیو کیپەر، لێکۆڵەری پێشەنگ لە بواری جینۆساید، شیکارییەکی فراوان پێشکەش دەکات لەبارەی جینۆسایدەکانی سەدەی بیستەم و پاڵنەرەکانی پشتی ئەوان.[١٠] لە شیکارییە فراوانەکانی کۆپەر بۆ کەیسە جیاوازەکانی جینۆساید، پۆلێنی دەکات بۆ سەر سێ کۆمەڵی جیاواز، لەسەر بنچینەی پاڵنەرە سەرەکییەکانیان:

---

١٠- Leo Kuper, Genocide: Its Political Use in the Twentieth Century (New Haven, CT: Yale University Press, ١٩٨٣).

● ئەو جینۆسایدانایە کە بە ئامانجی چارەسەری جیاوازییە ئایینی، ئیتنیکی و نەژادییەکان دەکرێن.
● ئەو جینۆسایدیانەی کە بە ئامانجی گەلێک یان گەلانێکی داگیرکراو دەکرێن.
● ئەو جینۆسایدانەی کە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی ئەنجام دراون.
بایەخی یەکەمی کوپەر لە بڵاوبوونەوەی جینۆساید لە چاخی نوێدایە. جینۆساید لە پلەی یەکەمدا لەو دەوڵەتانە ئەنجام دراون کە فرە نەتەوە و فرەنەژادن. بەشێکی زۆری شیکارییەکانی تەرخان کردووە بۆ باسکردنی بنیاتنانی دەوڵەتی نوێی فرەئیتنیکی لە سەردەمی داگیرکارییەکان و سەردەمی کۆتاییهاتنی داگیرکارییەکان، کە دوابەدوای ئەو دێت. شیکارییەکەی کوپەر گروپە سیاسییەکانیشی گرتۆتەوە، گریمانەی ئەو دۆخانەشی کردووە کە کۆمەڵکوژی تیادا کراوە لە لایەن ستالینەوە، ئەو کوشتارەی لە ئەندەنووسیا بەڕێوە چووە، هەروەها ئەوەشی کە لە کەمبۆدیا رووی دا، دەبێت وەک جینۆساید بێتە هەژماردن. ژمارەیەکی زۆر ئەو ڕووداوانە، لە گۆشەنیگای ئیتنیکییەوە جینۆسایدن، وەک نموونەکانی قاودان و راگواستنەوەی گەلان و گروپە ئیتنیکییەکان لە لایەن ستالینەوە، کە بە کێشەی سیاسی دایدەنان.

لە کتێبێکی تردا بەناوی «ڕێگرتن لە جینۆساید»[11] کۆپەر پێشنیاری دەزگایەکی نێودەوڵەت دەکات بۆ گرتنەبەری ڕێکاری پاویست لە دژی تاوانبارانی ئەنجامدەری جینۆساید لە پێش و لە میانەی ڕوودانی، وەک هەوڵێک بۆ وەستاندنی لە کاتی ڕوودانی یان ڕێپێگرتنی بە تەواوەتی. ئەمەش ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئەو دەرکی ئەوە دەکات، بەرژەوەندی وڵاتان بەربەستێکی مەترسیدار دروست دەکات لە ڕێی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکەی یوو ئێن دا.

کوپەر پۆلێنکردن و شیکارییەکانی خۆی لەگەڵ تێپەڕینی کات هەموار کردەوە، دووجۆر جینۆسایدی دەستنیشان کرد، بەم جۆرە:
یەکەم: جینۆسایدی ناوخۆیی: کە لە ئەنجامی پێکهەڵپژان و دابەشکارییەکانی نێو کۆمەڵ، ڕوودەدات، ئەم جۆرەشیان چوار لقی لێ دەبیتەوە:
● کوشتنی دانیشتوانی خۆجێی (لە نێویاندا کۆمەڵی راوکەر و باخەوانەکان)، لە لە سەردەمی ئێمەدا لەپێناوی گەشەپێدانی ئابووری (بۆ نمونە کوشتنی هیندییە ئاپاچییەکان لە پاراگوایی).

١١- Leo Kuper, The Prevention of Genocide (New Haven, CT: Yale University Press, ١٩٨٥).

● کوشتن لە ئەنجامی کۆتاییهێنان بە داگیرکردن، دوای کۆنترۆڵکردنەوەی هەموو هەیکەلی دەسەڵات (بۆ نموونە: کوشتنی هووتووکان لە ڕواندا و تووتسییەکان لە بروندی).
● کوشتن لە ئەنجامی ململانێی نیوخۆیی نەژادەکان و ئیتنیکەکان لە میانەی گۆڕینی رژێمی حوکم لە کاتی تێکۆشان بۆ سەربەخۆیی یان مافی یەکسان (بۆ نموونە لە بەنگلادیش)
● کوشتنی بارمتە و قۆچی قوربانی (بۆ نموونە ئەرمەنییەکان لە جەنگی جیهانی یەکەم و جولەکەکان لە هۆلۆکۆست).

دووەم: کوشتنی دەرەکی، کە لە ئەنجامی جەنگ و ململانێ نێودەوڵەتییەکانەوە ڕوودەدات. لە ژێر ئەم جۆرەیاندا، کوپەر بۆردومانەکانی هێرۆشیما و ناکازاکی لە لایەن ئەمریکانەوە، پەلامارەکانی تبت لە لایەن چینەوە، پەلاماری تیموری رۆژهەڵات لە لایەن ئەندەنووسیاوە، هەروەها شەڕی ئەمریکا لە ڤێتنام، پۆلێن دەکات.

جگە لە کوشتنی نێوخۆیی و دەرەکی، کۆپەر باسی کۆمەڵکوژی گروپە سیاسییەکانیش دەکات (ئەوەی کە بینیمان لە رێککەوتننامەکەی یوو ئێن دەرهاوێژرا)، هەروەها کوشتاری جینۆسایدئامیزی گروپە ئیتنیکییە دیکتاتۆرەکان، ئەو کۆمەڵگایانەی کە ڕەوایەتی دەدەن بە فۆرمۆلەکردنی ئایدۆلۆژی سیاسی. ئەم جۆرە فراوانە، ئەو کۆمەڵکوژیانەش دەگرێتەوە کە رژێمی سۆڤێتی و ئەندەنووسیا و وڵاتانی تر، ئەنجامیان داوە.

شیکارییەکانی کوپەر بەراوردکردنی کەیسە ڕوونەکانی جینۆساید و کەیسە زۆر مشتومڕلەسەرکراوەکانی جینۆسایدیشی گرتۆتەوە، وەکو بۆردومانکردنی شاری درێسدنی ئەڵمانی، بۆمبابارانی شارەکانی هێرۆشیما و ناکازاکی، هەروەها شەڕی ڤێتنام. لەم کەیسانەدا لەناوبردنی دانیشتوانە ئەڵمانی، ژاپۆنی و ڤێتنامییەکە، خۆی لە خۆیدا ئامانج نەبووە.

لە کتێبەکەیدا بەناوی جینۆساید و شۆڕش: لەبارەی بنەڕەتی جینۆسایدی ئەرمەن و هۆلۆکۆست، زانای جولەکەی زانستی سیاسەت ڕۆبەرت میلسۆن، خاڵە هاوبەش و جووداکانی نێوان جینۆسایدی ئەرمەن و هۆلۆکۆستی جولەکە دەدۆزێتەوە و هەندێ دەرەنجامی تیۆرییان لێ هەڵدەهێنجێ.[١٢] بە دیدی ئەو کەیسی جولەکەکان و ئەرمەنەکان

---

١٢- Robert Melson, Revolution and Genocide: On the Origin of Armenian Genocide and the Holocoust (Chicago; University of Chicago Press, ١٩٩٢).

چوار ڕووی لێکچوویان هەیە، یەکەم: ئەرمەنەکان وەک کەمینەیەکی سنگفراوان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەژیان و هیچ مافێکی یەکسانیان لەگەڵ دانیشتوانە زۆرینەکەدا نەبوو، بە درێژاییی مێژوو ئەم کەمینەیە ڕووبەڕووی چەوساندنەوەی قۆناغ بە قۆناغ دەبوونەوە. بە هەمان شێوە جولەکەکانی ئەورووپاش وابوون.
خاڵی دووەمی لێکچوونیان ئەو ڕاستییەی کە هەردووکیان، کەمایەتی ئەرمەنیش و جولەکەی ئەڵمانیاش، لە پێش کوشتارەکان، قۆناغی بوژانەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسییان هەبووە. سەرکەوتنی ئەو جوڵانەوە کۆمەڵایەتییەی ئەرمەن نیگەرانی لای دانیشتوانە زۆرینەکە دروست کردووە، کە بەندیوارییان نەماوە بە ڕژێمە کۆنەکەوە کە لە سەر بنچینەی یەکسانی بووە. بە هەمان شێوە لە ئەڵمانیادا، لە پێش دەرکەوتنی نازییەکان، پێگەی کۆمەڵایەتی جولەکەکان زۆر باش بووە بەهۆی کەمبوونەوەی ڕێژەیی دژەسامێتی وڵاتەکان لەو ماوەیەدا.
سێیەم ڕووی لێکچوون ئەو ڕاستییەی کە جوولەکە و ئەرمەنی هەردووکیان لە روو جوگرافی و ئایدۆلۆژیشەوە وەک نۆکەری دوژمنانی وڵاتەکە ناسێنراون بە دانیشتوانە زۆرینەکە، ئەم ناسنامەیە ڕاستی بێت یان خەیاڵی، هەستیکی بەهێزی دروستکردووە لە لای زۆرینەی دانیشتوان کە ئەمانە هەڕەشەن بۆ سەریان، جا هەڕەشەی ناوخۆیی بێت یان دەرەکی.
چوارەمین ڕووی لێکچوون، ئەو ڕاستییەی کە هەر دوو کۆمەڵگەی زۆرینە، لەو دوواییەدا ئەزموونی کارەساتی سیاسی، سەربازی، ئابووری گەورەیان کرد و خۆیان لەناو دۆخی قەیرانی بونیادی مەترسیداردا بینیەوە، کە ئەم دۆخانە، بە دیدی میلسۆن، دەبیتە هۆی سەرهەڵدانی مەیلی پشتیوانیکردن لە بیرۆکەی ڕادیکاڵانە.

بە پێی میلسۆن، ئەم یەکگرتنەوەی هۆکارانە، پەیوەندییەکی دەرکپێکراو هەیە لە نێوانیان و سەرکەوتنی بزاڤی کۆمەڵایەتی کەمینە دەخاتە ژێر پرسیارەوە و دەیبەستێتەوە بەوەی کە پەیوەندی هەبێت لەگەڵ دوژمنانی وڵات و هەروەها ئەو قەیرانانەی کە ڕووبەڕووی وڵاتی زۆرینە دەبێتەوە. کەمینە تۆمەتبار دەکرێت بەوەی بوژانەوەیان لەسەر حسابی زۆرینەیە، بەرپرسیارێتی کارەساتەکان و کاریگەرییان لەسەر دەوڵەتی زۆرینە، دەخرێتە ئەستۆیانە، بۆیە بە هەڕەشەی جیدی دادەنرێن بۆ سەر بوونی ئەوان. لە سەرچاوەی ئەو ئایدۆلۆژیا ڕادیکاڵانەوە، دەوڵەت بڕیاڕی دووبارە پێناسەکردنەوەی ناسنامەی خۆی دەدات بەوەی کەمینە و بونیادە کۆمەڵایەتییەکەی لەناو بەرێت.

میلسۆن جەخت دەکاتەوە کە مۆدێلەکەی ئەو لەسەر زۆربەی کەیسە ناوخۆییەکانی جینۆساید، کە لە لایەن حکومەتەکانیانەوە ئەنجامدراون، پیادە دەبێت. پرۆسەیەکی

کەمترئالۆز، وەک ئەو دەڵێت، ئەو جینۆسایدانەی کە لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی داگیرکەر و کۆمەڵگا لە ڕووی تەکنەلۆژییەوە کەمپێشکەوتووەکان، کە ئەوەی پێشوو وای دادەنێت ئەمان دەکەونە دەرەوەی چوارچێوە و بونیادی کۆمەڵایەتی و دامەزراوەیی کۆمەڵگەی ئەوان.

لە وتارێکدا کە ساڵی ١٩٨٧ بڵاوکرایەوە، ڕۆگەر سمیث ی ئەمریکی، سەدەی بیستەمی وەک «سەدەی جینۆساید» دەستنیشان کرد. پێشنیاری پۆلێنکردنی جینۆسایدی لەسەر بنچینەی مەبەستی ئەنجامدەرەکانی، کرد[١٣] پۆلێنبەندییەکەی سمیث جینۆساید دەکاتە پێنج جۆرەوە:

- سزایی: جینۆساید ئەنجام دەدرێت وەک بەشێک لە هەوڵی تۆڵەکردنەوە (وەک ئەو کوشتارە بەرفراوانانەی کە فەرمانڕەوای ئەفسانەیی جەنگیز خان دەیکرد لە دژی نەک تەنها هێزە شەڕکەرەکان، بەڵکو دانیشتوانە سیڤیللەکانی رووسیا و چینی سەدەی سیانزەیەم.)
- دامەزرواوەیی: ئەو جینۆسایدانەی کە بە پلەی یەکەم لە کاتی رووبەرووبوونەوەی سەربازیدا، لە کاتی داگیرکاریدا ئەنجام دەدرێت. وەک ئەوانەی کە لە مێژووی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاستدا روویان داوە.
- بەرژەوەندیخوازی: کۆمەڵکوژی ئەنجامدراو لە پێناوی فراوانخوازی( بۆ نموونە ئەو پەلامارە فراوانخوازییانەی لە نێوان سەدەکانی شانزە تا نۆزدە دا هەبوو، لە هەندێ کەیسدا بۆ سەدەی بیستەمیش درێژ بووەوە و ئەو ریشەکێشکردنی دانیشتوانانەی کە هاوڕێ بوو لەگەڵ پەلامارەکان).
- پاوانخوازی: جینۆساید ئەنجام دەدرێت لە پێناوی پاوانکردنی دەسەڵات، بە تایبەتی لە کۆمەڵگە فرە ئیتنیکییەکاندا وەکو بەنگلادیش و بروندی.
- ئایدۆلۆژیسەپاندن: جینۆساید دەکرێت بۆ ئەوەی بیری پاکسازی و رزگاربوون دروست بکرێت و بسەپیندرێت بەسەر هەموو دانیشتوانەکە (لە میانەی سەدەی بیستەمدا باو بوو، نموونەی ئەرمەنەکان و کەیسەکانی سۆڤیەت، هەروەها هۆلۆکۆستی جولەکە و جینۆسایدی کەمبۆدیا.)

سمیث جەخت دەکاتەوە سەر سروشتی فاکتەرە پاڵنەرەکانی جینۆساید بە درێژایی مێژوو. لە ڕابردوودا قوربانییەکان بە پێی شوێنی جوگرافیایی نیشتەجێبوونیان، یاخوود سامانەکانیان، هەڵدەبژێردران، هەرچی قوربانییەکانی چاخی مۆدێرنە لەسەر بنچینەی

---

١٣- Roger W. Smith, "Human Destructiveness and Politics: The Twentieth Century as an Age of Genocide," in Genocide and the Modern Age: Etiology and Case Studies of Mass Death, ed. Isidor Wallimann and Michael Dobkowski (Westport, CT: Greenwood Press, ١٩٨٧), pp. ٢١-٤٠.

ناسنامەی گشتی کۆمەڵایەتییان هەڵدەبژێردرێن (گروپی ئیتنیکی، نەژادی، ئایینی، بە پێی ڕێککەوتننامەکەی یووئێن، گروپی دیکە بە پێی لێکۆڵەران).

...

تێبینیکردنی ڕووە جیاواز و لێکچووەکانی پێناسەکان و پۆلێنکردنەکانی جینۆساید، کە لە لایەن لێکۆڵەرانەوە پێشنیارکراون، تیشکی زیاتر دەخەنە سەر ڕووداوەکانی دەوروبەری ئەو جینۆسایدانەی کە بە درێژایی مێژوو ئەنجام دراون، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت ئەوەمان لەبیر بێت کە ئێمە باسی کەسانێک دەکەین کە کۆمەڵکوژی دەکەن و کەسانێکی بێتاوان دەکوژن.

لە کتێبەکەیاندا «سۆسیۆلۆژیا و مێژووی جینۆساید» فرانک چاڵک و کۆرت جۆناسۆن، جیاوازی نێوان «جینۆساید» و»ئیثنۆساید» دەستنیشان دەکەن.[١٤] بە پێی توێژینەوەکەی ئەوان، دەستەواژەکەی دوایی، لەناوبردنی گروپێکی ئیتنیکیی دەگرێتەوە بە ئامرازی نافیزیکی- وەکو قەدەغەکردنی زمان و کولتوور و ئایین- کە دەبی جیابکرێتەوە لەگەڵ لەناوبردنی فیزیکی گروپەکە. چاڵک و جۆناسۆن، پێشنیاری دەستەواژەیەکی تریان کردوە بۆ جینۆساید و بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەموکوڕ و غەفڵەتانەی کە لە پێناسەکەی ناو ڕێککەوتننامەکەی یوو ئێن هەیە، بەڵام لە کۆتاییدا پاشگەز بوونەوە لەوەی ئەوە بکەن، لەبەر قبوڵکردن و بەکارهێنانی بەرفراوان لە سەرانسەری جیهان بۆ ئەو پێناسەیە، لەم ساڵانەی دواییدا. ئەوان پێسنیاری ئەوەیان بۆ پێناسەکە کردبوو: «شێوەیەکە لە کۆمەڵکوژی یەکلایەنە، کە تیایدا دەوڵەت یان دەسەڵات بەئامانجی لەناوبردنی گروپێک، بڕیار دەدات، ئەو گروپە و ئەندامەکانی لە لایەن ئەنجامدەرەکانەوە دیاری دەکرێن.[١٥]

ڕوونکردنەوەی ئەم پیناسەیە، شیکردنەوەی وشەبەوشەی پێویستە. برگەی» شێوەیەکە لە کۆمەڵکوژی «جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەو ڕاستییەی کە کۆمەڵکوژی شێوەی جیاوازی هەیە، بەڵام جینۆساید یەکێکە لەو شێوانەی کە تەنها: ئامانج لێی لەناوبردنی گروپێکی دیاریکراوە. بڕگەی «کۆمەڵکوژی» ئاماژەیە بەوەی کە لە دۆخی جینۆسایددا هەموو ئەندامانی گروپەکە بەرنامەڕێژی بۆ لەناوبردنیان کراوە. لەم ناواخنەدا، ئەوە گرنگ نییە کە دەرفەتی پەلاماردەران بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بە تەواوەتی، زۆر کەمە. بەکارهێنانی برگەی «بەئامانجی لەناوبردنی گروپێک» وامان لێ دەکات وازبێنین لە پێناسە گشتییەکەی دەستەواژەکە کە بریتییە لە:هەموو کردەیەکی کوشتن،کوشتار، تووندوتیژی میللی، ئەگەرچیی بەداخەوە، دەشێ هەریەکەیان ئامانجی جیاوازی هەبێت. ئەمە ئەو کۆمەڵکوژییانە دەردەهاوێژێت کە ڕوویانداوە بە بێ هەبوونی بڕیاڕی پیشوەختە.

---

١٤- Frank Chalk and Kurt Jonassohn, The History and Sociology of Genocide: Analyses and Case Studies (New Haven, CT: Yale University Press, ١٩٩٠).

١٥- Ibid., p. ٢٣.

(وەک ئەوەی نەخۆشی کوشندە لە کاتی کۆچپێکردندا بڵاو دەبێتەوە).

دەستەواژەی»یەکلایەنە« مەبەستی پەلاماردەران بۆ لەناوبردنی قوربانییەکان دەردەبڕێت، هەروەها نەبوونی هیچ مەبەستێکی لەوجۆرە لای قوربانییەکان. سەرەڕای ئەوەش دەستەواژەکە ناهاوسەنگی هێز لە نێوان هەردوو لایەنەکە دەردەخات، هەر ئەو ڕاستییەی تەنانەت ئەگەر قوربانییەکان بەرگرییش لە خۆیان بکەن لەبەرامبەر پەلاماردەرەکانیان، لەبەر کەمی ئامرازەکانی بەردەستیان، هەوڵەکانیان بێهودە دەمێنیتەوە. نموونەیەکی ئەم دینامیکە، بە وتەی چاڵک و جۆناسۆن، ڕاپەڕینی ناو کەمپی زۆرەملێی وارشۆ، هەروەها بەرگری ئەرمەنییەکان/بەرهەڵستیکاران لە شاری وان لە کاتی جینۆسایدی ئەرمەنەکان، کە مەبەست لێی گێڕانەوەی شکۆی قوربانییەکان و دەربڕینی هاوسۆزی و هاوکاری قوربانییەکان بوو، زیاتر لەوەی مەبەستی سەرکەوتن بێت بەسەر پەلاماردەران.

دەربڕینی «کۆمەڵکوژیی یەکلایەنە» لەو ڕووەشەوە گرنگە کە هەموو ئەو دۆخانەی کوشتن کە لە کاتی جەنگەکاندا روویانداوە دەردەهاوێژێت، چونکە یەکلایەنە نەبووە و هیچ یەکێک لە لایەنەکان بێدەرەتان نەبوون. سەرەڕای ئەوەش ئەو ڕووداوانەی کە پاش کۆتاییهاتنی شەڕ ڕوویان داوە، وەک جینۆساید پۆلێن دەکرێن، دەبێ ئەوەمان لەبیر بێت کە ئەندامانی گروپەکە خۆیان بەشێک نەبوون لە شەڕەکان. بە پێی چاڵک و جۆناسۆن، کەیسی کارتاج دەبێت وەک جینۆساید بژمێردرێت چونکە پاش کۆتاییهاتنی شەڕ کوشتارەکە ڕوویداوە.
چاڵک و جۆناسۆن هەروەها مەرجی ئەوە دادەنێن کوشتنی سیڤیل لە بۆردومانەکاندا بە جینۆساید دانەنرێت (وەک دۆخەکانی درێسدن و هێرۆشیما و ناکازاکی)، چونکە ئەوانە وەک بەشێک لە شەڕ هەژمار دەکرێن و حکومەتی ئەو وڵاتانە لایەنێکی شەڕەکە بوون. ئەمەش پێچەوانەی گۆشەنیگاکەی جان پۆل سارتەر و لیۆ کۆپەرە کە هێرۆشیما و ناکازاکییان بە جینۆساید ناساندبوو.

جینۆساید هەمیشە لە لایەن حکومەت یان دەسەڵاتەکانەوە ئەنجام دەدرێت. لەمیانەی سەدەی بیستەمدا هەموو جینۆسایدەکان لە لایەن حکومەتەکانەوە ئەنجام دراون، کە ناوەندێتی حکومەت بەهێز بووەتەوە و ئەمەش سیمای ئەو قۆناغەیە. پێناسەکەی چاڵک و جۆناسۆن هەروەها دەربڕینی»دەسەڵاتەکانی تر« بەکار دەبات، بۆئەوەی ئاماژە بە حکومەتی خۆجێی و دامودەزگاکانی تری دەسەڵات بدات، کە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە ئەنجامدانی جینۆسایدەکاندا.
بە شێوەیەکی گشتی دەستەواژەی «گروپ» پێناسەکردنی قورسە، ماناکەی بە درێژایی

ناواخنە جوگرافی و کاتییەکەی دەگۆڕێت. پێناسەکەی چاڵک و جۆناسۆن بۆ جینۆساید مانای «گروپ» بە کراوەیی دەهێڵێتەوە (ئەندامێتییان لەو گروپانە لە لایەن ئەنجامدەران خۆیانەوە بڕیاری بۆ دراوە.)، ئەمە ئاسانکاری دەکات بۆ گرتنەخۆی ئەو گروپانەی ناکەونە ناو پێناسەکەی یوو ئێنەوە. سەرەڕای ئەوە، پێناسەکە ئاسانکاری دەکات بۆ گرتنەخۆی ئەو گروپانەش کە بە قوربانی ناژمێردرێن بە پێی پێناسەکەی یوو ئێن (وەک هاوڕەگەزبازەکان و نەخۆشە عەقڵییەکان و دانیشتوانی شاری کەمبۆدیا لە سایەی ڕژێمی پۆل پۆت، هەروەها گروپگەلێ کە تەنها لە خەیاڵگەی پەلاماردەران خۆیان هەیە (وەک جادووگەرەکان کە لە سەدەی ١٦ و ١٧ی ڕۆژئاوای ئەوروپادا هەبوو، «دوژمنانی خەڵک» کە لە سۆڤیەتی سەردەمی ستالیندا هەبوو.)
چاڵک و جۆناسان دەرکیان بەوە کردووە کە پێناسەکەیان لە هەندێ ڕووەوە بەربەستراوە. لە هەوڵیاندا بۆ گوێپێنەدانی تەواو بەو دۆخانەی کە لە ڕووی تەکنەلۆژییەوە لە ژێر پێناسەکەی ئەواندا پۆلێن ناکرێن، پێشنیاری دەستەواژەیەکی تر دەکەن»قەسابخانەکانی جینۆساید» لەم دەستەواژەیەدا ئاماژە بەو جینۆسایدانە دەکەن کە ئەنجامدەرەکانیان مەبەستیان تەنها کوشتنی بەشێکە لە گروپێکی دیاریکراو.

ئیسرائیل چارنی پێشنیار دەکات پێناسەیەکی مرۆڤانە بۆ جینۆساید بکرێت:»کوشتنی دەستئاوەڵای خەڵک لەسەر بنچینەی لایەنە نەتەوەیی، ئیتنیکی، نەژادی، ئایینی، سیاسی، جوگرافی، ئایدۆلۆژی، یان ڕووی تری ناسنامەیان.[١٦] «چارنی ڕەتی دەکاتەوە» لەدەستی مرۆڤ خۆیدا نییە کە هەر ناسنامەیەکی هەبێت، پرۆسەکە وابێت پاساو بێت بۆ کوشتنی پیاو، ژن و منداڵ، چونکە ئەون (دژ) ی هەندێ (ئیزم)ن، یان بونیادی ئێسکیان کورت یان درێژە، یاخود یان ڕەنگیان پرتەقاڵی یان سەوزە.[١٧]

چارلی باوەڕی وایە پێناسە مرۆڤانەکەی ئەو بۆ جینۆساید پێناسەیەکە بە درێژایی مێژوو دەمێنیتەوە، هەروەها کۆششەکانی تێگەیشتن لەو چەمکەکە هەڵدەگرێت کە پێناسەی جینۆساید وەک هەوڵێک بۆ وێرانکردنی ناسنامەی گروپێک دەکات کە مۆرکی نەتەوەیی، ئیتنیکی، ئایینی و هتد ی هەیە. بە پێی چارنی، چونکە ڕاستیە دەربڕدراوەکە بریتییە لە پاراستنی ژیانی مرۆڤ، دەبێت جینۆساید پێناسەیەکی بەرفراوانی بۆ بکرێت: وێرانکردنی ئاگایانەی ناپێویستی ژمارەیەکی زۆری مرۆڤ لە گروپێکدا. بە ڕای ئەو دەبێت دەستەواژەی جینۆساید هەموو ئەو دۆخانەش بگرێتەوە کە ژمارەیەکی زۆری مرۆڤی، لە لایەن مرۆڤی

-----

١٦- Israel W. Charny, "Genocide: The Ultimate Human Rights Problem," Social Education ٤٩ (١٩٨٥), pp. ٤٤٦-٤٥٢.
١٧- Ibid., p. ٤٤٨.

ترەوە، تێدا دەکوژرێت. بێجگە لەو دۆخانەی کە ئەنجامدەران بە بەڵگەوە دەیسەلمێنن کە بۆ بەرگری لە خۆکردن ئەوەیان ئەنجام داوە. بە بێ ڕەچاوکردنی ئەو کەموکوڕییانەی لە یاسای نێودەوڵەتیدا یان لە وتووێژی لێکۆڵەراندا هەیە لە ڕووی دەستەواژەگەرییەوە، گریمانی ئەوە دەکات ئەوە پێناسەیەکی بەرفراوان بێت بەپێی تێگەیشتنی باو.

چارنی ئەو پرۆسانەش دەدۆزێتەوە کە دەبنە هۆکاری بەرەو جینۆسایدبردنی دۆخەکە. ئەمڕۆ، زۆربەی دەستەفەرمییەکان، ڕووداوە کارەساتئامێزەکانی کە وەک جینۆساید ئاماژەیان پێدەکرت، وەک لەناوبردنی بەمەبەستی گروپێکی دیاریکراو، بە ئایدۆلۆژیای ئەنجامدەرانی پاساودەدرێن. ئەو ڕووداوانەی کە دەبنە هۆکاری بەرەوجینۆسایدبردنی دۆخەکە، دەکرێ لە لایەن ژمارەیەک لە گۆشەنیگای دەوڵەتانەوە کە پەیوەست بە ڕێکخستنی کۆمەڵگەکانە، هەڵبسەنگێندرێت، بێجگە لە پلەی ئەو دەستەوتاقمانەی کە پارێزگاری لە ژیانی مرۆڤ دەکەن، یان ئەڵتەرناتیڤی ئەوە، ژیانی مرۆڤ دەبەنەوە. چارنی هەروەها جەخت دەکاتەوە شۆڕبوونەوە بەرەو جینۆساید، وەک باوە لە کاتی جەنگدا ڕوودەدات، وەک دەرەنجامی بوونی فشار لەسەر کۆمەڵگە. دوا پاڵپێوەنان بەرەو جینۆساید زۆرجار پەیوەستە بە ڕەوایەتیدانی ئەو سیمبولانەی کە لە کۆمەڵگەی مەبەستدا هەن، ئەو تێگەیشتنانەیە کە لە میانەیانەوە وەک مەترسیدار دەڕوانێتە گروپێکی دیاریکراو. لە هەندێ دۆخیشدا گروپی مەبەست تەنانەت دوژمنی واقیعییش پێک ناهێنێت، بەڵکو دوژمنێکی وێناکراو کە کۆمەڵ لە پێناویدا یەکدەگرێت بۆ ئەوەی لە دژی بوەستێتەوە و لەناوی بەرێت.
چارنی، ئەو پرۆسەیەی کە دۆخەکە بەرەو جینۆساید دەبات، لەگەڵ شێرپەنجەدا بەراوردی دەکات، کە کۆنتڕۆڵی بەشێکی جەستە دەکات بۆ ئەوەی دەست بەسەر بشەکانی تریشدا بگرێت و ئینجا بیکوژێت. سەرەڕای ئەوەی جەستە ژمارەیەکی زۆر هێزی بەرگری هەیە، بەڵام ناتوانیت ڕووبەڕووی ببێتەوە، دواجار ڕێ بە نەخۆشییەکە دەدات بڵاو ببێتەوە. ئەمەش تەنها نابیتە هۆی مردنی ئەو بەشە هێرشبۆبراوە جەستە، بەڵکو هەموو ئۆرگانەکانی لەش دەگرێتەوە. کۆمەڵگەش بە هەمان شێوە، هەندێ توخمی هەیە کە هەوڵ دەدەن بەرگری بکەن و هەندێ بەشی لی دەکوژن، هەروەها هێزێک کە توانای ئەوەی هەیە ڕێ بگرێت لە دەستبەسەرداگرتنی تووندوتیژانە. ئەگەر ئەم هێزانە سەرکەوتووبن لەوەی ئەوە بکەن، ئەنجامی کۆتایی زۆر وێرانکەر دەبێت.

له ساڵی ١٩٩٤، چارنی پێشنیاری پێناسەیەکی گشتی کرد بۆ دەستەواژەکە:
جینۆساید لە ماناگشتییەکەیدا، دەکاتە کوشتنی بەکۆمەڵی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک، کە لە چوارچیوەی کاری سەربازیدا نییە دژ بە هێزی سەربازی دوژمنی ڕاگەیەندراو، لە سایەی بارودۆخێکی بەرگریلەخۆکردنی قوربانییەکان.[١٨]

جاک نوسان پۆرتەر، کۆمەڵناس، نەوەی دووەمی ڕزگاربووی هۆلۆکۆست، کە بە چڕیی لەسەر جینۆساید کاری دەکرد، بەم شێوەیە پێناسەی دەستەواژەکەی کرد:
وێرانکردنی بەمەبەستی بەشێک یان هەموو، کەمینەی نەژادی، رەگەزی، ئایینی، خێڵ، یان کەمینەی سیاسی، لە لایەن حکومەت یان بریکارەکانییەوە. دەکرێ تەنها کۆمەڵکوژی نەگرێتەوە، بەڵکو کردەی برسیکردن، ڕاگواستنی زۆرەملێ، چەوساندنەوەی سیاسی، ئابووری، بایۆلۆژیش.[١٩]
پۆرتەر پێناسەیەکی فراوانتر لەوەی کە لە ڕێکەوتننامەکەی یوو ئێن هاتووە، پێشکەش دەکات، لەناو ئەوانەدا وێرانکردنی بەمەبەستەوە بۆ کەمینە سیاسی، ڕەگەزی و ئیتنیکی و ئایینی، هەروەها ئەو گروپانەی کە سروشتێکی خێڵەکی یان نەژادییان هەیە. بە پێی پۆتەر، جینۆساید سێ پێکهاتەی سەرەکی هەیە،»ئایدۆلۆژیا، تەکنەلۆژیا و بیرۆکراتی/ ڕێکخستن.[٢٠]
پۆرتەر باوەڕی وایە و دەستنیشانی دەکات ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییانە دەکات کە لە وڵاتێکی دیاریکراودە دەبنە هۆی ڕوودانی جینۆساید. (بڕوانە خشتەی ١). ئەو ڕاستییەی کە هەموو یان هەندێک لەو هەلومەرجانە لە هەر کۆمەڵگایەکد هەیە، لە قۆناغێ لە قۆناغەکانی مێژوویدا، کە نیشانەی ئەوەیە لە هەر کۆمەڵگەیەدا ڕەنگە جینۆساید ڕوو بدات. لەو کاتەدا، پۆرتەر باشووری ئەوفرقا وەک ئەو کۆمەڵگەیە دەبینێت کە ڕەنگە جینۆسایدی تێدا روو بدات. سەرەڕای ئەوەی ئەو کۆمەڵگەیە، وەک دەزانین، لە کۆتاییدا بەرەو ئاراستەی پێچەوانە هەنگاوی نا، لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی جیاکاری نەژادی»ئەپارتید«. لە بەرامبەردا، هۆڵەندا و سوید و سویسرا، هیچ کاتێک جینۆساید تیایاندا ڕووینەداوە. لەم چوارچێوەیەدا، ئەەی جێگەی بایەخە، بەڵگەیەکی زۆر لەم ساڵانەی دواییدا کۆکرایەوە لە سویسرا و سوید و شکستی هێنا لەوەی رۆڵ ببینێت لە رزگارکردنی جولەکەکان و یارمەتی بدات (لای کەم نارەستەوخۆ) کە بۆ رژێمی نازی دەستەبەر کرابوو.

١٨- Israel W. Charny, "Toward a generic definition of genocide," in Genocide: Conceptual and Historical Dimensions, ed. George Andreopoulos (Philadelphia, PA: University of Pennsylvania Press, ١٩٩٤), pp. ٦٤-٩٤.
١٩- Jack N. Porter, "Introduction: What is genocide? Notes toward a definition," p. ١٢.
٢٠- Ibid.

## خشتەی ژمارە (١)

## پێشبینیکردنی جینۆساید

| پێشبینیکردنی ڕوودانی جینۆساید | پێشبینیکردنی ڕوونەدانی جینۆساید |
|---|---|
| بە بێگانە زانینی گرووپی کەمینە | کولتووری سینگفراوانی بۆ پێکەوەژیانی کەمینەکان باو و بڵاوە. |
| ئایدۆلۆژیای نەژادپەرستی | کەمینەیەکی بەهێز کە دەسترەسی هەیە بە مافەکانی مرۆڤ و مافە یاساییەکانی |
| پشتبەستن بە هێزی سوپا | هەڵویستێکی میانڕەوی بۆ سوپا |
| دوورخستنەوەی پارتی سیاسی لە دەسەڵات | هەیکەلی سیاسی دیموکراتی |
| سەرکردایەتی ئارەزوویەکی بەهێزی ناوچەگەری هەبێت | کەمی ئارەزووی تەوەرگەری ناوچەیی |
| دەسەڵاتی دەوڵەت بەهۆی شەڕ و پێکدادان و ململانێی ناوخۆیی کەم بووبێتەوە | نەبوونی ڕووداوی کەڵەکبووی لەو شێوەیە |
| هەبوونی تواناکاری تۆڵەسەندنەوە بە کۆمەڵکوژی لە هەندێ سەرچاوەوە | تواناکاری تۆڵەسەندنەوە و دەستتێوەردان لە لایەن دەوڵەتە گەورەکانی دەرەوە |

سەرچاوە: پۆرتەر، پێشەکی، جینۆساید چییە؟ تێبینی لەسەر پێناسەکان.

بە پێی پۆرتەر، بە درێژایی مێژوو جینۆساید سێ تانوپۆی هەبووە:

- لە کاتی جەنگ یان دوای بەزینی سەربازی سوپا
- لەکاتی داگیرکاری ناوخۆیی یان ئیمپریالیزمی دەرەکی
- لە ئەنجامی ململانێی ناوخۆیی کە ڕەگی قووڵی داکوتابێت

جەنگ داینامیکێکە کە تیایدا مرۆڤ زوو دەبێت بە قوربانی، چەرمەسەری زۆر لەگەڵ خۆی دەهێنێت، هەروەها ئەو ڕاستییەی کە لایەنە شەڕکەرەکان مەیلیان بۆ کوشتنی خەڵکی مەدەنی هەیە بۆ درێژکردنەوەی جەنگ. هەروەها شەڕ ئاسانکاری دەکات بۆ بڵاوبوونەوەی پرۆپاگەندە و تۆمەتبارکردنی دوژمن بە خیانەت و نامرۆڤایەتی کە دەبنە مەترسی بۆ سەر ئەو کۆمەڵگەیە. ئەمەش، خۆی لە خۆیدا هەستێکی هستریایی لای سەربازەکانی دوژمن دروست دەکات، کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی مردنی خەڵکی مەدەنی بێتاوان، یان دوژمنە گریمانکراوەکە دەبێتە قۆچی قوربانی. لە ئەنجامی ئەمەشدا، جێبەجێکردنی کۆمەڵکوژی ئاسان دەبێت و چەرمەسەری تر دێننە ئاراوە لە کاتی جەنگدا بە بی ئەوەی سزا بدرێن و دادگایی بکرێن.[٢١]

٢١- Ibid., pp. ١٥-١٦. Some have objected to the use of the term "tribe" based on the assertion that it is a onial concept. We employ this term here in order to present Porter's arguments.

پۆرتەر، جەخت دەکاتەوە، پێناسەی جینۆساید لە کاتی جەنگدا پێویستە تەنیا ئەو دۆخانە بگرێتەوە کە پەلاماردەر قەستی کوشتنی تەواوەتی هەموو گەلەکە، خێڵەکە، نەژادەکە دەکات، بە تەواوەتی.
بە پێی ئەم ڕەوتە، هەرچەندی بڵێی شایانی شەرمەزارکردنن، بەڵام هەموو کوشتنەکان لە کاتی جەنگدا بە جینۆساید ناژمێردرێن، بۆ نمونە هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر هێرۆشیما و ناکازاکی ناتواندرێت بە جینۆساید دابنرێت بەهۆی ئەو ڕاستییەی کە مەبەستی ئەمەریکا خۆبەدەستەوەدانی خێرای ژاپۆنیەکان بوو، نەک کۆمەڵکوژییان.
زانایانی تر، بۆ نمونە لیۆ کۆپەر، لەم خاڵەدا پێچەوانەی ئەم رەوتە بیردەکەنەوە.

داگیرکاری زەمینەیەکی تری هاوبەشە بۆ ئەو کردانەی کە دەچنە خانەی پێناسەی جینۆسایدەوە. جینۆساید دەکرێت لە کاتی داگیرکاری ناوخۆییدا ڕووبدات، هەروەها دەکریت لە میانەی داگیرکاری ئیمپریالیدا بێت، کە وەک جۆرێک لە داگیرکاری دەرەکی دادەنرێت. جینۆساید زۆرجار وەک ئامرازێک بەکاربراوە بۆ سەرکوتکردنی دانیشتوانە خۆجێیەکە، نموونەش بۆ ئەمە جینۆسایدی دانیشتوانی رەسەنی ئەمریکا لە باکوور و لە باشووری ئەمریکا، ئەبوورجینییەکان لە ئوستراليا و ماورییەکان لە نیوزلەندا.
پۆرتەر جەخت دەکاتەوە، پێناسەی جینۆساید دەکرێ کردارە ناڕاستەوخۆکانییش بگرێتەوە، وەک ئەو نموونانەی کە گروپێک بە تەواوی لەسەر ڕووی زەوی سڕدراونەتەوە بەهۆی ئەوەی لەشیان ڕووبەڕووی نەخۆشی بووە بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لەناو دانیشتوانەکە. ململانێی نێوان دانیشتوانە خۆجێیەکە دەتوانی بەرەو جینۆساید پەل بهاوێت، وەکو ئەوەی لە ڕواندا و برووندی ڕوویدا.
وەک بینیمان هیچ سازانێک نییە لە نێوان لێکۆڵەراندا سەبارەت بە پێناسەکردنی جینۆساید، هەروەها ناکۆکییەکان سەبارەت بەو خاڵە بە درێژایی کات بە ڕوونی دەربڕدراوە. هەندێکیان ئاماژە بە چوارپێناسەی جینۆساید دەکەن، لە ناویاندا پێناسە بەرفراوانەکەی ئیسرائیل چارنی، شێوازێکی فراوانی پێناسەیەکی ورد، وەک ئەوەی فێن و باسکال و جۆناسۆن، ئەو شێوازەی کە فۆکەس دەخاتە سەر یەک دۆخی جینۆساید و گرنگی دەدات بە جینۆسایدەکانی ترلە پێناوی بەراوردکردندا، وەک لە پرۆژەکەی سترۆم و پارسۆن دەردەکەوێت «ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خۆمان و مێژوو»[٢٢] هەروەها شێوازی بەرتەسکی بەربەستکراو کە جەخت لە سەر دەگمەنێتی و تاکێتی دەکاتەوە، نموونەی هۆلۆکۆست.

...

٢٢- Margot Stern Strom and William S. Parsons, Facing History and Ourselves: Holocaust and Human Behavior(Watertown: International Educators ,١٩٨٢; new edition , ١٩٩٤).

پێناسەکان هەمیشە وەڵامێکی ڕوون و ئاشکرامان بۆ دەستەبەر ناکەن. لیستی خوارەوە پێکهاتووە لە چەند سیناریۆیەک، هەندێکیان خەیاڵی و هەندێکیان دارێژراو لەسەر ڕووداوی راستەقینە. بە ڕای تۆ کامیان ڕاستین و کامیان نا. ئایا سیناریۆیەک هەیە بە پێی پێناسەیەکیان جینۆساید بێت و بە پێی ئەویتریان جینۆساید نەبێت؟

١/ حکومەت ڕایدەگەیەنێت گروپە تێکدەرەکان کاری تیرۆریستی دەکەن بۆ بنکۆڵکردنی پایە بنچینەییەکانی دەوڵەت. دۆخی ئاوارتەی نیشتیمانی ڕادەگەیەندرێت و ئەندامانی گروپە تێکدەرەکان دەگیرێن و بێسەروشوێن دەبن.

٢/ پلانی حکومەت بۆ گۆڕینی ڕووبەرە دارستانییەکان بۆ زەوی کشتوکاڵیی، دەبێتە هۆی ململانێ لە نێوان خەڵکە تازە نیشتەجێکراوەکان و دانیشتوانە ڕەسەنەکەی ناوچەکە. نیشتەجێکراوەکان رێکاری پێویست دەگرنە بەر بە ئامانجی فراوانکردنەوەی زەویە کشتوکاڵییەکە و نەک تەنها دارەکان دەبڕنەوە کە سەرچاوەی خۆراکی دانیشتوانە ڕەسەنەکەن، بەڵکو کولتوور و سەرچاوەی بژێوییان وێران دەکەن. ئەو ئەندامانەی کە بەرهەڵستی دەستبەسەرداگرتنی زەوییەکانیان دەکەن دەگوێزرێنەوە بۆ شوێنێکی تر و لە ئەنجامی ئەوەدا هەندێکیان دەمرن. هەموو ئەم کردارانە هەڕەشەن بۆ سەر کولتووری خۆجێی.

٣/ لەو کۆمەڵگەیەدا کە ماوەیەکی درێژە بە دەست کێشە نەژادییەکانەوە گیرۆدەیە، گروپێکی کەمینە بە دەست مامەڵەی خراپ و نایەکسان لە لایەن زۆرینەوە، دەناڵێنێت. هەوڵی سەرکردەکانی گروپی زۆرینە بۆ بەکارهێنانی یاسای هەڵاواردنئامیز بۆ سەپاندنی دەسەڵات لەو کۆمەڵگەیەدا، لەم دواییەدا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە گروپی کەمینە، کە خاوەنی دابونەریتی ئایینێکی جیاوازن، تووشی بێهیوایی دەبن و کاردانەوەی توندوتیژانە دەنوێنن. هەندێک لە ئەندامانی گروپی زۆرینە کە خزمەتی سەربازی دەکەن، گەمارۆی گروپی کەمینە دەدەن کە لە ناوچە دوورەکاندا نیشتەجێن و دەیانکوژن.

٤/ رژێمێکی شۆڕشگێر، سەرەڕای بەرهەڵستییەکی توندی لە لایەن هاودژەکەی کە لە رژێمی پێشوودا خاوەن دەسەڵات بوون، دێتە سەر حوکم. ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی گروپی بەرهەڵستکار دەگیرێن و بەرەو ونگە یان بۆ ئۆردوگای زۆرەملێی کار دەبرێن. حکومەت دەست دەکات بە پیادەکردنی سیاسەتی «دووبارە فێرکردنەوە»ی منداڵانی وڵات، هەرکەسێکیش بەرهەڵستی ئەو سیاسەتەی بکات، دەکوژرێت یان لە لایەن سوپاوە بەرەو ونگە دەبرێت.

٥/ حکومەتی وڵاتەکە بڕیار دەدات وەک باشترین ڕێگە بۆ چەسپاندنی حوکمی خۆی، گروپێکی کەمینەی دیارکراو تۆمەتبار بکات و هەموو کێشەکانی وڵات بخاتە ئەستۆی ئەوان و بۆ ئەو مەبەستەش بە درێژایی چەندین ساڵ پێشداوەری لە دژی ئەو گروپە لە ناو کۆمەڵدا بڵاو دەکاتەوە. سەرەڕای ئەوەی لەناو وڵاتەکەدا گروپێکی بەهێزی بەرهەڵستکار هەیە کە بەرگری لە کەمینەکان دەکات و، سەرەڕای ئەوەش کە حکومەتەکانی دەرەوە فشار دەخەنە سەر ئەو حکومەتە، بەڵام گروپە بەرهەڵستکارەکە هاوکاری زۆر ناکرێن بۆ ڕووەڕووبوونەوەی ئەو تۆمەتانەی کە ئاراستەیان کراوە. هەندێ لە ئەندامانی کەمینەکە هەر ئێستاش لە ماڵەکانی خۆیان دەرکراون و لە مافە بنچینەییەکانیان بێبەش کراون. زۆر کەس هۆشداری ئەوە دەدەن کە حکومەت بەم زووانە ڕێکاری توند دەگیرێتە بەر لە دژیان.

**پێناسەکردنی جینۆساید**

بەهۆکاری تیۆری و پراکتیکییش وەکو یەک، هەوڵی پێناسەکردنی جینۆساید هەمیشە ئەرکێکی ئاڵۆز و بێهیواکەر بووە، کە لە ئەنجامی پراکتیکدا بۆ نمونە سەخت دەبێت پێوەری سزایی بەسەر ئەنجامدەراندا پیادە بکرێت (چۆن بڕیار بدرێت لەسەر ئەوەی کوشتار تەواو دەبێت ئینجا جینۆساید دەستپێدەکات؟) بەهۆی ئەو ئاڵنگارییانەی کە سەبارەت بە پێناسەکە لە ئارادایە، دەتوانین مەزەندەی ئەوە بکەین، کە قەت چارەسەر نابێت.

ئەم زنجیرەکتێبە، بە شێوەیەک لە شێوەکان، پێناسەیەکی بەرفراوانتری جینۆساید لەوەی کە لە ڕێککەوتننامەکەی یوو ئێن هەیە، بەکار دەبات. لە پراکتیکدا، ئێمە ئەو پێناسەیە پیادەیە دەکەین کە چاڵک و جۆناسۆن پێشنیاریان کردووە، کە هاودژ نییە لەگەڵ پێناسەکانی تر، هەروەها ڕێگایەک دەستەبەر دەکات لەو سنووردارێتییەی پێناسەکەی یوو ئێن ڕزگارمان بێت. لەناو ئەم چوارچێوەیەدا ئێمە دۆخگەلێ دەدۆزینەوە قوربانییەکانی گروپی سیاسی بوون، وەک لە یەکێتی سۆڤیەتدا هەبوو، هەروەها ڕووداوەکانی ڕۆژگاری مۆدێرن دەدۆزێتەوە، وەکو تبت، هەروەها ئەو دۆخانەی مشتومڕی ئەوەیان لەسەر هەیە ئایا جینۆسایدن یان هەوڵی جینۆسایدی کولتوورین.
ئێمە دەبی بەردەوام ئەوە وەبیری خۆمان بهێنینەوە کە بە بێ ڕەچاوکردنی ئەو پێناسە وردەی کراوە، هەر نمونەیەک لە جینۆساید دۆخی کوشتنی ئادەمیزادە بەهۆی ئەنداميێتییان لە گروپیکی ئیتنیکی، نەژادی، ئایینی، یان وەک کەسی خۆیان ئەوان هیچ تۆمەتێکیان لەپاڵ نییە و کوژراون، کە ئەمە مەترسییەکی گەورەیە، نابێ لێی ببورین.

**پۆلێنکارییەکانی تاوانباران:**
دوای ئەوەی هەوڵە سەرەکییەکانی دەستنیشانکردنی چەمکی جینۆسایدمان خستەڕوو، ڕووی سەرنجمان دەخەینە سەر ئەو پۆلێنکارییە ئەکادیمییانەی کە بۆ تاوانباران، لەم ساڵانەی دواییدا، خراونەتە ڕوو. ئەمەش وامان لێدەکات بە شێوەیەکی قوڵتر و فراوانتر لەم دیاردەیە بکۆڵینەوە:
چاڵک و جۆناسۆن، پۆلێنکردنی جینۆساید کە لە سەر بنچینەی پاڵنەرەکانی ئەنجامدەرانی جینۆسایدن، بە چوار جۆر[٢٣] دادەنێن:[٢٤]
- مامەڵەکردن لەگەڵ چەمکی نیازپاکی یان هەڕەشەی چاوەڕوانکراو
- خوڵقاندنی کەشێکی ترس و تۆقین لە نێو دوژمنە راستەقینەکان مرۆڤ، یان دوژمنە چاوەڕوانکراوەکان
- بۆ بەدیهێنانی سامانی ئابووری
- بۆ پیادەکردنی باوەڕ، تیۆری یان ئایدۆلۆژیا

دەشێ هەر دۆخێکی جینۆساید زیاتر لە یەک پاڵنەری هەبێت، بەڵام پێشنیاری ئەوە دەکەن هەر دۆخێک لە ژێر یەک لەو پۆلانە دابنێن، بە پێی پاڵنەری زیاتر چەسپاو لەسەر دۆخەکە.

ئێمە بینیمان جینۆساید دەکرێت بە پێی جۆری کۆمەڵگاکان پۆلێن بکرێت، هەروەها بەپێی سروشتی تاوانبارە ئەنجامدەرەکانیان. هۆرۆتز زنجیرەیەک کۆمەڵگای مۆدێرن پێشنیار دەکات کە بەرهەڵستکارەکانیان رێز لێدەگیرێن و مافی تاکەکانیان لەوەی جیاوازبن، دەستەبەر کراون. لێکۆڵەرانی تر پێشنیاری پۆلێنکاری تر لەسەر بنچینەی گۆڕاوەکان، وەکو شێوازەکانی کوشتن، پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و ئاڵۆزیی دامەزراوەی، دەکەن. هەندێکی تر مشتومڕی ئەوەیان کردووە کە لە ڕابردوودا جینۆساید لە پێناوی بنیاتنان و بەهێزکردن و پاراستنی ئیمپراتۆریاکان، ئەنجامدراون، بەڵام ئەم جۆرە لە جینۆساید لە سەدەی بیستەمدا دۆخی دەگمەن بوون. هێشتاش هەندێ کەسی تر ئاماژە بە گرنگی هەڵسەنگاندنی پەیوەندی نێوان دەوڵەتی نەتەوەیی و چەندبارەبوونەوەی جینۆساید لە سەدەی بیستەم، دەکەن. هەروەها جیاکردنەوەی نێوان دۆخی ئیمپراتۆرییەکان (لە ڕابردوودا) و دەوڵەتە نەتەوەییەکان (لە ئێستادا)، هەروەها کاری تیۆری پێویست بۆ ئەم هەڵسەنگاندنە هێشتا تەواو نەکراوە.
ئەگەرچی زۆر لە بارەی کاریگەری جینۆساید لەسەر قوربانییەکان نووسرا، سەرنجی

---

٢٣- Chalk and Jonassohn, The History and Sociology of Genocide, p. ٢٩.

کەم درایە کاریگەرییەکەی لەسەر کۆمەڵگەی تاوانبارانی ئەنجامدەر. ئەم دینامیکییە زۆر بایەخدارە لە پەیوەندی بە هەوڵەکانی ڕێپێگرتنی جینۆساید لە دوارۆژدا. لە ڕوانگەی مێژووییەوە، کاریگەری جینۆساید لەسەر کۆمەڵی ئەنجامدەرانیدا بە ڕاستەوخۆیی پەیوەندیدارە بە فاکتەرە پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی ئەو تاوانە. جینۆساید ئەنجام دراوە، لە پێناوی ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە، یان بۆ بڵاوکردنەوەی تیرۆر و تۆقاندن، یان بۆ بەدیهێنانی هێزێکی ئابووری. هەندێ کەیس بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕابردووی دێریندا ڕوویانداوە لە سەردەمی داگیرکارییەکاندا. ئەم جۆرە جینۆسایدە بە جۆرێ (سەرکەوتوو) دەژمێردرێن و سامانی ئابووری پێ زیادکراوە. ئەو فاکتەرانەی کە پاساوی ئایدۆلۆژیین بۆ جینۆساید، زیاتر ئەبستراکتن، ئامانج لێیان پاکتاوی رەگەزی و ڕەوایەتیدانە بە ڕژێمی نوێ یان دروستکردنی هۆمۆجینێتی بۆ دەوڵەتێکی نەتەوەیی. ئەم جۆرە جینۆسایدانە زیانێکی بێشومار دەگەیەننە کۆمەڵگە تاوانتیاکراوەکان، کاریگەرییەکەی لەوەش قووڵترە، چوون هەموو بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکانی وێران دەکات، بەم بۆنەیەوە جینۆسایدی پاساودراو بە ئایدۆلۆژی توانای ئەوەی هەیە قەیرانێکی ناوەکی زۆر قوڵ لەناو ئەو کۆمەڵگایانەدا دروست بکات کە تاوانەکەی تێدا ئەنجام دراوە.

**پۆلێنبەندی قوربانییەکان:**

قوربانییەکان دەشێ بەشێک لە هەمان کۆمەڵی تاوانئەنجامدەرەکان، یان لە دەرەوەی کۆمەڵەکە بن. پێویستی بە ئامادەکارییەکی کەمێ سەرەتایی هەیە بۆ دێواندن و بەنامرۆڤ پیشاندانی گروپی قوربانییە دەرەکییەکان، کە زۆرێک لە کۆمەڵگەکان خەڵکی بێگانە وەک کەمنرختر لە ئەندامەکانی کۆمەڵگەی خۆیان دەزانن لە ڕووی جەوهەری مرۆڤبوونەوە. لە هەندێ دۆخیشدا وایان دادەنێن کە هەر مرۆڤ نین، بە مانای تەواوی مرۆڤبوون. ئەو کۆمەڵکوژییانەی لە دژی قوربانییەکانی ناوخۆی کۆمەڵەکان ئەنجام دراون، بە پلەی یەکەم لە سەدەی بیستەمدا روویان داوە. جینۆسایدی ناوخۆیی پێویستی بە دوو کردە هەیە،

١/ ئاماژەپێدانیان وەک دەرەکی

٢/ دوورەپەرێزکردنیان و هەڵاواردنیان.

ئەم پرۆسانە لە ئەڵمانیای نازی لە دژی جولەکە پیادە کران، کە لە سەرەتاوە وەک بەشێک لە کۆمەڵگەی ئەڵمانی دادەنران و لە قۆناغێکی تردا دوور خرانەوە. بۆ ئەوەی جینۆساید ڕووبدات دەبێت کۆمەڵگەی جینۆسایدکار ئەو ناسنامە تازەیەی گروپی قوربانی قبوڵ بکات، ئەگەر ئەو کردەیە سەرنەگرێت جینۆسایدیش سەرناگرێت.

...

هەندێک کەس بێگانەکان وەک مرۆڤی نامۆ دەبینن. بە ڕەچاوکردنی رۆڵی بێگانەکان یان «ئەوانی تر» لە شێوەگرتنی ناسنامەی گروپ، ئایا دوژمنایەتی بەرامبەر ئەوانی تر، جا مەیلی کوشتنی لەگەڵ بێت یان نا، دەبێتە هۆی چەسپاندنی ناسنامەی گروپ؟ یان، ئایا، لە ڕاستیدا ئەوە یەکێکە لە نیشانەکانی ناسنامەی گروپی لاواز یان ناسەقامگیر؟

**جۆرەکانی قوربانییەکان:**

جۆرەکانی قوربانییەکان وەک لە رێککەوتننامەکەی یوو ئێن بینیمان دەبێتە چوار بەشەوە: نەتەوەیی، ئیتنیکی، نەژادی و ئایینی. هەندێ پێشنیاری فراوانکردنەوەی کردووە تاکو گروپی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییش بگرێتەوە. دەشکرێ «گروپی ڕاستی» جیا بکرێنەوە، کە دەکری لە لایەن چاودێرە بیانییەکانەوە بکرێت، لەگەڵ «گروپە ساختە»کان، کە تەنها دەکرێ لە لایەن ئەنجامدەری تاوانەکانەوە جیابکرێنەوە. گروپە ساختەکان دەکرێت لە لایەن چاودێرە بیانییەکانیش جیا بکرێنەوە، بەڵام تەنها لەو کاتەدا کە پرۆسەی بە قوربانیکردنیان دەستی پێکردبێت.

نمونەش بۆ ئەم جۆرە گروپانە» ڕاوی جادوگەرە مەزنەکان»، لەم دواییەشدا، چەوساندنەوەی «دوژمنانی گەل» لە لایەن ستالینەوە، لە سییەکانی سەدەی بیستەم. ئەو خاڵەی کە لێیەوە دەستنیشانی قوربانییەکان دەکرێت، ئەویش بابەتێکە کە دواتر لەم کتێبەدا دێینەوە سەری، بایەخی زۆری هەیە لە کاتێکدا بمانەوێت رێگری لە روودانی جینۆساید بکەین. بە شێوەیەکی ئاسایی، دەستنیشانکردنی قوربانی جینۆساید، لەو دۆخەدا نەبێت کە جینۆساید دەستی پێکردبێت، یان تەواو بووبێت، زۆر سەختە ئەگەر مەحاڵیش نەبێت.

**جۆرەکانی تۆمەتبارکردن:**

دەکرێ پەیوەندی نێوان جۆری ئەو گروپەی ئەکرێتە قوربانی و سروشتی ئەو تۆمەتانەی دەدرێتە پاڵی، دەستنیشان بکەین. لەوەش گرنگتر جیاکردنەوە لە نێوان ئەو تۆمەتانەی کە لەسەر بنچینەی راستییە سەلمێندراوەکان و ئەو تۆمەتانەی کە لەسەر هیچ بنچینەیەک دانەنراون و ئاراستەی گروپەکە کراون، کە سەختە راستێتیان بسەلمێندرێت و سەختە گروپەکە بە گشتی دان بە تۆمەتەکەدا بنێن. پێشنیاری نمونەی ئەڵتەرناتیڤ دەکات، وەک پێوەری ژمارەی قوربانییەکان، بە ژمارە یان بە رێژەی سەدی (بەشێک لە هەموو گروپی قوربانییەکە کە لە واقیعدا لەناوبراون.)

گرنگە پشکنین بۆ هەندێ لە کردەکانی کۆمەڵکوژی دیاریکراو، کە لە شوێنی جیاواز لە جیهاندا، لە قۆناغی مێژوویی جیاوازدا، ئەنجام دراون، بکرێت. لە هەمان کاتدا، لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی بەراوردکاری لە نێوان کەیسە جیاوازەکانی جینۆساید بکرێت. ئەم لێکۆڵینەوانە جگە لەوەی بایەخی ئەکادیمی خۆیان هەیە، گرنگی ئەو خەبات و تێکۆشانانەش پیشان دەدەن کە بۆ رێگرتن لە ڕوودانی جینۆساید لە دوارۆژدا، کراوە، کە پێویستە لە سەر بنچینەی تێگەیشتنێکی فراوان لە بارودۆخ و بونیادی کۆمەڵایەتی و پرۆسەکانی (ئابووری، سیاسی، کولتووری، سایکۆلۆژی و هتد)، بنیات نرابن، کە کۆمەڵگە بەرەو جینۆساید دەئاژوون. تەنها دوای ئەوەی کە زانیاری پێویست لەسەر جینۆسایدەکانی ڕابردوو بە دەست دەهێنین، ئینجا دەتوانین گریمانەی هۆکارەکان و ئەگەری جینۆساید لە داهاتوودا بکەین و کار بۆ رێگرتن لە ڕوودانی بکەین. توێژەرانی جینۆساید لە سەرانسەری جیهان، لە ئێستادا تواناکاری جیاوازیان دۆزیوەتەوە بۆ رێگرتن لە ڕوودانی جینۆساید، لە نێو ئەوانەدا سیستەمی هۆشیاری پێشوەختە ( (GEW.

## هەلومەرجە پێویستەکان بۆ جینۆساید

ئێستا دێینە سەر ئەو بارودۆخ و هەلومەرجانەی کە لە سایەیاندا جینۆساید ڕوودەدات. لەم تانوپۆیەد، جارێکی تریش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پێویستی ئەو هەڵسەنگاندنانە، نەک تەنها بۆ چەسپاندنی بایەخی ئەو لێکۆڵینەوە ئەکادیمیانەیە، بەڵکو بۆ گەشەپێدانی ئەو ئامرازانەی کە یارمەتیدەرن لە پێشبینیکردنی ڕوودانی جینۆساید و ڕێپێگرتنی بە شێوەیەک باشتر، لە داهاتوودا.

ڕوودانی هەر جینۆسایدێک پەیوەستە بە سێ گروپی سەرەکییەوە (کە دەکرێت ئەوانیش دابەش ببنە سەر ژێرگروپی تر):

- ئەنجامدەرانی تاوان
- قوربانییەکان
- لایەنی سێیەم (لایەنی دەرەکی)

کردەی جینۆساید؛ کاتێ ڕوودەدات کە هاوسەنگی هێز لە کۆمەڵدا بە شێوەیەک بێت کە گروپی ئەنجامدەرانی تاوان دەسەڵاتێکی چڕ و ڕەهایان هەبێت بەسەر گروپی قوربانییەکانەوە. دەبێت ئەوە وەبیربهێندرێتەوە کە جینۆسایدەکان شێتەکان ئەنجامیان نەداوە، ئەگەرچی ئەوتاکانەی شێتن، دەشێ بتوانن کەسێک بکوژن، یان تەنانەت ژمارەیەک کەس بکوژن، بەڵام ناتوانن خەڵک و دانیشتوانی شوێنێکی دیاریکراو بە تەواوەتی لەناوبەرن. گردبوونەوەی دەسەڵات بە شێوەیەک کە گروپی ئەنجامدەرانی تاوان دەسەڵاتی ڕوون و ڕەهایان بەسەر قوربانییەکانەوە هەبێت، پێویستی بەوەیە کە لێماوەکەی تری جیهان هەڵوێستێکی دیارکراویان هەبێت. لێرەدا دەستەواژەی (لێماوەکەی

تری جیهان) ئاماژەیە بە هەموو خەڵکی جیهان کە نە سەر بە گروپی ئەنجامدەرانی تاوان بن، نەش سەر بە گروپی قوربانییەکان. «لایەنی سێیەم» دەکرێن بە سێ گروپەوە:

**کۆمەککاران:**

ئەنجامدەرانی تاوانی جینۆساید هەمیشە کۆمەککاریان هەیە، جا کۆمەکەکانیان چ لە ڕووی پرنسیپەوە لە پشتیوانی و دڵسۆزییانەوە سەرچاوەی گرتبێت، یاخوود بەهۆی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیانی خۆیانەوە، بە پشتبەستن بەو وێنایەی کە تاوانباران هێزێکی گەورەن و دەکرێ سوودیان پێبگەیەنێت.
لە ڕاستیدا؛ ژمارەی ئەو کەسانەی کە کۆمەکی تاوانباران دەکەن زۆر زیاترن لە ژمارەی ئەو کەسانەی کە یارمەتی قوربانییەکان دەدەن. تاوانباران بە ڕێگەی جیاواز کۆمەک دەکرێن: هەندێک؛ یارمەتی دەسەڵاتی دەوڵەتەکە دەدات، بە بێ ئەوەی خۆی ڕاستەوخۆ بەشدار بێت لە کردەی کۆمەڵکوژییەکە. هەندێکی تر یارمەتی تاوانباران دەدەن لە دۆزینەوە، دەستنیشانکردن و ڕادەستکردنی قوربانییەکان، وەک ئەوەی لە فەرەنسادا ڕوویدا لە کاتی هۆلۆکۆستدا، جولەکەکانیان گرت و دوورخستەوە و هەموو ئەوەش بە یارمەتی پۆلیس فەرەنسی و دەسەڵاتی فەرەنسا ئەنجام درا. هەروەها هەندێکی تر هێشتاش بە ڕاستەوخۆی کۆمەکی تاوانباران دەکەن، وەک چۆن هەندێ لە ڕێکخراوە نێوخۆییەکان و دانیشتوانە خۆجێیەکان لە ئەوروپای رۆژهەڵات، لە کاتی کۆمەڵکوژی جولەکەکان، کردیان.

**ئەوانەی کە فریای قوربانی دەکەون:**

دەشێ ئەو کۆششانەی بۆ فریاکەوتنی قوربانییەکان دەکرێن لە هەوڵی تاکەکەسییەوە سەرچاوەان گرتبێت، بەهۆکاری پەیڕەویکردنی بەهای ئیتنیکی و ئەخلاقی. ئەم جۆرە هەوڵانە مەترسی گەورەیان بەدواوەیە و لە هەندێ دۆخدا مەترسی مەرگیان هەیە. گرنگە جەخت بکەینەوە لەوەی کە ژمارەی ئەوانەی یارمەتی قوربانییەکان دەدەن، زۆر کەمن لەناو لێماوەکەی تری جیهان، ئەوانیش چاکەکانی ناو نەتەوەکانن لە دۆخی هۆلۆکۆستدا. (دواکتێبی ئەم زنجیرەیە، «بۆیە نەمویست لە بێدەنگەکان بم»، تیشکێکی قووڵ دەخاتە سەر چاکەکانی نێو نەتەوەکان.)

**تەماشاکاران**

ئەوانەی کە بێدەنگ دەمێننەوە و بێباکن لە ڕوودانی جینۆسایدی ئەنجامدراو، ژمارەیەکی زۆر زیاترن لە هەردوو گروپەکەی تر. لە هەندێ دۆخدا تەماشاکارانی نێوخۆیی کە ئەندامی هەمان کۆمەڵن کە کۆمەڵکوژییەکەی تێدا ئەنجام دراوە، جیادەکرێتەوە لە

تەماشاکارانی دەرەکی کە ئەندامی هەمان کۆمەڵ نین.
دەتوانین بڵێین لەبەر بێجوڵەیی تەماشاکاران، بێ ئەوەی مەبەستیان بێت یارمەتی تاوانبارانیان داوە نەک قوربانییەکان، چونکە ئێمە کە دۆخی بێهەڵوێستی هەڵدەبژێرین، ئەوە لایەنی تاوانبارانی جینۆسایدمان گرتووە. لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە، ناکرێت لە کاتی ڕوودانی جینۆسایددا دەستەوئەژنۆ بمێنینەوە، ناشکرێت ئەو پاساوە باوە پەسەند بکەین کە دەوترێت»هیچ ناکرێت بۆ وەستاندنی» یان»شتی وا هەر ڕوو دەدات». وەک چۆن لە ئینجیلدا فێردەکات: بە نادادپەروەری نادادپەروەری ناوەستێت، تەنیا بەوەی پیشانی کەسێکی تری بدەیت. «وەک تەماشاکەر ڕامەوەستە بە دیار خوێنی دراوسێکەتەوە» (Leviticus ١٩:١٦).

لە کتێبەکەیدا بەناوی (زەبری دەروونی و چارەسەریی: لە توندوتیژی خێزانییەوە بۆ تیرۆر)، پرۆفیسۆری دەروونناسی ئەمریکی خاتوو یودیث لویس هێرمان، کاریگەری جۆرەکانی توندوتیژی (لە توندوتیژی خێزانییەوە تا تیرۆریزمی سیاسی)، لەسەر سەربازە جەنگاوەرەکانی پێشوو، ڕزگاربووانی هۆلۆکۆست، زیندانیانی جەنگ، ژنانی قوربانی توندوتیژی خێزان، قوربانیانی زینای ناوماڵ، شی دەکاتەوە. بە پێی ئەو (کاردانەوەی ئاسایی بۆ ئەو کارە زۆر دژوارانەی بەسەریان هاتووە) ئەوەیە کە لە هۆشی خۆیانی بەرێتەوە، هەندێ لەو توندوتیژی و فشارە کۆمەڵایەتییانە دەربڕینیان بە دەنگی بەرز ئەستەمە، ئەوەیە کە بە وشەی»لەدەربڕین نەهاتوو» ناوی دەبەین.
لەئەستۆگرتنی ئەو زەبروزەنگە ڕەت دەکرایەوە. ئارەزووی نکۆڵیکردن لە زەبروزەنگ چەند بەهێز بێت، هێندەش باوەڕهێنان بەوەی نکۆڵیکردن کار ناکات، بەهێزە. پەندێکی باو هەیە لە ناو خەڵکد دەگوترێت: خێوەکان لە گۆڕەکانیاندا ناحەسێنەوە تا چیرۆکەکانیان نەگێڕدریتەوە. وەبیرهاتنەوە و گێڕانەوەی ڕاستی لە بارەی ڕووداوەکانی زەبروزەنگەوە، مەرجێکە بۆ گێڕانەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی و چاکبوونەوەی قوربانییەکان. بۆ توێژینەوەی»زەبری دەروونی» پێویستە ڕووبەڕووی ئەو لاوازییەی مرۆڤ ببینەوە لە جیهانی سروشتدا و ئەو توانای خراپەکارییەی کە لە سروشتی مرۆڤدا هەیە. کە لە زەبری دەروونی بکۆڵیتەوە، مانای ئەوەیە گەواهیدەری ڕووداوی دژوار بدوێنیت. کاتێ ڕووداوەکان کارەساتی سروشتین یان ئیرادەی خودان، ئەوانی کە گەواهی دەدەن زۆر بە ئاسانی دەبنە هاوسۆزی قوربانی، بەڵام کاتێ گەواهیدەری ڕووداوی مرۆڤکرد بێت دەکەونە نێو ململانێی نیوان قوربانی و تاوانبارەوە. لە ڕووی ئەخلاقییەوە لە کاتی ململانێدا ناتوانی بە شێوەیەکی سروشتی بمێنیتەوە. تەماشاکەران ناچارن لایەنێک بگرن. زۆر شەرمەزارییە لایەنی بکوژ بگرین. هەموو بکوژێک داوا لە تەماشاکار دەکات هیچ شتێک نەکات. بە پێچەوانەشەوە، بانگەوازێکی گەردوونی هەیە بۆ بینین، بیستن

و وتن، قوربانی بە پێچەوانەوە داوا لە تەماشاکار دەکات بەشدار بێت، کارێ بکات، وەبیری بێتەوە.[٢٥]
چۆن و بۆچی تاکەکان و گروپە بێلایەنەکان بە بێباکی لەبەردەم زەبروزەنگ و خراپەکاریەکاندا، دەمێننەوە؟ ئەوە پرسیارێکە ناتوانرێت بەرسقی بدرێتەوە، لە دۆخی شیکاری دۆخی تاکەکاندا نەبێت.

ئایا تەماشاکار بەرپرسیارێتی هەڵدەگرێت؟ یان ئایا لۆمەدەکرێت لەسەر کردەکانی جینۆساید؟ با بابەتی قسەبکەین، ئایا ئێمە لایەنی بکوژانمان نەگرتووە کاتێ ئێمە رێگەی بێمەترسی و گونجاو هەڵدەبژێرن و سازش لەسەر ویژدان و ئەخلاقمان دەکەین و لە رووی جینۆسایددا بە بێدەنگی دەمێنینەوە؟

بە پێی فێن، کۆمەڵێ هۆکار ئەگەری ڕوودانی جینۆساید زیاد دەکات:
- توانای تاوانباران بۆ بەنهێنی ئەنجامدانی
- شکستی لایەنی سێیەم (لایەنی دەرەکی) لە تێگەیشتن لە سروشتی تاوانەکە.
- ناتوانایی قوربانییەکان بۆ بەرگریکردن لە خۆیان و لادانی ئەو پەڵەی شەرمەی کە بە روویانەوە نراوە وەک تاوانبار، هەروەها هەڵگرتنی برێک لە گوناهی ئازاردانیان (لۆمەکە دەخرێتە سەر قوربانی).
- ناتوانایی قوربانی بۆ گرتنەبەری رێکاری پێویست لە دژی تاوانبار، کە ئەمەش لە لاوازییانەوە سەرچاوەی گرتووە.
- نەبوون ئارەزووی بەهێز لای لایەنی سێیەم بۆ سەپاندنی سزا بەسەر تاوانباراندا.

ئەو فاکتەرانەی کە ئاسانکاری دەکەن لە روودانی کردەی جینۆساید (بە ناتوانایی قوربانی بۆ بەرگریلەخۆکردنیشەوە) کاریگەری هەیە لەسەر لێپرسینەوەیان لە دوای بەڵگەکان، ئەگەر بکرێت، ئایا تاوانباران دەناسرێنەوە؟ ئایا تۆمەتبارکران و سزا دران؟

پرسیاری ئازاردەر ئەوەیە، کە دەشێ وەڵامێکی رازیکەری نەبێت، چۆن کەسانێ دەتوانن ژمارەیەکی ئەوەندە زۆر مرۆڤ بکوژن؟ لە هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا ئەو مشتومڕە هاتە ئاراوە کە ئەو کوشتنانەی لەم جۆرەن ناتوانرێت ئەنجام بدریت ئەگەر قوربانییەکان وەک نامرۆڤ دانەنرێن. ئەندامانی گروپێک ناتوانن هەموو ئەندامانی گروپێکی تر بکوژن ئەگەر گروپی بەقوربانیکراو وەک مرۆڤ بە مانای مرۆڤ نەهاتوونەتە ناساندن. بەڵگەی ئەوە هەیە لەسەر ئەوەی جینۆساید دژی ئەو کەسانە کراوە کە بە

---

٢٥- Judith Lewis Herman, Trauma and Recovery: The Aftermath of Violence — From Domestic Abuse to Political Terror (New York: Basic Books, ١٩٩٧), pp. x, ٧-٨.

یەکسان نەبینراون لەگەڵ گروپی تری کۆمەڵدا. بەم ڕێگەیە، گروپی قوربانی تەنها ژێردەستەی گروپێکی کۆمەڵایەتی تر نین، بەڵکو لە لایەن پەلامەردەرەکانیانەوە وەکو نامرۆڤ پێناسەکراون. لە پێش جینۆسایددا ئەنجامدەرەکان هەنگاوی ئەوە دەگرنەبەر کە قوربانییەکان بە بێنرخ، بێگانەی دەرەکی، هەرەشە بۆ سەر بوون، وێنا بکەن و هەروەها وەک کۆمەڵێکی فێڵباز و بێڕەوشت دەیانناسێنن.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو هەڵمەتە ئاراستەکراوە بۆ ناوزڕاندن و داماڵینیان لە مرۆڤبوون، هێشتاش هەندێ جار زۆر سەختە باوەڕ بکەیت ئەفسەر و کارمەندی ئاسایی و خەڵکی شەقام بتوانن خەلکی بێبەرگری بکوژن. بۆ ئەوەی ئەوە بکەن، ئەنجامدەرانی تاوان هەڕەشە دەکەن و کەڵکئاوەژوو لەو کەسانە وەردەگرن کە نەخۆشی عەقڵییان هەیە و لە ڕوو زیهنییەوە ناتەواون و دەتوانن ئازاری خەڵک بدەن.

وەک دەبینین، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لێکۆڵینەوە کە لەم چەند دەیەی دواییدا کراون ئاماژە بەوە دەکەن کە لە زۆربەی کاتدا زۆر قورس نییە باوەڕ بەوە بهێنین ڕۆژێ لە ڕۆژان مرۆڤی ئاسایی وا لێبکرێت کردەوەی «کوشتنی لەم جۆرە» ئەنجام بدات. نموونەیەکی ئەمە، لێکۆڵینەوەیەکی دانیال.ج. گۆڵدهاگن کە گریمانەی ئەوە دەکات ریزەکانی هیتلەر»جەلادی ئامادە»ی لە«خەڵکی ئاسایی ئەڵمانیا» تێدا بووە، کە ئارەزووی بەشداریکردن لە کوشتنیان هەبووە.[٢٦]

لێکۆڵینەوەیەکی تر؛ کە لە لایەن کرستۆفەر.ڕ. برۆنینگ ئەنجام دراوە، ئەوە دەخاتە ڕوو، ئەنجامدەرانی تاوان»پیاوی ئاسایی» بوون، خەڵکی وەکو من و تۆ بوون.[٢٧]

لێکۆڵینەوەکەی ڕۆبەرت لیفتۆن لە بارەی دکتۆرە نازییەکان، دیسانەوە ئەو پرسیارە ئاڵنگاریئامیزە دەوروژێنێت کە چۆن کەسانێک ڕۆڵیان ئەوەیە ئازاری مرۆڤ کەم بکەنەوە، دەتوانن وا زوو بگۆڕێن و ببن بە بکوژ.[٢٨]

بە پێی چاڵک و جۆناسۆن، ئەمە سەرسوڕهێنەر نییە، چوون جینۆساید هەمیشە لە لایەن ڕژێمێکی ناوەندگەراوە ئەنجام دەدرێت. تەنیا کاتێ ئەم کردەوانە ئەنجام نادرێن، کە گروپەکە لە ژێر پەلاماری کەمتردا بن، وەک هەندێ لە گروپەکانی ئەفریقیا کە لە لایەن سپیپێستەکانەوە لە ناو بران.[٢٩] هەموو وڵاتانی دنیا بێباک مانەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵکوژی، وڵاتە زلهێزەکانی وەک ئەمریکا ڕێزپەڕ نەبوو. لە لێکۆڵینەوەکەی

---

٢٦- Daniel J. Goldhagen, Hitler's Willing Executioners: Ordinary Germans and the Holocaust (New York: Knopf, ١٩٩٦).

٢٧- Christopher R. Browning, Ordinary Men: Reserve Police Battalion ١٠١ and the Final Solution in Poland (New York: Harper, ١٩٩٣).

٢٨- Robert J. Lifton, The Nazi Doctors: Medical Killing and the Psychology of Genocide (New York: Basic Books, ١٩٨٦).

٢٩- Chalk and Jonassohn, The History and Sociology of Genocide, p. ٢٨.

کاریگەردا، راوێژکارێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سامانثا پاوەر، هەڵوێستی ئەمریکا شی دەکاتەوە لە بەرامبەر کردەی جینۆسادەکانی کە لە سەدەی بیستەم ڕووی داوە، لەناو ئەوانەدا جینۆساید ئەرمەنەکان، هۆلۆکۆست، جینۆسایدی کۆلۆمبیا، یۆگسلافیا، ڕواندا و بەشەکانی تری جیهان. «چی شتێ شۆکئاوەرە؟» لەوەدا کورتی کردەوە کە» بڕیاربەدەستانی ئەمریکا نزیکەی هیچ شتێکیان نەکرد بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو تاوانە، چونکە «بەرژەوەندی زیندووی نەتەوەیی» ئەمریکا نەکەوتە بەر مەترسییەوە، بۆیە بەرپرسە باڵاکانی ئەمریکا بایەخیان نەدا بە جینۆساید.[٣٠]

هۆیەکی ئەوەی کە کێشەی جینۆساید لە سەرووی لیستی بایەخی سیاسەتمەدارە ئەمریکییەکان نەبوو (سیاسەتمەداری وڵاتانی تریش، لەم پرسەدا) ئەوەیە کە ئەم پرسە جێگەی بایەخی خەڵکی ئەمریکا نەبوو، بۆیە (ململانێکانی ئەندامانی کۆنگرێس لە دژی بێباکی نێونەتەوەیی بەرامبەر بە جینۆسایدی ڕواندا (بە هەمان شێوە ئەندامانی کنێستی ئیسرائیل) لە دژی سیاسەتی حکومەتی وڵاتەکەیان، هیچ کاریگەرییەکی نەبوو لەسەر ژیانی سیاسییان و هیچ کاری نەکردە سەر دووبارە بەربژێرکردنەوەیان لە هەڵبژاردندا.

## جینۆساید وەک پرۆسە

دەکرێت لە جینۆساید وەک زنجیرەەک قۆناغی یەک لەدوای یەک تێبگەین. ئەگەرچی ناکرێ هەر یەک لە قۆناغەکان بە تەنیا بە جینۆساید پێناسە بکرێت، هەر قۆناغێک پەیوەندی تووندوتۆڵی بەویترەوە هەیە، ئەگەر هیچ نەکرێت بۆ ڕێپێگرتنی، ئەوە جینۆساید لە کۆتایدا دەبێتە دەرەنجام.

### پۆلێنبەندی:

لە هەموو زمانەکان و هەموو کولتوورەکاندا، مرۆڤ پۆلێنبەندی دەکات و شتەکان دابەش دەاتە ەر جۆری جیاواز. پۆلێنبەندی ئیتنیکی هەندی جار لە میانەی وردەکاری بونیادییەوە کراوە، وەک ئەوە یاساکانی نۆرمبێرگ لە ئەڵمانیای نازی و یاسای ئەپارتید لە باشووری ئەفریقیا. وڵاتە نەژادپەرستەکان سنووردار یان قەدەغەی تێکەڵاوبوونی گروپەکانی ناو کۆمەڵ دەکەن. ئەو کۆمەڵگانەش کە دەناڵێنن بەدەست دابەشکاری دووجەمسەرییەوە، زیاتر ئەگەری ڕوودانی جینۆسادیان تێدا هەیە.

٣٠- Samantha Power, "A Problem from Hell": America and the Age of Genocide (New York: Basic Books, ٢٠٠٢), p. ٥٠٤.

**هێماگەری:**

ئاماژەدانە بە ئایین، ڕەنگی پێست، شێوەی لووت، شێوازی جلوبەرگپۆشین، هیتر لە سیفەتەکانی تری مرۆڤ. مرۆڤ مەیلی ئەوەی تێدا هەیە کە ناو و هێمایەک بۆ خۆی و ئەو گروپەی تێیدا پۆلێن کراوە، هەڵبگرێت. ئەو ڕژێمانەی کە جینۆسایدیان ئەنجام داوە، کاتی لە کاتەکان ئەو گروپانەیان ناچارکردووە بە هەڵگرتن یان لەبەرکردنی سیمبولێک خۆیان بناسێنن. بێگومان ناسراوترین نموونەش (هەڵگرتن یان پۆشینی ئەستێرەی زەردی داود بوو کە نازییەکان جولەکەکانی ئەڵمانیان ناچاری پۆشینی کردبوو.)

**ڕێکخراو:**

جینۆساید هەمیشە تیمکارییە. ئەگەرچی ڕێکخستن و شێوازەکانی کوشتن زۆرجار ئەوەندە پێشکەوتوو و گەشەسەندوو نییە، وەک ئەوەی لە ڕژێمی نازیدا هەبوو، بەڵام بە بێ ڕێکخراو هەرگیزئەنجام نادرێت. بەم هۆیەوە پێویست نییە سەرمان سوڕبمێنێت کە جینۆساید لەناکاو ناکرێت، کۆمەڵکوژیی لە لایەن حکومەت و دامەزراوەکانی سوپاوە ئەنجام درابێت.

**جەمسەرگیری**:

ئەو گروپانەی جینۆساید ئەنجام دەدەن، ئامادەکاری ئەوە دەکەن کە ڕووبەری نێوان ئەندامە شەرعییەکانی کۆمەڵ و قوربانییەکان زیاد بکەن لە ڕێگەی لەناوبردنی جەستەیی پارتە بەرهەڵستکارەکان و ناوەندە میانڕەوەکانی کە بەرهەڵستی کۆمەڵکوژیی دەکەن. (بۆ نمونە گرتن و کوشتنی ئەندامانی پارتە بەرهەڵستکارەکان). لەمەوە جەمسەرگیریی ڕادیکاڵانە دروست دەبێت و لە کۆتاییشدا خوێنڕشتنی زۆر دێتە ئاراوە .لە میانەی توندوتیژی نێوان هۆتوو و تووتسی لە ڕواندا و بروندی، هەر لایەک خولێکی تۆڵەسەندنەوەیان دەست پێکرد تا لە کۆتاییدا بەرەو کوشتاری بردن. لە میانەی جینۆسایدی ڕواندای ساڵی ١٩٩٤، هووتووەکان تووتسییەکانیان و هووتووە میانڕەوەکانیشیان دەکوشت، ئەوانەی بەرهەڵستی کوشتار بوون.

**ناسینەوە:**

لە میانەی یان ڕاستەوخۆ لە کاتی کۆمەڵکوژیدا، ئەنجامدەران دەستدەکەن بە ئامادەکردنی لیستی ناوی قوربانییەکان (وەک تێبینیمان کرد قوربانییەکان یەکەمجار پۆلێن کران، ئینجا هێمایان بۆ دانرا، دواتر لە مرۆڤایەتی داماڵدران). دوای ئەوە قوربانییەکان هێمایەکی دەرەکییان پێ هەڵدەگیرێت وەکو چۆن جولەکەکان ئەستێرەی

زەردی داودیان پێ هەڵدەگیرا، هەروەها ماڵەکانیان  بە هێمایەک دەستنیشان دەکرێت بۆ ئەوەی بکوژرێن. ئەم کردەی ناسینەوەیەی تاوانباران ئامادەکاری بۆ دەکەن، وا دەکات لەناوبردنەکە بە شێوەیەکی کارامەتر ئەنجام بدەن.
لەناوبردن:
هەنگاوی کۆتایی کوشتنی کردارییە. بەکارهێنانی وشەی  (لەناوبردن) لەجیاتی (کوشتن) جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی تاوانباران وەک مرۆڤ تەماشای قوربانییەکان ناکەن.

## نکۆڵیکردن لە جینۆساید

لە سێ دەیەی ڕابردوودا، ژمارەیەکی زۆر لێکۆڵینەوە لەسەر جینۆساید و نکۆڵیکردن لە جینۆسایدەکان، ئەنجام دران. لە نیویاندا لەسەر هۆلۆکۆست. توێژەرانی جینۆساید، نکۆڵیکردن وەک قۆناغی کۆتایی ئەو جینۆسایدانە دادەنێن کە لە لایەن ئەنجامدەرانی تاوانەکەوە بە «سەرکەوتوو» دەزانرێن. هەوڵ دەدەن دوای ئەنجامدانی تاوانەکە نکۆڵی لێبکەن، یان لای کەم بچووکی بکەنەوە و لە بایەخ و جیدیبوونی کەم بکەنەوە، بۆ ئەوەی ئۆباڵ بخەنە سەر خوودی قوربانیەکان و لە بەرپرسیارێتی ڕابکەن، یان لای کەم رێکاری وا بگرنەبەر زامنی ئەوە بکەن نە خۆیان و نەش دەوڵەت و کۆمەڵگەی کۆمەڵکوژی تیائەنجامدراو، تۆمەتبار نەکرێن. نەوەکانی ئێستا شاهێدی نکۆڵیکردنی هۆلۆکۆستی جولەکەکان و تاوانی کۆمەڵکوژییەکانی ترن کە لە کاتی جەنگدا ئەنجام دراون. جینۆسایدی ئەرمەنەکان (لە لایەن حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی تورکیاوە، کە ئێستا نکۆڵی لە تاوانەکانی باوباپیرانیان دەکەن)، جینۆسایدی ئەمریکییە رەسەنەکان، جینۆسایدی ئابوریجینەکان لە ئوسترالیا، هەروەها جینۆسایدەکانی ئەم دووابیەی یۆگسلافیا، ڕواندا، تیموری رۆژهەڵات، لەوەش زیاتر کەیسەکانی جینۆسایدی هۆلۆکۆست و ئەرمەنییەکان، بوونە بابەتی پێداچوونەوەی مێژوویی.[٣١]

نکۆڵیکردن لە جینۆساید دەشێ لە چەند هۆکاریکەوە سەرچاوە بگرێت. هەندێکیان سروشێکی گەردوونییان هەیە، چونکە مرۆڤ توانای ئەوەی نییە باوەڕ بکات کە شتی ئەوەندە دڕندانە و مەترسیدار لە لایەن مرۆڤەوە ئەنجام بدرێت. لە ساڵی چارەنووسسازی ١٩٤٢ دا  یەکەمین ڕاپۆرتەکان لە بارەی ئۆردوگاکانی مردنی نازییەکان بڵاوبوونەوە.  سەرەڕای ئەوەی ناڕوون و ئاڵۆز بوون، یەک بەویترەوە پەیوەست بوو، بە هەموویانەوە وێنەیەکی ئەوەندە سامناک و دڕندانەیان پیشان دەدا کە جەماوەر بە

٣١- پێداچوونەوەی مێژووی شوازێکە مێژوونووسان پەیڕەوی دەکەن بۆ دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی ڕووداوە میژووییەکان و لێکدانەوەی نوێ بۆیان. لەهەمان کاتدا سەبارەت بە هپلۆکۆست و جینۆسایدی ئەرمەن، ئامانجی ئەوەیە پرسیار و گومان بوروژێنێت سەبارەت بەو بڕوا و  بەند و باوانەی کە خەڵکانێک سەبارەت بەو رووداوانە، لە ئەنجامی زانیاری سنووردارییانەوە، دەریدەبرن.

حوکمی دژواربوونەکەی، نەیدەتوانی باوەڕیان پێبکات. شایانی تێبینیکردنە کە پیاوانی دەسەڵات، پیاوانی ئێس ئێس، بە تایبەت ئەوانەی هێزی ئاسایشی کەمپەکان بوون ئەم نکۆڵیکردنەیان تۆخ دەکردەوە کە لە یادگای قوربانییەکاندا بوون، بەوەی هۆشدارییان پێدەدرا کە نابێت بیانگێڕنەوە. لەناو ئەوانەدا سیمۆن ویستندال «بکوژەکان لەناومانن» دەڵێت:

هەرچۆنێک بێت ئەم شەڕە کۆتایی دێت. ئێمە لە دژی ئێوە شەڕەکە دەبەینەوە. کەستان نامێننەوە بۆ گەواهیدان، تەنانەت ئەگەر یەکێکیشتان دەربازی بێت، جیهان باوەڕی پێ ناکات. دەشی گومانێ، گفتوگۆیەک لە لایەن مێژوونووسانەوە بوروژێندرت، بەڵام قەت دڵنیایی لەبارەیەوە بەدەست نایەت، چونکە بەڵگەکان لەگەڵ خۆتان لەناودەبەین. تەنانەت ئەگەر هەندێ بەڵگەش مایەوە، یان هەندێکتان لە ژیان مانەوە، خەڵک دەڵێن ئەو ڕووداوانە خەیاڵیین و ئەفسانەن، بۆیە باوەڕتان پێ ناکەن: دەڵێن ئەوە زێدەڕۆیی پڕوپاگەندەی هاوپەیمانەکانن و باوەڕ بە ئێمە دەکەن نەک ئێوە. ئێمە ئەو کەسانە دەبین کە مێژووی کەمپەکان دەنووسینەوە.[٣٢]

لە کتێبی «شامپانزی سێیەم»دا لە نێو شتەکانی تردا، دیاردەی جینۆسایدیش لە مێژووی مرۆڤدا و دەگمەنێتی ئەو ڕووداوانەی سەدەی بیستەم، دەخریتە ڕوو. جەیرد دیامۆند، جەخت دەکاتەوە کە نکۆڵیکردن لە پلەی یەکەمدا دەرەنجامی فاکتەرە دەروونییەکانە. جینۆساید دەبێتە هۆی زیانگەیاندنی دەروونی توند بە هەردوولا، قوربانییەکان و ئەنجامدەرانی تاوانەکە، هەروەها بە قووڵی دەروونی ئەوانەش بریندار دەکات کە گوێیان لێ دەبێت. ئاکامی ئەمەش، بێدەنگی و نەتوانینی قسەکردن لەسەر ڕووداوەکان و دەرەنجامەکانیانە.

ڕادەی نکۆڵیکردنی تاکەکەس و گشتی، دەکرێ زۆر لەوەش زیاتر بێت کە بمانەوێت ددانی پێدا بنێین. ستانلی کوهین[٣٣] ئاماژە بەوە دەدات، هەندێ جار کاردانەوەکە جگە لە «نکۆڵیکردنێکی بێگوناهانە» هیچی تر نییە. هەروەها سۆسیۆلۆژیای فەرامۆشکردن کە لە لایەن ئامۆس فەنکستاین و شتێنسالتز نووسراوە.[٣٤] سۆسیۆلۆژیای فەرامۆشکردن وێنەیەکی دەقاودەقی سۆسیۆلۆژیای زانیاری نییە. فەرامۆشکردن دۆخێکە بە مەبەستەوە بەرهەمهێنراوە و لە لایەن دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەپارێزرێت.

---

٣٢- Simon Wiesenthal, The Murderers Are Among Us (McGraw-Hill, ١٩٦٧), paraphrased in Primo Levi, The Drowned and the Saved, p. ١١.

٣٣- Stanley Cohen, States of Denial: Knowing about Atrocities and Suffering (London: Polity Press, ٢٠٠١).

٣٤- Amos Funkenstein and Adin Steinsaltz, The Sociology of Ignorance (Tel Aviv: Broadcast University and Ministry of Defense, ١٩٨٧) [Hebrew].

هەندێ هۆکاری دەگمەنی تریش هەن بۆ نکۆڵیکردن لە جینۆساید. ئەنجامدەرانی جینۆسایدەکانی ڕابردوو نکۆڵی لە کردەوەکانی خۆیان دەکەن تا خۆیان لە بەرپرسیارێتیەکەی لا بدەن. سەبارەت بە لایەنە سێیەمەکان، پاڵنەرێکی سەرەکی لە پشتی نکۆڵیلێکردنی جینۆساید، خواستی خۆدوورخستنەوەیانە لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و شکستی ئەوان لە ڕێگرتن لە ڕوودانی جینۆسایدەکان. ئیدارەی کلینتۆن لە ئەپریل تا ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٤ ڕەتی کردەوە کوشتارەکانی ڕواندا بە جینۆساید بناسێنێت، هۆکارەکەیشی بۆ خۆلادان بوو لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و بەشداریکردنی ئەو هەوڵانەی کە بۆ ڕێپێگرتن و سزادانی تاوانبارەکان دەدران.[٣٥]

ئەدەبیاتی ئەکادیمی لەسەر هۆلۆکۆست و جینۆساید و کوشتارە گەورەکان، بایەخی زۆر دەدات بە ڕەفتاری ئەنجامدەرانی تاوان و لایەنە سێیەمەکان کە بە دۆشداماوی بەدیار کردەی جینۆساید و نکۆڵیلێکردنیەوە وەستان. هەرچۆنێک بێت، توێژینەوە تەواوکراوەکان و تیشک هاویشتنە سەر کردەوەکانی تاکەکان و دامەزراوەکانی کە بەشدارییان لە نکۆڵیکردن لە جینۆساید کردووە، تەنیا لەم سێ دەیەیەی دواییدا دەستی پێکرد.

تەنیا یەک ڕوونکردنەوە لە ئارادا نییە بۆ هۆکارەکانی نکۆڵیکردن لە جینۆساید و پرۆسەی نکۆڵیکردنەکە خۆی و تێگەیشتنی ئێمە بۆ پەلوپۆهاویشتن و زیانەکانی نکۆڵیکاری، بۆ ئەوەی توانای وەسفی هەڵوێستەکانی تێوەگلاوان لە تاکەکان و دامەزراوەکان، بکەین، دەتوانین قسە لە سەر سێ جۆر نکۆڵیکردن بکەین: نکۆڵیکردنی ئاگایانە، نکۆڵیکردنی ئاشکرا و پیشەمەندانەی داپۆشراو بە تێگەیشتنێکی دروستکراو بۆ بابەتەکە، هەروەها نکۆڵیکردنی لە ساویلکەییەوە سەرچاوەگرتوو لە هەوڵی پشتگیرکردنی دوو جۆرەکەی تری نکۆڵیکردن.

ئیسرائیل چارنی پێشنیاری سیستەمێکی فراوان بۆ پۆلێنکردنی نکۆڵیکاران لە جینۆساید، دەکات، لەسەر بنچینەی دوو توخم:

١/ ئاستی جیاوازی زانیاری نکۆڵیکاران، کە لە نێوان نەزانی تەواو و زانیاری تەواو لەسەر جینۆسایدەکەدایە.

٢/ هەڵوێستە جیاوازەکانی نکۆڵیکاران، کە لە نێوان ڕەتکردنەوەی ئاگایانە، شەرمەزارکردن، ڕەخنەلێگرتن، هاندانی ئاشکرا یان نهێنی و ئاهەنگگێڕانی بێفەڕانە بۆ جینۆساید دایە.

---

٣٥- Douglas Jehl, "Officials Told to Avoid Calling Rwanda Killing Genocide," New York Times, ١٠ June ١٩٩٥; Samantha Power, "Genocide and America," The New York Review of Books, ٤٩ (١٤ March ٢٠٠٢).

چارنی گفتوگۆ دەکات و دەڵێت، هەندێ لە نکۆڵیکاران دەرک بەوە ناکەن کە جینۆسایدێک بە کردەوە ڕوویداوە. ئەو جۆرە ناو دەنێت «نکۆڵیکاری بێگوناه»[36] جەخت دەکاتەوە نکۆڵیکاری بێگوناهانە زۆر لەوە فراوانترە کە بیری لێدەکەینەوە.

هەروەها ڕوونیشی دەکاتەوە کە ئەمە یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتن لە ئارەزووی خەڵک بۆ بێدەنگ مانەوە و گێڕانی ڕۆڵێ کە وا بکات ئەگەری ڕوودانی جینۆساید لە کۆمەڵگەکەیدا هەبێت، بە بێ تێگەیشتن لە مەغزای تەواوی کردەی لەناوبردن کە ئەوان بەو بێدەنگییە پشتیوانی دەکەن. جۆرێکی ئاشکرا لە «نکۆڵیکردنی بێگوناهانە» لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، ڕێگە بە نکۆڵیکردنی کۆمەڵکوژی بدرێت لە سەر بنچینەی ئازادی ڕادەربڕین، کە ئەمە ڕێگەخۆشکەرە بۆ لایەنگرانی نکۆڵی بۆ چوونە نیو هەرێمی دانیشتگاکان و ڕاگەیاندنەکان و کەناڵەکانی ترەوە. ئەم جۆرە لە نکۆڵیکاری جینۆساید، شایستەی بایەخی گەورەن، چوون پروپاگەندەچییەکانی نکۆڵیکردن بە مەبەستەوە بەم ئاراستەیە بانگەشە دەکەن و خۆیان وەک نکۆڵیکاری بێگوناه پیشان دەدەن. بۆ ئەو جۆرە تاکانە، مشتومڕی ئازادی ڕادەربڕین و «مافی نوێنەرایەتیکردنی لایەنەکەی تر» گرتنەبەری ڕێگەی پێشکەوتووە بۆ خستنی نکۆڵیکاری بۆ ناو بازنەکانی ئەکادیمی.

جۆرێکی تر لە نکۆڵیکاریی بە پێی چارنی» پێناسەخوازیی»یە، کە پێناسەیەکی بەرتەسک بەکاردەبەن بۆ جینۆساید کە نمونەگەلی تایبەتی جینۆساید نەگرێتەوە. لە کۆتاییدا؛ « ڕێپێگرتنێکی بەردەوام هەیە لەسەر هەر گەلێک بەوەی کۆمەڵکوژییەکەی کەبەسەر ئەودا هاتووە شێوە ڕاستەقینە و تاقانەکەی کۆمەڵکوژییە و ئەو تاوانانەی کە بەسەر کەسانی تردا ئەنجامدراون تاوان و مەرگەساتی کەمترن.»[37]

لە وتارە پرشنگدارەکەیاندا،[38] هەرسێ لێکۆڵەری جینۆساید، ڕوگەر سمیز، ئێریک مارکوسین و ڕۆبەرت ج لیفتۆن، ئەم پاڵنەرانە بۆ نکۆڵیکردن لە جینۆساید لای ڕووناکبیران، پۆلێن دەکەن:»ئایدۆلۆژیای خزمەتیخۆکردن، توندڕەوی، خۆپێناسەکردن لەگەڵ دەسەڵاتدا، تێگەیشتنی تایبەت بۆ مەعریفە. مەرجیش نییە تەنیا لە سەر بنچینەی یەکێ لەم پاڵنەرانە نکۆڵیککارییەکە بنیات بنرێت، لە هەر تاکێکدا ئەمانە دەگۆڕێن. ئەگەر ئێمە فۆکەس نەخەینە سەر ناوەڕۆکی پاڵنەرەکە و بیخەینەسەر شێوەی

٣٦- Israel W. Charny, "Innocent Denial of Known Genocide: A Further Contribution to the Psychology of Denial of Genocide," Human Rights Review ١ (٢٠٠٠), pp. ١٥-٣٩.

٣٧- Israel W. Charny, "The Psychology of Denial of Known Genocides," in Charny (ed.), Genocide: A Critical Bibliographic Review II (New York: Facts on File, ١٩٩١), pp. ٣-٧; Charny, "Commonality in Denial: Classifying the Final Stage of the Genocide Process," International Network on Holocaust and Genocide ١١ (١٩٩٧), pp. ٤-٧.

٣٨- Roger W. Smith, Erik Markusen, and Robert Jay Lifton, "Professional Ethics and the Denial of Armenian Genocide," Holocaust and Genocide Studies ٩ (١٩٩٥), pp. ١-٢٢.

«ئایدۆلۆژی»یەکە، هەروەها پاڵنەرەکانی نکۆڵیکردن لەو دوو کەیسەی هۆلۆکۆست و جینۆسایدی ئەرمەنەکان، کۆمەڵێ خاڵی هاوبەش دێنەدەست.[٣٩]
سمیز، مارکۆسین و لیفتۆن تێبینی ئەوەیان کرد ئەو لێکۆڵەرانەی کە شیکارییان بۆ نکۆڵیکارانی هۆلۆکۆست کردووە، پاڵنەرەکەیان لەوەدا کورت کردۆتەوە کە بە پلەی یەکەم ئایدۆلۆژی بووە. بۆ نمونە، لە ئەزموونی فاورسۆن و پێداچوونەوەخوازەکانی تری فەرەنسایی وەکو پییر ڤدال ناکویت، جەخت دەکەنەوە لەوەی لە کاتێکدا دژە سامییە نەریتییەکان (مۆریسیی)یە فەرانسییەکان مەیلی ئەوەیان هەیە لایەنگری ئیسرائیل بکەن، پێداچوونەوەخوازەکان دژی زایۆنیزمن.[٤٠]
بە هەمان شێوە، لە ئاماژە بە نکۆڵیکارانی هۆلۆکۆست، دێبۆرا لیپستاد لە دەرەنجامدا دەڵێت (ڕوونە کە نکۆڵیکاران بایەخ نادەنە لیکۆڵینەوە و عەقڵ، زۆرینەیان دژە سامیین و توونڕەون.»[٤١]

لە کاتێکدا سمیز مارکۆسین و لیفتۆن پێیان وابوو ئەو ڕوونکردنەوەیە ڕاستییەکی تێدایە، لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا دانیان بە بەشێکیدا نا. تێبینی ئەوەیان کرد کە دژەزایۆنییەکان هەروەکو هەندێ لە دژەسامییە توندڕەوەکان، نکۆڵی ناکەن لە ڕوودانی هۆلۆکۆست.
نکۆڵیکردن لە جینۆساید، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، پشتیوانیکردنە لە جینۆسایدی ئەرمەنەکان، ڕۆمانییەکان و هەر گروپێکی تر. نکۆڵیکردنە لە ڕاستی، ئەمەش ئەتککردنی ئەخلاقە، لە هەندێ کەیسیشدا تاوانێکی یاساییە. ئەگەرچی خەبات لە پێناوی دانپێدانانی جینۆساید پەیوەست بووە بە ڕووداوەکانی شەستەکان و نەوەتەکان و لە هەندێ کەیسیشدا هی سەد ساڵ پێشتر، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ململانێی نێوان ئێستا و دوارۆژە. ددانپێدانانی ئاشکرا و سزادانی بکەرانی جینۆساید مەرجێکی پێویستە بۆ ڕێگرتن لە ڕوودانی جینۆساید لە دوارۆژدا.

---

٣٩- Ibid., p. ١٤.
٤٠- Pierre Vidal-Nacquet, "Theses on Revisionism," in The Assassins of Memory: Essays on the Denial of the Holocaust (New York: Columbia University Press, ١٩٩٢).
٤١- Deborah Lipstadt, Denying the Holocaust: The Growing Assault on Truth and Memory (New York: The Free Press, ١٩٩٣), p. ٢٠٦.



# ڕاپۆرتێك سەبارەت بە هەشتەمین کۆنگرەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

مەهاباد قەرەداغی

**پاشخانی مێژوویی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان:**

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ڕێکخراوێکی پیشەیی تایبەتمەندە بە ئافرەتان و سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە. لە کۆنگرەی دووەمی پارتی دیموکراتی کوردستاندا کە لە ساڵی ١٩٥٣دا بەسترا بڕیاری دامەزراندنی دراوە، بەڵام بیرۆکەی دامەزراندنی ڕێکخراوەکە دەگەڕێتەوە بۆدەستپێشخەریٚ چەند ئافرەتێکی چالاکی شاری سلێمانی کە ئەو دەم ئەندامی کارای پارتی بوون. لە ١٩٥٢/١٢/١١ دا لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە ماڵی میرزا غەفووردا ئەنجام دراوە، پێشنیاری دامەزراندنی ڕێکخراوەکە ئامادە کرا تا لە کۆنگرەی دووەمی پارتیدا بڕیاری لەسەر بدرێت. سەرەتا ڕێکخراوەکە ناوی یەکێتی ئافرەتانی دیموکراتی کوردستان/عێراق بووە.

ئەو ئافرەتانەی کە لە کۆبوونەوەی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەدا ئامادە بوونە بریتی بوون لە (بەهیە مەعروف، درەخشان جەلال حەفید، سورەیای مەلای گەورەی کۆیە، ناجیە مستەفا موفتی، ناجیە میرزا غەفوور، ئافتاو کەریم کە بە ئاتەی خەنەشۆ ناسراوە، مەدیحە مەحەمەد ئەمین و هەروەها چەند خانمێکی تر ئاگادار بوونە ئەگەرچی لەبەر هۆکاری سیاسی لە کۆبوونەوەکەدا نەبوونە وەک ناهیدەی شێخ سەلام، زەکیە ئیسماعیل حەقی و لوتفیە سدیق). جگە لەم خانمانە ئەنجوم زوهدی و ڕووناک زوهدی لە سەرەتاکانی دامازراندنی ڕێکخراوەکەدا بەشدار و چالاک بوونە.

کۆنگرەی یەکەمی ڕێکخراوەکە؛ لە ساڵی ١٩٦٣ د،ا لە ١ تا ٤ی شوبات، لە شاری سلێمانی بە شێوەیەکی نهێنی، بەستراوە. دوو ڕۆژی کۆنگرەکە لە ماڵی بەهیە مەعروف و دوو ڕۆژیشی لە ماڵی ئەنجوم زوهدی بووە. جگە لەو خانمانەی کە لە سەرەوە ناویان هاتووە، پاکیزە شەکیب، باجی خانم، خەمیلە سابیر، نەسرین مەحەمەد ڕەشید، ئامینە مامە مینە، نوخشە سەید برایم حەفید لە سلێمانی و ئافرەتانی کەرکووکیش سوعاد شێخ سدیق، مەلیحە قارەمان، سەمیرە عەلی سەروەت و سەعدیە هەمەوەندی، بەشدار بوونە. بە پێی ئەو زانیاریانەی کە بەردەستن لەو کۆنگرەیەدا مامۆستا بەهیە مەعروف بە سکرتێری ڕێکخراوەکە هەڵبژێردراوە.

کۆنگرەی دووەمی ڕێکخراوەکە؛ لە ساڵی ١٩٧٠، لە ٢٥ی ئەیلوولدا، لە بەغداد بەستراوە. لەبەر ئەوەی لە دوای بەیانی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠دا بووە کە ڕژێمی عێراق ڕێککەوتنی لەگەڵ سەرۆک مستەفا بارزانیدا کرد و ئۆتۆنۆمی بۆ کورد پەسەند کرد و لە دەستووری عێراقدا چەسپا، ژیانی ڕێکخراوەییش گەشەی سەند و لە دۆخی کارکردنی نهێنییەوە گواستییەوە بۆ خەباتی ئاشکرا. یەکێتی ئافرەتانی دیموکراتی کوردستانیش لەو کۆنگرە ئاشکرایەدا بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زیاتر لە ئافرەتانی هەموو شارەکانی کوردستان و بەغداش کۆنگرەیان بەست. لەو کۆنگرەیەدا؛ زەکیە ئیسماعیل حەقی بووە بە سکرتێری ڕێکخراوەکە و، ناوی ڕێکخراوەکە گۆڕاوە بە (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان) و، لقی ڕێکخراوەکە لە شارەکانی کوردستان کراوەتەوە. هەر لەم ساڵەدا پەیڕەوی ناوخۆ بۆ یەکێتی ئافرەتانی کوردستان نووسراوەتەوە و مۆڵەتی فەرمی وەرگرتووە. پەیڕەوەکە لە (القوانین و التشریعات العراقیة/ ذ×و× القوانین و التشریعات العراقیة منذ سنة ١٩٦٠-٢٠١١) دا بڵاوکراوەتەوە. ئافرەتانی کورد لە ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ جگە لە چالاکی ئاشکرا و بەردەوامیان لە ناوخۆی کوردستاندا، ڕوویان لە دەرەوەی وڵات کردووە و بەشداری کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی ژنانی وڵاتانی دنیاش بوون، بە تایبەت بۆ چین و یەکێتی سۆڤیەت و ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات چوون و پەیوەندییان بە ژنانی ئەو وڵاتەوە کردووە و نوێنەرایەتی پرسی ژنی کوردیان کردووە.

بە پێی پەیرەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکە، دەبیت سێ ساڵ جارێک کۆنگرە ببەسترێت، بەڵام بەهۆی بارودۆخی سیاسی ناسەقامگیری کوردستان و قۆناغەکانی شۆڕشەوە، زۆر جار کۆنگرەکان دواخراون و ماوەیەکی زۆر لە نێوانیاندا هەبووە.

[ لە نێوان کۆنگرەی دووەم و سێیەمی یەکێتی ئافرەتاندا مەودایەکی درێژ هەیە کە تا ڕاپەڕینی ساڵ ١٩٩١ درێژەی هەیە. بەهۆی نسکۆی شۆڕش و پەرتەوازەبوونی کوردەوە، ڕێکخراوەکەش لێک دەترازێت و لە تاراوگەدا چەند ئافرەتێک بە تایبەت لە ئێران درێژە بە خەبات دەدەن و هەوڵ دەدەن ڕێکخراوەکە ببوژێننەوە. ئەو ئافرەتانەی کە لە تاراوگەدا نەیانهێشتووە ڕێکخراوەکە هەناسەی لێ ببڕێت و لە ئێران هەندێ چالاکییان ئەنجامداوە بریتی بوون لە وەزیرە پیرداود، کوردستان پیرداود، ڕازیە حەسەن. لە ساڵی ١٩٨٦ بڵاوکراوەیەک بە ناوی «دەنگی ئافرەت» دەرچووە کە وەک ئۆرگانی یەکێتی ئافرەتی کوردستان لقی ئاوارەیی ناسێندراوە و لە ١٢ لاپەڕە پێکهاتوە. ئەم بڵاوکراوەیە تا ساڵی ١٩٩٠ شەش ژمارەی لێ دەرکراوە و بە ڕۆنیۆ تایپ کراوە و لە چاپخانەی ڕۆژنامەی خەبات چاپکراوە.

کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان؛ لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ و لە کەشوهەوایەکی ئازادیدا بەستراوە. هەر لەو کاتەدا کە ئامادەکاری بۆ دروستکردنی

پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە، ڕێکخراوەکانیش دەستیان بە خۆسازدانەوە کردووە. کۆنگرەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە ١٩٩٢/٢/١٩، لە هەولێر بەستراوە و لەو کۆنگرەیەدا شیرین ئامێدی کراوە بە سکرتێری ڕێکخراوەکە. لە نێوان ئەو کۆنگرەیە و ئەوەی دوای خۆی قۆناغی شەڕی ناوخۆ هەبووە و مەخابن زانیاری لە ئەرشیفی ڕێکخراوەکەدا نییە سەبارەت بە کار و چالاکییەکان، بەڵام ئەوە زانراوە کە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئەوکاتە دژ بە شەڕی ناوخۆ بەشداری ڕێپیوانیان کردووە و بەیانیان دەرکردووە.

کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە ١٩٩٩/٧/٢٧ دا، لە هەولێر بەستراوە، دووبارە شیرین ئامێدی وەک سکرتێری ڕێکخراو دانراوەتەوە. بڵاوکراوەی «دەنگی ئافرەت» کە شەش ژمارەی لە ئاوارەیی دەرچوو بوو، ئەکتیڤ کرایەوە و لە شێوەی گۆڤاردا دەرکرا و کرایە زمانحاڵی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان. سکرتێری ەکێتی ئافرەتان خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارەکە و پرشنگ فەلەکەدینکاکەیی سەرنووسەری بووە و دەستەی نووسەرانیشی بریتی بوون لە»نەزیرە بامەرنی، زەکیە بەرواری، هێرۆ بەرزنجی، سەبیحە بارزانی، سنۆبەر سابیر، چیمەن قادر بەنا» وەک گۆڤارێکی وەرزی ٢٦ ژمارەی لێ دەرچووە. دوا ژمارەی لە ئاداری ٢٠٠٢ دا دەرچووە.

کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان؛ لە ٢٠٠١/١٠/٢٧ لە هەولێر بەستراوە. لەم کۆنگرەیەشدا شیرین ئامێدی وەک سکرتێری ڕێکخراوەکە دانراوەتەوە.

کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان؛ لە ٢٠٠٧/٣/١٢ لە هەولێر بەستراوە. لەم کۆنگرەیەدا د. کوردستان موکریانی وەک سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دانراوە و دەستەیەکیش وەک ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت هەڵبژێردراون. پەیڕەو و پرۆگرامێکی نوێ بۆ ڕێکخراوەکە دانراوە و پەسەند کراوە. لەم قۆناغەدا یەکێت ئافرەتانی کورستان درێژەی بە گۆڤاری دەنگی ئافرەت نەداوە، بەڵام گۆڤارێکی تر دەرکردووە بە ناوی (وێ). هەر لەم قۆناغەدا باڵەخانەیەکی تایبەتی بۆ ڕێکخراوەکە دروستکراوە و لەو باڵەخانەیەدا هۆڵی چالاکی و پەیمانگەی پێگەیاندنی کادیرانی ئافرەت کراوەتەوە. ڕێکخراوەکە ستاتووەکی تۆکمەتری وەرگرتووە و کاراتر بۆتەوە.

کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان؛ لە ٢٠١٠/٨/٤ دا هەر لە هەولێر بەستراوە. د. ڤیان سلێمان وەک سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و دەستەیەکی حەوت کەس وەک ئەندامی سەرەکی و دوو کەس وەک ئەندامی یەدەک بۆ مەکتەبی

سکرتاریەت هەڵبژێردراون. لەم کۆنگرەیەشدا دەستکاری پەیڕەو و پرۆگرامی ڕێکخراوەکە کراوە و لۆگۆی نوێی بۆ دەستنیشانکراوە و پەسەندکراوی کۆنگرە بووە. جگە لە گۆڤاری وێ کە سەرنووسەرەکەی سەروین ئەحمەد بووە، ڕێکخراوەکە گۆڤارێکی وەرزی هزری دەرکردووە بە ناوی گۆڤاری شیکار کە سەرنووسەرەکەی مەهاباد قەرەداغی بووە و ڕادیۆیەکی تایبەت بە ئافرەتان بە ناوی ڕادیۆی هێلین دەستی بە پەخش کردووە کە بەڕێوەبەرەکەی نەرمین سندی یە. پەیمانگای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ پرسەکۆمەڵایەتییەکان لە ٢٠١١ دامەزرا و چالاکی کۆمەلایەتی، پەروەردەیی، رۆشنبیری جۆراوجۆری ئەنجام داوە. شایانی باسە بگوترێت یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە قۆناغی شەڕی داعش دا رۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە کۆمەککردنی ئاوارەکانی شەنگال بە گشتی و ژنانی ئێزیدی بە تایبەتی. هەروەها پشتیوانیکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پێسنیارکردن بۆ دامەزراندنی هێزێکی ژنان بۆ بەرگری لە کوردانی ئێزدی کە بە کچانی ڕۆژ دەناسرێن و پێشمەرگەن بۆ بەرگری لە خاک و هاوکاریکردنی کوردانی ئێزیدی.

**کۆنگرەی هەشتەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان:**

هەشتەمین کۆنگرەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان؛ لە رۆژانی ٣ و ٤ ی ئەیلوولی ٢٠١٨دا، لە هەولێر بەسترا. ژمارەی ئەندامانی بەشدار لە کۆنگرە ١٦٦ نوێنەر بوون کە لە تەواوی شار و شارۆچکەکانی کوردستانەوە نوێنەرایەتی ئەندامانی دەڤەرەکانی خۆیانیان دەکرد. لەم کۆنگرەیەدا بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان د. ڤیان سلێمان دووبارە وەک سکرتێری ڕێکخراوەکە دانرایەوە، بۆ ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەتیش میکانیزمێک گیرایە بەر کە بە پێی جگرافیای کوردستان دانرابوو. بەپێی ئەو میکانیزمە دەبوو بۆ شاری هەولێر ٢ ئەندامی سەرەکی و یەک ئەندامی یەدەک هەڵبژێردرێت، بۆ شاری دهۆک یەک ئەندامی سەرەکی و یەک ئەندامی یەدەک، بۆ شاری کەرکووک یەک ئەندامی سەرەکی، بۆ شاری سلێمانی یەک ئەندام، بۆ پێکهاتەکانی یەزیدی و مەسیحی هەر یەکە و ئەندامێک. ئەم میکانیزمەی دانرا بە پێی ژمارەی ئەندامانی ڕێکخراوەکەش بوو لە هەر یەکێک لەو شارانە.

لە رۆژی یەکەمی کۆنگرەدا؛ سەرۆک مەسعود بارزانی و ژمارەیەکی زۆر لە میوانان بۆ کردنەوەی کۆنگرە ئامادە بوون کە زیاتر لە ١٥٠٠ میوان بوون. پاشنیوەڕۆی رۆژی یەکەم ڕاپۆرتی گشتی و ڕاپۆرتی دارایی هەشت ساڵ خوێندرایەوە. دواتر ئەندامانی کۆنفرا دابەشبوونە سەر چەند گروپێک تا تاوتوێی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ و ڕاپۆرتی گشتی بکەن و پێشنیارەکانیان بخەنە روو. لە دوای نیوەڕۆی رۆژی دووەم، واتە ٢٠١٨/٩/٤ هەڵبژاردنی ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت بە ئامادەبوونی بەڕێز ساسان عەونی

بەرپرسی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حاکم ئومید کە سەرپەرشتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەی دەکرد دەرگای خۆپاڵاوتن کرایەوە. بۆ هەر یەک لە شارەکان چەند کەسێک خۆیان پاڵاوت و بە شێوازی دەنگدانی نهێنی ١٦٦ ئەندام مافی دەنگدانیان هەبوو. لە ئەنجامدا ئەوانەی دەرچوون بریتی بوون لەم بەڕێزانە کە لەم خشتەیەدا دەیخەینە ڕوو:

| ناوەکان | ژمارەی دەنگەکان | شارەکان | جۆری ئەندامێتی |
|---|---|---|---|
| د. ڤیان سلێمان | | دهۆک | سکرتێر |
| نارین عەبدولقادر | ١٠٦ | هەولێر | ئەندامی سەرەکی |
| زیبا تەها | ٩٥ | هەولێر | ئەندامی سەرەکی |
| دڵخواز عەجیل | ٤٧ | هەولێر | ئەندامی یەدەگ |
| ناسک سەعید | ٦١ | سلێمانی | ئەندامی سەرەکی |
| پەیمان تەها | ٧١ | کەرکووک | ئەندامی سەرەکی |
| زوهەیلە یوسف | ٧٢ | دهۆک | ئەندامی سەرەکی |
| شەیما مستەفا | ٦٥ | دهۆک | ئەندامی یەدەگ |
| دلڤین خەلەف | ٧١ | شەنگال/ پێکهاتەی ئێزیدی | ئەندامی سەرەکی |
| ئەیهان عەدنان | ٦١ | موسڵ/ پێکهاتەی مەسیحی | ئەندامی یەدەک |

ستافی نوێی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە ڕۆژانی دوای کۆنگرەوە دەست بەکار بوون و پەیڕەوی نوێ و پرۆگرامی نوێی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کە پەسەندکراوی کۆنگرە بوو دەخەینە بەر دەستی خوێنەران و خوازیارانی زانیاری. هیوای سەرکەوتنیش بۆ یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و ستافە نوێیە دەستبەکاربووەکەی دەخوازم.



# کۆنگرەی هەشتەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان پێداچونەوەو نوێبونەوە

د. ڤیان سلێمان

**پێشەکی:**

یەکیتی ئافرەتانی کوردستان لە ١٩٥٢/١٢/١١ لەسەر خاکی داگیرکراوی کوردستان و لە دۆخێکی دژواردا وەک ئۆرگانێکی کۆمەڵایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان تایبەتمەند بە پرسی ئافرەت، بە ڕاسپاردەی باوکی ڕۆحی نەتەوەی کورد (بارزانی نەمر) دامەزراوە، لەم دەیان ساڵەدا بەبێ دابڕان کاری ڕێکخراوەیی خۆی درێژە پیداوە بۆ بەرەوپێشبردنی پرسی ئافرەت، هەروەها خاوەنی شانازی بەشداربونە لە بزاڤی ئازادیخوازی گەلی کوردستان، یەکێتی ئافرەتان، ڕێکخراوێکی خاوەن پرس و ئامانج و کارنامەو میکانیزمی پێشکەوتوو بووە لە سەرکردایەتیکردن، سەرەڕای ناهەمواری بارودۆخ پەیڕەوی لە بنەما دیموکراسییەکان کردووەو کۆنگرەکانی خۆی بەستووە.

کۆنگرە لە ژیانی هەر ڕێکخراوێکدا لە هەر بوار و بۆ هەر توێژێکی دیاریکراو بێت فاکتەری سەرەکی بەردەوامی و نوێبونەوەو گەشەسەندنە، بەخۆداچونەوەو هەڵسەنگاندن و دانانی ئاراستەی کاری ئایندەیە، نوێکردنەوەو دارشتنەوەی ڕوانگەو دونیابینی ئەو ڕێکخراوەیە بۆ ئەو پرسەی کە لەخۆی گرتووە، گردبونەوەی گشتی ئەندامان و بەشداریکردنی هزر و ڕوانینیانە لە پلانڕێژی و دارشتنی کارنامەی ڕێکخراو، پابەندییە بە پرەنسیبە دیموکراسییەکان و دەستاودەست کردنی ئەرک و بەرپرسیاریەتی و ڕەخساندنی دەرفەتە بۆ کەسانی نوێ و بیر و هزری نوێ.

**وادەی کۆنگرەو کارنامەی:**

ڕێکەوتی ٢٠١٨/٧/١٨ بڕیار لە بەستنی کۆنگرەی هەشتەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان درا، دواتر لە زنجیرەیەک کۆبونەوە ڕێکارەکانی چۆنیەتی دەستنیشانکردنی ئەندامانی کۆنگرەو دانانی کارنامەی کۆنگرە تاوتوێ کراو بڕیاری پێویستیان لێدرا.

- **کۆنگرەو زمانی ژمارە:**
یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، بۆ بۆ مەبەستی درێژەدان بە کار و چالاکیەکانی و نوێکردنەوەی میکانیزمەکانی کاری لە سۆنگەی بڕوابون بە دیموکراسی و ئەزمون کردنی لە کاری ڕێکخراوەیی خۆیدا، لە ڕێکەوتی ٣-٢٠١٨/٩/٤ لە ژێر ناوی (نیشتمان) و بە دروشمی (تواناسازی ئافرەت، جڤاکی پێشکەوتو) بە ئامادەبونی (١٦٦) ئەندام کە نوێنەرایەتی سەرجەم ئەندامان و ئۆرگانەکانی یەکێتی ئافرەتان-یان لە کوردستان و ئۆفیسەکانی لە دەرەوەی کوردستان دەکرد کۆنگرەی بەست.

ڕوونکردنەوە دەربارەی، میکانیزمی بوون بە ئەندام، دابەشبونی جوگرافی و ئاستی زانستی (بڕوانامە) ئەندامانی کۆنگرە:
سەرجەمی ئەندامانی کۆنگرە بریتی بوو لە (١٦٦) ئەندام، بەم شێوەیە:
بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراو، کە لە کۆنگرەی (٧) لە ئۆگەستی (٢٠١٠) پەسەند کراوە، سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت و ئەندامانی ئەنجومەنی باڵاو بەرپرسی ئۆرگانە سەرەکییەکان و ئەندامانی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە ڕاستەوخۆ دەبنە ئەندامی کۆنگرە، کە بریتیبون لە (٣١) ئەندام.
سەرجەم ئەندامانی دیکە لە ڕێگەی پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدانی ئەندامانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دەستنیشان کران و بریتیبون لە (١٣٥) ئەندام.
ئاستی زانستی (بڕوانامە) ی ئەندامانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، بەم شێوەیە بوو: (١ دکتۆرا، ٣ ماستەر، ٣٣ بەکالۆریوس، ٣٤ دبلۆم، ٤٥ ئامادەیی، ٤١ ناوەندی، ٩ سەرەتایی).

**دابەشبونی جوگرافی ئەندامانی کۆنگرە:**
دابەشبونی جوگرافی ئەندامانی کۆنگرە، (٣٦ پارێزگای هەولێر، ٣٣ پارێزگای دهۆک، ١٧ پارێزگای سلێمانی، ٧ پارێزگای هەڵەبجە، ٨ پارێزگای کەرکوک،٥ پارێزگای موسڵ، ٧ دەڤەری شەنگال،١٦گەرمیان و خانەقین، ٥ بەغدا، ٢ ئەوروپا، ٣١ مەرکەزی).
بەڕێوەچونی کۆنگرەو سەرپەرشتیکردنی:
لە کاتژمێر ١٠:٠٠ بەیانی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٩/٣ لە ژێر چاودێری و بە ئامادەبونی ڕابەری بزاڤی ئازادیخوازی گەلی کوردستان (سەرۆک بارزانی)، بە سەرپەرشتی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، کۆنگرە دەستی بە کارەکانی کرد.
سەرپەرشتیکردنی بەڕێوەچونی کۆنگرە ڕاستەوخۆلە لایەن دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، ئەمەش وەک سەرچاوەی پلەبەندی

و هەرەمی بەرپرسیاریەتی و سەرپەرشتیکاری ئۆرگانی ڕێکخراو، لە کاتێکدا کە هەوڵ و ماندوبونی دەستەی ئامادەکار و بەڕێوەبەرانی کۆنگرە گرنگی تایبەتی هەبوو لە سەرکەوتنی کۆنگرە، بەڵام کۆنگرە بەو شێوە سەرکەوتوو نەدەبوو، ئەگەر چاودێری بەردەوام و بەشداری چڕی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان نەبوایە، کە هەموو کات بێ لێبڕان هاوکار و ڕێنیشاندەربون بۆ بەڕێوەچونی سەرجەم کاروبارەکانی کۆنگرە.

**کۆنگرە لە چاوی ڕاگەیاندن و گرنگیپێدانی لە ناوەندە باڵاو جۆراوجۆرەکان:**

ئامادەبونی (سەرۆک بارزانی)، لە کۆنگرەو ناردنی پەیامی پیرۆزبایی بە بۆنەی سەرکەوتنی کۆنگرە ئەوپەڕی گرنگیدانە لەلایەن ڕابەری نەتەوە بە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و پرسی ئافرەت بە شێوەیەکی گشتی، لە هەمان کات پێگەی ڕێکخراوەکەمان ڕوون دەکاتەوەو پەیامێکە بۆ هەموو لایەک کە سەرۆک پشتیوانی پرسی ئافرەتەو متمانەی بە یەکێتی ئافرەتان هەیە کە لە ئاست ئەو پەیامەدا بێت کە لە دروستبونیەوە هەتا ئەمڕۆ هەڵگریەتی و دوای دەیان ساڵ لە ئەزمونی کار کردن لە پێشەنگی ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە پرسی ئافرەتە لە کوردستان.

- پەیامی پیرۆزبایی ڕێزدار کاک مەسرور بارزانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان.
- پەیامی پیرۆزبایی نوسینگەی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان.
- پەیامی پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان.

گەیشتنی ژمارەیەکی بەرچاو بروسکەی پیرۆزبایی لە لایەن ناوەندە حیزبی و حکومی و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە پرسی ئافرەت:

- فراکسیونی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان
- فراکسیونی پارتی لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر
- یەکێتی مامۆستایانی کوردستان
- یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان
- یەکێتی قوتابیانی کوردستان
- لقی (١)، لقی (٢٤) ی سەفین، لقی (١٦) ی دەوروبەری هەولێر، لقی (٣) کەرکوک، لقی (١٥) خانەقین، لقی (٢٦) ی گوڵان
- ئەنجومەنی سەرکردایەتی کەرکوک — گەرمیان
- ڕێکخراوی خوشکانی ئیسلامی کوردستان
- حیزبی دیموکراتی کوردستان
- کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان

- ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان
- یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان
- یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران
- سەنتەری دیراسات و توێژینەوەو ئەکادیمیای پارتی
- ڕێکخراوی یەکگرتوی خوشکان
- ڕێکخراوی ئافرەتانی تورکمان
- کۆمەڵەی خانمانی کارسازی کوردستان
- سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین
- سەرنوسەری گۆڤاری شیکار
- رادیوی هێلین
- کۆنگرە بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە خۆی هەبوو، بۆ هەردوو ڕۆژی کۆنگرە (٢) ژمارەی لێدەرچوو، کە گرنگی دەدا بە ڕاوبۆچونی ئەندامان لەسەر کۆنگرەو گواستنەوەی چالاکییەکانی کۆنگرە.

ڕوماڵکردنی کۆنگرەو گواستنەوەی هەواڵ و چالاکییەکانی لەلایەن ئەم کەناڵانەی ڕاگەیاندن:

- کەناڵی ئاسمانی کوردستان تیڤی
- کەناڵی زاگرۆس
- کەناڵی ڕوداو
- کەناڵی کوردستان ٢٤
- وار تیڤی
- ماڵپەڕی پارتی دیموکراتی کوردستان
- ڕۆژنامەی خەبات
- ڕۆژنامەی هەولێر
- هەفتەنامەی گوڵان

**گۆڕانکارییەکان لە دەرەنجامی کۆنگرە:**

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە کۆنگرەی هەشت چەندین گۆڕانکاری لە پەیکەری ڕێکخراو، دروشم، مارش، پێناسەو ئامانجەکان و بەشەکان ئەنجام داو ئەمەش لە ئەنجامی کۆمەڵێک ئامادەکاری پێشوەختەو ڕاوەرگرتنی کەسانی بە ئەزمون و گفتوگۆ و ڕاوێژکاری لە نێو ئەندامانی کۆنگرە، کە لێرەدا ئاماژە دەکەین بە گرنگترین ئەو گۆڕانکاریانە:

**پەیکەری ڕێکخراو:** کۆنگرە بڕیاری گۆڕانکاری لە پەیکەری ڕێکخراوەیی یەکێتی ئافرەتان

داو، شێوازی ئەو گۆڕانکاریەش لە پەیڕەوی ناوخۆدا خراوەتەڕوو.

**دروشم:** دروشمی ڕێکخراو دانرا بە (هاودەرفەتی، هاوبەشی، هاوسەنگی).

ئەمەش لە ڕوانگەی گرنگی ئەم چەمکانەو گونجانیان لەگەڵ ئەم قۆناغەی کاری ڕێکخراو و دۆزی ئافرەت، یەکێک لەو خاڵانەی کە هۆکارن لە دواکەوتنی کۆمەڵگەو دروست بونی ناهاوسەنگی جیاکاری بووە لە بواری دەرفەتەکانی ژیان بە شێوەیەکی گشتی بە تایبەت لەسەر ئاستی ڕەگەز و زۆربەی کات ڕەگەزی مێینە دەرفەتی گونجاوی بۆ نەڕەخساوە ئەگەر هەشبێت لە ئەنجامی قوربانیدانی بێوێنەو زیاتر لەسەر ئاستی تاک بووە، ژینگەیەکی لەبار نەبووە بۆ ئەوەی ئافرەت توانا و دونیابینی خۆی دەربخاو بۆ هەموو لایەکی بسەلمێنێ کە ئەگەر دەرفەتی یەکسان هەبێ، ئافرەت هەموو کار و داهێنانێکی پێدەکرێت، هاوبەشی لە ئەرک و مافدا هۆکارە بۆ هاوسەنگی لە ناو کۆمەڵگەو نەمانی ئەو جیاوازیانەیە کە لاسەنگی لە نێوان هەدوو ڕەگەز دروست کردووە.

مارشی ڕێکخراو: لە نوسینی ئەدیب و شاعیر و ڕۆشنبیری کوردستان بەڕێز (حەمەسەعید حەسەن)، کە جێدەستی لە پرسی ئافرەت دیارەو سەربارێکی گرنگە بۆ ئامانجەکانی ڕێکخراوەکەمان و بزاڤی فیمینیزمی لە کوردستان، ئەگەرچی لێکدانەوەی بەرهەمەکانی شاعیر، لێزانی و جوانبینی تایبەتمەندی دەوێ، بەڵام دەتوانم بڵێم مارشی ئافرەت گوزارشتە لە ناخ و ئازار و ئەندێشەکانی ئافرەتی کوردو ژیاندنەوەی خواستەکانی و پاڵنەرە بۆ کۆتایی هێنان بە هەموو جۆرە ستەمێک لە بەرامبەری، کە هزری دواکەوتوی پیاوسالاری بەرهەمی هێناوە.

**نوێکردنەوەی پێناسەو ئامانجی ڕێکخراو:**

**پێناسەی ڕێکخراو بەم شێوەیە دارێژرا:**

«ڕێکخراوێکی جەماوەری مەدەنی ئافرەتانی کوردستانە، لە چوارچێوەی بزوتنەوەی فیمینیزمی جیهانی کار دەکات بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی ئافرەت و برەودان بە تواناکانی و هاوبەشیکردنی لە بەڕێوەبردن و ئامادەبونی لە پانتاییە کلتوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریەکان بە شێوازێکی سەردەمیانە»

ڕێکخراوەکەمان میکانیزمی جەماوەریبون و گەیاندنی دەنگی ئافرەتی بە زۆرترین کەس و پانتاییەکی فراوانی جوگرافی هەڵبژاردوەو باوەری تەواوی بەوە هەیە کە هیچکات ڕەگەز نابێت، بکرێتە بنەما بۆ جیاکاری و، پێویستە ئافرەت ماف و ئازادییە بنەڕەتیەکانی بە دەست بێنێت و لە دەرفەت و ئەرک و مافدا هاوبەشی پیاو بێت و هەردوو ڕەگەز ئەزمونی بارودۆخی یەکسان بکەن بۆ بەهرەمەندبون و پراوە کردنی تەواوی مافە مرۆڤایەتییەکانیان و بەشداری هاوئاست لەفەزا سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و کلتوریەکان.

ئامانجی سەرەکی: تواناسازی ئافرەت، دەکەینە پێشمەرجی پێشکەوتنی کۆمەڵگە.

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، ڕۆڵ و بەشداری یەکسانی ئافرەت دەکاتە پێشمەرجی پێشکەوتنی کۆمەڵگەو بڕوای تەواوی بەوە هەیە کە پێگەو هەلومەرجی ئافرەت پێوەری ئەو ئاستی پێشکەوتن و شارستانیبونەیە کە کۆمەڵگە پێیدەگات، هەر کۆمەڵگەو وڵاتێک کە بەشداری هاوتاو هەمەلایەنەو هەمەئاست بۆ ئافرەت نەڕەخسێنێ، کۆمەڵگەیەکی لاسەنگ و چوقبەستووە، ئەم یەکسانیەش لە ڕێگەی تواناسازی و پرۆگرامی نەشونمای هزری و پیشەیی و ئامادەکردنی ئافرەت لە سەرجەم بوارەکاندا بۆ بینینی ڕۆڵی یەکسان لە کۆمەڵگەو دامودەزگاکانیدا دێتە دی، هەربۆیە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، تواناسازی ئافرەت دەکاتە بنەماو بژاری لە پێشینەی کارەکانی و هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی زۆرترین ئافرەت لە پرۆژەو چالاکییەکانی سودمەندبن، لەو چوارچێوەیەشدا ئامانجەکانی ورد و چڕ کردۆتەوە لە (١٠) خاڵدا، کە هەر یەکەو کار کردنە لە بوارێکدا بۆ بەرەوپێشبردنی پرسی ئافرەت.
گۆڕانکاری لە ئەرک و کاری بەشەکانی ڕێکخراو (ڕێکخستن و ئامار، کارگێڕی و دارایی، پشتگیری کۆمەڵایەتی، ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان، لەو چوارچێوەیەشدا بۆ یەکەم جار دانانی هەردوو بەشی (پلان و بەدواداچون و تواناسازی)، هەر بۆیە لێرەدا بە کورتی تیشک دەخەینە سەر گرنگی ئەم دوو بوارەو ئامانجی یەکێتی ئافرەتان لە دانانی ئەم دوو بەشە:

بەشی پلان و بەدواداچون: ئەم بەشە سەربارێکی گرنگە بۆ یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، بەو پێیەی بونی پلان لە هەر ڕێکخراوێکدا هەنگاوی یەکەمی بەدیهێنانی ئامانجەکانیەتی، ئەرک و مەهامی ئەم بەشە لە یەکێتی ئافرەتانی کوردستاندا بریتی دەبێت؛ لە دیاریکردنی خاڵی لاوازی ڕێکخراو و دەستنیشان کردنی ڕێگەی چارەی گونجاو بۆ خاڵە لاوازەکان و بەدواداچونە بۆ کاری سەرجەم بەش و ئۆرگانەکانی ڕێکخراو و پلان دانانە بۆ ئێستاو داهاتوو دیاریکردنی ئەولەویەتی کاری ڕێکخراو و ئاراستەی کار و دوورکەوتنەوە لە کاری بێ بەرنامەو دوبارەو گوتاری بێکردار.
بەشی تواناسازی: تواناسازی لە هەر ڕێکخراوێکدا بریتییە لە فێرکردن و سپاردنی ئەرک بە کەسەکانی ناو ئەو ڕێکخراوە بۆ پەرەپیدانی لێزانی و زیاد کردنی ئەرکی هەر یەکەیان و ڕاهێنان و پەروەردە کردنیان بۆ لە ئەستۆ گرتنی ئەرکی گەورەتر، لە سۆنگەی گرنگی تواناسازی لە خودی کارەکتەرەکانی ڕێکخراو و بۆ سەرجەم ئەو توێژەی کە ڕێکخراوەکەی لە پێناو دامەزراوە، یەکێتی ئافرەتان بڕیاری کردنەوەی ئەم بەشەی دا، کە لەمەودوا یەکێک دەبێت لە گرنگترین بەشەکانی ڕێکخراو و ئامادەکاری بۆ شیاندن و تواناسازی وزەی مرۆیی خودی ڕێکخراو و بەرەوپێشبردنی تواناکانی ئافرەتانی کوردستان لەسەر ئاستی هزری و پیشەیی لە ڕێگای ئەنجام دانی پرۆژە و چالاکی هەمەجۆر دەکات.

یەكێتی ئافرەتان وەک ڕێكخراوێكی دێرین و بەردەوام لە خەبات و نوێگەر لە ئامانج و میكانیزمەكانی كار، خواست و مەبەستی هەموو ئافرەتانی كوردستانە بەبی جیاوازی ئاینی و نەتەوەیی و باگراواندی سیاسی، لە دیدی یەكێتی ئافرەتان پرسی ئافرەت پرسێكی مرۆییەو ئافرەت دەبێت لەگەڵ پیاو لە سایەی یەكسانی و دادپەروەری گەشە بە كۆمەڵگەو دامەزراوەكانی بدات، كار و تێكۆشانی یەكێتی ئافرەتانی كوردستان لە (٣) ساڵی داهاتودا بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیاریكراوەكانی دەبێت و تۆماری چالاكیەكانمان پاش (٣) ساڵ، دەرخەری پابەندیمانە بە ئامانج و كارنامەی ڕێكخراوەكەمان.



# پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی
# یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

پەسەند کراوی کۆنگرەی هەشت ئەیلولی ٢٠١٨

## بەشی یەکەم: پرۆگرام

**ناساندن و ئامانجەکان**
**مادەی یەکەم:**
**ناوی ڕێکخراو:**
**یەکێتی ئافرەتانی کوردستان.**
**مادەی دووەم:**
**دروشمی ڕێکخراو:**
**هاودەرفەتی، هاوبەشی و هاوسەنگی.**
**مادەی سێیەم:**

**پێناسە:**
ڕێکخراوێکی جەماوەری مەدەنی ئافرەتانی کوردستانە، لە چوارچێوەی بزوتنەوەی فیمینیزمی جیهانی کار دەکات بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی ئافرەت و برەودان بە تواناکانی و هاوبەشیکردنی لە بەڕێوەبردن و ئامادەبونی لە پانتاییە کلتوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریەکان بە شێوازێکی سەردەمیانە.

**مادەی چوارەم:**
**سنوری کار:**
ناوەندی سەرەکی کاری ڕێکخراو لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان دەبێت و مافی کردنەوەی ناوەندەکانی دیکەی لە شار و شارۆچکە و شارەدێیەکانی کوردستان و عێراق و نووسینگەی لە دەرەوەی وڵات دا هەیە.

**مادەی پێنجەم :**

**لۆگۆی ڕێکخراو:**

**مادەی شەشەم:**

**ئامانجی سەرەکی:**

**تواناسازی ئافرەت، دەکەینە پێشمەرجی گەشەسەندنی کۆمەڵگە.**

**مادەی حەوتەم:**

**ئامانجە تایبەتەکان:**

**کار دەکەین بۆ:**

١/ بەشداریکردنی هاوسەنگانەی ئافرەتان لە کایەکانی سیاسی، کارگێری، یاسایی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، ئەکادیمی، میدیایی و ڕێکخراوەییەکان.

٢/ گەیشتنی ئافرەت بە ناوەندی بریار و جومگە سەرەکیەکانی هەرەمی دەسەڵاتی سیاسی و جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری.

٣/ ڕووبەڕووبونەوەی هەموو جۆر و ئاستەکانی توندوتیژی کە لە بەرامبەر ڕەگەزی مێینە دەکرێت.

٤/ بڵاو کردنەوەی هۆشیاری خێزانی لە پێناو پێکهێنانی خێزانێکی ساخلەم لەسەر بنەمای ئارەزومەندانەو یەکتر پەسەند کردن.

٥/ هۆشیاری و ڕێکخستنی تەندرووستی خێزان، و زیاد کردنی خزمەتگوزاری تەندرووستی ئافرەت و منداڵ.

٦/ نەهێشتنی نەخوێندەواری لە نێو ڕەگەزی مێینەو هاندانی دەزگا پەیوەنددارەکان بۆ ئەو مەبەستە.

٧/ بەدیهێنانی سەربەخۆیی ئابوری ئافرەتان.

٨/ جێکردنەوەی بابەتی جۆری کۆمەڵایەتی لە پرۆگرامەکانی خوێندن، بە مەبەستی گۆرینی تێروانینی کۆمەڵایەتی دەربارەی تواناو پێگەی ئافرەت لە فەزای گشتی کۆمەڵگەدا.

٩/ پشتیوانیکردن لە میکانیزمەکانی جێبەجێ کردنی یاساکان و کار کردن بۆ دەرکردنی یاسای پێویست و هەموار کردنەوەی ئەو مادە یاسایانەی لەگەڵ بنەماکانی یەکسانی ناکۆکن و زیان بە پێگەی ئافرەت دەگەیەنن.

١٠/ مافی چارەنووس و سەربەخۆیی بڕیاردان، مافی ئاسایی و یاسایی خەڵکی کوردستانەو پشتگیری لێدەکەین.

**مادەی هەشتەم:**
**میکانیزمی جێبەجێکردنی ئامانجەکان:**

١/ ئامادە کردنی پرۆژە و ڕێکخستنی کۆڕ و سیمیناری ڕۆشنبیری و کۆنفرانسی زانستی بۆ لێتوێژینەوە لە پرسەکانی تایبەت بە ئافرەت.

٢/ ئامادە کردن و جێبەجێکردنی پلان و بەرنامە بۆ ڕاهێنان و پێگەیاندنی ئافرەت و ئاشنا کردنیان بە ئەزمون و شارەزایی.

٣/ گرێدانی پەیوەندی هاوسەنگ لەگەڵ ڕێکخراوەکانی هاوشێوەو بەشداریکردن لە چالاکیەکانیان و سوود وەرگرتن لە ئەزمونەکانیان و شارەزاییان.

٤/ درووستکردنی پەیوەندی و هەماهەنگی لەگەڵ دەزگا فەرمیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی ئامانجەکانی ڕێکخراو.

٥/ بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی ڕێکخراو خوێنراو، بیستراو و میدیای کۆمەڵایەتی بۆ خزمەت کردنی ئامانجەکانمان.

٦/ کردنەوەی ناوەندەکانمان لە زۆرینەی ناوچەو دەڤەرەکانی کوردستان بۆ بەدواداچونی کێشەکانی ئافرەت و پێشوازی کردنیان.

٧/ بەردەوامیدان بە ئۆرگانەکانی دیکەی ڕێکخراو (ڕادیو، پەیمانگای کادران و پرسە کۆمەڵایەتیەکان، گۆڤار) هەوڵدان بۆ کردنەوەی سەنتەری پیشەیی و وەرزشی و یانەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بە پێی توانای دارایی ڕێکخراو.

٨/ پشتیوانیکردنی کار و بەرنامەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تایبەت بە پرسی ئافرەت و سیاسەتی یەکسانی جێندەری.

**بەشی دووەم: پەیڕەوی ناوخۆ**
**پێکهاتە و پەیکەری ڕێکخراو**
**مادەی نۆیەم :**
**پێکهاتە:**

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی خاوەن کەسایەتی مەعنەویە، لە کۆبونەوەی دڵخوازانەی ئافرەتانی کوردستان پێکدێت، کە بروایان بە پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆی هەیەو بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیاری کراوەکانی تێدەکۆشن.

**مادەی دەیەم:**

**ئەندامێتی:**

هەموو ئافرەتێکی کوردستانی بە جیاوازی بیرورا و نەتەوە و ئاین و ئاینزا، مافی بوون بە ئەندامی لە ریزەکانی یەکێتی ئافرەتان دا هەیە بە پێی ئەم مەرجانەی خوارەوە.

١- تەمەنی لە (١٦) ساڵ کەمتر نەبێت.

٢- بروای بە پەیرەو و پرۆگرامی یەکێتی ئافرەتان هەبێت.

٣- فۆرمی بوون بە ئەندام پر بکاتەوە.

٤- ئابونەی هاتنەڕیز بدات.

**ئـ) ئەندام:**

**ئەرکەکانی ئەندام:**

١/ بەشداری کاری رێکخراوەیی بکات.

٢/ دیسپلینی رێکخراو بپارێزێت.

مافەکانی ئەندام:

١/ مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی هەیە بۆ ئۆرگانەکانی رێکخراو.

٢/ مافی رەخنە گرتن و پێشنیاز کردن و داواکاری هەیە لە رێکخراو.

ب- ئەندامی کارا:

ئەرکەکانی ئەندامی کارا:

١/ ئامادەبونی خۆبەخشانەو بەردەوام لە بۆنەو چالاکیەکانی رێکخراو.

٢/ لە بەرامبەر رێکخراو خۆی بە بەرپرسیار و ئەرکدار بزانێت.

٣/ لە یەکێک لە ئۆرگانەکانی رێکخراو، لە بوارێکی دیاریکراو یاخود بە جۆرێک لە جۆرەکان، بە پێی توانا کاری خۆبەخش بۆ رێکخراو ئەنجام بدات.

٤/ دسپلینی رێکخراو دەپارێزێت.

مافەکانی ئەندامی کارا:

١/ مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی هەیە بۆ ئۆرگانەکانی رێکخراو.

٢/ مافی رەخنە گرتن و پێشنیاز کردن و داواکاری هەیە لە رێکخراو.

٣/ ئەندامی کارای بەهرەمەند لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، لە لایەن رێکخراو هاوکاری و پشتیوانی دەکرێت.

٤/ مافی لە پێشینەی هەیە بۆ کار کردن لە لە ئۆرگانەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان.

**پـ: کادر**

**پێناسەی کادر**

کەسێکە، بەردەوامە لە کار لە ناو ئۆرگانەکانی یەکێتی ئافرەتان، ئەزمون و لێزانی بە دەستهێناوەو ئەرکەکانی بە سەرکەتویی بە جێگەیاندووە.

ئەرکەکانی کادر

١/ باوەری بە ئامانجەکانی رێکخراو هەبێت و لەخۆبوردوانە کار بۆ بەدەستهێنانیان بکات.

٢/ باوەری بە یەکسانی هەبێت و ئەو باوەرەش لە هەڵسوکەوت و کردارەکانیدا رەنگ بداتەوە.

٣/ پابەندبوون بە ئەرک و بەرپرسیاریەتی لە رێکخراودا بە پێی پەیرەوی ناوخۆ.

٤/ هزری پەروەردە بکات بە بیرۆکەی نویَ و ئەندێشەی پێشکەوتوخوازانە بۆ پێشکەوتنی رێکخراو.

مافەکانی کادر

١/مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی بۆ ئۆرگانەکانی رێکخراو هەیە.

٢/ مافی بەرگری لەخۆکردن و سکاڵا پێشکەش کردنی لە کاتی پێشێل کردنی مافەکانی، هەیە.

٣/ مافی رەخنە گرتن و پێشنیاز کردن و داواکاری هەیە لە رێکخراو.

٤/ رێکخراو بۆ کار و داواکاریەکانی پاڵپشتی دەبێت.

**مادەی یانزەیەم:**

**سزاکان:**

**ئـ: سەرنج راکێشان**

١/ بیَ مۆڵەت و پاساو لە سیَ کۆبونەوەی یەک لە دوای یەک ئامادە نەبێت.

٢/ کەمتەرخەمی لە ئەرکەکانی بنوێنێت.

٣/ هەر برگەیەک لە برگەکانی پەیرەوی ناوخۆ پێشێل بکات.

ب: سرکردن

١/ دووبارەکردنەوەی سەرپێچیەکانی خاڵەکانی (١ – ٣) لە برگەی یەکەمی مادەی یانزەیەم.

٢/ ناوبانگ زراندنی ئەندامانی رێکخراو.

٣/ پابەندنەبوون بە رێنوێنیەکان و دووبەرەکی نانەوە لەناو رێکخستنەکان.

٤/ لەگەڵ ئەم سزایە گشت ئیمتیازەکان لە هاوکاری و دەرماڵە رادەگیریَ و دەگەرێنرێتەوە بۆ میزانیەی رێکخراو.

پـ: لابردن

١/ دووباره کردنەوەی خاڵەکانی (١-٣) لە برگەی (دووەم) ی مادەی یانزە.

٢/ بە تاوانێک دژی مرۆڤایەتی و بەرژەوەندیە نیشتیمانیەکان سزا بدرێت.

٣/ دوای لێکۆڵینەوەیەکی دادپەروەرانە، بە گەندەڵی لە دارایی رێکخراو تاوانبار بکرێ.

٤/ بەبێ مۆڵەت و پاساو لە سێ کۆبونەوەی یەک لە دوای یەک ئامادە نەبێت.

**مادەی دوانزەیەم:**

**پەیکەری ڕێکخراو:**

ئەو ناوەند و ئۆرگانانەیە کە یەکێتی ئافرەتان لە شار و شارۆچکەکان، بە ئامانجی گەیشتنی راستەوخۆ بە ئافرەتانی کوردستان، هەروەها دابەش کردنی کار و دیاریکردنی جۆری پەیوەندی لە نێوان بەش و ئۆرگان و ئاستەکانی رێکخراو، دایاندەمەزرێنێت.

پەیکەری رێکخراوەیی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە شێوەی ستونی لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەبێت: ناوەند، ئەنجومەن، ئەنجومەنی باڵا، مەکتەبی سکرتاریەت، کۆنگرە، بە پێی ئەم هێڵکاریە:

**پەیکەری رێکخراوەیی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان**

**مادەی سیانزەیەم:**

**ناوەند:**

سەرپەرشتی کار و چالاکیەکانی رێکخراو دەکات لە سنوری قەزا یان ئەو ناحیەیانەی کە یەکێتی ئافرەتان پێگەی جەماوەری تێیدا فراوانە، تەنها ناوی ناوەند لە تەنیشت ناوەکەی دادەنرێت، بەبێ ناوهێنانی یەکە کارگێریەکەی، پێکدێت لە بەرپرس و (٢) ئەندام کە لە لایەن ئەندامانی سنوری هەڵدەبژێردرێت، دەبێت ژمارەی سەرجەمی رێکخستنەکانی لە (٥٠٠) ئافرەت کەمتر نەبێت.

**ئەرک و دەسەڵاتەکانی:**

١- ناوەند لە یەکەم کۆبوونەوەیدا بەرپرسێک بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت.

٢- سەرپەرشتی ناحیەکانی سنوری دەکات ولە کار و چالاکیەکانیان ئاراستەیان دەکات.

٣- دوو مانگ جارێک کۆبوونەوەی فراوان لەگەڵ گروپەکانی سنوری دەبەستێت.

٤-مانگی جارێک کۆبوونەوەی فراوان بە بەشداری بەرپرسی گروپەکانی سنوری دەبەستێت.

٥- دەسەڵاتی جێبەجێکردنی برگەکانی (ا- ب) ی مادەی یانزەی سزاکانی هەیە.

**مادەی چواردەیەم:**

**ئەنجومەن:**

لە سەر بنەمای روبەر و سنوری پارێزگا، ئیدارە یان ئەو دەڤەر و قەزایانەی کە یەکێتی ئافرەتان ژمارەی ئەندامی زۆرن تێیدا دادەمەزرێت، تەنها ناوی ئەنجومەن لە تەنیشت ناوەکەی دادەنرێت، بەبێ ناوهێنانی یەکە کارگێریەکەی، بەرپرسی ئەنجومەن لە هەمان کات دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی باڵا، ئەنجومەن پێکدێت لە بەرپرس و (٤) ئەندام، کە راستەوخۆ لە لایەن ناوەندەکانی سنوری و ئەنجومەنی پێشووی سنورەکە هەڵدەبژێردرێن.

**ئەرک و دەسەڵاتەکانی:**

١- لە یەکەمین کۆبونەوەی خۆیدا بەرپرسی ئەنجومەن و بەشەکان هەڵدەبژێردێن.

٢- سەرپەرشتی کار و چالاکی ئەنجومەنەکانی سنوری دەکات.

٣- مانگی جارێک کۆبونەوەی ئاسایی دەبەستێت.

٤- دوو مانگ جارێک کۆبوونەوەی فراوانی خۆی بە بەشداری بەرپرسی ناوەندەکانی سنوری دەبەستێت.

٥- دەسەڵاتی دەرکردنی بەیاننامەی لەسەر رووداوەکانی سنوری خۆی هەیە.

٦- دەسەڵاتی برگەکانی (ا- ب) ی مادەی یانزەی سزاکانی لە سنوری خۆیدا هەیە.

٧- پێشنیازی دەرکردنی ئەندامانی سنوری بۆ مەکتەبی سکرتاریەت بەرز دەکاتەوە.

**مادەی پانزەیەم:**

**ئەنجومەنی باڵا:**

**دەستەیەکە پێکدێت لە سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت و بەرپرسی ئەنجومەنەکان.**

**ئەرک و دەسەڵاتەکانی:**

ئـ- هەر دوو مانگ جارێک کۆبوونەوەی فراوان دەبەستێت.

بـ- پلانی دارایی رێکخراو و دیاری کردنی رێژەی ساڵانەی ئابونەی هاتنەریز دادەرێژێت.

پـ- سیاسەت و نەهجی راگەیاندن دیاری دەکات.

تـ- بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەو مەکتەبی سکرتاریەت جێبەجێ دەکات.

جـ- ژمارەی بەشداربوان لە کۆنگرە دیاری دەکات.

چـ- ئەنجومەنی باڵا بۆی هەیە بە دەنگی ٢/٣ ی ئەندامەکانی لە کاتی پێویست لە نێو ئەندامانی سکرتاریەت، سکرتێر هەڵبژێرێتەوە.

**مادەی  شانزەیەم:**
**مەکتەبی سکرتاریەت:**
مەکتەبی سکرتاریەت، دەستەیەکە، کە ئەندامانی لەناو کۆنگرە هەڵدەبژێرێن لە سکرتێر و (٦) ئەندام و (٢) ئەندامی یەدەک پێکدێت، راستەوخۆ سەرکردایەتی و سەرپەرشتی بەشەکانی مەکتەبی سکرتاریەت و ئەنجومەن و ناوەندەکانی خواروتر و لە بەرنامەی کار و چالاکیەکانیان ئاراستەیان دەکەن.
بەشەکانی مەکتەبی سکرتاریەت
١- بەشی رێکخستن و ئامار
ئـ- ئاراستە کردنی رێنوێنی و راسپاردەکان بۆ ئۆرگانەکانی خوارووتر.
ب- کۆکردنەوەی ئابونەی هاتنەریز.
پ - ئامادە کردنی ئاماری رێکخستن و چالاکیەکان و هەر ئامارێکی دیکە، کە پێویست و پەیوەند بێت بە کار و تایبەتمەندی رێکخراو.
ج - گرتنەبەری میکانیزمی گونجاو بۆ گەشەدان بە ئاستی جەماوەری رێکخراو و دەرکەوتن وەک رێکخستنێکی جەماوەری، کە توانای سەرکردایەتیکردنی جەماوەری ئافرەتانی هەبێت.
چ - پێشکەشکردنی پلانی تایبەت بە مەبەستی گەشە کردن و فراوان کردنی رێکخستنەکان.
٢- بەشی کارگێری و دارایی
ئـ - سەرپەرشتی و چاودێری کارگێری و دارایی سەرجەم ئۆرگانەکانی رێکخراو و پرۆژەکانی دەکات.
ب- پەیرەو کردنی سیستەمێکی  ژمێریاری هاوبەش بۆ سەرجەم ئۆرگانەکانی رێکخراو.
پ - سەرپەرشتیکردنی سەرجەم رێکارەکانی تایبەت بە کاروباری کارگێری رۆژانەو تۆماری ئامادەبون و مۆڵەت، ئامادە کردن و رێکخستنی لیستی کەلوپەل و پێداویستیەکان.
ت- ئامادە کردن و وەڵام دانەوەی راپۆرتەکانی دارایی.
ج- خوێندنەوەو شیکاری بۆ داهات و خەرجی مانگانە، بە مەبەستی رونەدانی کورتهێنانی دارایی.
چ- ئەنجام دانی پرۆژەو پێشکەش کردنی پلانی کار و مکانیزمی گونجاو بۆ بەرەوپێش بردنی کاری بەش.

٣- بەشی تواناسازی
ئـ-دانانی بەرنامەو ئەنجامدانی چالاکی و پرۆژە بۆ پێگەیاندنی ئافرەتان  لە هەموو سێکتەرەکان و بوارەکانی تواناسازی.
ب- پەروەردەو راهێنانی کادرانی رێکخراو بۆ توانادار کردن و دەرکەوتنی ئاست و

تایبەتمەندی توانایان و فراوان کردنی چالاکیان و زۆرتر کردنی ئەرکی هەریەکەیان.
پ- هەوڵدان بۆ بەرز کردنی ئاستی رۆشنبیری و زانستی ئافرەتان بە رێگای کۆبوونەوەو کردنەوەی خولی جۆراوجۆر.
ت- پێشخستنی تواناکاری پیشەیی بۆ دەسکەوتنی دەرفەتی کار بۆ بەدیهێنانی ئابوری سەربەخۆی ئافرەتان.
ج -سەرپەرشتیکردن و بەرێوەبردنی هەموو پرۆژەو چالاکیەکانی بواری تواناسازی.
چ - پێگەیاندنی کادیری سیاسی ئافرەت.
ح - پێشکەش کردنی پلانی کار و مکانیزمی گونجاو بۆ بەرەوپێش بردنی کاری بەش.
٤- بەشی راگەیاندن و پەیوەندیەکان
ئـ- رێکخستنی پەیوەندی لەگەڵ رێکخراو و دەزگا فەرمی و نافەرمیەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە.
ب- دەرکردنی بەیاننامە لە کاتی پێشهات و بۆنە و یادەکان.
پ-دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤار و بڵاو کراوەکان و سەرپەرشتی کردنی سایتی رێکخراو.
ت- بەرهەم هێنانی فیلم و زنجیرەی تەلەفزیونی لەسەر رەوشی ئافرەت لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.
ج-دیاری کردنی هێڵە گشتیەکانی راگەیاندنی رێکخراو بە پێی ئۆرگانە جۆراوجۆرەکان.
چ- پێشکەش کردنی پلانی کار و مکانیزمی گونجاو بۆ بەرەوپێش بردنی کاری بەش.

٥-بەشی پلان و بەدواداچون
ئـ-دانانی نەخشەرێگای کاری رێکخراو بە شێوەی وەرزی بێت یاخود ساڵانە.
ب- کار کردن لەسەر لایەنی تیۆری و پێداچونەوە بۆ بڵاو کراوەکانی رێکخراو لە بواری پێگەیاندن.
پ-بەدواداچونی کارو چالاکیەکانی رێکخراو و هەڵسەنگاندنی ئامارەکان و بەراوردکاری.
ت- دیاریکردنی خاڵی لاوازی رێکخراو و کار کردن لەسەری بە هەماهەنگی لەگەڵ بەشە پەیوەندارەکان.
ج- بەدواداچون بۆ چۆنیەتی و ئاستی جێبەجێبونی کار و پرۆژەکانی رێکخراو لەگەڵ لایەنە پەیوەنددارەکان.
چ- بە پێی هەلومەرج و گۆرانکاریەکان پێداچونەوە بە پلان و میکانیزمی کاری رێکخراو دەکات.
٦- بەشی پشتگیری کۆمەڵایەتی
ئـ-کار دەکات بۆ چارەسەری گیرو گرفتە کۆمەڵایەتی و دەرونیەکانی ئافرەتان.
ب-هەوڵ دەدات بۆ پاراستنی گیانی ئافرەتانی هەرەشە لێکراو.

پ- وەرگرتنی ئاماری کێشە کۆمەڵایەتیەکان (٦) مانگ جارێک لە لایەنە پەیوەندیدارەکان.
ت - ئەنجام دانی توێژینەوەی زانستی لەسەر کێشە کۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان
ج- نوێنەرایەتی کردنی ئافرەتانی خاوەن کێشە بۆ بەردەم دادگا لە لایەن یاساوە.
چ- پێشکەش کردنی پلانی کار و مکانیزمی گونجاو بۆ بەرەوپێش بردنی کاری بەش.

**ئەرک و دەسەڵاتەکانی مەکتەبی سکرتاریەت**

١- هەر ئەندامێکی مەکتەبی سکرتاریەت، بەرپرسیاریەتی بەشێک لە رێکخراو لە ئەستۆ دەگرێ و بەرپرسیار دەبێت، لە هەمبەر خاڵە لاوازو بەهێزەکانی بەشەکەی، ئەندامانی یەدەک هاوکاریان دەبن لە جێبەجێکردنی کارەکان.
٢-هەریەکە لەم بەشانە، بە پێی پێداویستی و فراوانی کاری بەش، کادر و ئەندام بەشی دەبێت.
٣-هەر پانزە رۆژ جارێک کۆبوونەوەی ئاسایی دەبەستێت و بەپێی پێویست کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجام دەدات.
٤-دەسەڵاتی هەموو برگەکانی مادەی یانزەیەمی سزاکانی هەیە.
٥- جێبەجیێ کردنی هەموو بریار و راسپاردەکانی کۆنگرەو بەرپرسیارە لە بەرامبەریان.
٦- دیاری کردنی هەڵوێستی رێکخراو لەمەر پێشهات و رووداوەکان.
٧ -پەسەند کردنی سەرجەم ئەو پرۆتۆکۆڵ و رێککەوتننامانەی کە لەگەڵ رێکخراو و دەزگاکانی هاوشێوەی خۆی دەیبەستێت.

**ئەرک و دەسەڵاتەکانی سکرتێر**

١- سەرپەرشتی کردنی کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سکرتاریەت و ئەنجومەنی باڵا.
٢- واژۆ کردنی گشت نووسراوەکانی مەکتەبی سکرتاریەت و پسولەی داهات و خەرجیەکان.
٣- دەسەڵاتی دیاری کردنی نوێنەری هەیە لە جیاتی خۆی لە کاتی پێویستدا.
٤- دەسەڵاتی ئاڵوگۆری نێوان بەشەکانی هەیە بە راوێژ لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت.

**مادەی حەڤدەیەم:**

**گروپی راوێژکاری:**

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان گروپێکی راوێژکاری پێکدەهێنێت کە پێکدێت لە سکرتێر و (٣-٥) لە کەسانی خاوەن پسپۆری و ئەزمون، بۆ مەبەستی راوێژ پێکردنیان و سوود وەرگرتن لە توانا و شارەزاییان، هەر سێ مانگ جارێک کۆ دەبێتەوە.

**مادەی هەژدەیەم:**

**کۆنگرە:**

کۆنگرە بەرزترین دەسەڵاتە لە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان هەر (٣) ساڵ جارێک دەبەسترێت و پێکدێت لە سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت و یەدەکەکانی و بەرپرسی ئەنجومەنی پارێزگاکان، هەروا ئەندامانی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە و هەڵبژێردراوەکانی کۆنفرانسە ناوخۆییەکان بەو رێژەیەی کە ئەنجومەنی باڵا دیاری دەکات.

ئەرک و دەسەڵاتەکانی

١- هەڵسەنگاندنی تەواوی ئیش و کار و بریار و راسپاردەکانی ناوەندو ئەنجومەنەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و وەرگرتنی بریاری پێویست لە سەریان.

٢- هەموار کردن و پەسەند کردنی پەیرەوی ناوخۆ.

٣- پەسەند کردنی راپۆرتی گشتی کۆنگرە.

٤- دیاری کردنی چەند لیژنەیەک بۆ رێکخستن و دارایی و راگەیاندن و سکاڵا و لیژنەکانی تر بە پێی پێویست.

٥- هەڵبژاردنی سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت و یەدەکەکانی.

٦- دیاری کردنی سیاسەتی گشتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان.

٧- بریار دەدات لەسەر یەکگرتن و هەڵوەشانەوەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان.

**مادەی نۆزدەیەم:**

**لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە:**

بە بریاری مەکتەبی سکرتاریەت لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە پێکدەهێنرێت لەو ئەندامانەی کە خۆیان ناپاڵێون بۆ سکرتێری و ئەندامێتی مەکتەبی سکرتاریەت و، کارە ئامادەکاریەکانی کۆنگرە ئەنجام دەدەن و سەرپەرشتی کۆنفرانسەکانی ئەنجومەن و ناوەندەکان بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە، دەکەن.

**بەشی سێیەم- رادەی یاسایی و دەنگدان**

**مادەی بیست:**

**رادەی یاسایی:**

١- هەموو ناوەندەکانی رێکخراو بە ئامادەبونی زۆرینە هەڵدەبژێرێن و لە کاتی تەواو نەبونی رێژەی یاسایی لە نێوان (٣-٥) رۆژ لە گەری هەڵبژاردنی یەکەم، جارێکی تر دووبارە دەکرێتەوە، ئەگەر لە جاری دووەمدا رادەی یاسایی تەواو نەبوو ژمارەی بەشداربوان هەرچەندێک بێت هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت.

٢- کۆبوونەوەکان بە ئامادەبونی زۆرینە دەبەسترێت.

**مادەی بیست و یەک:**

**دەنگدان:**

جگە لەو بریارانەی کە لەم پەیرەوە ئاماژەی بۆ کراوە و پێویستی بە دەنگی زۆرینە زیاترە، لە هەموو کۆبونەوەکان بریار بە دەنگی زۆرینەی سادەی ئامادەبوان وەردەگیرێت و لە کاتی یەکسان بونی دەنگەکان، پەیرەوی رای ئەو لایەنە دەکرێت کە بەرپرسی ناوەندی تیادایە.

**بەشی چوارەم- دارایی رێکخراو**

**مادەی بیست و دوو:**

سەرچاوەی دارایی رێکخراو پێکدێت لە:

١- کۆکردنەوەی ئابونە و هاتنەریز.

٢- نرخی چاپەمەنی و داهاتی چالاکیەکان.

٣- ئەو یارمەتیانەی دەدرێتە رێکخراو.

٤- سودی پرۆژە بەرهەم هێنەرەکان.

**مادەی بیست و سێ:**

**رێکخستنی دارایی:**

رێکخراو خۆی دارایی خۆی بەرێوە دەبات و رێکی دەخات بە پێی سیستەمی ژمێریاری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، کە لە سەرچاوە زانستیەکانی زانستی دارایی و ژمێریاری پەیرەوی دەکرێت.

**مادەی بیست و چوار:**

هەموو حساباتێکی رێکخراو دەکەوێتە ژێر چاودێری دەزگا تایبەتمەندە بەرپرسەکان.

**بەشی پێنجەم- حوکمە گشتیەکان**

**مادەی بیست و پێنج:**

سەرجەم ناوەندەکانی رێکخراو پابەندی زنجیرەکانی رێکخستن دەبن، لە دەزگاکانی خوارەوە راپۆرتی مانگانە و گشتی بۆ ناوەندەکانی سەرووتر بەرز دەکرێتەوە و لەوێشەوە وەڵامی پێویست دەدرێتەوە.

**مادەی بیست و شەش:**

تۆمارەکانی رێکخراو

١- تۆماری ئەندامان

٢- تۆماری کۆنووسەکان

٣- تۆماری ژمێریاری

٤- تۆماری کەلوپەل

٥- تۆماری نووسراوەکانی هاتوو رۆیشتوو

٦- بەپێی پێویست تۆمارەکان زیاد دەکرێن

# کارنامەی
# یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
# بە دروشمی

## خۆشەویستی و لێبوردەیی
## هەوێنی ئارامی خێزانە
## لە ١٦ ڕۆژەی هەڵمەتی نیشتمانی
## بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی
## ئافرەتان

- ئامادەکردنی پەیامێکی دەنگ و رەنگ تایبەت بە هەڵمەتی نیشتمانی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لەرێگەی سۆشیال میدیاوە بڵاودەکرێتەوە.

- نوسین و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی یەکێتیەکەمان بۆ گەیاندنی پەیامی خۆشەویستی و لێبوردەیی لەناو خێزان و کۆمەڵگەدا، هاوکات هەوڵی تەواو بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی بدرێت.

- ئامادەکردن و دەرچوونی ژمارەیەکی نوێ لەگۆڤاری شیکار کە چەندین توێژینەوە و خوێندنەوەی نوێی لەخۆگرتووە تایبەت بە توندوتیژی و چۆنیەتی بەرەنگاربونەوەی لەخێزان و کۆمەڵگەدا.

- بلاوکردنەوەی چەند هاشتاگێک بۆ بڵاوکردنەوەی خۆشەویستی و یەکسانی و لێبوردەیی لەناو کۆمەڵگەو خێزاندا.

- ئامادەکردن و پێشکەشکردنی بەرنامەی تایبەت بەتوندوتیژی لەرادیۆی هێلین.

- دروستکردنی پۆستەری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ هەڵمەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی بەدروشمی ((خۆشەویستی و لێبوردەیی هەوێنی ئارامی خێزانە))

- ئامادەکردنی راپۆرت و بابەتی تایبەت بە توندوتیژی و بڵاوکردنەوەی لەوێب سایتی www.afretan.org

**لەسەر ئاستی ئەنجومەن و ناوەندەکانمان ئەم چالاکیانە بەڕێوە دەچن:**

**پارێزگای هەولێر:**

**لە قەزای خەبات ئەم سیمینارانە پێشکەش دەکرێن:**

- خراپ بەکارهێنانی مۆبایل و تۆرەکۆمەلایەتیەکان لەلایەن خاتوو نارین
- لێدان و کوشتنی ئافرەتان و هەڵسوکەوتی خراپ بەرامبەر بە ئافرەت لەلایەن خاتوو لانە بەرێوەبەری بەریوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە خەبات.
- هۆشیاری بەکارهێنانی مۆبایل لەقەزای دەشتی هەولێر
- لەناحیەی دارەتوو دوو سیمینار تایبەت بەقوتابیان بەناونیشانی « چۆن بتوانی سەرکەوتون لەکارەکەتدا بەدەست دەهێنێت، هەروەها ئافرەت چۆن بتوانێت رووبەرووی گرفتەکانی بێتەوە و سەرکەوتوو بێت بەسەر کێشەکاندا.

**قەزای مێرگەسوور:**

- سیمیناری ئەشکەنجەدانی ئافرەت لەرووی دەروونیەوە و کاریگەرییە تەندروستییەکانی لەلایەن بەرێز ‹‹حەمدیە میرخان›› ەوە پێشکەش دەکرێت.
- ئەشکەنجەدانی ئافرەت و دیدی یاسا بۆ ئەم تاوانە لەلایەن بەرێز ‹‹نەدا مێرگەسووری››
- ئەشکەنجەدانی ئافرەت لەروانگەی ئایین لەلایەن بەرێز دکتۆر عەرەفات
- ئەنجامدانی سمینارێک لە قوتابخانەی مێرگەسوور سەبارەت بە رێگاکانی گەییشتن بە ئامانج لەلایەن نازەنین عەزیز بەرپرسی ئەنجومەنی قەزای مێرگەسوور پێشکەش دەکرێت.

**قەزای رواندز:**

- سیمینارێک بو قوتابیانی قوتابخانەی نێرگز لەلایەن بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە سۆران بە رێز سالار تەحسین پێشکەش دەکرێت سەبارەت بە خراپ بە کارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان.

**پارێزگای سلێمانی:**

- ئەنجامدانی سیمینار لەشاری سلێمانی تایبەت بە پرسی توندوتیژی ئینتەرنێت و کاریگەرییەکانی لەسەر وێناکردنی ئافرەت لەتۆرە کۆمەڵایەتیەکاندا.
- ئەنجامدانی چەند سیمینارێک لەلایەن ئەنجومەنی قەزای رانیەوە لەسەر توندوتیژی دژی ئافرەتان و دەرهاویشتەکانی.
- چالاکی تایبەت بە هۆشیارکردنەوەی ئافرەتان لەسەر جۆر و رووبەرووبونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە قەزای شارباژێر

**پارێزگای هەڵەبجە:**

- ئەنجامدانی چەند سیمینارێک بۆ قەزا و ناحیەکانی سنوری شاری هەڵەبجە تایبەت بە رۆڵی راگەیاندن و خۆپاراستن لەبەرکاهێنانی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان و مۆبایل.

**پارێزگای دهۆک:**

- لەئەنجومەنەکانی قەزای سیمێل، ناحیەی فەیدیی و کۆمەڵگەی خانکێ، سازکردنی چەند سیمینارێک لەسەر کاریگەرییەکانی توندوتیژی و هۆشیاری تاک لەسەررێگری و کەمکردنەوەی جۆرەکانی توندوتیژی لەکۆمەڵگە وخێزاندا.

**نەینەوا:**

- ئەنجامدانی چوار سیمینار لەم شوێنانە تایبەت بە پرسی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان:

- دومیز
- بعشیقە
- قرە قوش
- تلسقف

**دەڤەری شنگال: ئەم سیمینارانەی خوارەوە بەئەنجام دەگەیەنێت:**

برنامج العنف ضد المرأة(الزواج المبكر )

- تقديم سيمينار في شاريا حول الزواج المبكر وتكريم الناجيات اللواتي تعرضن للاغتصاب في سن مبكر

- تقديم سيمينار في مخيم خانكي حول العنف ضد المرأة وماتعرضت له المرأة في الآونة الأخيرة

- تقديم سيمينار في مخيم كبرتو حول الزواج المبكر وتوعية الأهل بأن الزواج المبكر هو أشد أنواع العنف ضد المرأة

- تقديم سيمينار في مخيم قاديا حول الزواج المبكر وتكريم الناجيات اللواتي تعرضن للاغتصاب

- تقديم سيمينار في مخيم جم مشكو حول الزواج المبكر وتكريم الناجيات اللواتي تعرضن للاغتصاب

- تقديم سيمينار في مخيم باجدكندالا حول العنف حول المرأة وبالأخص الزواج المبكر

- تقديم سيمينار في مخيم بيرسف حول إجبار الفتاة ترك الدراسة وتزويجها في سن مبكر

- تقديم سيمينار في مخيم شيخان حول الزواج المبكر الذي في الآونة الأخيرة

- تقديم سيمينار في مخيم مام رشان حول الزواج المبكر وتوعية الأهل بأن الزواج المبكر هو أشد أنواع العنف ضد المرأة

- تقديم سيمينار في مخيم ايسيان حول العنف ضد المرأة وماتعرضت له المرأة الشنكالية من خطف ونهب وقتل واغتصاب